




# کۆمەڵێک وتارو دیمانەی نووسەرانی بیانی

## وەرگێڕاوە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی

## هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور

بەشی چوارەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

## ساڵی............ ٢٧٢٤

١- ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان: هەڵاواردنی سیستماتیک دژی ژنان و کچان جینایەت دژی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانەدا بوون.......................................... ٥
٢- لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەنگ لەگەڵ ئێران، ڕۆژانی چارەنووسسازی ئیسرائیل بەڕێوەن.............. یاکۆڤ کاتز ..... ١٠
٣- ئەو پرسیارانەی لەبارەی مردنی سەرۆککۆماری ئێران درێژەیان دەبێ................. کای ئارمین سەرجویی ..... ١٤
٤- خەڵکی ئێران بەتەنیان.......................................................................... جیم تاڵەنت ..... ١٩
٥- خۆتان بۆ ئێرانی ناوکی ئامادە بکەن............................................................ ئێلی دایمۆند ..... ٢٤
٦- فەرماندەی پێشووی سەنتکام: ئێران پێویستە بەر لە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل، باش بیری لێ بکاتەوە.................
.......................................................................................بێن وۆلفگانگ ..... ٣١
٧- خەباتی کورد لە ئێران: هاوکێشەی هێز و گەڕان بەدوای خۆبەڕێوەبەریدا..................... شوکریە برادۆست ..... ٣٥
٨- شەڕی پشتگیریی دارایی لە تیرۆریزم لە لایەن ئێرانەوە....................................... ماتیو کارنیچینگ ..... ٤٢
٩- هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوا تووشی ئالنگاریی نوێ دەبن...... سوسانا جۆرج، کارێن دێیانگ، سوزان هایداموس ............................................................................................... ٤٧
١٠- ئاخۆ ئێران دەتوانێ جێگرەوەیەک بۆ حیزبوڵڵا بدۆزێتەوە؟.................................. شوکریە برادۆست ..... ٥٢
١١- ئاخۆ خامنەیی دەتوانێ ڕێبەریی جیهانی ئیسلام بکات؟!................................ سالم ئەلکەتبی کەماڵ ..... ٥٥
١٢- دنیا چاوەڕوانی گۆڕانی ڕژێمە.......................................................... کەیتلین مەکفاڵ ..... ٥٩
١٣- چۆن هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل شکستی هێنا و بووە هۆی قووڵترکردنەوەی کێشەی ناوچەیی............................................................................................. ئەڤیل تەڵەر ..... ٦٢
١٤- هەڵبژاردنی مایک واڵتز، ڕەخنەگری توندی سازش لەگەڵ ئێرن بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەلایەن

**بەشی: چوارەم**

ترامپەوە.................................................................................. مارک راد ..... ٦٧
-١٥ ڕووخانی ئەسەد گورزێکی قورسە لە "محیوەری مقاومەت"ی ئێران................ سوزانا جۆرج و مستەفا سەلیم ..... ٧٢
-١٦ پێویستیی پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد.............................................. لوقمان ڕادپەی ..... ٧٧
-١٧ دەوڵەتی ناکارامەی ئێران دەرفەتی نوێ بۆ گۆڕینی ڕێژیم دەستەبەر دەکات......................... دان دایکەر...... ٨٠
-١٨ پلانی ١٠٠ ڕۆژەی ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ترامپ.......................... ٨٤
-١٩ ئیسرائیل دوای ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ترامپ دەبێ بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئێران ئامادە بێ...........................
........................................................................................ یاکوب ناگل ..... ٩٢
-٢٠ ئیسرائیل بیر لە هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران لەمساڵدا دەکاتەوە................ ئاف ئیزرائێل ..... ٩٧
-٢١ داوی تاران بۆ ترامپ................................................................ بێهنام بین تالبلو ..... ١٠١

## ساڵی.............. ٢٧٢٥

-٢٢ بۆچی گەمارۆ بەتەنیا ناتوانێ ئێران بوەستێنێ و دەبێ سوپای پاسداران تێکشکێندرێ؟......... مایکڵ روبین ..... ١٠٥
-٢٣ شۆڕشی ناخۆشەویستی ئێران.............................................. ڕووەل مارک گەریشت، ڕەی تاکیە ..... ١١٠
-٢٤ خۆپەسەندیی ترامپ و لاساریی خامنەیی................................................... داڤید م. واینبرگ ..... ١١٥
-٢٥ درزە پەرەئەستێنەکان لە کەس‌پەرستیی خامنەییدا.......................... سەعید گۆڵکار و کەسرا ئەربابی ..... ١٢٠
-٢٦ ئیسرائیل دزەی کردووەتە نێو نهێنیترین قوژبنەکانی ڕێژیمی ئێرا................................ ناتان شاچار ..... ١٢٥
-٢٧ سەرۆککۆماری نۆرماڵ......................................................................... لی سمیت ..... ١٢٨
-٢٨ ئێران لە جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل لاواز و لەرزۆک دەرچوو و ئەوە دەتوانێ بەمانای گیروگرفت بۆ کەمینە
نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتە بێ.......................................................... شوکریە برادۆست ..... ١٣٣
-٢٩ بۆچی تەنیا هێرشی ئاسمانی ئێران چاوترسێن ناکات: هۆدان بۆ ستراتیژی ناوچەی دژە فڕین.......................
.................................................................................................. ئەی جەی یاف ..... ١٣٩
-٣٠ وڕێنەی ئاگربڕ: بۆچی هێرشێکی نوێ بۆ سەر ئێران وێدەچێ حەتمی بێ..................... جاسم ئەلعەزاوی ..... ١٤٥
-٣١ بریتانیا نەیویست ئێران برووخێ.................................................... عامر سوڵتان ..... ١٤٩
-٣٢ چرکەساتێکی مێژوویی................................................................. مایکڵ باخنەر ..... ١٥٧
-٣٣ لە کاتێکدا ئێران لە ژێر گوشار دایە، نیگەرانییەکان لە هێرشی سەر لە نوێی ئیسرائیل پەرە دەستێن................



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی: چوارەم

.................................................................................................. سوزانا جۆرج ..... ١٦٥
٣٤- پاییزی ئایەتوڵڵاکان؛ کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟(بەشی یەکەم)................ کەریم سەججادپوور ..... ١٧١
٣٥- پاییزی ئایەتوڵڵاکان، کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟(بەشی دوویەم).............. کەریم سەججادپوور ..... ١٧٦
٣٦- پاییزی ئایەتوڵڵاکان، ئێران وەک تورکیە یان پاکستان؟(بەشی سێیەم)................. کەریم سەججادپوور ..... ١٨٢
٣٧- دواپین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت(١)..................
.............................................................................................ئالێکساندەر ستوب ..... ١٨٩
٣٨- دواپین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت(٢)..................
.............................................................................................ئالێکساندەر ستوب ..... ١٩٤
٣٩- دواپین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت(٣)..................
.............................................................................................ئالێکساندەر ستوب ..... ٢٠٠

## ساڵی...................... ٢٧٢٦

٤٠- کوردەکان، کۆنترین دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی.............................................. ڕۆیا حەکاکیان ..... ٢٠٦
٤٢- دەستپێکی هەرەسهێنانی بەرە بەرەی کۆماری ئیسلامی.......................................... موهاناد سەلووم ..... ٢١١
٤٣- پاش وەرگرتنی زانیاری لەمەڕ "هێرشی کۆتایی"؛ بژارەکانی ترامپ لە بەرانبەر ئێراندا کامانەن؟.........................
................................................................................................ جەیمز سی ڕەینۆڵدز ..... ٢١٦
٤٥- دادپەروەری و سەرکەوتن لە جەنگدا.................................................... داوید و. واینبەرگ ..... ٢٢١
٤٦- ڕوانگەی دونیای عەرەب لەمەڕ جەنگ دژی ئێران.............................................. زەینەب ڕیبوا ..... ٢٢٦
٤٧- ڕێککەوتنی ئێران دەتوانێت ڕاستەقینە بێت، بەڵام دەشتوانێت لەرزۆک بێت....................... مایکڵ لینچ ..... ٢٣٠
٤٨- چوار گریمانەی هەڵەی واشینگتۆن لە بارەی شەڕی ئێران........................................ نازی موعینیان ..... ٢٣٥
٤٩- نا، ئێران براوە نییە: لە پەردەی چوارەمی جەنگدا............................................ بریێت مەکگورک ..... ٢٣٨



سەرچاوە Serchawe

بەشی: چوارەم

سالّی.............. ٢٠٢٤

## ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کۆماری ئیسلامی




"هەڵاواردنی سیستماتیک دژی ژنان و کچان، ڕێخۆشکەری پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و جینایەت دژی مرۆڤایەتی لە چوارچێوەی ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانەدا بوون"

ژنێڤ، ٨ی مارچی ٢٠٢٤

سەرکوتی توندوتیژانەی خۆپیشاندانە هێمنانەکان و هەڵاواردنی بە دامەزراوییکراوی بەربڵاو دژی ژنان و کچان بوونە هۆی

**بەشی: چوارەم**

پێشێلکاریی جیددی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە. گەلێک لەو پێشێلکارییانە وەک جینایەت دژی مرۆڤایەتی دێنە ئەژمار، ئەوە لە یەکەم ڕاپۆرتی کۆمیتەی سەربەخۆ و نێونەتەوەیی دۆزینەوەی ڕاستییەکان لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هاتوە.

ڕاپۆرتەکە کە بۆ ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ ئامادە کراوە دەڵێ، توندوتیژییەکان و پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی نارەزایەتییەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"دا کە لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢ دەستیان پێ کرد و کوشتنی دەرەوەی یاسا، کوشتنی نایاسایی و گیانئەستاندن، کەڵکوەرگرتنی ناپێویست و نارێژەیی لە توندوتیژیی، دەستبەسەرکردنی گۆترەیی، ئەشکەنجە، لاقەکردن، بزرکردنی زۆرەملی و ڕاوەدوونانی زایەندیی دەگرتنە خۆ.

پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەی نارێژەیی دژی ژنان، منداڵان و ئەندامانی کەمینەکانی ئەتنیکی و ئایینی بەڕێوە چوون. ئەو کۆمیتەیە بەڵگەی ڕاوەدوونانی زایەندیی تێکەڵاو بە هەڵاواردن بەگوێرەی ئەتنیک و ئایینی دەست کەوتوە.

سارا حوسێن، سەرۆکی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان گوتی، "ئەو کردەوانە بەشێک لە هێرشی بەربڵاو و سیستەماتیک دژی خەڵکی مەدەنیی ئێرانن، واتە دژی ژنان، کچان، کوڕان و پیاوانێک کە داوای ئازادی، یەکسانی، ڕێز و لێپرسینەوەیان کردوە. ئێمە داوا لە دەوڵەت دەکەین دەستبەجێ کۆتایی بە سەرکوتی ئەو کەسانەی بە شێوەی ئاشتییانە نارەزایەتییان دەربڕیوە بێنێ، بە تایبەتی هی ژنان و کچان".

نارەزایەتییەکانی ئێران بە هۆی مردنی ژنێکی کوردی ئێرانی، تەمەن ٢٢ساڵ، بە ناوی ژینا -مەهسا ئەمینی لە کاتی دەستبەسەر کران بە هۆی ڕەچاونەکردنی یاسای ئێرانیی حیجابی زۆرەملیی دەستیان پێ کرد. ئەو کۆمیتەیە بۆی دەر کەوتوە کە توندوتیژیی فیزیکی لە کاتی دەستبەسەرکرانی، بووە هۆی کوشتنی نایاسایی خاتوو ئەمینی. دواتر لەجیاتی لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ، کاریگەر و ورد، کە یاسای نێودەوڵەتی دەخوازێ، دەوڵەت چالاکانە ڕاستییەکەی شاردەوە و خۆی لە جێبەجێ کردنی دادپەروەری بوارد.

پاشان کاربەدەستان سەرجەم دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی بۆ سەرکوتی ئەو خۆپیشاندەرانە خستە کار کە دوای کوژرانی خاتوو ئەمینی هاتبوونە سەر شەقامەکان. بەگوێرەی ئاماری بڕوا پێکراو، ٥٥١ خۆپیشاندەر بە دەست هێزە

بەشی: چوارەم

ئەمنییەتییەکان کوژران، لە نێویاندا ٤٩ ژن و ٦٨ منداڵ. زۆربەی کوژرانەکان بە هۆی چەک ڕوویان دا، لە نێویاندا بە تفەنگی ئوتوماتێک.

کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، لەو دۆخانەی کە لێیانی کۆڵیوەتەوە بۆی دەر کەوت کە هێزە ئەمنییەتییەکان کەڵکیان لە توندوتیژیی لەڕادەبەدەر و نارێژەیی وەرگرت کە بووە هۆی کوشتن و بریندارکردنی نایاسایی خۆپیشاندەرا.ن نموونەی برینی قووڵ لە چاوی خۆپیشاندەران، بۆتە هۆی کوێربوونی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، پیاوان و منداڵان و نقوستانبوونیان بۆ تا هەتایە. ئەو کۆمیتەیە هەروەها بەڵگەی کوشتنی دەرەوەی یاساشی دۆزیوەتەوە.

کۆمیتەکە کوژران و بریندار بوونی هێزە ئەمنییەتییەکانی پشتڕاست کردۆتەوە بەڵام زۆربەی هەرە زۆری نارەزایەتییەکان هێمنانە بوون.

هێزە ئەمنییەتییەکان خۆپیشاندەرەکانیان بە دەستبەسەرکردنی لەگۆترە سەرکوت کردوە، لە نێویاندا خەڵکی ئەوتۆ هەبووە کە تەنیا سەمایان کردوە، دروشمیان داوە، دروشمیان لەسەر دیوار نووسیوە، هۆرنیان لێ داوە، یان لەسەر سۆسیال مێدیا پشتگیرییان لە داخوازییەکان، وەکوو مافەکانی ژنان، یەکسانیی و لێپرسینەوەیان کردوە. گەلێک لەوان چاوبەست کراون و بردوویاننە نێو ئامێری گواستنەوەی بێ نیشانە، لە نێویاندا ئامبوڵانس. سەدان منداڵ کە بەشێکیان تەنیا دە ساڵ تەمەنیان هەبووە، دەستبەسەر کراون، بێ ئەوەی زانیارییەک لەبارەی شوێنی ڕاگرتنیان بدرێ، و لە بنەماڵەکانیان جیا کراونەوە.

لە کاتی دەستبەسەر کراندا، کاربەدەستانی دەوڵەتی، قوربانییەکانیان ئەشکەنجە کردوە تا ئیعترافیان لێ بستێنن یان بیانترسێنن، بێڕێزییان پێ کردوون و سزایان داون. کۆمیتەکە هێندێک دۆخی دۆزیوەتەوە کە لەواندا ژنان و کچان لاقە کراون و توندوتیژیی سێکسی و زایەندیی دژیان کراوە، لە نێویاندا لاقەکرانی بەکۆمەڵ، لاقە کران بە شتێک، لە کارەبادانی زێ، بەزۆر ڕووتکردنەوە و دەستبۆبردن. هێزە ئەمنییەتییەکان داوای ژنان بۆ یەکسانیی و نەهێشتنی هەڵاواردنیان وەکوو "ویستی ڕووتبوونەوە" و "بڵاوکردنەوەی بێڕەوشتی" لێک داوەتەوە.

کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بۆی دەر کەوتوە کە دەوڵەت لە دێسەمبەری ٢٠٢٢ تا جانیوەری ٢٠٢٤ لانی کەم و لەگۆترە، پاش دادگاییکردنی کورتماوە کە پشتبەستوو بە دانپێدانان لەژێر ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی ناڕەوا بووە ٩ لاوی لە سێدارە

## بەشی: چوارەم

داون. دەیان تاک، هێشتا لە ژێر مەترسی لەسێدارە دران یان وەرگرتنی حوکمی ئیعدام لە پەیوەندی لەگەڵ نارەزایەتییەکان دان. ژنان و منداڵان لەنێو گەلێک لەو کەسانەدا دەبینرێن کە لە سەرەتای دەستپێکی نارەزایەتییەکان تۆمەتبار بە تاوانی ئەوتۆ کراون کە سزای مەرگیان هەیە.

ڕێژەیەکی زۆر هێشتا تێچوویەکی زۆر بە هۆی پشتیوانی لە جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەدەن. کاربەدەستان سەرکوتەکانیان بۆ سەر بنەماڵەی قوربانییان، ڕۆژنامەنووسان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ، پارێزەران، پزیشکان و گەلێک خەڵکی دیکە چەند هێندە دەکەن، تەنیا بەو هۆیە کە بیروڕای خۆیان دەربڕیوە، پشتگیرییان لە خۆپیشاندەران کردوە یان بە دوای ڕاستی و دادپەروەری بۆ قوربیانیان دابوون.

کاربەدەستانی دەوڵەتی، لە بەرزترین پلەکاندا بە لێدوانەکانیان هاندەر، بریاردەر و خوازیاری پێشێلکارییەکان دژی مافەکانی مرۆڤ بوون و پاساویان بۆ رەفتار و ئاکاری هێزە ئەمنییەتییەکان دەهێنایەوە. ئەوان دەستیان دایە هەڵمەتێکی شێواندنی ڕاستییەکان کە لەویدا خۆپیشاندەرانیان بە "ئاژاوەگێڕ"، "بەکرێگیراوی بیانی" یان تاقمی "جیاییخواز" نێو دەبرد. هێزە ئەمنییەتییەکانی دەوڵەتی، بە تایبەت سوپای پاسداران، هێزی بەسیج و هێزەکانی فەرماندەیی سەپاندنی یاسای کۆماری ئیسلامیی ئێران (فەراجا)، بەشداری پێشێلکردنی جیددی مافەکانی مرۆڤ بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی بوون.
کاربەدەستانی ئێران ڕێگرییان لە هەوڵەکانی قوربانییان و بنەماڵەکانیان بۆ قەرەبووکرانەوە و دۆزینەوەی چارەسەر داوە. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بەو ئاکامە گەیستووە کە قوربانییەکان لەگەڵ سیستەمێکی دادوەریی بەرەوڕوو بوونەوە کە سەربەخۆیی، شەفافیەت و لێپرسینەوەی نییە.

**ڤیڤیان کرستیچەڤیچ، ئەندامی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان گوتی؛** "کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرپرسیارە مافەکانی ژنان و منداڵان بپارێزێ و مافی ڕاستی، دادپەروەریی و قەرەبووکردنەوەی سەرجەم قوربانییەکان دەستەبەر بکات. بە لەبەرچاوگرتنی هەڵاواردنی بەدامەزراوییکراو دژی ژنان و کچانی ئێران، ئەوان مافی قەرەبوو کرانەوەی تەواو و زەمانەت کردنی ئازادیی تەوا و و بەشداریی لە سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیان هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانیارییانەی ئێمە دۆزیومانەتەوە، ئەوە بێجگە لە ڕێکاری دیکە، بە مانای گۆڕینی سەرجەم یاساکانی مەدەنی و سزادان، چاکسازیی لە سیستەمی دادوەریی و هەنگاوەکان بۆ قبووڵی بەرپرسیارەتی دەگرنە خۆ".
کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بەداخە لە نەبوونی هاوکاریی کاریگەر لە لایەن دامودەزگاکانی ئێرانیی خاوەن دەسەڵات، سەرەڕای داوای بەردەوامی ئێمە بۆ وەرگرتنی زانیاریی، لە ناویاندا زانیاریی لە بارەی کوژراو و بریندارانی هێزە

**بەشی: چوارەم**

ئەمنییەتییەکان ئەوان لە خۆ بواردن لە دەستڕاگەیشتنی ئێمە بە وڵاتەکە و خەڵک بەردەوام بوون. کۆمیتەکە هەروەها نەبوونی هەر جۆرە شەفافیەت لە پەیوەندی لەگەڵ ڕاپۆرتی خودی دەوڵەت لەمەڕ تۆمەتەکانی پێشێلکاریی جیددی مافەکانی مرۆڤی پشتڕاست کردۆتەوە.

بە هۆی نەبوونی چارەسەری کاریگەر و بە لەبەر چاو گرتنی بێ سزا هێشتنەوەی پێشێلکارییەکانی سیستەماتیک و مێژوویی لە ئێران، دەوڵەتانی ئەندام پێویستە ڕێکارەکان بۆ لێپرسینەوە لە ئاستی نێودەوڵەتی و سیستەمەکانی نێوخۆیی خۆیاندا بکۆڵنەوە. کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان داوا لە دەوڵەتان دەکات پرەنسیپە گەردوونییەکانی دادوەریی بۆ گشت تاوانەکانی ژێر یاسای نێودەوڵەتی بەبێ سنووردار کردنی ڕێکارەکان، دامەزراندنی سندووقی قەرەبوو کردنەوەی قوربانییان، بە کۆ یان بە تاک و، دابین کردنی پارێزگاریی، لە ناویاندا بە قبووڵی پەنابەریی و ڤیزای مرۆڤدۆستانە بۆ ئەو کەسانەی لە ڕاوەدوونان بە هۆی نارەزایەتییەکان لە ئێران ڕا دەکەن، لەبەر چاو بگرن.

**شەهین سەردار عەلی، ئەندامێکی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان گوتی؛** "ئێمە داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکەین دەستبەجێ لەسێدارەدانەکان ڕا بگرن و سەرجەم ئەو کەسانەی لەگۆترە و لە ڕەشبگیرییەکاندا بە هۆی بەشداریی لە نارەزایەتییەکان دەستبەسەر کراون بێ مەرج ئازاد بکات و کۆتایی بە سەرکوتی خۆپیشاندەران و بنەماڵەکانیان و لایەنگرانی جووڵانەوەی ژن، ژیان، ئازادی، بێنێ.

***

**پاشخان:** ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دروستکردنی کۆمیتەیەکی سەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان لە بارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی پەسەند کرد تا لە پێشێلکارییەکانی ئیددیعاکراوی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆمای ئیسلامیی ئێرانەوە لە پەیوەندی لەگەڵ نارەزایەتییەکانی دوای ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢، بەتایبەتی ئەوانەی دژی ژن و منداڵانی دەگرتەوە، بکۆڵێتەوە.

لە ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢، سەرۆکی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند کە سارا حوسێن (بەنگلادێش)، شەهین سەردار عەلی (پاکستان) و ڤیڤیان کرستیچەڤیچ (ئارژانتین) وەک سێ ئەندامی سەربەخۆ بەشداری کۆمیتەکە دەبن و سارا حوسێن وەک سەرۆکی کۆمیتەکە دیاری کرا.

**١ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤**

## لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەنگ لەگەڵ ئێران، ڕۆژانی چارەنووسسازی ئیسرائیل بەڕێوەن



**ئورشەلیم پۆست – یاکۆڤ کاتز**

ئێستا ڕۆژانی چارەنوسسازی دەوڵەتی ئیسرائیلن. کاتێک ئەو وتارە دەخوێنیەوە ڕەنگبێ ئیسرائیل لەلایەن ئێران هێرشی کرابێتە سەر، یان ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە یان بە هۆی بەکرێگیراوانی ئەو وڵاتە و، ڕەنگبێ ئیسرائیل وەڵامی دابێتەوە. ڕەنگبێ دۆخەکە بۆ ئاستی جەنگی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێران، حیزبوڵڵا یان هەردووکیان گۆڕابێ، کە شەڕی غەززە بە بەراورد لەگەڵ ئەو جەنگە لە تەنیا چەند ڕۆژدا ببێتە بیرەوەرییەکی لەبیرکراو.

دۆخەکە لە هەموو پلەکانی نێو دەوڵەت و هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیلدا ئاڵۆزە. لە لایەکەوە، لێکدانەوەی گشتی ئەوەیە ئێران نایهەوێ جەنگێکی بەتەواو مانای هەبێ و ئەوە بەو لێکدانەوەیە بوو کە هێزی بەرگریی ئیسرائیل چوو بۆ کۆبوونەوەی کابینەی ئەمنییەتی، کاتێک پێشنیاری هێرشی هاژەکیی بۆ سەر خانووەکەی دیمەشقی کرد کە لەوێ ژەنراڵی ئێرانی، موحەممەد ڕەزا زەندیی کوشت.

## بەشی: چوارەم

ئیسرائیل گریمانەی ئەوە دەکات ئێران سنووردارکردنی دۆخەکەی پێ باشتر بێ لە کاتێکدا کە زاهیدی پلەبەرزترین کاربەدەستی سەربازیی ئێران بوو کە بکوژرێ، دوای کوشتنی فەرماندەی سوپای قدس، قاسم سولەیمانی کە لە جانیوەری ٢٠٢٠، لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بە ئامانج گیرا. گریمانەکە لە ئیسرائیل ئەوە بوو ئێران وای پێ باش دەبێ دۆخەکە سنووردار بکات. بەڵێ، ئێران وەڵام دەداتەوە، بەڵام ئیسرائیل پێی وایە ئەوە نابێتە هۆی شەڕێکی هەمە لایەنە.

هۆی ناچاربوونی ئێران بە وەڵامدانەوە، پلەی بەرز و دەوری گرینگی زاهیدییە. ئەو فەرماندەیەکی پلەبەرزی سوپای قودس بوو، بەرپرسی یەکینەکانی لوبنان و سووریە و وێدەچێ دەورێکی یەکلاکەرەوەی لە هاوپەیمانیی سوپای پاسدارانی ئێران، حیزبوڵڵای لوبنان و سەرۆککۆمار بەشار ئەلئەسەد دا هەبووبێ.

سێناریۆکانی شێوەی وەڵامدانەوەی ئێران جیاوازن و، هەر کامیان مەترسیی جۆراجۆر لە خۆ دەگرن. لە سەرووی هەموویانەوە ئەگەری هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران لە خاکی خۆیەوەیە. لەو دۆخەدا، بۆ ئیسرائیل دژوار دەبێ لە تۆڵەی ئەو هێرشە هێندێک شوێن لە نێوخۆی ئێران نەکاتە ئامانج، ئەوە بژارەیەکە کە مەترسییەکی زۆری هەیە ببێتە هێرشی تۆڵەئەستێنانەی دیکە لەلایەن هەردوو لا و بەرفراوانتر بوونەوەی کێشەکە.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەری تۆڵە ئەستاندنەوە لەلایەن بەکرێگیراوانی ئێران هەیە. لێرە ئەوە بەستراوەتەوە بە کام بەکرێگیراو و چۆنیەتیی هێرشەکە. ئەگەر، بۆ وێنە، حیزبوڵڵا بە هاژەک هێرش بکاتە سەر حەیفا و تێلئاڤیڤ، ئەوسا دەتوانین گریمانەی ئەوە بکەین ئیسرائیل ناچار دەبێ بە هێرش بۆ سەر بەیروت وەڵام بداتەوە، کە لەو حاڵەتەدا ڕێگا بەرەو جەنگ کورت دەبێ. بەڵام، بێتوو حیزبوڵڵا یان بەکرێگیراوێکی دیکە، وەکوو حوسییەکانی یەمەن یان میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق، هێرش بکەنە سەر پێگەیەکی سەربازی، ئەوسا پرسەکە زۆرتر دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە چ شوێنێک هەنگێوتراوە یان کێ کوژراوە. هەروەها هەمیشە ئەگەری هێرش بۆ سەر کۆنسولخانەیەک یان باڵوێزخانەیەکی ئیسرائیل لەودیوی دەریاکانەوە هەیە.

ئەوە سروشتییە کە ئیسرائیل لە ئەگەری ڕوودانی هەرکام لەو هێرشانەدا، ناچارە وەڵام بداتەوە، بەڵام کاتێک هێرشەکە بۆ سەر پێگەیەکی سەربازی بێ و هیچ زەرەرێکی ڕاستەقینە لەئارادا نەبێ و کەس نەکوژرێ، ئیتر وەڵامەکەش تەنیا سیمبۆلیک دەبێ تا کۆتایی بە کۆی ئەو دۆخە بێندرێ.

## بەشی: چوارەم

بۆ ڕوونکردنەوەی ئاستی جیددیبوونی دۆخەکە لە هەڕەشەی ڕۆژی چوارشەممە لە لایەن سەرۆک کۆمار جۆ بایدن ئاشکرا دەبێ، کە پشوویەکمان لە هێرشی بەردەوامی ناوبراو بۆ سەر سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهوو، چاو پێکەوت کە هەر ئەو حەوتوویە گوتی سەرۆکی ئیسرائیل لە شەڕی غەززەدا "هەڵەیە". بایدن ڕۆژی چارشەممە لە جیاتان هەڕەشەی لە ئێران کرد کە بێتوو ئیسرائیل هێرشی بکرێتە سەر، ئەمریکا پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکات.

سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن، فومیۆ کیشیدا، لە ڕۆژی چوارشەممە گوتی، " هەر وەکوو بە سەرۆک وەزیران نەتانیاهووم گوتوە، پابەندبوونمان بە ئاسایشی ئیسرائیلەوە، دژی ئەو هەڕەشانەی ئێران و بەکرێگیراوانی فرە بەهێزە. ئێزن بدەن با دووپاتی بکەمەوە: فرە بەهێزە. ئێمە ئەوەی لە توانامانبدا بێ بۆ ئەمنییەتی ئیسرائیل دەیکەین." چەند کاتژمێر دواتر، وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئانتۆنی بلینکن، لێدوانێکی هاوشێوەی بڵاو کردەوە و بە وەزیری بەرگریی ئیسرائیل، یواڤ گالانتی گوت کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە دژی هەڕەشەکانی ئێران، پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکات".

لە کاتێکدا کە ڕەنگبێ ئەوە وەک وەرسووڕانێکی مەزن لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بێتە بەرچاو، بەڵام بەو شێوەیە نییە. لە سەرەتای شەڕەکەوە، ئەمریکاییەکان نیگەرانی دووردیمەنی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەرفراوانتر لە ناوچە بوون. ئەوە هۆی سەرەکیی وتاری "وا مەکەی" سەرۆک کۆمار بوو، کاتێک ماوەیەکی کورت دوای هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبر، هەڕەشەی لە ئێران و حیزبوڵڵا کرد. نیگەرانیی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکان، درێژەی هەمان سیاسەتە، کە هەموو شتێک دەکات تا پێش بە کێشەیەکی بەرفراوانی ناوچەیی بگرێ.

ئیسرائیلیش لەو هەڵلا و هەنگامە جەماوەرییەی حەوتووی ڕابردوو کە هەموو وڵاتی گرتەوە، وانەی وەرگرتوە، بۆیە کاربەدەستانی ئیسرائیل بەئاشکرا شتێک ناڵێن. ئەوکاتی، دوابەدوای بانگکردنی هێزی یەدەگ و هەڕەشەکانی ئێران، خەڵک دەستیان بە ڕاکێشانی دراو لە بانکەکان کرد و دەستیان کرد بە پاشەکەوتکردنی ئاو و کڕینی هەرچی مەکینەی کارەبای بەردەست.

دەوڵەت نایهەوێ بەرەو ڕووی هەمان کاردانەوە بێتەوە، لە کاتێکدا ڕەنگبێ هەموو ئەو بەزمە بە چەند تەقینەوان کۆتایی بێ.

## بەشی: چوارەم

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیسرائیل دەبێ ئامادە بێ. لەبەر ئەو هۆیە، لە کۆتایی ئەم حەوتوویەدا هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل مانۆڕێکی ئاسمانیی درێژمەودای بەرەو ئاسمانی قوبرس بەڕێوە برد و لە ئامادەباشیی تەواودایە، هەموو ئەوە بەو مەبەستەیە کە بە ئێران نیشان بدەن کە ئیسرائیل ئامادەیە لە کاتی پێویستدا هێرش بکاتە سەر تاران.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە دەبێ بەگوێرەی دۆخەکە ڕێژەیی بێ. ئێران ناتوانی ئیسرائیل لەنێو ببات و حیزبوڵڵا ناتوانی ئیسرائیل وێران بکات.

هەر دوو لا دەتوانن زیان بە ژێرخانی مەدەنیی ئیسرائیل بگەیەنن و خەڵکی سیڤیلی ئیسرائیل بکوژن، بەڵام ئەوان هەڕەشەیەکی کوشندە بۆ سەر ئیسرائیل نین. ئیسرائیل دەتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێ و ئەو کارەش دەکات.
ئەوەی کە دەبێ لەبیرمان بێ ئەوەیە کە ئەو ڕاستییەی ئێستا بەرەوڕووی بووینەوە، ئاسایی نییە. ئەوە ئاسایی نییە کە ئیسرائیل لە ژێر هەڕەشەی ١٥٠ هەزار تۆپ و هاژەکی لوبنان، دروست لە سنووری باکووری خۆی بێ و ئەوە ئاسایی نییە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بەردەوام داوای لەنێوبردنی دەوڵەتی جوولەکە دەکات.

ئەگەر ٧ی ئۆکتۆبر شتێکی فێر کردبین ئەوەیە کە لە کاتێکدا کە ئێمە، ئیسرائیل، ڕەنگبێ حەز بکەین هەڕەشەکە سنووردار بکەین و بیشارینەوە، ئەو هەڕەشەیە هەمیشە بە کردەیی ناکرێ. کاتێک ئەو تاقمە تێرۆریستییانە حەز دەکەن هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل و ئامرازی ئەو کارەشیان هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا ئیسرائیل سەر دەکەوێ.

ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە شەڕ لەگەڵ حیزبوڵڵا حەتمییە؟ ڕەنگبێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە پێویستە هەر ئێستا ڕوو بدا. بە لەبەرچاوگرتنی شەش مانگی ڕابردوو، هەم ئیسرائیل و هەروەها ئێران نیشانیان داوە خوازیاری سنووردارکردنی کێشەکەن و ئیزن نادەن ببێتە کێشەیەکی بەرفراوانتر.

**بەو زووانە بۆمان ئاشکرا دەبێ ئاخۆ ئەوە دەتوانێ درێژەی هەبێ.**

**١ی بانەمەڕی ٢٧٢٤**

## ئەو پرسیارانەی لەبارەی مردنی سەرۆککۆماری ئێران درێژەیان دەبێ



**گۆڤاری تایم – کای ئارمین سەرجویی**

کاتێک هێلیکۆپتەری هەڵگری سەرۆککۆماری ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی، لە ١٩ی مانگی مای دیار نەما، ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان باسی ٩ مسافیری نێو ئەو هێلیکۆپتەرەیان کرد، لە ناویاندا دوو پارێزەر. بەڵام، کاتێک لە کۆتاییدا لاشەی هێلیکۆپتەرەکە دۆزرایەوە، دەر کەوت هەشت تەرمی تێدا بوون. چوار ڕۆژ دواتر، نهێنیی پارێزەری دووهەم لە پۆستەکانی سوسیالمێدیادا ئاشکرا بوو: جەواد مێهرابی، بە نابەدڵی لەلای دواوەی ڕێوەڕەسمی پرسەی ڕەئیسی پاڵی لێدابۆوە. هەواڵدەرییەکان ڕایانگەیاند کە لە دوایین خولەکدا، بەرپرسەکەی، مێهدی مووسەوی، ناوبراوی لە هێلیکۆپتەری سەرۆککۆمارەوە گواستبۆوە بۆ یەکی دیکە لەو دوو هێلیکۆپتەرانەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ کاروانەکە بوون.

دوای مردنی مووسەوی لە بەربوونەوەکەدا، باوکی بە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێرانی گوت ئەو دەیزانی کوڕەکەی لەو سەفەرە ناگەڕێتەوە. باوکەکە ڕوو بە کامێرا دەڵێ، "شەوی پێش سەفەرەکە سەردانی کردین. ئەو ماڵاوایی لێ خواستین و چووە نێو ئۆتۆمبێلەکەیەوە، بەڵام گەڕایەوە و ٢٠ خولەکی دیکە لە لامان مایەوە. پاشان ڕۆیشت، بەڵام دوای ماوەیەکی کورتی

هاژووتن، دیسان گەڕایەوە و ١٠ خولەکی دیکە لە گەڵمان بوو." گریان قورگی دەگرێ و درێژە بە قسەکانی دەدا، "سێهەم جار کاتێک ماڵاوایی کرد دایکی ماچ کرد و پاشان لاقەکانی دایکی ماچ کرد، منی ماچ کرد و پاشان داهاتەوە و لاقەکانی منیشی ماچ کرد. ئەوە ئەوکاتی بوو کە زانیم قەت ناگەڕێتەوە، دەمزانی قەت نایبینینەوە".

پارێزەرەکان ئەندامی یەکەیەکی تایبەتیی سوپای پاسداران بوون، ئەو هێزە سەربازییە کە لە ١٩٧٩ دروست کرا تا جێگای ئەرتەش بگرێتەوە کە دەوڵەتی ئایینی نوێی ئێران متمانەی پێ نەدەکرد. یەکەکە، سوپای ئەنسارولمەهدی، بەرپرسی ئاسایشی تاکەکەسیی کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ڕێژیمە. بۆ ئەو مەبەستە، ئەندامەکانی تەلەفۆنی تایبەتییان پێیە کە نەتەنیا بۆ پەیوەندیی دڵنیا دەبێ، بەڵکو بۆ شوێنپێهەڵگرتنی بەردەوامیش کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ئەو ئامێرەی مووسەوی پێی بوو، دەبوو بۆ دیاریکردنی شوێنی کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەرەکە، کە لە دەشتودەرێکی دژوار لە نزیک سنووری ئێران لەگەڵ ئازەربایجان هەڵکەوتووە، بەکەڵک بێ. لەگەڵ ئەوەشدا ١٦ کاتژمێری پێ چوو تا فریاگوزارەکان گەیشتنە ئەوێ.

وێناچی سوپا لەژێر شک و گومان دابێ، لانیکەم بەگوێرەی پلە بەرزترین کاربەدەستی ئێران: لە وێنەیەکی ڕێوەڕەسمی بەخاکسپاردنی ڕەئیسی و قوربانییەکانی دیکە دا، پارێزەرانی سوپا دوو لە سەر سێی ئەو کەسانەیان پێک دێنا کە لە پشت ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەیین. وەک هەمیشە، گەرووی بە جەمەدانی دەوری گەردنی، کە نیشانەی نزیکییەتی لە سوپای پاسداران، گەرم ببوو.

زیاتر لە حەتوویەک دوای کوژرانی ڕەئیسی، پرسیارە پڕ لە ڕازەکان نەتەنیا لەبارەی کەوتنە خوارەوەکە، بەڵکوو هەروەها لەبارەی ئەوەی لەمەو دوا ڕوو دەدا درێژەیان هەیە. بەشێک لە پرسیارەکان وڵامەکانیان ئاشکرایە: ترانسپۆندەری (ئامێری دیاریکەری شوێنی هێلیکۆپتەر یان فڕۆکە) بالەفڕی کاربەدەستە پلەبەرزەکان وەک نەریتی هەمیشەیی، لە ترسی شوێن هەڵگیران لەلایەن دەوڵەتانی دوژمنەوە، کوژابۆوە. کاتێک هێلیکۆپتەرەکە کەوتە خوارەوە، لە ترۆپکی گردێک لە باکووری ڕۆژاوای ئێران، مسافیرێک هێندە ساغ بوو کە توانی بە موبایلی فڕۆکەوانەکە زەنگ لێدا، ئەو هەوڵی دا شوێنی کەوتنەخوارەکە شی بکاتەوە، بەڵام لە چاوەڕوانیی فریاگوزاراندا گیانی سپارد. بە هۆی ئەوە کە ناوچەکە بە شێوەی پێویست لەژێر پۆششی سیستەمی موبایلدا نەبوو، نەدەکرا بە یارمەتیی ئەو سیستەمە شوێنەکە بدۆزرێتەوە.

هێشتا ڕەنگبێ هێندێک پرسیاری دیکە بکرێ بە یارمەتی تەکنیکی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی وەڵام بدرێنەوە. بەرپرسی

## بەشی: چوارەم

نوسینگەی ڕەئیسی کە لە هێلیکۆپتەرێکی دیکەدا بوو، گوتی ماوەیەکی کورت پێش بزربوونی ئەو هێلیکۆپتەرەی سەرۆککۆماری تێدابوو، فڕۆکەوانەکەی فەرمانی بە دوو هێلیکۆپتەرەکەی دیکەدا بەرەو بەرزایی بفڕن تا دەگەنە سەرەووی ئەو هەورانەی دەوری ترۆپکی گردەکەیان دابوو. هێلی کۆپتەرەکانی دیکە ئەو کارەیان کرد، بەڵام کەس هیچی دیکەی لە هێلیکۆپتەری سەرۆککۆمار نەبیستەوە.

هێندێک زانیاریی، ئەگەرچی سەرنجڕاکێشە، بەڵام دەکرێ لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکرێ. ئێرانییەکان دەتوانن گێڕانەوەی باوکەکە، بدەنە پاڵ دڵ خەبەردانی کەسانی بڕوامەند. بەڵام خەڵکی دیکە وەک بەڵگەی بوونی پیلانێک سەیری دەکەن، شتێک کە یەکەم جار نییە لە ڕێژیمێکدا ڕوو بدا کە بە لێلکاریی و دڕندەییەکەی ناسراوە. پیرە دایکی ڕەئیسی، کە بەئاشکرا تووڕە دیار بوو، داوای مەرگی "هەر کەسێک بێجگە لە خودای دەکرد کە کوشتوویەتی".

کوڕەکەی لەلایەن زۆر کەسەوە وەک جێگرەوەی خامنەیی سەیر دەکرا کە ٨٥ ساڵ تەمەنیەتی و لێکدا لێکدا هەواڵی خراپبوونی باری تەندروستییەکەی بڵاو دەبێتەوە. لەو هەوڵەدا، ڕەئیسی لە لایەن توندئاژۆترین بەشی ڕێژیم، واتە بەرەی پایداری، پشتگیریی لێ دەکرا. وەک سەرۆککۆمار، ڕەئیسی بڕیاری سەرکوت بە مەبەستی سەپاندنی یاسای "عفاف و حجاب"ی دەرکرد، کە لە ٢٠٢٢ بووە هۆی بە داوەوەبوونی مەهسا (ژینا) ئەمینی، کە لە کاتی دەستبەسەرکران لەلایەن بەناو پۆلیسی ڕەوشتەوە بە هۆی لەبەر چاو نەگرتنی ئەو یاسایە کوژرا. ئەو هەروەها ڕوخساری ڕێژیم لە کاتی سەرکوتی ئەو جووڵانەوەیە بوو کە کوژرانی ژینا هاندەری دەستپێکی بوو و دروشمی ژیان، ژیان ئازادی تێدا بەرز کرایەوە. ئەو سەرکوتە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٥٠٠ کەس لە خەڵکی ئێران. کوژرانی ڕەئیسی لە کاتی گەڕانەوە لە ڕێوڕەسمی کرانەوەی بەنداویک بە نێوی قیز قەلاسی - قەڵای کیژان - لە لایەن هێندێک کەس وەک دادوەرییەکی شاعیرانە سەیر کرا.

ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ ڕەئیسییان وەک ئەندامی "کۆمیتەی مەرگ" دەناسی کە لە ١٩٨٨ بڕیاری ئیعدامکردنی لەگۆترەی هەزاران بەرهەڵستکاری لێکەوتەوە و لەلایەن کاربەدەستانی خودی ڕێژیم وەک "مەزنترین دڕندەیی ڕێژیمی ئیسلامی ... کە لەبەر ئەوهۆیە ئێمە لە لایەن مێژوو مەحکوم دەکرێین" باسی لێوە کراوە.

ڕەئیسی، کە تەنیا ١٠ ساڵ لەوەپێش بۆ زۆربەی خەڵک تا ڕادەیەکی زۆر نەناسراو بوو، تەنیا کاتێک کە باسی جێگرەوەی خامنەیی خەریک بوو پەلەی لێ دەکرا، بەخێرایی بووە خاوەن ناوبانگی نیشتمانی. دەنگۆی ئەوە هەن کە ڕێبەری گەورە بەرنامەی بۆ کوڕەکەی، موجتەبا خامنەیی، هەیە کە ببێتە جێگرەوەی. کاتێک لە وتارێکدا، تەنیا چەند کاتژمێر دوای

**بەشی: چوارەم**

بێسەروشوێن بوونی ڕەئیسی، خامنەیی نزای بۆ گەڕانەوەی بە سلامەتی بۆ کرد بەڵام پێداگریی کرد کە "خەڵک دەبێ دڵنیا بن کاروباری دەوڵەت تووشی هیچ تێکچوونێک نابێ"، شێوەی لەسەرخۆی لێدوانەکەی، سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشا.

ئەوە یەکەم جار نەبوو کەسێک کە هاوڕای بۆچوونی خامنەیی لەمەڕ داهاتووی ئێران نەبوو بە شێوەیەکی گوماناوی کۆتایی هاتبێ. لە ٢٠١٧، سەرۆک کۆماری پێشووتر، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی لە مەلەوانگەیەکدا مرد. وەک دامەزرێنەرێکی کۆماری ئیسلامی، ڕەفسەنجانی دەوری یەکلاکەرەوەی لە گەیاندنی خامنەیی بۆ پلەی هەرە بەرز هەبوو. بەڵام لە دەیەکانی دواتر، هێندە لێک دوور کەوتبوونەوە، کە لە کاتی مردنیدا، ڕەفسەنجانی وەک مەزنترین بەرهەڵستکاری ڕێبەری گەورە لەنێو ڕێژیم سەیر دەکرا. کاتێک بنەماڵەی ڕەفسەنجانی ڕایانگەیاند کە ئاستی تیشکی ڕادیۆ ئەکتیڤی تەرمەکەی گەلێک لە ئاستی دڵنیا بەرزتر بووە، داوای پشکنینی پزیشکیی تەرمەکەیان کرد. داوایەکە ڕەت کرایەوە و ماوەیەکی کورت دواتر پەروەندکەی داخرا. کە واتە ئەوجار بەو شێوەیە بوو: لە یەکەم کاتژمێرەکانی کەوتنە خوارەوەی هێلی کۆپتەرەکە، شەڕێک بۆ پێناسەکردنی ماناکەی دەستی پێ کرد. لێکۆڵینەوەیەکی سوسیال مێدیا ئاشکرای کرد کە ٪٢٢ لە ئەژمارەکانی ئیکس (تویتەری پێشوو) کە خەریکی باسەکانی کەوتنە خوارەوەکە بوون، ساختە بوون. بەگوێرەی کۆمپانیای ئاسایشی سایبەری، سایبرا، "هەڵمەتێکی بەلاڕێدابردنی پێشکەوتوو لە ئارادا بوو" بەو ئەگەرە "کە لە ماوەی دوو ڕۆژدا بگاتە ٦ میلیۆن خوێنەر."

سایبرا، کە بنکەکەی لە تێل ئاڤیڤە، دەڵێ تیۆرییەکی پیلانگێڕیی تۆمار کردوە کە لە سەرهێڵ لە ئارادا بوو و دەیهەویست وا بنوێنێ کە گوایە سیخوڕێکی موساد بە ناوی "ئێلی کۆپتەر" هۆی خستنە خوارەکە بووە. ناوەکە وەکو گاڵتە بە زمانی عیبری لە سۆسیالمێدیادا بڵاو ببۆوە، بەڵام ئاژانسی سیخوڕیی ئیسڕائیل چەند زانستوانی پلەبەرزیی ناوکی ئێران و کەسایەتی سەربازیی لەو ساڵانەی دواییدا کوشتوە. ئەگەرچی لە لایەن کاربەدەستانی ئیسڕائیلی هەر جۆرە دەورێکی ئەوان لە کوشتنی ڕەئیسی دا ڕەت کرایەوە، بەڵام بۆچوونەکە هەیە.

تەنیا دوو مانگ پێشتر، لە تۆڵەی هێرشێکی ئیسڕائیلی بۆ سەر کۆنسولخانەی ئێران لە سووریە کە بووە هۆی کوژرانی دوو ژەنەڕاڵ، تاران، وەک یەکەم هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خاکی ئیسڕائیل، ٣٠٠ هاژەک و درۆنی بە ئیسڕائیلەوە نان. دوای هێرشی عێراق بە هاژەکی سکاد بۆ سەر ئیسڕائیل لە کاتی جەنگی کەنداو لە ١٩٩١، ئیسڕائیل پلانی کوشتنی سەرۆککۆماری عێراق، سەددام حوسێنی داڕشت، بەڵام ڕووداوێک لە کاتی ڕاهێنان بۆ ئەو هێرشە کە بووە هۆی کوژرانی پێنج کۆماندۆی ئیسڕائیلی، بەرنامەکەی وەستاند.

## بەشی: چوارەم

هەڵمەتێکی دیکەی پشتگیریکراو لە لایەن ئەژماری ساختەوە، ئەو بۆچوونە بوو کە "ڕەئیسیی وەک پاڵەوانی نیشتمانیی دەناساند"، و کەڵکی لە هەمان هاشتاگ وەردەگرت کە لایەنگەرەکانی بەکاریان دەهێنا. ئەژماری ساختە هەروەها خەریکی گێڕانەوەیەکی دیکەش بوون کە ڕەخنەیان لێ دەگرت، بەڵام دەربڕینی کەیفخۆشیی جەماوەریی شتێکی ڕاستەقینە بوو. کورتە ڤیدیۆی ئەندامانی بنەماڵەی ئەو کەسانەی لە لایەن ڕێژیمەوە کوژراون بڵاو بوونەوە کە لەواندا لە خۆشیان سەمایان دەکرد و هێندە بوێرانە بوون کە پۆلیس دەستی بە دەستگیرکردنی هەموو ئەو کەسانە کرد کە پێی وا بوو بە شێوەی سەرهێڵ "بێ ڕێزییان" بە ڕەئیسی کردبوو.

کاربەدەستان ڕەنگبێ بەو هیوایە بوون کە مردنی سەرۆک کۆمارێک لە کاتی خزمەت کردندا ببێتە هۆی ورووژاندنی هۆگریی بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام کەلێنی نێوان ڕێژیم و کۆمەڵگە ویدەچی ئەوەندە قووڵ بێ کە بە مردنی ڕەئیسی پڕ نابێتەوە.

١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

## خەڵکی ئێران بەتەنیان



(بەدەمەوەدانی ئێران لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بێجگە لە مەلاکان یارمەتیی کەس ناکات)

**نەیشناڵ ریڤیو – جیم تاڵەنت**

مردنی سەرۆککۆمار ڕەئیسی هەمان کاردانەوەی بەڕێوەبەرایەتیی لێ کەوەتەوە کە هیچ شتێک ناکات بێجگە لە هەڵسوکەوتی دۆستانە بەرانبەر بە دوژمنێک.

٩ی مانگی مای، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆککۆماری ئێران لەگەڵ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەو وڵاتە و ژمارەیەک لە پارێزەرانیان و فڕۆکەوانی هێلیکۆپتەرەکەیان بە هۆی تەمومژ کەوتنە خوارەوە و کوژران.

نەنکم، ورەزێڕێکی بەزیپکی شیرەمەنی لە میزوری، وتەیەکی شیاوی بۆ دۆخی هاوشێوە هەبوو: "شەیتان هاودەمی تازەی بۆ پەیدا بوو." لەو دۆخەدا دەبێ بڵێین، شەیتان چەند هاودەمی نوێی بۆ پەیدا بوون، هەڵبەت مردنی فڕۆکەوانەکە جێگای

داخە.

بێتوو وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکی لێهاتووانەی بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبا، ئەوە دەیتوانی ببێتە دەرفەتێک بۆ بەهێزکردنی ئەمنییەتی ئەمریکا و ناوچەکە. دەوڵەتەکەمان هەموو کارێکی دەکرد تا کۆماری ئیسلامی لاواز بکات. گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ڕێژیم دادەنا؛ پاشەکەوتەکانی لە دەرەوەی وڵات لە کەمییان دەدا؛ سامانەکانی لە دەروە سڕ دەکران؛ هەناردەکردنی نەوتەکەی دەهاتە سەر ئاستی چۆڕ چۆڕ و؛ پەیماننامەی ئیبراهیم بە سەرکەوتووییەوە وەها پەرەی پێ دەدرا کە وڵاتانی دیکەی کەنداویشی گرتباوە. بێجگە لەوە، ڕێبەرانمان ڕێژیمیان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بە بەرجەستەکردنی سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ئێران، تەریک دەخستەوە.

بێتوو ئەو کارانە کرابان، وڵاتە یەکگرتووەکان لە دۆخێکدا دەبوو کە بتوانێ کەڵک لەو ناسەقامگیرییە وەرگرێ کە کوژرانی ڕەئیسی لە تاران دروستی دەکات. ڕەئیسی تەنیا سەرۆککۆمار نەبوو، بەڵکوو هەروەها کەسی یەکەم بۆ بوون بە جێگرەوەی سەرۆکی گەورە عەلی خامنەیی بوو کە ئێستا تەمەنی گەیشتۆتە ٨٥ ساڵ. ئێستا کە ڕەئیسی نەماوە تا خەڵاتەکەی وەرگرێ، ڕێژیم ناچارە سەرۆککۆمارێکی دیکە بدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا دەبێ بیر لەوە بکاتەوە کێ ببێتە جێگرەوەی خامنەیی. ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی دەستپێکی دەورەیەکی کێبڕکێ لەنێوان ئەو لایەنانەی کۆنترۆڵی وڵاتیان بە دەستە، مەگەر ڕێژیم بە شێوەیەک پێش بەوە بگرێ و پاشان هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێکی کارتۆنی کە بە کەیفی ڕێژیم بێ بۆ پڕکردنەوەی جێگای ڕەئیسی.

هەڵبەت هەڵبژاردنەکە شانۆیەکی کۆنترۆڵ کراوە و ئاکامەکەی لە پێشدا دیاریکراوە، بەڵام تەنانەت هەڵبژاردنێکی شانۆییش دەرفەتێکە بۆ بەرهەڵستکاران تا هەلەکە بقۆزنەوە و ناڕەزایەتیی جەماوەریی قووڵتر بکەنەوە کە لە ئێران هەمیشە وەکوو پۆلووی ژێر خۆڵەمێش هەیە.

ڕەنگبێ لە دنیادا هیچ دەوڵەتێک بەقەد دەوڵەتی ئێران ئامانجی ڕق و تووڕەیی خەڵکی خۆی نەبێ. ئێرانییەکان گەلێکن کە شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، مێژوویەکی دەوڵەمەندیان هەیە و زانیاریی پێشکەوتوویان لەبارەی دنیادا هەیە. بۆیە سەیر نییە کە گەندەڵیی ڕێژیم، سەرکوت و سەپاندنی درندانەی یاساکانی ئایینی، بۆتە هۆی بێگانەبوونی ئێرانییەکان لە سیستەمی دەسەڵاتدار، تەنانەت لە نێوخۆی وڵات. هەڵبەت بێجگە لە کۆنەپەرستترین مەلاکان، سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی و دەسەڵاتدارەکانی ڕێژیم کە قازانجی مەزنیان لە دزینی سامانی وڵات گیر دەکەوێ.

## بەشی: چوارەم

دەوڵەتێکی کارامەی ئەمریکا ژمارەیەک بژاردەی بۆ کەڵکوەرگرتن لەو ناسەقامگیرییە دەبوو کە وێدەچێ لە چەند مانگی داهاتوودا هەڕەشە لە ڕێژیم بکەن. پەرەپێدانی گەمارۆکان، بەرجەستەکردنەوەی پێشێلکارییەکانی ڕێژیم دژی ژنان و هاوڕەگەزخوازان، بەرپەرچدانەوەی بەهێزتری بەکرێگیراوانێک کە تاران کۆکوپۆشتەیان دەکات و فەرمانیان پێ دەکات، هەموو ئەوانە وەک ئەگەری مومکین بۆ تاکتیکەکانی زەخت خستنەسەر ڕێژیم و قۆزتنەوەی دەرفەت لەسەر مێز دەبوون. بەڵام تۆ ناتوانی سیاسەتێک بەکار بێنی کاتێک هیچ سیاسەتێکت نەبێ و بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هیچ ستراتیژییەکی بۆ لاوازکردن یان تەنانەت سنووردارکردنی کۆماری ئیسلامی نییە. لە ڕاستیدا، پێچەوانەکەی ڕاستە؛ سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەدەموەدان و پاشەکشە لە بەرانبەر ڕێژیمەیە، چونکە پێیوایە بەو شێوەیە هاوسەنگییەک لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەخوڵقێنێ کە کۆماری ئیسلامییش بگرێتەوە.

زۆربەی ئەمریکاییەکان لە شەبەنگی سیاسییدا بە غەریزە تێدەگەن کە هاوسەنگییەکی ئەوتۆ نامومکینە و ساویلکەییەکی لە ڕادەبەدەرە. ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست نائاساییە. زۆرینەی خەڵکەکەی فارسی شیعەن؛ لە کاتێکدا زۆرینەی حەشیمەتی ناوچەکە عەرەب و موسڵمانی سوننین. لەو پەیوەندییەدا، پیاوانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی کۆنەپەرستی دڕندەن کە دەیانهەوێ و، بە ڕاستی لەو بڕوایە دان کە دەتوانن دەوڵەتانی موسڵمانی دراوسێیان بڕووخێنن، یاسای شەریعەتی تایبەتی خۆیان لە ناوچەکەدا بسەپێنن و ببنە هۆی سەرهەڵدانەوەی جیهانیی ئیسلامی توندئاژۆ.

بۆ ئەو مەبەستە، ڕێژیم ڕایەڵەیەک لە تاقمی بەکرێگیراوی دامەزراندوون و پشتگیریی داراییان دەکات، دوازدە تاقم کە لە چەند وڵاتدا بڵاو بوونەوە و لە ڕێگای ئەوانەوە بە ئاشکراترین شێوە هەڕەشە لە دوژمنەکانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکات یان هێرشیان دەکاتە سەر، لە ناویاندا ئەندامانی هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست جێگیر کراون. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە هەڵەیەکی فرە بەرچاوی ستراتیژیکیدا، لە جیاتی ئەوەی کۆماری هەڕەشەکاری ئیسلامی وەکوو بەرهەڵستکارێکی کوشندە بناسێ، وەکوو هاوبەشیک سەیری کردوە و کاتێک لە ئاستێکی وەها بەرزی سیاسیدا هەڵەیەکی ئاوا مەزن بکەی، هەر کارێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی بنکوڵ کرانی بەرژەوەندییەکانی خۆت.

بۆیە کاتێک بەڕێوەبەرایەتیی بایدن سەبارەت بە کوژرانی ڕەئیسی هاودەردیی دەربڕی، هیچ جێگای سەرسوڕمان نەبوو. ساڵی ڕابردوو، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن حوسییەکانی یەمەن (یەکێک لە تاقمە بەکرێگیراوەکانی ئێران)ی لە لیستەی تاقمی تیرۆریستیی دەرهێنا، بڕیارێک کە ناچار بوو ئەوساڵ لێی پاشگەز بێتەوە، بۆیە کاتێک ئەوان هێرشەکانیان بۆ سەر

کەشتیوانیی بازرگانی چڕ کردەوە، نەبووە هۆی سەرسوڕمانی هیچ کەس لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هەروەها ٦ ملیارد دۆلار سامانی ئێرانی لە عێراق ئازاد کرد و ١٠ ملیاردی دیکەش لە کۆرەی باشوور و هەروەها سەپاندنی گەمارۆکانی سەر هەناردەکردنی نەوتی ئێرانی شل کردنەوە. لە ئاکامدا، سامانە دەرەکییەکانی ئێران ٪٤٦ زیادیان کرد و هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ نزیکەی دوو هێندە بەرز بۆتەوە و بەو شێوەیە ٣٣ تا ٣٥ ملیارد دۆلاری دیکەی بە داهاتی کۆماری ئیسلامییەوە زیاد کرد.

بە سەر یەکەوە، سیاسەتی بایدن بۆتە هۆی گەیاندنی نزیکەی ٥٠ ملیارد دۆلار بە ڕێژیم، بەڵام ئەوە دەیتوانی خراپتریش بێ: بەگوێرەی زانیاری، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەتەما بوو بە سووککردنی گەمارۆکان نێوان ٨٠ بۆ ١٣٠ ملیارد دۆلار سوود بە ڕێژیم بگەیەنێت، بێتوو ئەو ڕێککەوتنە ناوکییەی واژۆ کردبا کە ڕابێرت ماڵی ئامادەی کردبوو.

بە لەبەرچاوگرتنی گریمانەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، بۆچی ئەو دیارییانەی نەدابا بە تاران؟ ئەوە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتێکە، کە پێتوایە دەتوانێ ببێتە هاوبەشێکی ستراتیژیک.

ئەوە شتێکی سروشتییە کە ڕێژیم کەڵکی لە سەرجەم ئەو دۆلارانە، کە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێی داون، بۆ گەشەپێدانی هێزی سەربازیی خۆی، لە ناویاندا بەرنامە ناوکییەکەی و بەهێزترکردنی بەکرێگیراوانی بۆ هێرش بۆ سەر دوژمنەکانی و ناسەقامگیر کردنی ناوچە وەرگرتوە، بێجگە لەو بەشە کە دزراوە تا ڕێبەرەکان پێی دەوڵەمەند بن.

خوێنەرە ژیرەکان هەستیان پێ کردوە کە من تا ئێستا باسی ئیسرائیل یان فەلەستینم نەکردوە. بێگومان ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیانهەوێ دەوڵەتی جوولەکە لەنێو بەرن، بەڵام ئەوە ئامانجی کۆتاییان نییە. بە \پێچەوانەی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێژیمی ئێران بەکردەوە ستراتیژییەکی هەمەلایەنەی درێژمەودای بۆ پاقژکردنەوەی ئیسلام و داگیرکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیە.

لەنێوبردنی ئیسرائیل تەنیا هەنگاوێکی سەرەتاییە. لە پەیوەندی لەگەڵ فەلەستینییەکانیش، ڕێبەرانی ئێران دەربەستیان نین. فەلەستینییەکان بە واتایەکی گشتی دەستەچیلەی ئاگرن: خەڵکێک بۆ شۆردنەوەی مێشکیان و خوڵقاو بۆ ئازار چەشتن، تا ئازارەکانیان ببێتە بیانووی پرسی مەزنتر، دەبێ ئەو ڕاستییە گاڵتەجاڕانەش زیاد بکەم کە دوژمنانی ئێران لە ڕۆژاوا، واتە وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕۆژاوای ئورووپا، یارمەتی دەگەیەننە فەلەستین تا حەماس بتوانێ بیدزێ و بۆ بەرژەوەندیی

بەشی: چوارەم

سیاسەتی تاران و بەکرێگیراوەکانی کەڵکی لێ وەرگیرێت.

تەنانەت لێنینیش تەنیا وەهای بیر دەکردەوە، "کاپیتالیستەکان ئەو گوریسەمان پێ دەفرۆشن کە بۆ خنکاندنی ئەوان کەڵکی لێ وەردەگرین." بێهۆ نییە کە ڕێژیمی ئێران قبووڵی کردوە کە گوریسەکە وەک دیاری دەگاتە دەستیان.

چوار ساڵ لەوەپێش لەو سەکۆیەوە، لەبارەی دەستکەوتەکانی هەڵمەتی "ئەوپەڕی زەخت"ی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دژی کۆماری ئیسلامی نووسیم. سیاسەتی ترامپ بەرانبەر بە ئێران هێندێک تاکتیکی ژیرانەی دەگرتنە خۆ. پەیماننامەی ئیبراهیم یەکێکیان بوو. ئەوی دیکە لەنێو بردنی قاسم سولەیمانی، مەترسیی بچووک، دەستکەوتی مەزن بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها ناردنی پەیامێکی ترسێنەر بۆ تاران بە زمانێک کە ڕەئیسی قەساب لێی تێدەگەیشت.

بەڵام هیچ شتێکی ژیرانە لەبارەی خودی ستراتێژیی ئەوپەڕی زەخت بوونی نەبوو. ئەو لە ڕاستیدا تەنیا ئەقڵی ئاسایی بوو. لەوانەیە دۆناڵد ترامپ تیۆریزانێکی مەزنی سیاسەتی دەرەوە نەبێ، بەڵام ئەو توانایی لێککردنەوەی دوژمنانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دۆستەکان و هاوبەشەکانی هەیە.

بە داخەوە، جێگرەوەکەی ئەوتۆ نییە. مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی ڕەنگبێ لە مانگەکانی داهاتوودا ببێتە هۆی سەرهێشەیەکی مەزن بۆ ڕێژیم، بەڵام ئەوە بە هۆی بەڕێوەبەرایەتیی بایدنەوە نابێ بە دەرفەت. خەڵکی ئێران بە تەنیان.

٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

## خۆتان بۆ ئێرانی ناوکی ئامادە بکەن




**نەیشناڵ ڕیڤیو - ئێلی دایمۆند**

ئێران لەوەی کە زۆر کەس بیری لێدەکەنەوە لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نزیکترە. ڕێژەیەکی کەم خەریکی ئامادەکردنی پلان بۆ دوای ئەو ڕووداوەن. لە مانگی مای، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ڕایگەیاند ئێران هێندەی ئورانیۆم بە پلەی گونجاو بۆ چەکی ناوکی پیتاندوە کە بتوانێ لە ماوەی چەند ڕۆژدا چەند بۆمبی ناوکی دروست بکات. زانیاریی نوێ ئەوە دەگەیەنن ئێران لەوانەیە هەر ئێستا بەرەو "چەکی ناوکی" هەنگاوی نابێ، کە مۆدێلی کامپیوتێری و وەدەستهێنانی بەشە سەرەکییەکان بۆ دروستکردن و جێگیرکردنی نووکی هاژەکی ناوکی دەگرنەوە. هەڵبەت، ڕەنگبێ تەنانەت لەوەش لەپێشتر بێ کە هەواڵگرییە ڕۆژئاواییەکان دەیزانن. کۆرەی باکوور لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦، کاتێک تاقیکردنەوەی ناوکی لە ژێرزەویدا تەواو کرد، دنیای پەشۆکاند. ئێران هەر ئێستا جبەخانەی پۆشتەی هاژەکی ویشکارۆبڕی بۆ جێگیرکردنی نووکی ناوکی هەن، توانایییەک کە کۆرەی باکوور لە ٢٠١٧ دەستی پێڕاگەیشت، واتە یازدە ساڵ دوای بوون بە خاوەنی چەکی ناوکی.

سەرەڕای ئەو پێشهاتە نیگەرانکەرانە، کاربەدەستێکی نێونەدرکاوی بایدن لەو دواییانەدا سوێندی خوارد کە "ئێران قەت

**بەشی: چوارەم**

نابێتە خاوەنی چەکی ناوکی". بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی بایدن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە، بە تایبەتی لە ٧ی ئۆکتۆبەرەوە، ئەو لێدوانە قەناعەتمان پێ ناهێنێ.

ئێران لە گەشەپێدانی خێرای چەکێکی ناوکی گەلێک زۆرتر سوود دەبینێ تا چاوەڕوان بوون. بە تایبەتی ئەگەر دۆناڵد ترامپ لە جانیوەری ٢٠٢٥ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ.

بۆچوونێک ئەوەیە بێتوو ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ناوکی، عەرەبستانی سعودیش خێرا بەدوای وەدەستهێنانی ئەو توانایییە بە یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکان یان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای پاکستان دەکەوێ و بەو شێوەیە پێشکەوتنی ئێران پووچەڵ دەکاتەوە. بەڵام ئەگەر تۆ ئێران بیت، سەلماندووتە دەتوانی ڕاستەوخۆ هێرش بکەیە سەر دوژمنی خاوەن چەکی ناوکیت (ئیسرائیل)، بێ هەڕەشەی جیددی تۆڵەئەستاندنەوە. سعودییەکان توانایی گەلێک کەمتر لە ئیسرائیلییەکانیان هەیە و بێتوو ئەوان پشت بە یارمەتیی ئەمریکا ببەستن، وەکوو ئیسرائیلییەکان، لە چاوترسێنکردنی جێگای بڕوای ئێران شکست دەهێنن. هەرچۆنێک بێ، بەڕیوەبەرایەتیی بایدن هەمیشە داوا لە هاوپەیمانەکانی دەکات دۆخەکە هێور بکەنەوە.

حیزبوڵڵا، ترسناکترین بەکرێگیراوی ئێران، ویستی خۆی بۆ پەرەپێدانی هێرشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل، بەبێ چەتری لایەنگرانەی ناوکی ئێران دەربڕیوە. بێتوو شەڕێکی هەمەلایەنە لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵا بێتە ئاراوە، ئێران دەتوانێ بەر لەوەی ئیسرائیل بتوانێ حیزبوڵلا لەناو ببات، هەڕەشەی تۆڵەئەستاندنەوەی ناوکی لە ئیسرائیل بکات. لە ئێستادا، بێتوو ئیسرائیل بۆ لەنێوبردنی حیزبوڵڵا هێرش بکاتە نێو قوڵایی لوبنانەوە، تووشی زیانی بەرچاو دەبێ بەڵام ئەو زیانە کوشندە نابێ. ئەگەر ئێران هەڕەشەی تۆڵەئەستاندنەوەی ناوکی بۆ پاراستنی بەکرێگیراوەکەی لە تێداچوون وەڕاست گەڕێنێ، ئەوسا ئاکامەکە بەو شێوەیە نابێ.

دەوڵەتانی وەکوو عێراق و قەتەر، کە ئێستا هاوسەنگییان لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا ڕاگرتووە، لەژێر هەڕەشەی ناوکیی ئێران، ناچار دەبن بەرەو ئێران بشکێنەوە. تاران و بەکرێگیراوەکانی زەختەکەیان بۆ سەر ئەو دوو وڵاتە بۆ وەدەرنانی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خاکی خۆیان زیاد دەکەن، بەو ئامانجە کە ئەمریکا بەتەواوی لە ناوچە وەدەرنێن.

دژوارییەکە لەوەدایە کە لێکهاڵانی ئێران لەگەڵ چین و ڕووسیە، ئەوی لە بەرانبەر گەمارۆکانی ڕۆژاوایی، وەک ئامرازێکی سزادان کەمتر ناسک دەکات. بەگوێرەی زانیاریی ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی، لە مانگی مای، ئێران ٩٠ لە سەدی

**بەشی: چوارەم**

نەوتەکەی هەناردەی چین کردوە، کە لە مانگی مای ٢٠٢٠ ئەو ڕێژەیە نیوهێندە بوو. پاش داگیرکاریی ڕووسیە دژی ئۆکراین لە ٢٠٢٢، تاران هاژەکی بالیستیک و پلاتفۆرمی پێشکەوتووی بەرگریی هاژەکی، کە پێشووتر لە ترسی ڕۆژاوا خۆی لەو کارە دەبوارد، هەناردەی ڕووسیە کردوە.

وێنە بنەڕەتییەکە ئەوەیە بێتوو ئێران ببێتە خاوەن چەکی ناوکی، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی شوێنی حاوانەوە نامێنێتەوە. ئیسرائیل تەریک دەکەوێتەوە، بە بژاردەی کەمتر بۆ چاوترسێنکردنی ئێران و بەکرێگیراوەکانی و سعوودی و ئیماراتییەکان ناچار دەبن سازشی ناخۆش بکەن.

بەبێ ئاڵوگۆڕی ئاراستەکە، وڵاتە یەکگرتووەکان زووتر لەوەی بیری لێ دەکاتەوە ناچار دەبێ ناوچەکە بەجێ بهێڵێ. لە کاتێکدا هێندێک پێیان وایە ئەمریکا دەبێ ئەوە قبووڵ بکات، چەتەیی دەریایی حوسییەکان دەیسەلمێنن بۆچوونێکی ئەوتۆ هەڵەیە. هێرشەکانی حوسییەکان ڕێگا ئاوییەکانی ناوچەی بۆ کەشتیوانیی ڕۆژاوایی کردۆتە بەرەی شەڕ، لە کاتێکدا ڕکابەرەکانی ڕۆژاوا، وەکوو چین، بێ دەستدرێژیی هاتوچۆ دەکەن. نزیکەی ٣٠ لە سەدی بازرگانیی جیهانی ئێستا بە گەرووی مالاککادا دەڕوا، بەڵام لانی کەم ١٠ لە سەدی هێشتا بە کاناڵی سوئێزدا تێدەپەڕێ.

ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر جێگای نیگەرانییە، هێڵە نێوخۆییە لێکگرێدەرەکانی ئابووری و سەربازیی سێ وڵاتی دیکتاتۆریی ئەوراسیا، بە سێ گۆشەی ناوکی دەپارێزرێ. تێکدانی تەوەری ڕەشبگیریی و پشتگیریی سێ لایەنەی ئەو وڵاتانە، لە ئەگەری کێشەیەکی جیهانیدا کە لایەنێکی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بن، دژوارتریش دەبێ.

تا ئەو کاتەی بایدن سەرۆککۆمارە، کارێکی کەم بۆ پێشگرتن لەو ئاکامە دەکرێ. سیاسەتەکانی ناوبراو تەنیا ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە. بەڵام، پێش ئەوەی ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات، بێتوو ترامپ بگەڕێتەوە کۆشکی سپی، ڕەنگبێ هێشتا کات بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەکە مابێ. هەر جۆرە پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەکە دەبێ بە دانپێدانان بەوە بێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێی ناوەتە گۆڕەپانی کێشەیەکی جیهانی کە لەویدا خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەکۆی سەرەکی دەبێ، نەوک شوێنێکی لاوەکی.

ڕاستەوخۆ یان نا، وڵاتە یەکگرتووەکان لەو کێشەیە تێوەگلاوە و لە ئاکامەکەشی پشکی شێری بەر دەکەوێ. لە ئورووپا، چەکە ئەمریکایی و ڕۆژاواییەکان تەنیا شتێکن کە پێشیان بە شکستی ئۆکراین لە بەرانبەر ڕووسیەدا گرتوە. چەکە

## بەشی: چوارەم

ئەمریکاییەکان لە کاتی شەڕە بەرگریکارانە و چەند بەرەییەکانی ئیسرائیل دژی ئێران و بەکرێگیراوەکانی واتە حیزبوڵڵا و حەماس یەکلاکەرەوە دەمێننەوە. لە بەرەی ئوقیانووسی هیند - ئارام، چین خەریکی مەزنترین پۆشتەکردنی سەربازیی هەمەلایەنەی خۆی لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەمەوەیە و چاوی تەماحی بڕیوەتە تایوان، بەڵام ئامانجی کۆتایی دەسەڵاتی ئەمریکایە.

لە کاتێکدا کە ئێران لەو سێ وڵاتانەدا بچووکترینیانە، چین و ڕووسیە تا ڕادەیەکی زۆر بە نەوت و چەکەکەیەوە بەستراونەوە. هەردووکیان لەو وڵاتە وەکوو ئامرازێک بۆ لاوازکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە کەڵک وەردەگرن. سنووردارکردنی ئێران و پێشگرتن بە وەدەستهێنانی چەکی ناوکی، دەبێتە هۆی ئاواڵا مانەوەی ڕێگا دەریاییەکان بەرەوڕووی کەشتیوانیی ڕۆژاوا و بنکۆڵ کردنی دابینکەری سەرەکیی چین و ڕووسیە.

لە ئاستی ناوچەییدا، سەرۆککۆمار ترامپ خاوەنی بیرۆکەی دروستی ستراتێژیی "ئەوپەڕی زەخت" دژی ئێران و "ئەوپەڕی پشتگیریی" لە هاپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، وەکوو ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بوو. بێتوو، بەر لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی، ترامپ جارێکی دیکە لە ٢٠٢٥ دەسەڵات وەدەست بێنێتەوە، دەبێ دیسان ئەو ستراتێژییە، بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرجی نوێ بە هێندێک گۆڕانکارییەوە، بگرێتە بەر. ئامانج دەبێ گەڕاندنەوەی متمانە بۆ چاوترسێنکردنی سەربازیی هاوکات لەگەڵ ناچارکردنی ئێران بۆ مامەڵەی گۆڕینەوەی قازانجی ئابووری بە بەرنامەی ناوکی و پشتگیریی لە بەکرێگیراوەکانی بێ.

### یەکەم، ترامپ دەبێ بە فەرمی ئێران بە هاندەری هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر تاوانبار بکات

بە هۆی سروشتەکەیەوە، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن خۆی لە تاوانبارکردنی ئێران لەمەڕ هێرشەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر بواردوە. کردنی ئەو کارە بە مانای قووڵکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ تاران و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ سازش لەگەڵ ڕێژیم بە سووککردنی گەمارۆکان و شلکردنی سەپاندنیانە. بۆیە ئێران بۆ پشتگیرییەکەی لە حەماس، حیزبوڵڵا و حووسییەکان یان میلیشیا بەکرێگیراوە جۆراجۆرەکانی لە عێراق و سووریە، کە تەقەیان لە هێزی سەربازیی ئەمریکا کردوە و چەند کەسێکیشیان کوشتوە، بەرەوڕووی هیچ کاردانەوەیەک نەبۆتەوە. ئەوە دەبێ لە یەکەم ڕۆژدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. هەرکات سەرۆککۆمار ترامپ باسی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی کرد، ئێران دەبێ وشەی سەرەکی بێ. کاتێک خەڵکی مەدەنی لە غەززە دەمرن یان پاپۆڕی ڕۆژاوایی لە دەریای سوور نوقم دەکرێن، ئێران تاوانبار بکرێ. ترامپ هەروەها دەبێ ڕەخنە لە

ئێران بگرێ چونکە چین لە نەوتە هەرزانەکەیدا نوقم بووە و نرخی نەوت و گازی هەناردەی ئەمریکا دادەبەزێنێ.

## دووهەم، گەمارۆکانی سەر ڕێژیم توندتر بکات

ترامپ دەبێ دەستبەجێ توندترین گەمارۆکانی مومکین لە سایەی یاساکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بەسەر زۆرترین کەرتەکاندا وەکوو، وزە، سیستەمی بانک، چەکوچۆڵ، کەشتیوانی و هتد، بسەپێنێتەوە. ئەو هەروەها جێبەجێکردنی گەمارۆکانیش بۆ سەر چین و وڵاتانی دیکە کە نەوتی ئێران دەکڕن، چڕتر بکا. لە ڕوانگەی دیاریکردنی کاربەدەستانیشەوە، ترامپ دەبێ پەلە بکات لە دیاریکردنی بەڕێوەبەرانی ئەو شوێنانەی کاریگەریی سەرەکییان بۆ پرسی گەمارۆکان هەیە، وەکوو وەزارەتی دارایی، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و وەزارەتی بازرگانی تا بەو شێوەیە ئەو پەیامە بگەیەنێت کە سەپاندنی بەربەرین گەڕاوەتەوە. بەسەر یەکەوە، ئەو هەڵوێستە دەستپێکی بێبەشکردنی تاران و بەکرێگیراوانی لە دراوی نەغد و ناچارکردنی چین بە دوو جار بیرکردنەوە لە ڕێژەی هاوردەکردنی وزە لە ئێران بکاتەوە. ئەوە هەروەها تاران ناچار دەکات لە نێوان دابینکردنی کەرەستەی بەکرێگیراوانی و وەبەرهێنان لە بەرنامە ناوکییەکەی یەکیان هەڵبژێرێت.

## سێهەم، لەبەر ئاکاری بەکرێگیراوانی، کاردانەوەی سەربازیی ڕاستەوخۆ تووشی ئێران بکات

وەک ئاماژەی پێ کرا، بەڕێوەبەرایەتی بایدن خۆی لە تاوانبارکردنی ئێران بە هاوبەشبوون لە ئاکاری بەکرێگیراوانی لە سەرانسەری ناوچەکە بواردوە. بۆ وێنە، ترامپ دەتوانێ بەئاشکرا هەڕەشەی نوقمکردنی پاپۆڕێکی ئێرانی لە بەرانبەر نوقمکردنی هەر پاپۆڕێکی ڕۆژاوایی لە لایەن حووسییەکانەوە بکات. بە هەمان شێوە، ئەو دەتوانێ ڕابگەیەنێت لە بەرانبەر هەر فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان یان هاژەکێکی کەڵک لێوەرگیراو بۆ هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا هێرشی وڵاتە یەکگرتوەکان بۆ سەر بینای سوپای پاسداران بۆ بەرهەمهێنانیانی لێ دەکەوێتەوە. تا ئەو کاتەی ئەوە ڕەچاو بکرێ، ئەمریکا باڵادەستی بەرزکردنەوەی لە بەرانبەر ڕێژیمدا دەبێ.

## چوارەم، پێگە ئەمریکاییەکان لە ناوچەدا بەهێز بکات

لە دەستپێکی شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل، پێگە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا بوونە ئامانجی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران. ئەوە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی دەنگۆیەک کە بەڕیوەبەرایەتیی بایدن بە تەمای چۆل کردنی

پێگەکانی وڵاتە یەکگرووەکان لە عێراقە کە نزیکە ٢٥٠٠ کەس هێزی لێ جێگیر کراون. لە جیاتی پاشەکشە لەو بنکە گرینگانە، ترامپ دەبێ بەڵێنی بەهێز کردنییان لە بەرانبەر هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک لە داهاتوودا بدا و بە ئاشکرا باسی بکات. پێویست ناکات ئەو ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا زیاد بکات، بەڵام دەتوانێ باشتر پارێزگاریی لەوانە بکات کە هەر ئێستا لەوێ جێگیر کراون. ئەوە دەبێتە هۆی دانی ئەو سیگناڵە بە ئێرانییەکان کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە جێی خۆی دەمێنێتەوە و هەر هێرشێک لە داهاتوودا تۆڵەی دەکرێتەوە.

### لە کۆتاییدا، پەیماننامەی ئیبراهیم بۆ "هاوپەیمانیی ئیبراهیم" بەرز بکاتەوە

پەیماننامەی ئیبراهیم، پێش هەموو شتێک یەکێک لە گرینگترین دەستکەوتەکانی ترامپ، لە جیات پەیوەندییە سەربازییەکان، زۆرتر جەختی لەسەر باشترکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان ئیسرائیل و دراوسێ عەرەبەکانی کردوە. بەو خۆرهەڵاتی نێوەڕاستەی کە ئێستا لە شەڕدایە، پەیماننامەکە دەبێ بۆ ئاستی هاوبەشییەکی هەمەلایەنەی ئەمنییەتی بەرز بکرێتەوە.

**فاکتەری سنووردارکردنی هاوکاریی سەربازیی نێوان ئیسرائیل - عەرەب، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بووە:** لەجیات پشتگیریکردنی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی لە کەنداو بە شێوەی هاوکات، بایدن هەوڵی داوە ئەوان دژی یەکتر بەکار بێنێ، بۆ وێنە، هەڵواسینی ئەگەری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل - سعودی بە ئاگربڕ لە غەززە و دانپێدانانی ئیسرائیل بە دەوڵەتی فەلەستین، کە هیچکامیان خوازیارێکیان لە ئورشەلیم نییە.

بۆ چاوترسێنکردنی ئێران، ترامپ دەبێ کار بۆ بەرفراوانکردنی پەیماننامەکە و گۆڕینی بۆ هاوپەیمانییەک، هاوتەریبی ئاککوس، هاوبەشییەکی ئەمنییەتی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و ئوسترالیا بۆ وەستان لە بەرانبەر چین لە ناوچەی ئوقیانووسی هیند-ئارام، بێ. لە ڕوانگەی سەربازییەوە، بەڵێنی هاوبەشییەکی ئەوتۆ لە کاتی هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل لە مانگی ئاپریل پیشان درا: سعودی یارمەتیدەری خستنەخوارەوەی هاژەک و درۆنەکان بوو لە کاتێکدا کە ئوردن ڕێگای بە ئیسرائیل دا ڕێگاچارەی بەرگریکارانە لە ئاسمانەکەی بگرێتە بەر. وەکوو پەیماننامەکە، توخمەکانی پێویست بۆ هاوبەشییەکی ئەمنییەتی هەر ئێستا بوونیان هەیە؛ ئەوان تەنیا پێویستیان بە هاندان و بە فەرمیکردنە. بە هەمان شێوەی ئاککوس، هاوپەیمانیی ئیبراهیم دەتوانێ ڕێخۆشکەری گۆڕینەوەی تەکنەلۆژیا و چەکوچۆڵی سەرەکی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و هاوبەشەکان لە کەنداو بێ. ئەو هەروەها دەتوانێ میکانیزمێکی

بەشی: چوارەم

نافەرمی بۆ پلاندانانی بەرگریکارانە و هێرشبەرانە دژی ئێران بێ.

لە چوارچێوەی جیهانییەوە، هاوپەیمانیی ئیبراهیم دەتوانێ خڕکەرەوەی مێژوویی هاوپەیمانیی ئاتلانتیک لە ئورووپا و ئاککوس لە ئوقیانووسی هێند - ئارام بێ و یارمەتیدەری پتەو کردنی جێپێی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سێ گۆشەی گۆڕەپانی کێبڕکێی زلهێزەکان لە جەنگی داهاتوودا بێ.

بە ئیرادەی سیاسیی پێویست، هێشتا دەکرێ ڕێگای ئێران بەرەو بوون بە خاوەنی بۆمبی ناوکی بگیرێت. بەڵام بێتوو دەستی بە چەکی کۆتایی ڕابگات، وڵاتە یەکگرتووەکان و هاپەیمانەکانی دەبێ ئامادەی هەنگاوی دواتر بن.

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## فەرماندەی پێشووی سەنتکام: ئێران پێویستە بەر لە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل، باش بیری لێ بکاتەوە



**واشینگتۆن تایمز - بێن وۆلفگانگ**

فەرماندەی پێشووی سەنتکام دۆینێ چوارشەممە گوتی، ئێران دەبێ بەر لە دەستپێکردنی هێرشی تۆڵەئەستێنانە بۆ سەر ئیسرائیل، باش بیری لێ بکاتەوە، چونکە کوشتنی ڕێبەری سیاسیی حەماس، ئیسماعیل هەنیە، لە تاران کەلێنی توانای سەربازیی لە نێوان دوو وڵاتی دوژمن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی جوان ئاشکرا کرد.

لە وتووێژێکی تێروتەسەل لەگەڵ واشینگتۆن تایمز، ژەنراڵی خانەنشینکراوی هێزی دەریایی، کێنێت ف. مەککێنزی، کە لە نێوان مارسی ٢٠١٩ هەتا ی ئاپریلی ٢٠٢٢، لە لایەن پێنتاگۆنەوە فەرماندەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بوو، گوتی "وێناچێ" ڕێبەرانی تاران بڕیاری هێرشێکی هەمەلایەنە بۆ سەر ئیسرائیل بدەن. ئەگەری سەرهەڵدانی جەنگێکی مەزن لە نێوان ئیسرائیل و ئێران ڕۆژی چوارشەممە، دوای کوژرانی ئیسماعیل هانیە کە چووبوو بۆ تاران تا لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆککۆماری ئێران مەسعود پزشکیان دا بەشدار بێ، هاتەوە نێو ڕۆژەڤ.

## بەشی: چوارەم

ئیسرائیل هێشتا خۆی لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی لەو هێرشەی بوو بە هۆی کوژرانی ڕێبەری حەماس، کە لە قەتەر دەژیا، بواردوە. بەڵام، هانیە دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر کە بوو بە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٢٠٠ ئیسرائیلی و هۆی دەستپێکی شەڕی ئەو دواییانەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، لە سەرووی لیستەی کوشتنی ئورشەلیمدا بوو. دەستبەجێ دوای هەڵمەتی ڕۆژی چوارشەممە، ئێران بەڵێنی دا تۆڵە لە دەوڵەتی جوولەکە بکاتەوە. بەڵام ژەنراڵ مەککێنزی گوتی ڕێبەرانی سیستەمی ئایینیی تاران دەبێ لە ئەگەری کاردانەوەکانی هەنگاوی داهاتوویان تێبگەن.

ژەنراڵ مەککێنزی گوتی، "ئەمن پێموایە هەڵمەتی ئیسرائیلی، بەو گریمانەیە کە کاری ئیسرائیلییەکان بێ و، ئێمە نازانین، جارێکی دیکە مەودای تەکنۆلۆژیکی نێوان ئێران و ئیسرائیلی ئاشکرا کرد. و ئێران دەبێ لە کاتێکدا کە بیر لە تۆڵە ئەستاندنەوە لە ئیسرائیل دەکاتەوە، بە قووڵی بیر لەوەش بکاتەوە".

ئەو گوتی، "جاری ڕابردوو ئەوان، لە ١٣ی ئاپریل، هەوڵیان دا شکستێکی سەرنجڕاکێش لە هەموو تەوەرەکان بوو بۆیان. ئەوان دەبێ لەکاتی بیرکردنەوە لە تۆڵەئەستاندنەوە، ئەوەش وەبیر خۆیان بێننەوە. من پێموانییە وەڵامی بەربەرینی ئێران حەتمییە... ئەمن دڵنیام ئەوان کارێک دەکەن. نازانم ئەو کارە هێرشێکی مەزن دەبێ، یان نا".

هێرشی هاژەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ١٣ی پاریل لەلایەن ئێرانەوە بۆ سەر ئیسرائیل لە لایەن ئیسرائیل، وڵاتە یەکگرتووەکان و بە یارمەتیی وڵاتانی دیکەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەکوو ئوردن دوور خرایەوە. ئەو هێرشەی ئێران لە تۆڵەی هەڵمەتێکی ئیسرائیل لە دیمەشق بوو کە بووە هۆی کوژرانی فەرماندەیەکی پلەبەرزی سوپای پاسدارانی ئێران.

ڕووداوی ناوبراو کە یەکەم هەنگاوی سەربازیی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئێران دژی ئیسرائیل بوو، هەڕەشەی نوقمکردنی سەرجەم ناوچەکەی لە کێشەیەکی هەمە لایەنەی تێدا بوو. بەڵام، لە کۆتاییدا، دوو دەوڵەتەکە لە لێواری تێکهەڵچوونەوە گەڕانەوە.

### قووڵبوونەوەی گرژییەکان حەتمییە؟

بەڵام کوشتنی ئاشکرای ئیسماعیل هانیە لە کات و ساتێکی پڕ کێشەتر لە هی پێکدادانی ئاپریل ڕوو دەدا. ئیسرائیل هێشتا خەریکی وەخۆهاتنەوە لە هێرشی حەوتووی ڕابردووی حیزبوڵڵایە کە تێیدا ١٢ مێرمنداڵی ئیسرائیلی لە بەرزاییەکانی

گولان، کە لە لایەن ئیسرائیلەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، کوژران. ئیسرائیل وەڵامی ئەو هێرشەی بە هەڵمەتی ئاسمانی بۆ سەر لوبنانی ژێر کۆنترۆڵی حیزبوڵڵا دایەوە.

بۆ یەکەم جار ئیسرائیل هێرشێکی ئاراستەی یەمەن کرد کە لەویدا چەکدارەکانی حوسییەکانی بەکرێگیراوی ئێران کرانە ئامانج، هۆیەکەی هێرشی حوسییەکان بۆ سەر تەل‌ئەڤیڤ بە فرۆکەی بێفرۆکەوان لە مانگی جولای بوو کە بووە هۆی کوژرانی شارۆمەندێکی ئیسرائیل. هەموو ئەوانە، لەگەڵ هەڵمەتی هەنووکەیی ئیسرائیل دژی حەماس لە کەرتی غەززە، بوونە هۆی پەرەگرتنی ترس لەوە کە قووڵتربوونەوەی گرژییەکان ئەگەر هەر ئێستا دەستی پێ نەکردبێ، ڕووداوێکی خۆ لێ لانەدەر دەبێ.

ژەنراڵ مەک‌کێنزی گوتی؛ "بێگومان قووڵتربوونەوەی گرژییەکان مومکینە،" بەڵام ئەو هۆشداریی دا کە بیرۆکەی پێشگرتن بە قووڵبوونەوەیەکی ئەوتۆ نابێ تەنیا کەڵکەڵەی ئەوانە بێ کە داڕێژەری سیاسەتن.
ئەو گوتی، "دەزانی، پێشگرتن بە قووڵتربوونەوەی گرژییەکان ناتوانێ بەرزترین ئامانجی تۆ بێ. بێتوو ئاوا بێ، پێویستە ناوچەکە بەجێ بهێڵی. ئێمە باس لە پێشگرتن بە قووڵتربوونەوەی گرژییەکان دەکەین و دەبێ ئەو کارە بکەین. بەڵام ئەوە نابێ گرینگترین ئەرک بێ، تۆ دەبێ پێشترییەتی دیکەشت هەبن".

لە ڕاستیدا، پێشگرتن بە قووڵتربوونەوەی گرژییەکان وێدەچێ ئامانجی سەرەکیی بەڕیوەبەرایەتی بایدن لە ناوچە بێ. وەزیری کاروباری دەرەوە، ئانتۆنی بلینکەن، ڕۆژی چوارشەممە لە وتووێژێکدا لەگەڵ چانێڵ نیوز ئاسیا، تەنیا چەند کاتژمێر دوای ئەو هێرشەی کە بووە هۆی کوژرانی بەڕێز هانیە لە تاران، ئەوەی دووپات کردەوە. بەڕێز بلینکەن گوتی، "یەکێک لەو شتانەی ئێمە جەختی لەسەر دەکەینەوە هەوڵدان بۆ دڵنیابوون لەوەیە کە کێشەی غەززە پەرە نەستێنێ، نەگاتە شوێنی دیکە، قووڵتر نەبێتەوە و، ئێمە درێژە بەو هەوڵانەمان دەدەین".

## پەرچەکرداری ئێران

سەرنجەکان ئێستا ئاراستەی چۆنیەتیی پەرچەکرداری ئێران دەکرێن. بێگومان ئیسرائیل چاوەڕوانی جۆرێک تۆڵە ئەستاندنەوەیە. سەرۆکوەزیران بنیامین نەتانیاهو ڕۆژی چوارشەممە ئەوەندە ئاماژەیەی کرد و بەڵێنی دا دەوڵەتەکەی "تێچوویەکی قورس و تەواو تووشی هەر دەستدرێژییەک دەکات کە لە هەر بەرەیەکەوە ئاراستەمان بکرێ." بەڕێز نەتانیاهو

گوتی، "ڕۆژانی پڕ لە ئالنگاریمان لەپێشن".
پەرچەکرداری ئێران یەکەم تاقیکاریی بەڕێوەبەرایەتیی پزشکیان دەبێ. مەسعوود پزشکیان وەک جۆرێک ڕیفۆرمخواز لە تاران سەیر دەکرا، بەڵام دەوڵەتەکەی وێدەچێ درێژەدەری گوڕەشە وسیاسەتە دژی ئیسرائیلی و دژ ئەمریکاییەکانی باو بێ کە لە لایەن ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەییەوە داڕێژراون.

بەشێک لە لێکۆڵەرەوان دەڵێن ئێران لە جیات هێرشی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازیی و سوپای پاسداران، وێدەچێ زۆرتر پشت بە ڕایەڵەی هاوپەیمانانی لە ناوچە وەکوو، حەماس، حیزبوڵڵا، حوسییەکانی یەمەن و میلیشیا شیعەکانی عێراق و سووریە بۆ بە ئامانج گرتنی ئیسرائیل وبەرژەوەندییەکانی ببەستێ. حیزبوڵڵا زۆر وێدەچێ ببێتە ئامرازی تۆڵە ئەستاندنەوە، بە لەبەر چاو گرتنی نزیکیی لە باکووری ئیسرائیل و ئەو ڕاستییە کە ئەو دوو لایەنە هەر ئێستا بە شێوەی پەرەئەستێن لە شەڕێکی توندوتیژانەدا گیریان کردوە.

**ئاڤی مەلامەد، کاربەدەستێکی پێشووی هەواڵگریی ئیسرائیل ڕۆژی چوارشەممە لە لێدوانێکدا کە لەنێو ڕۆژنامەنووساندا دەستاودەستی پێ دەکرا گوتی؛** "هەر ئێستا وێدەچی وتوویژ لە نێوان ئێران و حیزبوڵڵادا بۆ دیاریکردنی قەبارەی هەڵمەتێکی ئەوتۆ لە ئارادابێ، کە وێدەچی لەجیات کۆمەڵگە مەدەنی و ژێرخانە مەدەنییەکان، دامەزراوە سەربازییە سەرەکییەکانی ئیسرائیل بکرێتە ئامانج. ئێران لە دۆخی گەلێک دژواری وەڵامدانەوە بە ئیسرائیلە بێ ئەوەی خۆی و ئیسرائیل بخاتە ڕێچکەی قووڵترکردنەوەی گرژییەکان کە ئیسرائیل ناچار بە وەڵامی لە ڕادەبەدەری بۆ بەرگریکردن لە نیشتمانەکەی بکات".
بۆ ئیسرائیل، هەر دیتوو ئاشکراتر دەبێ کە ئامانجی سەرەکی دەبێ لێکهەڵوەشاندنی ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی ئێران، ناسراو بە "تەوەری بەرگری"، تا ئەو جێیەی مومکینە بێ. هێندێک لێکۆڵەرەوە جێبەجێکردنی ئەو کارە بە بێ گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانیان هێنابوو ژێر پرسیار.

**ژەنڕاڵ مەک‌کێنزی گوتی؛** وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دەتوانن ئامانجی سیاسەتەکانیان بپێکن، بێ کردەوەی ڕاستەخۆ دژی تاران. ئەو گوتی، "گۆڕینی ڕێژیم نابێ لە سەر مێز لابرێ، بەڵام ئێمە پێویست ناکات ڕاستەوخۆ بەدوایەوە بین تا بگەینە هێندێک ئامانجی دیکە لە ناوچەکەدا".

۱۵ی گەلاوێژی ۲۷۲٤

# خەباتی کورد لە ئێران: هاوکێشەی هێز و گەڕان بەدوای خۆبەڕێوەبەریدا




**ماڵپەڕی کلینگندیل – شوکریە برادۆست**

## ڕوانگەی کورد لەمەڕ "ژن – ژیان – ئازادی"

سەرهەڵدانی "ژن - ژیان - ئازادی" بوو بە ساتەوەختێکی مێژوویی بۆ پەیوەندیی نێوان کوردەکانی ئێران و بەشەکانی دیکەی ئێران. بۆ یەکەم جار لە ئێران، ئەو نارەزایەتییانەی لە ناوچە کوردییەکانەوە دەستی پێ کردبوو، بە دروشمەکانیشەوە لە سەرانسەری وڵاتدا دەنگی دایەوە. بێجگە لە دەربڕینی نارەزایەتی دژی سەرکوت و نەبوونی ئازادییە مەدەنییەکان بە گشتی، جووڵانەوەی ژن - ژیان - ئازادی هەروەها دەرفەتێکی دەگمەنی بۆ خەڵکی ئێران دەستەبەر کرد تا سیاسەتە کۆنباوە دژە کوردەکەی "ئەمنییەتیکردنی سیستماتیک" تووشی ئالنگاری بکات. سیاسەتی بە ئەمنییەتیکردنی داواکارییە ئەتنیکییەکانی کورد، واتە وێناکردنیان وەکوو هەڕەشە بۆ سەر وڵات کە دەبێ بە ئامرازی لە ڕادەبەدەر سەرکوت بکرێ، لە سەردەمی پەهلەویدا دەستی پێ کرد و دوای ١٣٥٧ درێژەی پێ درا. لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، ئەو سیاسەتە بوو بە ڕوانگەی ستانداردی

دەوڵەت و هەروەها شێوە سەپاندنێکی نافەرمی کە هەڵاواردنکارییەکی بەرفراوان دژی کوردانی ئێرانی لێ کەوتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەرفەتی دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بەو سیاسەتە و دروستکردنی هاوپەیمانیی لە نێوان تاقمە کورد و غەیرە کوردەکاندا زۆر خێرا، کاتێک ڕێژیم ڕوانگە کۆنباوەکەی لەمەڕ پێرۆزیی یەکپارچەیی خاکیی ئێران قوت کردەوە، لە کیس چوو. بەڵام، هیچکام لە حیزبە سیاسییەکانی کوردی ئێران بە کردەوە داوای جیابوونەوە ناکەن. لە جیاتان، پێڕەو و پڕۆگرامی حیزبەکانیان بۆچوونی ئێرانێکی فیدراڵ دەخەنە ڕوو کە لەویدا کورد مافی خۆ بەڕێوەبەریی هەبێت. بە کورتی، ڕێژیم جۆرێکی شێوێندراو لە داواکانی کوردانی دژی ئەوان بەکار هێنا، مۆرکی جیاییخوازیی لەو گرووپانە دا و ئۆپۆزیسیۆنی بەرینی ئێرانی بە قوتکردنەوەی حەزی نیشتمانپەروەریی دژی هاووڵاتیانی کورد هان دا و پەرتەوازەی کردن.

## نیشتمانپەروەری وەک قەڵایەک دژی کەمینە ئەتنیکییەکان

کاتێک لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئێران لە ئیمپراتورییەوە بوو بە دەوڵەت-نەتەوە، شوناسە جۆراجۆرکانی و ئەو تاقمانەی کە تا ڕادەیەک یەکسان دەژیان، لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەویدا وردە وردە شوناسەکانی فارس و شیعە بە سەریاندا زاڵ کران. مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کە کەمینە ئەتنیکییەکان داوایان دەکردن بە شێوەیەکی پەرەئەستێن وەکوو هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی و یەکپارچەیی خاکی ئێران پێناسە کران. ڕێژیمی شۆڕشگێڕی ئیسلامی درێژەی بەو ڕوانگەیە دا و بە گوڕوتینێکی تایبەتەوە دژی کوردانی ئێران کەڵکی لێ وەرگرت، چونکە پێی وابوو شوناسی ئەتنیکی دژی ئایدۆلۆژیای ئیسلامییە. بۆ وێنە لە یەکەم وتاریدا لە قوم لە ١٣٥٨، خومەینی ڕێبەرانی کوردی وەک "خراپەی سەرزەوی" ناو برد. لە پاییزی ١٣٥٨، ئەو باسی کەمینە ئەتنیکییەکان و هاوپەیمانییەکەیان لەگەڵ چەپەکان وەک هەڕەشەی مەزن دژی کۆماری ئیسلامی کرد. بە کورتی، نە دێموکراسی و نە مافەکانی کەمینەکان لە بەرنامەی دەوڵەتی خاوەن ناوی تازەی کۆماری ئیسلامیدا نەبوو. وەک پەرچە کردار، کورد، ئازەری، عەرەب و بەلوچەکان سەرهەڵدانیان کرد. بێجگە لە کوردەکان ئەوانی دیکە خێرا سەرکوت کران.

کوردەکانی ئێران لە سەرەتادا پشتیوانییان لە شۆڕشی ئیسلامی کرد بەو هیوایە کە ئەوە بتوانێ یارمەتیدەری بارودۆخی ژیان و وەدەستهێنانی مافی خۆبەڕیوەبەری بێ. بۆیە، ئەوان سەپاندنی ڕێژیمی ناوەندگەرای ئیسلامییان قبووڵ نەکرد. بە بایکۆتکردنی گشتپرسیی ١٣٥٨، ئەوان دژی پەرگالی نوێ وەستانەوە و لە جیاتان خوازیاری دەوڵەتێکی سێکولار و دێموکراتیک بوون کە بتوانێ خودموختاریی کوردان مسۆگەر بکات. لە وەڵامدا، خومەینی بڕیاری هێرشی سەربازیی بۆ سەر هێزە بەرهەڵستکارە کوردەکان و خەڵکی دا، لە کاتێکدا کە هێشتا وتووێژ لە نێوان نوێنەرانی کوردان و دەوڵەتی شۆڕشگێڕ



سەرچاوە Serchawe

درێژەیان هەبوو. ئەو تەنانەت لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ پاش لێدانی مۆرکی کافر، حوکمی "جیهاد"ی دژی کوردانی ئێران دا. تاکتیکە سیاسییەکان دەورێکی مەزنیان لەو هەڵسوکەوتانەدا لە کاتێکدا کە دەوڵەتی نوێ خەریکی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی و ورووژاندنی جەماوەر بە لێدانی مۆرکی "دژی دەوڵەت" لە کوردان بوو گێڕا.

لە کاتی شەڕی کوردستان لە ١٣٥٨ تا ١٣٦٢، زۆرێک لە شار و گوندەکانی کوردان وێران کران و نزیکەی ١٠ هەزار کەس کوژران، لە نێویاندا ١٢٠٠ زیندانیی سیاسی. ئایەتوڵڵا سادق خەڵخاڵی، لە لایەن خومەینییەوە وەکوو سەرۆکی دادگای شۆڕش لە کوردستان دیاری کرا، کە بە شێوەیەکی بەدناو بە نێوی "دادوەری مەرگ" ناسرابوو، حوکمی کوشتنی هەزاران کوردی لە دادگایی لە گۆترەدا دەر کرد. سەرکوتی ئەوتۆ تا تێکشکاندنی سەرهەڵدانی کوردان بەردەوام بوو. لە ڕاپۆرتی ساڵانەی لە ١٣٧٦دا، ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، گوتی "لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٩ تا ١٣٧١، زیاتر لە ٢٧١ گوندی کوردان وێران  و چۆڵ کران". بێجگە لەوە، هەڵمەتێکی سەربازیی دیکەش دژی کوردانی ئێران لە نێوان جولای تا زستانی ١٣٧٢ بەڕێوە چوو کە لەو ماوەیەدا ١١٣ گوند بۆمباران کران و کوردستانی ئێران کەوتە ژێر حکوومەتی سەربازیی بە بوونی بەردەوامی ٢٠٠ هەزار هێزی سەربازیی لەوێ.

## میراتی سەرکوتی دوای شۆڕش

سەرکوتی سەرهەڵدانی کوردان هەروەها بوو بە هۆی دەستەبەر کردنی دەرفەت بۆ ئەندامانی هێزی تازە دامەزراوی سوپای پاسداران تا خۆیان بە شەڕ، هاوشێوەی جەنگی ئێران-عێراق کە لە ١٣٥٩ دەستی پێ کرد، قوت بکەنەوە. خزمەتی سەردەمی جەنگ بواری بۆ گەلێک لەوان خۆش کرد تا پلەی بەرز لە نێو هێزی سەربازیی و بەڕێوەیی وڵاتدا بەدەستەوە بگرن و لەوێ دەوری یەکلاکەرەوەیان لە درێژەپێدان بە مۆرکلێدان لە کوردان وەک هەڕەشەی ئەمنییەتی بدەن کە دەبێ ڕاندانە هەڵسوکەتی لەگەڵدا بکرێ. بۆ وێنە، قاسم سولەیمانی، کاتێک ٢٣ ساڵە بوو، بوو بە فەرماندەی هێزە خۆبەخشەکان لە پارێزگای خۆی، کرمان، لە ١٣٥٩. ئەو هێزە بە تیپی ٤١٧ سارەڵڵای سوپای پاسداران نێوبانگی دەرکرد و لە سەرەتادا لە ناوچەی کوردستانی ئێران کەڵکی لێ وەرگیرا. ئەوە دەرفەتی ئەزموونی ڕاستەوخۆی شەڕی بۆ سولەیمانی دەستەبەر کرد و ناوبراو لەوێوە بە سەرکوتی سەرهەڵدانی کوردان نێوبانگی بۆ خۆی دروست کرد.

لە کاتی سەرهەڵدانەوە، ناوچەی کوردستانی ئێران بەرەوڕووی گەشە نەکردوویی ئابووری، پەراوێزخرانی سیاسی و میلیتاریزەکرانی بەربڵاو بۆتەوە. زانیاریی ناوەندی ئاماری ئێران ئاشکرای دەکەن ئەو ناوچەیە لە پاییزی ١٤٠١ بە ٪ ١٣،٨



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی: چوارەم

بەرزترین ڕێژەی بێکاریی لە ئێرانی هەبووە. کرماشان، پارێزگایەکی کورد، تەنانەت لە هەمانساڵدا ڕێژەی ٪١٧،٤ی تۆمار کردووە (ڕێژەی مامناوەندی بۆ گشت وڵات ٪٨،٢ بووە). سنووورداربوونی دەرفەتی کار و سیاسەتی هەڵاواردنکارانەی دامەزراندن بوونە هۆی بەرز مانەوەی ڕێژەی بێکاریی و لە ئاکامدا بوونە هۆی ئاسۆی خراپی ئابووری. ڕاپۆرتی ئاماری دەوڵەت لەمەڕ بێکاریی ١٤٠١ - ١٣٩٨ دەڵێ ٪٦٦،٨ ئەو کەسانەی لە پارێزگای کوردستان کاریان هەیە لە کەرتی نافەرمیدا کار دەکەن، کە نەبوونی بیمە و یارمەتی خانەنشینی لەو پیشانەدا باوە. ڕێژەی بەرزی کاری نافەرمی ئاماژە بە دابەشینەوەی ناکارامە و هەروەها ڕەنگدانەوەی گەشەکردنی کەرتی تایبەت بە هۆی وەبەرنەهێنان و کەشوهەوای خراپی سەروەریی یاسایە. زۆر کورد هیچ ڕێگا چارەیەکییان بێجگە لە کۆچ بۆ تاران، بۆ عێراقی دراوسێ یان خەریکبوون بە کاری کۆڵبەریی لە سەر سنوور لە ژێر بارودۆخی گەلێک دژوار دا نییە (هەڵگرتنی باری ٣٠ کیلۆیی بە کێو و تەلاناندا بە ١،٥ میلیۆن تمەن کە دەکاتە ٢٤ دۆلاری ئەمریکایی). چونکە ئەو خەڵکە کە ژنیشیان تێدا، لە حەوتوودا یەک جار دەتوانن ئەو کارە بکەن، بنەماڵەکانیان زۆر جار دەبێ بەوەندە بژین لە کاتێکدا بۆخۆیان بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی تەقەلێکران لە لایەن هێزەکانی سەر سنوور و کوژران و برینداربوون بۆ هۆی دیکە دان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، لانی کەم ١٣ کۆڵبەر لە مانگی مای ٢٠٢٤ کوژراون یان بریندار بوون. جێگای ئاماژەیە کە ٪٩٢ی ئەو ڕووداوانە بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بوون. دۆخی ئابووری ناوچە کوردییەکان هێندە خراپ بوو کە نە هەڵگرتنی ڕێژیی گەمارۆکان لە ١٣٩٤ و نە سەپاندنەوەیان لە لایەن ئەمریکاوە لە ١٣٩٧، کاریگەرییەکی بەرچاویان نەبوو. ناوچەکە هەروەها خاوەن ڕێژەیەکی بەرچاو زیندانیی سیاسی و لە سێدارەدراوانی ئێرانە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، نزیکەی نیوەی زیندانییە سیاسییەکانی ئێران کوردن کە بەڕادەیەکی بەرزتر لە گرووپە ئەتنیکییەکانی دیکە حوکمی لە سێدارەدرانیان بۆ دەبڕدرێتەوە. زیندانییە سیاسییەکانی کورد هەروەها زۆرتر بە تاوانەکانی ئاسایشی نەتەوەیی تۆمەتبار دەکرێن.

### قسەی زۆری بێ کردەوە

سەرۆککۆماری ڕیفۆرمخواز محەممەد خاتەمی یەکەم سیاسەتوانی پلەبەرز بوو کە دانی بە پەراوێزخستنی کوردان لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریدا نا. بەڵێنی ناوبراو بۆ چارەسەر کردنی پرسەکە بوو بە هۆی بەرزترین ڕێژەی بەشداریی دەنگدەرانی کورد لە مێژووی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام لە کاتی هەڵبژاردنی دەوری دووهەمی خاتەمیدا، بە هۆی

## بەشی: چوارەم

جێبەجێنەکردنی بەڵێنییەکانی، ڕێژەی بەشداریی کوردان لە ٪٧٣ بۆ ٪٥٣ دابەزی. لەو کاتیەوە، بەڵێنییەکان بۆ چارەسەرکردنی هەڵاواردنی ئەتنیکی بووەتە ستراتیژیی باوی بەربژێرانی سەرۆککۆماریی بۆ ڕاکێشانی دەنگدەران. بەڵام وەک هەمیشە، کاتێک دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن، بەلێنییەکانیان جێبەجێ ناکەن. بۆ وێنە، ڕوحانی لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٩٢ دا، بەڵێنی دا ئیزن بە گوتنەوەی زمانی دایکیی کەمینە ئەتنیکییەکان، وەکوو ئازەری، کوردی، عەرەبی، لە قوتابخانەکانی ئێران بدرێ (کە بە هەڵکەوت، تەنیا جێبەجێ کردنی سیاسەتی فێرکاریی بە گوێرەی بڕگەی ١٥ی یاسای بنەڕەتییە). سەرەڕای ئەو بەڵێنییە و مسۆگەرکردنی سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا بە هۆی پشتگیریی کەمینە ئەتنیکییەکان، ڕوحانی قەت جێبەجێی نەکرد.

### وێنا کردنی دووبارەی کوردان وەکوو ئێرانیی بێ وەفا

لە کاتی ناڕەزایەتییەکانی "ژن - ژیان - ئازادی"دا، ڕێژیم جارێکی دیکە هەوڵی دا بیروڕای گشتی دژی هەرێمی کوردستان بورووژێنێ تا شێوازە سەرکوتکارانەکەی بۆ پێشگرتن بە سەرهەڵدان بشارێتەوە. بۆ وێنە، ڕێژیم هێزە سەربازیی و دەوڵەتییەکانی بۆ ماوەی ٣٦ کاتژمێر لە شاری شنۆ بردە دەرەوە بەو هیوایە خەڵکی ئەو شوێنە داوا لە هێزی پێشمەرگە کە لە عێراق جێگیرن بکات تا بێت و دەست بەسەر شاردا بگرێ. بهاتبا و ئەوە ڕووی دابا، بیانووی دەدا بە ڕێژیم تا بە ناوی شەڕ دژی جیاییخوازان هێرش بکات. ئەوە هەروەها ئیزنی بە تاران دەدا خۆی وەکوو جەنگاوەر دژی "تاقمە تێرۆریستییەکان" و بەرگریکاری ئاسایشی سنوورەکانی بنوێنێ، بەو قازانجە زیادییەوە کە سەرهەڵدانەکە بە گشتی لە ڕەوایی بەتاڵ بکات. بەڵام، هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکان بڕیاریان دا درێژە بە سیاستە درێژمەوداییەکەیان لەمەڕ درێژەدان بە خەباتەکەیان بە ئامرازی مەدەنی بدەن و پێشمەرگەیان نەناردەوە. چوارچێوەی باسەکە لێرەدا ئەوەیە کە حیزبە بەرهەڵستکارە کوردییەکان، کە بە شێوەی سەرەکی لە هەرێمی کوردستانی عێراقن، لە ١٣٧٥ لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن کە کەڵک لە خاکی هەرێمی کوردستان وەک ڕێگای بەڕێوەبردنی چالاکیی سەربازیی لە ئێران وەر نەگرن. ئەو گۆڕانە ستراتێژیکییە ئیزنی بە حیزبە بەرهەڵستکارەکانی کورد دا جەخت لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی بکەن و خەباتەکەیان لەجیات لە عێراقەوە، لە نێوخۆی ئێران بکەن.

بە هۆی ئەو ستراتیژییەی بەرگریی مەدەنی، ناوچەی کوردستان مەکۆی بەهێزترین بەرهەڵستکاریی دژی ڕێژیم لە ١٤٠١ بوو. هەڵکەوتەی جوغرافیایی ناوچە کوردییەکانی ئێران، کە هاوسنووری عێراقە، و هەروەها ڕایەڵە پتەوەکەی ڕێبەران و ڕێکخراوەکانی مەیدانی، ئیزنی پێدان ببنە ناوەندی جووڵانەوەی بەرهەڵستکاریی بەربەرینتر لە ئێران. بۆ وێنە، ڕێژیم

**بەشی: چوارەم**

کوردی بەوە تاوانبار دەکرد لە کاتی شەڕی کوردستان سەری سەربازانی بڕیوە، بێ ئەوەی بەڵگەیەک پێشکەش بکات. ئەو ئیددیعایانە ئێرانییەکانی دژی کوردان هان دەدا و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەش لە گێڕانەوەکانی ڕێژیم سڵیان نەدەکرد. لە جیاتان، ئەوان هێرشیان کردە سەر گرووپە بەرهەڵستکارەکانی کورد و داواکارییەکانیان. حاشاکردن لە مافەکانی کوردان بۆ خۆ بەڕێوەبەریی، خێرا بووە هۆی کۆتاییهاتنی هەوڵەکان بۆ یەکگرتوویی هێزە بەرهەڵستکارەکانی کورد و تاقمەکانی دیکەی ئوپۆزیسیۆن. لایەنە ئەرێنییەکەش ئەوە بوو کە هاوکاریی گرووپە بچووکە غەیرە کوردییەکانی بەرهەڵستکار لەگەڵ حیزبە کوردییەکان دەمەزراندنی جووڵانەوەی نوێی هاوپشتیی بۆ ئازادی و یەکسانی لە ئێرانی لێ کەوتەوە کە لایەنگری مافە ئەتنیکییەکانی کۆمەڵگای فرەچەشنی ئێرانە.

### بەربەستی دیکە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەبێ بەسەریاندا زاڵ بێ

کوردەکان سێهەمین حەشیمەتی ئەتنیکیی ئێران دوای فارس و ئازەرین، کە ڕێژەی دانیشتووانی لە نێوان ٨ بۆ ١٢ میلیۆن کەسە. زۆربەی کوردەکان موسڵمانی سوننین، کە ئەوان لە دانیشتووە سەرەکییەکانی فارس و ئازەری جیا دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کوردانی ئێران بڕوامەندی ئایینزا و ئایینی دیکەشیان هەن، لە نێویاندا شیعە، یارسان، کریستیان، جوولەکە و زەردەشتی. سەرەڕای فرەچەشنیی ئایینی، کوردەکان پێشترییەتی بە شوناسی تەنیکیی خۆیان لە جیات شوناسی ئایینی دەدەن. ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەر بناخەی شوناسی ئەتنیکی بۆ یەکەمجار لە نێو کوردانی ئێران دا سەری هەڵدا. کوردانی ئێران پشتگیرییەکی کەمیان لە لایەن تاقم و پێکهاتە کوردییەکانی دیکەی دەروەی ئێران لێ دەکرێ، جا چ بگات بە دەوڵەتانی دیکە.

بۆ وێنە، ئازەرییەکان، کە لەگەڵ کوردان لە شاری وەکوو ورمێ دەژین، لە بەرهەڵستکارییەکەیان هەم لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و هەروەها پرسی کورد، لە لایەن تورکیە و کۆماری ئازەربایجانەوە پشتگیرییان لێ دەکرێ. ئەگەرچی هێندێک لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئازەری، وەکوو ئەوانی حیزبی دێموکڕاتی ئازەربایجان (پێشتر نێوی بیرلیک بوو)، بۆ هاوکاریی لەگەڵ کوردان کراوەن، بەڵام دەسەڵاتیان سنووردارە. بێجگە لەوە، ئازەرییەکان لە کۆنەوە بەشێکی ئاوێتە بوو لە پێکهاتەی دەسەڵاتی سەربازیی، ئابووری و سیاسی ڕێژیمەکانی پارس و ئێرانی بوون، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپڕاتووری سەفەی ٦٠٠-٤٠٠ بەر لە ئێستا کاتێک ئەوان تەنانەت زاڵیش بوون. لە کۆتاییدا، هەڵوێستی سیاسی ئازەری بەرانبەر بە ڕێژیم تێکەڵە، کە ئەو تاقمە ئەتنیکییەی دابەش کردوە. لەگەڵ نەبوونی ڕێکخراوێکی نێوخۆیی، ئەوە بۆتە هۆی ئۆپۆزیسیۆنێکی کەمتر کاریگەر.

## بەشی: چوارەم

وەک دەرەنجام، لە کاتێکدا کوردانی ئێران لە بەرهەڵستکارییەکەیاندا بۆ مافی زۆتری ئەتنیکی بەردەوام دەبن، ئەوان لە بەرانبەر ئەگەراکاندان و بەرەوڕووی بەرهەڵستکاریی لە لایەن دەوڵەتی ئێران و هەروەها تاقمە بەرهەڵستکارە جۆراجۆرە ناکوردییەکانی ئێران و دیاسپۆرا دەبنەوە. بڕگە ٢٢یەکە (بڕگەی ٢٢=دۆخێکی ئاڵۆز کە لەویدا تۆ ناتوانێ شتێک بکەی تا لە پێشدا کارێکی دیکە نەکەی بەڵام بۆ کردنی ئەو کارەش دەبێ لەپێشدا کارەکەی یەکەم بکەی. و.) ئەوەیە کە ئێلیتی دەسەڵاتداری ئێرانی داوا ئەتنیکییەکان وەکوو هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی ئێران لە کورتماوەدا سەیر دەکات، ئەگەرچی جێبەجێ کردنی داوا ئەتنیکییەکان بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیاسی لە درێژمەودا دا پێویستە. لە ١٣٥٧، کفوکوڵی ئایینی تـوانی شوناسە ئەتنیکییەکان سەرکوت بکات و هێزە شۆڕشگێڕە جۆراجۆرەکان لە ژێر ڕێژیمی ئیسلامیدا یەک بخات. ناڕەزایەتییەکانی ١٤٠١ - ١٤٠٢ ئاشکرای دەکەن کە شوناسە ئەتنیکییەکان نە تەنیا بەردەوامن بەڵکو داواکارییە ئەتنیکییەکان و ناڕەزایەتییەکانی پەیوەندیدار بە ئەتنیکەوە لەسەر یەک کەڵەکە بوون. بێتوو ئەو دۆخە درێژەی هەبێ، مەترسی لێک هەڵوەشانی ئێران لە کاتی شکستهێنانی سەرکوت هەیە و ناڕەزایەتییە ئەتنیکییە پەنگخواردووەکان بەسەر تێفکرین و ئاکاری سیاسیدا زاڵ دەبن.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# شەڕی پشتگیریی دارایی لە تیرۆریزم لە لایەن ئێرانەوە



**پۆلیتیکۆ - ماتیو کارنیچینگ**

لە کاتێکدا شەڕی غەززە سەردێڕی هەواڵەکانە، ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانی دابینکردنی نایاسایی دارایی بۆ حیزبوڵڵان. ئەوە شەڕی بێدەنگی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. چۆن دەکرێ بژێوی حیزبوڵڵا، واتە دۆلاری نەوتی ئێران، ببڕن؟ لە کاتێکدا سەرنجی دنیا لە سەر غەززە چڕ بۆتەوە و شەڕی پەرەئەستێنی باکوور لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان هەر دێت و گەرمتر دەبێ، بە شێوەیەک کە سیاسەتمەدارەکانی دنیا لەوە دەترسن ببێتە هۆی دەستپێکی شەڕێکی مەزنتر، شەڕی پشتگیریی دارایی تیرۆریزم لە لایەن ئێرانەوە لە پشت شانۆ بە گەرمی لە ئارادایە.

ناکۆکییەکە، کە بۆتە هۆی کێشەی چەند وڵاتی عەرەبی لەگەڵ ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان، دەتوانێ کاریگەریی قووڵی لەسەر ئاسایشی ناوچەکە هەبێ و لە چەند حەوتووی داهاتوودا بگاتە ترۆپک، کاتێک دامودەزگای جیهانیی دژی پارە سپیکردنەوە بڕیار دەدا ئاخۆ بە توندی دژی لوبنان هەڵوێست بگرێ یان بێدەنگەی لێ بکات.

## بەشی: چوارەم

کێشەکە لە هۆڵەکانی هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی (FATF)، دامودەزگای جیهانیی دژی پارە سپیکردنەوە، لە پاریس لە ئارادایە. لە حەوتووەکانی داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێ لوبنان، کە خراوەتە نێو "لیستەی بۆر"ی سەرپێچیکاری یاسایی، بڕیار بدرێ ئاخۆ ئەو وڵاتە پێویستە کام چاکسازی جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی حوکمی تەندروستیی دارایی وەرگرێ و پێش بە کەوتنە ناو "لیستەی ڕەشی" ئەو دامودەزگایە بگیرێت.

ئەگەرچی هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی، کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن وڵاتانی ئەندامی تاقمی ٧ (G7) دامەزرا و لەو کاتییەوە دەیان ئەندامی لە سەرانسەری دنیادا هەیە، هیچ دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری نییە، بەڵام هەڵسەنگاندنەکانی دەتوانن کاریگەریی بەرچاویان لەسەر توانایی وڵاتێک بۆ هەڵسوکەوت لە گۆڕەپانی دارایی ناونەتەوەیی دا هەبێ.

### هەڵوێستی توندتر

هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل بیرهێنەرەوەیەکی دڕندانەی مەترسییەکانی ڕێگادان بە گواستنەوەی پارە بەبێ هیچ کۆنترۆڵێک بوو. بەڕاستی ئیسرائیل، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژاوایی نەک هەر لە بەرانبەر گواستنەوەی ملیۆنان دۆلار لە قەتەر و ئێرانەوە بۆ ئەو تاقمە تێرۆریستییە چاویان نووقاند، بەڵکوو هاندەری ئەو کردەوەیە بوون و پاساوی ئەوەیان دێنایەوە کە ئەو پارەیە دەبێتە هۆی سەقامگیرکردنی غەززە.

ڕەنگبێ ئەو ئەزموونە بێ کە بوویێتە هۆی داوای کاربەدەستانی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕۆژاوایی لە ڕێکخەرانی نێودەوڵەتی لە چەند مانگی ڕابردوودا کە هەڵوێستێکی هێرشبەرانەتر بەرانبەر بە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر سپیکردنەوەی پارە و پشتگیریی دارایی لە تێرۆریزم لە لوبنان کە پەیوەندییان بە حیزبوڵڵاوە هەیە بگرن.

کاربەدەستانی خاوەن زانیاریی لەسەر لێکۆڵینەوەی هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی کە بە مەرجی نەدرکانی ناویان لەگەڵ پۆلیتیکۆ قسەیان کردوە، گوتیان لوبنان، لەبەر ئاشکرا و بەرچاوبوونی بەڵگەکان لەمەڕ سپیکردنەوەی پارە و پشتگیریی لە تێرۆر، پەروەندەیەکی ساکارە. لەگەڵ ئەوەشدا کاردانەوە بەربەرینەکان لە لوبنان و هەروەها لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، کارەکەی ئاڵۆز کردوە. وەکوو دەستپێک، دەستڕۆیشتوویی حیزبوڵڵا لە هەناوی دامەزراوەکانی لوبناندا بەو مانایەیە کە دەوڵەتی ناوەندی تاوانی سەپاندنی ساکارترین نۆرمەکانی نێونەتەوەیی دژی سپیکردنەوەی پارەی نییە.

## بەشی: چوارەم

بە گوتەی دیپلۆماتەکانی ڕۆژاوا، گیروگرفتێکی مەزنتر ئەوەیە کە چەند وڵاتی ناوچە، لە ناویاندا بەحرەین و لیبی، شانبەشانی لوبنان دژی داوای ڕێکخەرانی نێوەنەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە ڕاوەستاون کە بۆتە هۆی ناومکین کردنی بە ئامانجگرتنی کاریگەری دابینکردنی دارایی نایاسایی بۆ حیزبوڵڵا. هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی خۆی لە لێدوان لەمەڕ ئەو وتارە بواردوە. شەڕی هەنووکەیی لە نێو هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی لەسەر ئەوە نییە کە ئاخۆ لوبنان لە لیستەی بۆر دا بمێنێتەوە، بەڵکو زۆرتر لەسەر ئەو مەرجانەیە کە بەر لە هەڵسەنگاندنی دوو ساڵ جارێک، دەبێ ئەو وڵاتە جێبەجێیان بکات تا لە لیستەکە بسڕێتەوە، بە تایبەتی لە پەیوەندیی لەگەڵ دەوری حیزبوڵڵا لە سیستەمی بانکیی ئەو وڵاتە دا.

### بانکە یاسابەند نەکراوەکە

ئێران لە هەشتاکانی زایینیدا دەستی بە دابینکردنی دارایی بۆ حیزبوڵڵا کرد، پشتگیرییەک کە بووە هۆی ئەوەی ئەو تاقمە تێرۆریستییە بتوانی دەوڵەتێک لەنێو دەوڵەتی لوبنان و جەنگەکەی لەگەڵ ئیسرائیل دروست بکات. سەرەڕای دەسەڵاتی بەهێزی حیزبوڵڵا لە لوبنان و ئابوورییەکەیدا، ئەو تاقمە تێرۆریستییە بەستراوەییەکی قورسی بە پشتگیریی دارایی لە لایەن ئێرانەوە هەیە، کە زۆربەی هەرەزۆری ئەو پشتگیرییە بە شێوەی پارەی نەغدە کە دواتر دەرژێتە نێو سیستەمی بانکیی لوبنانەوە. ئامرازی سەرەکی بۆ ئەو کارە، کۆمپانیایەکی دارایی حیزبوڵڵا بە ناوی کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە، یان AQAH یە. حیزبوڵڵا پشت بەو کۆمەڵەیە یاخود بانکە دەبەستێ تا بتوانێ مووچەی سەربازان و کاربەدەستانی دیکەی بدات و هەروەها خزمەتگوزاریی بانکی بۆ کۆمەڵگە هەرێمییەکان دابین بکات.

لەو گێژاوە سیاسی و ئابوورییەی کە لەو ساڵانەی دواییدا بەرۆکی لوبنانی گرتوە، کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە ئۆپەراسیۆنەکانی پەرە پێداوە و بووەتە مەزنترین بانکی لوبنان، کە بە گوتەی کاربەدەستانی ڕۆژاوایی، یەدەگی دارایی ئەو بانکە دەگاتە چەند میلیارد دۆلار.

ئەوەی کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە لە بانکەکانی دیکەی لوبنان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە یاسامەند نەکراوە و تەنانەت مۆڵەتی بانکییشی نییە. مەزنترین جیاوازییش ئەوەیە: لە سایەی دەستنیشانکرانی لە لایەن دەوڵەتی لوبنانەوە وەکوو ڕێکخراوێکی قازانجنەویست، کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە باج و ماڵیاتیش نادات.

**بەشی: چوارەم**

دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە کۆمەڵەی قەرزولحەسەنەی لە ساڵی ٢٠٠٧ خستە نێو لیستەی گەمارۆکانەوە، ئەو تاقمە وەکوو "ئامرازێک بۆ شاردنەوەی چالاکییە داراییەکانی حیزبوڵڵا و دەستڕاگەیشتن بە سیستەمی دارایی نێودەوڵەتی" ناو دەبات.

## تۆماری کاری تێرۆریستی

سەرەڕای تۆمارکرانی لە نێو لیستەی گەمارۆکانەوە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەو کارە نەیتوانی پێش بە چالاکییەکانی کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە بگرێ. ئەو تاقمەیە هیچ بەربەستێکی کاری بازرگانیی لە لوبنان یان خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی نییە. بە ڕاستی، وێدەچی دوای بڕیاری یەکیەتیی عەرەب لە مانگی جوون بۆ وازهێنان لە ئاماژەکردن بە حیزبوڵلا وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی، چالاکییەکانی ئەوبەری سنووری کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە هاسانتر جێبەجێ بن. پرسی خستنی حیزبوڵڵا لەنێو لیستەی تێرۆرەوە، هەروەها خاڵێکی جێگای مشتومڕ لەنێو هێزی ئەرکداری هەڵمەتی داراییە. ناکۆکی لەمەڕ ئەو پرسە بوو بە هۆی وەدواکەوتنی یەک مانگەی ڕاپۆرتێک لە بارەی لوبنان کە دواجار لە مانگی دێسەمبەردا بڵاو بۆوە. لە کۆتاییدا، پشکێنەران ناوی حیزبوڵڵایان نەهێنا، لە جیاتان لەسەر ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ ساغ بوونەوە: "ڕێکخراوێکی مەزنی میلیشیایی هەرێمی بە کارنامەیەکی باش تۆمارکراو لەمەڕ جێبەجیکردنی کردەوەی تێرۆریستی".

هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی لە ڕاپۆرتی ئەو دواییانەیدا لە سەر لوبنان نووسی، "لوبنان دەبێ هەڵسەنگاندێک لەسەر مەترسییەکانی سپیکردنەوەی پارە و دابینکردنی دارایی بۆ تێرۆر کە پەیوەندیی بە ڕێکخراوێکی مەزنی میلیشیایی هەرێمییەوە هەیە ئامادە بکات و دڵنیایی بدات کە ئەو مەترسییانە پێشیان پێ دەگیرێت".

حیزبوڵڵا لە هەشتاکانی زایینییەوە ژمارەیەکی زۆر هێرشی تێرۆریستی بەرێوە بردوون، لە ناویاندا بۆمبدانان بۆ ئوتومبێل، هێرشی خۆکوژییانە و هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کە لەواندا سەدان کەسی کوشتوون بە ژمارەیەکی زۆر ئەمریکایی و ئیسڕائیلییەوە، ئەندامانی هێزی سەربازیی و هەروەها خەڵکی مەدەنی. ئەورۆ، ئەو میلیشیا شیعەیە کە لێکۆڵەران دەڵێن زیاتر لە ٥٠ هەزار سەربازی هەیە، یەکێک لە مەزنترین هێزە سەربازییەکانی نادەوڵەتی لە جیهانە.

وڵاتە یەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و دەیان وڵاتی دیکەی دنیا ئەو میلیشیا شیعەیەی سەر بە ئێرانیان وەک

## بەشی: چوارەم

ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەستنیشان کردوە. دیپلۆماتەکانی ڕۆژاوایی لەوە نیگەرانن کە بێتوو هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی ئەو کارە نەکات، کاری لوبنان بۆ خۆبواردن لە سەرکوتی کۆمەڵەی قەرزولحەسەنە هاسانتر دەکات و پارە بە شێوەی بەردەوام لە ئیرانەوە بە لێشاو دەگاتە دەست حیزبوڵلا، بێ ئەوەی لە جێیەک کۆنترۆڵ بکرێ.

دیپلۆماتەکان دەڵێن لە کۆتاییدا هەڵوێستێکی توندی هێزی ئەرکداری هەڵمەتی دارایی دەتوانێ یارمەتی لوبنان بکات تا چاکسازیی لە سیستەمەکەی دا بکات و دەست بکات بە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، کە لەو ساڵانەی دوایی دا ئەو وڵاتەیان بەجێهێشتووە. بەبێ دڵنیایی‌دان لەوە کە لوبنان بەهەشتی سپیکرنەوەی پارە و دابینکردنی دارایی بۆ تێرۆریزم نییە، وێناچی ئەوان بگەڕێنەوە.

**دیپلۆماتێک گوتی، "هەڵسەنگاندنێکی توند بەکردەوە یارمەتیی لوبنان دەکات تا خۆیان لەو دۆخە ڕزگار بکات".**

**١٦ی خەرمانانی ٢٧٢٤**

---

## هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوا تووشی ئالنگاریی نوێ دەبن



**واشینگتۆن پۆست - سوسانا جۆرج، کارێن دێیانگ، سوزان هایداموس**

بەگوێرەی بۆچوونی دیپلۆماتەکان گەمارۆیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هۆی مامەڵەی هاژەکی لەگەڵ ڕووسیە وێناچێ هەوڵەکانی سەرۆککۆمار مەسعود پزشکیان بۆ دەربازکردنی ئێران لە تەریککەوتوویی پەک بخات.

دوای هاتنەسەرکاری لە مانگی جولای، ڕێبەرایەتیی سیاسیی نوێی ئێران سیگناڵی دەستپێکردنەوەی دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوای هەڵ کردوە، کە ڕەنگبێ ببێتە هۆی باشترکردنەوەی پەیوەندییەکان و سووککرانی گەمارۆیەکانی سەر ئەو وڵاتە تەریک کەوتوە.

بۆ ئێران، گەرمکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژاوا لە هەموو کات دژوارترە. تاران بە قووڵیی لە کێشەی ئیسرائیل - لوبنان تێوەگلاوە. ڕێککەوتنە ناوکییەکە هێزی تێدا نەماوە. گەمارۆیەکان ئابوورییان ئیفلیج کردوە و ئەو حەوتوویە، وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێرانی بەوە تاوانبار کرد کە هاژکی بالیستیکی ناردوونە ڕووسیە و گەمارۆی نوێی دژی ئێران ڕاگەیاند.

لەگەڵ ئەوەشدا، دیپلۆماتەکانی هەرێمی و هەروەها کاربەدەستان دەڵێن، ڕووداوەکانی ئەو حەوتوویە وێناچی هەوڵەکانی سەرۆککۆمار مەسعوود پزشکیان بۆ دەربازکردنی وڵاتەکەی لە تەریک مانەوە دەرباز بکات کە بە گوتەی دیپلۆماتێکی عەرەب ئەوە وەکوو "تەنیا بژارەی" ئەو وڵاتەیە.

ئەو دیپلۆماتە، کە بەردەوام چاوی بە کاربەدەستانی ئێرانی دەکەوێ و بە مەرجی نەدرکاندنی ناوی بە هۆی هەستیاریی مەسەلەکەوە لەگەڵ ئێمە دوا، گوتی لەو دۆخەدا، کات بە قازانجی ئێران نییە.

کاتێک وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ئانتۆنی بلینکن ڕۆژی سێشەممە گەمارۆ نوێیەکانی ڕاگەیاندن، ئەو ڕاستەوخۆ باسی هەوڵەکانی نزیکبوونەوەی سیاسیی ئێرانی کرد. ئەو گوتی، "سەرۆککۆمار و وەزیری کاروباری دەرەوەی نوێی ئێران پەیتا پەیتا گوتوویانە دەیانهەوێ دانوستانەکان لەگەڵ ئورووپا دەست پێ بکەنەوە و دەیانهەوێ گەمارۆکان سووک بکرێن. چالاکیی ناسەقامگیرکارانەی لەو چەشنە، تەواو بە پێچەوانەی ئەو لێدوانانەن".

گەمارۆیەکان وێدەچی لاوازتر لەوە بن کە چاوەڕوان دەکرا، کاتێک وڵاتانی ئورووپایی هۆشدارییان بە ئێران دا کە گواستنەوەی هاژەکی بالیستیکی بۆ ڕوسیە لە "هێڵی سوور"ی جەنگی ئوکراین نزیک دەبێتەوە. گەمارۆیەکان تا ڕادەیەکی زۆر گواستنەوەی ئاسمانیی مەدەنی دەگرنەوە کە چەند مانگی پێدەچی تا جێبەجێ بکرێن.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران گوتی تۆمەتی گواستنەوەی چەکوچۆڵ "پیلانی قیزەوەنی تەبلیغاتی و درۆیەکی زەقە".

بە گوتەی نیکۆل گراجەوسکی، هاوکاری دامەزراوەی کارنەگی، ڕێککەوتنی هاژەکی بالیستیکی کە وەزارەتی دارایی دەڵێ زۆر بەر لە دەستبەکار بوونی پزشکیان دانوستانی لەسەر کراوە، نموونەیەکی سیاسەتی ئێرانە کە دوو ڕێچکەی هەن.

گراجەوسکی، کە نووسەری کتێبی "ڕووسیە و ئێران: هاوپەیمان لە سەرکێشیدا، لە سووریەوە تا ئوکراین" گوتی، لە کاتێکدا ڕێبەریی مەدەنی ڕەنگبێ کار بۆ چاکسازیی و دیپلۆماسی بکات، دامودەستگاکانی سەربازیی و سیخوڕیی، زۆر جار سەربەخۆ لە ڕێبەریی سیاسی درێژە بە ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆیان دەدەن.

چەند مانگ دوای دەستبەکار بوونی، پزشکیان لەگەڵ چەند قەیران لە نێوخۆ و دەرەوە بەرەوڕوو بووەتەوە. شەڕی غەززە

## بەشی: چوارەم

نزیکەی ساڵێکە درێژەی هەیە و لەو ماوەیەدا ئیسرائیل نزیکەی هەموو ڕۆژێ لەگەڵ حیزبوڵڵا، بەهێزترین میلیشیای سەر بە ئێران، خەریکی تەقە و پێکدادانە. لە نێوخۆ، ئابووریی ئێران بەردەوام ڕێکۆردی نزمتربوونەوە تۆمار دەکات. بێزارییەکی بەربەرین لە تاکتیکە توندوتیژانەکەی هێزە ئەمنییەتییەکان پەنگ دەخواتەوە.

دوای کوشتنی ڕێبەری حەماس، ئیسماعیل هانیە، لە تاران لە مانگی جولای، ئێران بەڵێنی وەڵامێکی "یەکلاکەرەوە"ی داوە. ئەوە زیاتر لە مانگێک لەوەپێش بوو. کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەر ڕۆژێک کە تێدەپەڕێ ئەگەری ڕووداوێکی مەزن یان قووڵترکردنەوەی کێشەکە کەمتر دەبێ، ئەگەرچی کەرەستەی سەربازیی زیادی بە مەبەستی چاوترسێن کردن لە ناوچەکەدا دەمێنێتەوە.

دوای هەڵبژێرانی پزیشکیان، ئێران وای بە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پیشان داوە کە گوایە دەیهەوێ وتووێژ بکات، بەڵام کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان چاوەڕوانی نیشانەکانی پشتگیریی لە لایەن ڕێبەری گەورەی ئێرانن، چونکە ناوبراو بڕیادەری کۆتاییە.
کاربەدەستێکی لوبنانی کە ڕۆژانە پەیوەندی لەگەڵ تاران هەیە، لەبەر هەستیاربوونی بابەتەکە بە مەرجی نەدرکانی نێوی ئامادەی لێدوان بوو گوتی، "بە پشتگیریی لە ڕوسیە، ئێران بەرگریی لە بەرژەوەندیی و مانەوەی خۆی دەکات." ئەو هەروەها گوتی گەمارۆیەکانی ئەو دواییانە دژی ئێران بەشێک لەو سیاسەتەن کە دەیهەوێ ئێران لەژێر "زەختی بەردەوامدا بهێڵێتەوە"، بەڵام لەو دواییانەدا ئەو هەڵوێستە وێدەچێ لاواز بووبێ.

ئەو گوتی، "ئەو گەمارۆیانە بوونە شمشێری دوو دەم" و ئەوەشی زیاد کرد کە ئەوانە بوونە هۆی ئیفلیجکردنی ئابووریی ئێران و توانایی ئێران بۆ نواندی دەسەڵاتی خۆی، بەڵام لە هەمان کاتدا بوونە هۆی پەیوەندیی بەهێزتر لەگەڵ وڵاتانی وەکوو ڕووسیە.

ئێران درێژەی بە گەشەپێدانی بەرنامە ناوکییەکەی داوە و پێشی بە پشکێنەرانی نێودەوڵەتی گرتوە. پسپۆڕانی پیتاندنی ئورانیۆم ڕێگایان پێ نەدراوە پشکنین بکەن و ئێران لە شیکردنەوەی هۆی بوونی ئاسەواری ئورانیۆم لە هێندێک دامەزراوەی ڕانەگەیەنراو ناسەرکەوتوو بووە. بەڵام لە کۆبوونەوەیەکی بەڕیوەبەریی لەو حەوتوویەدا لە ڤییەن، سەرۆکی ئاژانسی چاودێری ناوکی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕافائێل گرۆسی گوتی پزشکیان قبووڵی کردوە چاوی پێمان بکەوێ تا لەبارەی باشترکردنی هاوکارییدا وتووێژ بکەین. گرۆسی لە لێدوانەکەیدا گوتی، "من ئێران هان دەدەم ڕێگا بۆ کۆبوونەوەیەکی ئەوتۆ

## بەشی: چوارەم

لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا  خۆش بکات تا بتوانین دیالۆگێکی بنیاتنەر کە ببێتە هۆی دەستکەوتی خێرا دەست پێ بکەین".

کاتێک هەواڵنێران پرسیاریان لێ کرد ئاخۆ ، "داهاتوویەکی نە زۆر دوور" بە مانای دوای هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکانە، گرۆسی وەڵامی دایەوە: "نا، بەو هیوایە پێش ئەو بێ".

بووژاندنەوەی ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥، پێشترییەتی بەڕێوەبەرایەتی بایدن بووە. پێشوەچوونەکان هێندە بەرچاو بوون کە لە ٢٠٢٢، دوو لایەن خەریکی پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی "کۆتایی" و ئەگەری ڕێککەوتن بوون، بەڵام لەگەیشتن بە وەها ڕێککەوتنێک شکستیان هێنا. ڕێککەوتنەکە لە بەرانبەر سووککردنی گەمارۆیەکان بەرنامەی ناوکی ئێرانی سنووردار کردبوو، بەڵام کاتێک سەرۆککۆمار دۆناڵد ترامپ لە ٢٠١٨ ڕێککەوتنەکەی بەجێهێشت و گەمارۆی "ئەوپەڕی زەخت"ی سەپاندن، ڕێککەوتنەکە تێکڕما.
سەرۆککۆماری ئێران لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڵێنی باشترکردنی ئابووری بە کۆتاییهێنان بە تەریککەوتوویی دا و لە کاتی دەستنیشانکردنی کابینەکەی، هەڵبژاردنی وەزیرەکان نیشاندەری جەختکردنی زۆرتر لەسەر دیپلۆماسی بوو. وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو محەممەد جەواد زەریف، کە دانوستانکاری ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ بوو، وەکوو جێگری ستراتیژیکی سەرۆککۆمار دەستنیشان کرا و دیپلۆماتێکی کۆنەکار، عەبباس عەراقچی، ئەندامێکی دیکەی تیمی دانوستانکاری ناوکی، بوو بە وەزیری کاروباری دەرەوەی نوێی ئێران.

سینا عەزۆدی، پسپۆڕێکی پرسی ئێران و مامۆستای زانستگای جۆرج واشینگتۆن، لە بارەی کابینەی پزشکیاندا گوتی "ئەو هەموو خەڵکی شیاوی لە شوێنی خۆی داناون. پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ ئەو لەلایەن عەلی خامنەییەوە قبووڵ دەکرێ".

عەزۆدی گوتی، لە مانگی ڕابردوودا پزشکیان هەوڵی خۆی داوە خامنەیی ڕازی بکات. ئەو گوتی، "ئەوە وەکوو لە ئامێز گرتنی ورچ دەچێ" کە بە کەڵکی پزشکیان دێ، بێتوو بکەوێتە ژێر هێرشی ئەو کۆنەپارێزانەی دژی دانوستانن.

مانگی ڕابردوو خامنەیی ڕاستەوخۆ قسەی بۆ کابینەی پزشکیان کرد. خامنەیی لە گرتە ڤیدیۆیەکدا کە لە تەلەفزیۆنی دەوڵەتیدا بڵاو بۆوە گوتی، "ئێمە نابێ هیواکانمان لەسەر دوژمن هەڵچنین. بۆ پلانەکانمان، ئێمە پێویستیمان بە پەسەندکرانیان لە لایەن دوژمنەوە نییە. دانوستان لەگەڵ دوژمن لە هێندێک شوێن دژوازیی نییە. هیچ بەربەستێک بوونی

نییە".

لێدوانەکان، ئەگەرچی ناڕوونن، وەها لێک درانەوە کە ڕەنگبێ ئەوە کردنەوەی دەرگا بەرەو دانوستان لەگەڵ ڕۆژاوا بێ. بەڵام لە هەمان وتاردا، خامنەیی هۆشدارییەکیشی دا: "متمانە بە دوژمن مەکەن." سوزان مالۆنی، بەڕێوەبەری بەرنامەی سیاسەتی دەرەوە لە ئینستیتۆی برووکینگز و پسپۆرێکی پرسی ئێران گوتی، "ڕێبەری گەورەی ئێران هەمیشە ئاوسارێک لە دەوڵەتەکانی دەدا تا دۆخەکە تاقی بکاتەوە و بزانێ ئەوان دەتوانن چ دەستکەوتێکیان هەبێ.

**بەڵام هێشتا ناڕوونە تەنانەت چ ڕێککەوتنێک مومکین دەبێ. ئەو گوتی، "ئەو پێکهاتەیەی ١٠ ساڵ لەوەپێش کارا بوو، ئێستا لە بنەڕەتدا بیریشی لێ ناکرێتەوە".**

**٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٤**

## ئاخۆ ئێران دەتوانێ جێگرەوەیەک بۆ حیزبوڵڵا بدۆزێتەوە؟



**نەیشنال ئینتەرێست – شوکریە برادۆست**

هێرشی حەوتووی ڕابردوو بۆ سەر ئیسرائیل وردەکاریی ئەگەری گۆڕینی ستراتیژییەکەی دەخاتە ڕوو. ڕێبەری گەورەی ئێران، عەلی خامنەیی لە یەکەم ڕێوڕەسمی دوای کوژرانی قاسم سولەیمانیدا گوتی، "تەوەری بەرگریی" ئیسرائیلی شکست داوە و "ڕێژیمی زایۆنیستی ٧٠ ساڵ بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە." ئەو هەروەها داوای لە موسڵمانان لە ئەفغانستان تا یەمەن و لە ئێران تا غەززە کرد ئامادەی هەڵوێستگرتن دژی ئیسرائیل بن.

ئەو ئەگەرچی ئیدیعای سەرکەوتنی کرد، ئێران لە ئاکامی لەکیس‌چوونی سەرنجڕاکێشی دەسەڵاتی حیزبوڵڵا لە لوبنان، بەرەوڕووی دووڕێیانی ستراتێژیک بووەتەوە. حیزبوڵڵا دەیان ساڵ بوو بریکاری بەهێزی تاران لە دنیای عەرەب بوو و وەکوو کاناڵێک لەنێوان ئێران و خەڵکی شیعە لە دنیای عەرەب و تاقمە چەکدارەکانی دیکە لە ناوچەدا کاری دەکرد. بۆ وڵاتێکی ناعەرەبی وەکوو ئێران، زمان و ئەتنیکی حیزبوڵڵا دەوری یەکلاکەرەوەیان لە دامەزراندن و پێکەوە بەستنەوەی "تەوەری

## بەشی: چوارەم

بەرگریی"دا گێڕاوە. لە ماوەی ڕابردوودا، پرەستیژ و دەسەڵاتی ڕەقی حیزبوڵڵا لە ئاکامی کوژرانی نەسروڵڵا و کوشتنی زنجیرەی ڕێبەرییەکەی، لێکهەڵوەشانی پەیوەندییەکانی و هێرشەکانی سوپای بەرگریی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و سامانەکانی، بە شێوەیەکی دراماتیک تێکڕما. بە پێچەوانەبوونەوەی وەها بەرچاوی بەختی، ئێران لێرەوە بەرەو کوێ دەچێ؟

داگیرکاریی ئیسرائیل لە لوبنان بووەتە هۆی ئاوارە بوونی میلیۆنێک مرۆڤ و ناچار بوون پەناگایەک لە بەشەکانی دیکەی وڵات بدۆزنەوە و ئەو شوێنانە زۆربەیان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبوڵڵان. بێجگە لەوە، نزیکەی ٧٦٠٠٠ لوبنانی لەگەڵ ٢٠٠ هەزار پەنابەری سورییەیی ڕایانکردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە. کارەساتی سیاسی و ئابووری کە لوبنان پێش دەستپێکی دوژمنکارییەکان پێیدا تێپەڕ دەبوو تا ڕادەیەکی زۆر ئاکامی دەسەڵاتی مشەخۆرانەی حیزبوڵڵا لە نێو سیاسەت و کۆمەڵگەی لوبناندا بوو. نەبوونی پشتگیریی لە لایەن دەوڵەتی لوبنانەوە ئاستی بێزاریی لەنێو جەماوەری حیزبوڵڵادا، لە کاتێکدا کە دوژمنایەتی لە نێوان پەنابەرانی شیعە و خەڵکی ناشیعەی لوبنان قووڵتر دەبێتەوە، پەرە پێ داوە. ئەوە تەنیا دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی ناسەقامگیریی و دابەزینی ئاستی خۆشەویستیی بەرانبەر بە حیزبوڵڵا. دروستکردنەوەی حیزبوڵڵا وەبەرهێنانی بەرچاوی کات و سامان دەخوازێ، کە ڕەنگبێ ئێران، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانە ئابوورییەکانی خۆی، نەتوانێ دابینی بکات.

بەڵام، تاران ئامرازی دیکەی لە سندووقی ئامرازە ناوچەییەکەیدا هەیە و ڕەنگبێ بەو زووانە بە تەمای دەستنیشانکردنی جێگرەوەی دەوری باڵادەستی حیزبوڵڵا، کە سەردەمانێک هەیبوو، بێ. میلیشیای شیعەی حەشدی شەعبی عێراق ڕەنگبێ یەکێک لە بژارەکان بێ. بەڵام، تایبەتمەندیی پارچە پارچەی ئەو تاقمە، لە تواناییەکانی کەم دەکاتەوە. حوسییەکانی یەمەن ڕەنگبێ هیوابەخشترین بژارەی ئێران بن.

هێرشی ئێران بە ١٨١ هاژەک لە حەوتووی ڕابردوودا وردەکاریی لەمەڕ ئەگەری گۆڕانی ستراتێژی ئێران دەخاتە ڕوو. یەکەم، هێرشەکە ویستی ئێرانی بۆ قبووڵکردنی ڕیسکی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازیی نیشان دا. خامنەیی تەنانەت دانی پێدا نا کە بێتوو پێویست بێ ئێران دیسان هێرش دەکاتەوە سەر ئیسرائیل. بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری ئیسرائیل بۆ تۆڵەئەستاندنەوەی بەهێز، دەورێکی تۆڵەئەستاندنەوەی یەکیان لەوی دیکە، ئەگەری قووڵتربوونەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و تەنانەت جەنگی تەواو، وێدەچی گەلێک نزیک بێ. لەو سێناریۆیەدا، جەنگی هاژەکیی درێژمەودا بە شێوەی ئێران دەتوانێ مودێلێک بێ بۆ حوسییەکان، کە بە پێچەوانەی حیزبوڵڵا، هاوسنووری ئیسرائیل نین. حوسییەکان هەر ئێستا تواناییەکانیان لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەریای سووردا نیشان داوە و، بە ڕەچاوکردنی ستراتێژیی هاژەکیی، دەتوانن



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی: چوارەم**

دەستڕۆیشتوویەکەیان پەرە پێ بدەن و بایەخی خۆیان وەکوو بریکاری تاران لە کێشەیەکی بەربەرینتر لەگەڵ ئیسرائیل بەرز بکەنەوە.

بە پێچەوانەی حەشدی شەعبی پارچە پارچە، حوسییەکان تاقمێکی یەکپارچەتر بە پێکهاتەی ڕێبەرییەکی یەکگرتوو، لە شێوازی حیزبوڵڵان و بە پشتگیریی سوپای پاسداران دامەزراون. حوسییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر ئۆپەراسیۆنی مەزن لە یەمەنەوە بەڕێوە دەبەن و توانایی سەربازیی خۆیان بە بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپاییەکان لە دەریای سوور، بە ئامانجگرتنی ڕکابەرەکانی ناوچەیی ئێران، وەکوو عەرەبستانی سعودی و، تەنانەت هێرش بۆ سەر ئیسرائیل بە هاژەکی درێژمەودا نیشان داوە .

فاکتەرەێکی سەرەکی دیکە ڕوسیەیە. مۆسکۆ حوسییەکان وەکوو سامانی ستراتێژیک، لەگەڵ بەرینترکردنەوەی ورووژاندنەکانی دژی ڕۆژاوا سەیر دەکات. سەرهەڵدانی پەیوەندیی حوسی - ڕووسی دەرفەتێکی تاقانە بۆ ئێران دەستەبەر دەکات تا دەستڕۆیشتوویی ناوچەیی خۆی بەهێزتر بکات. بە هاوتەریب بوون لەگەڵ ڕووسیە، تاران دەتوانێ زەختی زۆرتر بخاتە سەر ڕکابەرەکانی لە ناوچەدا و کەڵک لە دۆخی حوسییەکان وەرگرێ تا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئورووپا و ئیسرائیل تێک بدا. ئەو هاوپەیمانییە ڕەنگبێ ڕێگە بە ئێران بدا تا بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ ڕووسیە لەسەر ئامانجە ژیۆپۆلیتیکییە بەربەرینترەکانی هاوئاهەنگ بێ، وەکوو بەربەرەکانی لەگەڵ دەستڕۆیشتوویی ڕۆژاوا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و بنکۆڵ کردنی پەرگالی جیهانی.

بۆیە، هێشتا زوویە بگەینە ئەو دەرئەنجامە کە لاوازیی حیزبوڵڵا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەدا؛ بەڵام ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕینی ستراتێژی. بێتوو حوسییەکان پشتگیریی بەرچاو لە ڕوسیە وەرگرن، دەتوانن بیسەلمێنن کە دەتوانن هاوبەشێکی گەلێک بەکەلکتر بن. چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرەتووەکان و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ هەڕەشەی حوسییەکانی یەمەن و مەترسییەکانی بۆ سەر ڕێگا ئاوییەکانی دەریای سوور، لەوە بەدواوە پرسێکی فرە گرینگتر دەبێ.

**١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤**

## ئاخۆ خامنەیی دەتوانێ ڕێبەریی جیهانی ئیسلام بکات؟!



**ئورشەلیم پۆست – سالم ئەلکەتبی**

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی خامنەیی، لە دنیایەکی هاوتەریبی تایبەتی خۆیدا دەژی، بە ڕوانگەی سەیر و سەمەرەوە لەمەڕ ئەوەی کە لە دەوروبەری ناوبراودا ڕوو دەدا. بەڵام، وێناچی خۆی بڕوای بەو گوتە بێمانایانە هەبێ کە باسیان دەکات. وتارەکانی تەنیا ڕەوانبێژیی ساکارن بۆ وروژاندنی هەستی لایەنگرانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران. ئەوە لە وتارە عەرەبییەکەیدا کە هەینیی ڕابردوو لە تاران، ئاراستەی دنیای ئیسلامیی و بەتایبەتی خەڵکانی لوبنان و فەلەستینی کرد بەڕوونی دەرکەوت. ئەوە وتارێکی ئاشکراکەر بوو کە ڕەنگدانەوەی شێوەی بیرکردنەوەی ناوبراو و تاقمی توندئاژۆی دەوروبەری ئەون، شێوە بیر کردنەوەیەک کە هاندەری قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ١٩٧٩ بەولاوە بووە. ئیدیعای ناوبراو کە "هەر هێرشێک بۆ سەر ئیسڕائیل خزمەت بە سەرانسەری ناوچە دەکات" ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خۆی وەکوو سەرۆکی وڵاتانی ناوچە دیاری کردوە و بەزۆرەملی ڕوانگە دیکتاتۆرییەکەی، بەتایبەتی لەمەڕ ئاسایش و سەقامگیرییەوە دەسەپێنێ.

## بەشی: چوارەم

دوای ساڵانێکی زۆر لە برەودان بەو بیرۆکەیە کە بوونی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان هۆی سەرەکیی قەیرانی ناوچەیە، بە تایبەتی لە وڵاتانی کەنداودا، ئێستا ئەو دەڵێ هێرش بۆ سەر ئیسرائیل خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچە دەکات و هاندەری ژمارەیەک شەڕی بە وەکالەتە.

ئەو ڕوانگە کورتبینانە و بێدەربەستییانەی ئێران، کە بەرژەوەندییە ستراتێژیکەکانی وڵاتانی ناوچە و ڕوانگەکانیان لەمەڕ پەیوەندییە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانیان پاشگوێ دەخات، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ڕێژیمی ئیسلامی نەگۆڕاوە و ناگۆڕێ. هەموو "ڕووداوەکانی" ئەو دواییانە لەمەڕ پڕ کردنەوەی کەلێنەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێکانی تەنیا هەوڵێکە بۆ بێکاریگەرکردنی ئەو وڵاتانە لە کاتێکدا کە ڕوانگەکانیان و بەرژەوەندییە ستراتێژیکییەکانیان لەو گەمە مەترسیدارەی بەرانبەر بە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیکات، پاشگوێ دەخات.

بەگشتی، وتاری خامنەیی هیچ شتێکی نوێی لە ئاستی ستراتێکدا پێ نەبوو. ئەوە وتارێکی وروژێنەرانەی ئایدیۆلۆژیکی بوو کە لەودا پاساوی بۆ هێرشە هاژەکییەکەی ئێران دژی ئیسرائیل دەهێنایەوە و پێی وابوو "بە تەواوی یاسایی و ڕەوا" بووە، لە کاتیکدا دروشمەکانی لەمەڕ لەناوچوونی ئیسرائیل و ڕەوانبێژییە باوەکانی دیکەی دووپات دەکردەوە.

ئەو بەئاشکرا خۆی لە دانان بە کەلێنە هەواڵگرییە یەک لە دوای یەکەکان کە بوونە هۆی کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا و ڕێبەرانی دیکەی حیزبوڵڵا بوارد. ئەوە سەرسوڕهێنەرە، چونکە ڕێژیمی ئێران دانی بە شکستە هەواڵگرییەکانی لە ڕووداوە بەرچاوەکانی کە لەو مانگانەی دواییدا ڕوویان داوە، وەکوو کوژرانی ئیبراهیم ڕەئیسی و کوشتنی ئیسماعیل هانیە و، بەر لەوان کوژرانی زانستوانە دیار و ڕێبەرانی سوپای پاسدارانەوە نەناوە. تەنانەت ئاماژە بەو کارەساتە هەواڵگرییانە، ئیدانە کردنی سوپای پاسدارانە، کە ڕاستەوخۆ چاودێری سەرجەم پلان و ئاکارەکانی حیزبوڵڵا و حوسییەکانە.

### وتاری خامنەیی بۆنی بێهیوایی لێوە دەهات

بە بۆچوونی من، وتاری خامنەیی لە پلەی یەکەمدا هەوڵێکی بێهیوایانە بۆ دەستنیشانکردنی خۆی وەکوو ڕێبەری دنیای ئیسلامی بوو. لەو دواییانەدا، دیسکۆرسی سیاسیی سەرجەم کاربەدەستانی ئێران جەختی لەسەر ئەو هەڵوێستە کردووەتەوە. ئەوان برەو بە گێڕانەوەی یەکگرتوویی دنیا ئیسلام؛ ئایدیالی بەرگریی و هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە کە لە دنیای عەرەب و ئیسلامیدا هاتۆتە ئاراوە، دەدەن (بۆشاییەکە کە بە هۆی جۆراجۆر و فاکتەری لێک جیاواز دروست بووە و ئێمە

لێرە دا باسی ناکەین).

ڕێبەری ئێران هەروەها سەرقاڵی کایەی دەستێوەردانە، کاتێک خەڵکانی فەلەستینی و لوبنانی لەگەڵ تاقمە تێرۆریستییەکانی وەفادار بە ڕێژیمی ئێران تێکەڵ دەکات و وا دەنوێنێ کە گوایە ئەو تاقمانە نوێنەری خەڵکن. ئەو ئیدیعا دەکات، "هیچ کەس مافی وەستانەوە دژی بەرخۆدانی نییە،" و وەها دەنوێنێ کە گوایە ئەوانە ئەرکی خۆیان لە بەرگریی لە خەڵک جێبەجێ دەکەن.

ئەوە مانۆڕێکی ئاشکرایە، کە سەرلێشێواویی لە پرسی نەتەوەییدا دروست دەکات و هەوڵ دەدات دەستێوەردان لە هەستی خەڵکانی فەلەستینی و لوبنانیدا بکات و هەمووان بخاتە سەر دۆڕێیانێکی ئەخلاقیی، بێتوو بەرەوڕووی ڕێکارەکانی میلیشیا تێرۆریستییەکان بوەستنەوە کە ئەوان پەلکێشی کێشەی خوێنین دەکەن، وەکوو لە غەزە، باشووری لوبنان و ضاحیە ئاشکرا بووە.

هەوڵە گاڵتەجاڕانەکەی خامنەیی بۆ ناساندنی خۆی وەکوو ڕێبەری موسڵمانان هەروەها لە وتارەکەیدا دەر دەکەوێ، کاتێک پێداگرە کە دوژمنانی ئیسلام، دوژمنانی فەلەستین، لوبنان، عێراق، میسر، سووریە و یەمەنن و "بێتوو موسڵمانان بەیەکەوە هاوکاریی بکەن، خودا پشتیوانیان دەبێ، و شیی دەکاتەوە کە بەمشووربوون بە مانای لێک گرێدانەوە و سەقامگیریی لە نێو موسڵمانانە. ئەوە بەڕوونی فێڵێکی ساکار بۆ کەلکی خراپ وەرگرتن لە ڕووداوەکان بۆ وەدەستهێنانی خۆشەویستیی لە دنیای ئیسلامیدایە و گۆڕینی کێشەی هەنووکەیی، لەنێوان ئێران و بەکرێگیراوەکانی لەلایەک و ئیسرائیل لەلایەکەی دیکەوە، بەرەو کیشەیەکی ئایینیی جیهانییە. سەرنجڕاکێشە کە خامنەیی لە وتارەکەیدا جەختی لەسەر دنیای ئیسلام دەکردەوە و خەڵکی ئامۆژگاریی دەکرد کە "چاوکانیان بکەنەوە و ئاستی هۆشیارییان بەرز بکەنەوە".

ئەوە ڕوونە کە ئێران و بەکرێگیراوەکانی لێکدانەوەی تایبەتیی خۆیان لەمەڕ شکست و سەرکەوتن هەیە، کە لەگەڵ لێکدانەوەکانی ستراتێژیستە سەربازییەکان لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە و کێشە بوونی هەیە. بۆ وێنە، تەنیا زیندوومانەوە بۆ میلیشیای تێرۆریست یان ڕێبەرەکانی، وەک سیمبۆلێکی سەرپێچی و سەرکەوتن سەیر دەکرێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێچووە بەرچاوە مرۆیی و مادییەکەی.

بەڵام، لەکار کردنی لێکدانەوەی ئەوتۆ لە دۆخی هەنووکەیی ئەو میلیشیایانەدا بە مانای سەرکەوتنی ڕاستەقینە نییە.

بەشی: چوارەم

نەسڕوڵڵا، کەسایەتیی سەرەکی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لەگەڵ زۆربەی ڕێبەرە تێرۆریستییەکانی حیزبوڵڵا کوژراون. ئەو تاقمەیە هەروەها زەبری گورچوبڕی بە هۆ شکستە هەواڵگرییە جۆراجوەکەی وێکەوت کە بووە هۆی لەنێو چوونی ٣٠٠٠ ئەندامی لە تەقینەوەیەکی هاوکاتی پەیجەرەکانیان لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە لاوازیی دامودەزگای ئاسایشی ئەو تاقمەی ئاشکرا کرد.

خامنەیی بە ڕوو هەڵماڵاوی هەوڵی دا ڕای گشتیی دنیای ئیسلام بە قازانجی ئامانجەکانی ئێران ڕاکێشێ کە پیلانێکی ئاشکرایە بۆ بەهێزکردنی دۆخی ئێران لە وتووێژدا و شەرمەزار کردنی دەوڵەتە عەرەب و ئیسلامییەکان لەبەر چاوی خەڵکی ئەو وڵاتانەیە، یان لانی کەم ببێتە هۆی مشتومڕی گەرم لە سوسیالمێدیادا، لە پەیوەندی لەگەڵ پشتیوانی یان بەرهەڵستکاریی بەرانبەر هێرشە هاژەکییەکانی ئێران دژی ئیسرائیل.

بەڵام، هەوڵی ئەوتۆ، بە هۆیەکی ساکارەوە دەرەتانی کەمیان هەیە: ئێران بۆخۆی وەها گیرۆدە بووە کە دژوارە تەنیا کەسێکی ساکاریش هەڵخەڵەتێنی کە گوایە شەڕ بۆ هەڵایساندنی شۆڕش و ڕزگارکردنی فەلەستین یان ئورشەلیم دەکات.

٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## دنیا چاوەڕوانی گۆڕانی ڕێژیمە



**لەگەڵ پەرەئەستاندنی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، دنیا چاوەڕوانی گۆڕانی ڕێژیمە و کلیلەکە یەکخستنی کەمینەکانە**

**فاکس نیوز – کەیتلین مەکفاڵ**

هەڕەشەی ئێران بۆ سەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەو ساڵانەی دواییدا پەرەی ئەستاندوە و نیگەرانییە ئەمنییەتییەکان تەنیا چەند ڕۆژ دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر تاران قووڵتر بوونەوە.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو، مانگی ڕابردوو پێشنیاری کرد کە گۆڕینی ڕێژیمی تاران لە ئاسۆدایە. بەڵام ئەوە تەنیا تێوەگلانی ئێران لە تێرۆریزمی دەوڵەتیدا، هەوڵی ئاشکرای بۆ گەشەپێدان بە چەکی ناوکی، پەیوەندییە پەرەئەستێنەکانی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی ڕۆژاوایی یان هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل نییە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی لەناکاوی ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی.

## بەشی: چوارەم

بە گوتەی لێکۆڵەرێکی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی مێدیایی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست (MEMRI)، ئاکارە سەرکوتکارەکانی تاران لەنێوخۆی سنوورەکانیدا دەتوانێ ببێتە کلیلی لەنێوچوونی ڕێژیم.

هیمداد مستەفا، توێژەر و پسپۆڕی کاروباری ئێران و کورد لە مێمری، گوتوویەتی تاقمە کەمینەکان لەنێوخۆی ئێران نزیکەی ٪٥٠ی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن و، ئەگەرچی ئەوان زۆر جار دەبنە ئامانجی سەرکوتی لەڕادەبەدەر کە بەشێکیان لە هەلومەرجێکدا دەژین کە دەکرێ وەکوو "زیندانی ئاواڵ" وەسف بکرێ، ئەوان دۆخێکی تاقانەیان بۆ یەکگرتوویی دژی تاران هەیە.

مستەفا گوتی کەمینە ئەتنیکییەکانی وەکوو کورد، کە لە نێوان ١٠ بۆ ١٥ لە سەدی دانیشتووانی ئێران پێکدێنن و زۆرینەیان لە ناوچە سنوورییەکانی نزیک وڵاتانی عێراق و تورکیە دەژین و هەروەها گەلی بەلووچ، کە نزیکەی ٪٥ی دانیشتووانی ئێران پێکدێنن و سنووری هاوبەش لەگەڵ پاکستان پێکدێنن، دەتوانن دەورێکی بەرچاو لە ڕووخاندنی ڕێژیمی سرکوتکار بگێڕن. ئەو لە ڕاپۆرتێکی ئەو مانگەدا نووسی، "بێتوو هەموو وڵات سەرهەڵدان بکات، ڕێژیم هێزەکانی لە ناوچە سنوورییەکانی وەکوو کوردستان و بۆ ناوەندی ئێران و تاران دەگوێزێتەوە، ئەوە کاتێکە ڕۆژاوا دەبێ پشتگیریی لە کورد، بەلوچ و تاقمە ئەتنیکییەکانی دیکە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم بکات".

ئەو پسپۆڕە بە فاکس نیوز دیجیتاڵی گوتی ئەو تاقمانە لە ناوچەکانی دەوڵەمەند لە ڕوانگە سامانەکانی سروشتیدا دەژین و نە تەنیا بۆ ئێران بەڵکوو بۆ بەرهەڵستکارە سەرکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش گرینگن. مستەفا گوتی، "بێتوو شەڕ و ناسەقامگیریی درێژخایەن لە نێوخۆی ئێراندا بێتە ئاراوە، وڵاتانی وەکوو تورکیە، ڕوسیە و چین دەتوانن دەستێوەردان بکەن، یان ڕاستەوخۆ یان بە هۆی بەکرێگیراوانیانەوە، بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاک لە ئێران کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەوان گرینگن." مستەفا گوتی، "لە دۆخی گۆڕینی ڕێژیمدا، زۆر وێدەچێ پاکستان و چین لە پارێزگای بەلوچستانی ئێران دەستێوەردان بکەن تا پێش بە دامەزرانی دەوڵەتی بەلوچستان بگرن و ناوچەکە بۆ بەرژەوەندییەکانیان مسۆگەر بکەن. "ئەو گوتی", :بۆیە، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ پشتگیریی لەکەمینەکان هەم بە شێوەی سەربازی و هەروەها سیاسی بکات تا ناوچەکانیان بپارێزێ، کە دەتوانێ بە نۆرەی خۆی، بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا بکات. بێتوو بەلوچستان لەژێر کۆنترۆڵی وڵاتە هێزەکانی پشتگیریکراو لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکاندا بێ، ئەوان دەتوانن بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و پرۆژە زەبەلاحەکەی واتە داڵانی ئابووری هیندوستان - خۆرهەڵاتی ناوین - ئورووپا بپارێزن".

## بەشی: چوارەم

مستەفا گوتی، نیگەرانیی پەرەئەستێن لەنێو ئێلیتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوێ کە ڕەنگبێ کاری بنەڕەتی بۆ "جەنگی هایبرید" بکرێ، سێناریۆیەک لەویدا بەرهەڵستکارانی نێوخۆیی بتوانن لەگەڵ هەڕەشە سربازییە دەرەکییەکان یەک بگرن.

ئەگەرچی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکەی ٢٠٢٢ بە شێوەیەکی دڕندانە لە لایەن ڕێژیمەوە وەستێندرا، ئەو سەرهەڵدانە ئاستی ناڕەزایەتی لە سەرانسەری ئێراندا ئاشکرا کرد.

کوژرانی ژینا ئەمینی، ژنێکی کورد، کە لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢ لە لایەن پۆلیسی ڕەوشتی ئێران دەستبەسەر کرا و دواتر لە نەخۆشخانە بە هۆی برینەکەی گیانی ئەسپارد، نەتەنیا بووە هۆی تووڕەیی بەرانبەر بە هەڵاواردنی بەدامەزراوەییکراو دژی ژنان لە سەرانسەری ئێران، ئەو هەروەها بە گوێرەی ڕاپۆرت، بووە هۆی بەرپەچدانەوەیەکی یەکگرتوو لە لایەن تاقمە کەمینە سەرکوتکراوەکان. تەنیا چەند ڕۆژ دوای خۆپیشاندانە سەرەتاییەکان، یەکێک لە خوێناویترین ڕووداوەکانی ناڕەزایەتییە چەند مانگییەکە لە بەلوچستانی ئێران ڕوویدا کە لەویدا گەلی بەلوچ هاتنە سەر شەقامەکانی زاهیدان بۆ دەبڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە لاقەکرانی کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە لایەن فەرماندەی پۆلیس، سەرهەنگ ئیبراهیم کوچەکزای. بەڵام ڕووداوەکە کە بە "هەینی خوێناوی" یان "کارەساتی زاهیدان" ناودێر کرا، پاش دەرکەوتنی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ وەستاندنی خۆپیشاندانەکە تووشی توندوتیژیی بوو و زیاتر لە ١٠٠ کەس، لەناویاندا ١٧ منداڵ، کوژران.

مستەفا گوتی، سەرەڕای مەترسیی بەرچاو کە وەستانەوە دژی ڕێژیم هەیەتی هێشتا خولیای یەکگرتوویی و ڕوخاندنی ڕێژیم بەردەوامە. ئەو گوتی، "ئەوان دوژمنێکی هابەشیان هەیە کە ئەوان سەرکوت دەکات، دەیانگرێ و لە سێدارەیان دەداو تەنانەت حاشا لە مافی خوێندن بە زمانی دایک بۆ خوێندکارەکانی کەمینەکان دەکات. ئاکامەکەی بووەتە ئەوە کە ئەوان خەباتی خۆیان بۆ مافی چارەی خۆ نووسین وەکوو خەباتێک بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی دژی دوژمنی هاوبەش ببینن و ئەو خەباتە هاوبەشە تاقمە ئەتنیکییەکان یەک دەخات".

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

بەشی: چوارەم

## چۆن هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسڕائیل شکستی هێنا و بووە هۆی قووڵترکردنەوەی کێشەی ناوچەیی



(دژە هێرشی ئیسڕائیل بۆ سەر ئێران گرەوە بەرزەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پشتڕاست دەکاتەوە)

نورشەلیم پۆست – نەڤیل تەڵەر

سەرەڕای ڕێژنەی تاوانبارکردنەکان بە شەڕئەنگێزی، کۆمەڵکوژی و لەویش خراپتر کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە ئاراستەی ئیسڕائیل دەکرێ، ئەو ڕاستییە شاراوە نییە کە ئەوە ئێرانە بە تەمای لەنێو بردنی ئیسڕائیلە، نەوەکوو بەپێچەوانە.

لە ١٣ی ئاپریلی ٢٠٢٤، ئێران، کە لە بنەڕەتدا بە مانای ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەییە، هەڵەیەکی ستراتێژیکی زۆر گەورەی کرد. هێرشی بوێرانەی ئیسڕائیل بۆ بینای دیپلۆماتیکی ئێران لە دیمەشق لە ١ی ئاپریلی ٢٠٢٤، بووە هۆی کوژرانی حەوت ڕاوێژکاری سەربازیی ئێران، لە نێویاندا محەممەدڕەزا زاهیدی، فەرماندەیەکی پلەبەرزی سوپای قودس.

## بەشی: چوارەم

ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ، بە شێوەی ئاسایی دبێتە هۆی تووڕەیی و بەرپەچدانەوەیەکی سەربازیی ئێران بە هێرشی هاژەکی بۆ سەر باکووری ئیسرائیل لەلایەن حیزبوڵڵا. بەڵام ئەوجار وا نەبوو. لە جیاتان، ڕووداوەکە بووە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئێراندا کە کاردانەوەی نەرێنی بۆ ئێرانی لێ کەوتەوە، بە شێوەیەک کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە. لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆتاییدا، ڕەنگبێ ئەوە هەڕەشەی مان و نەمان بێ.

بۆ ماوەی ٤٥ ساڵ، واتە لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩ دامەزرا، بە پشتگیریی دارایی و دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ئەو ڕێکخراو، تاقم و میلیشیایانە کە خوزیاری هێرش بۆ سەر وڵاتی جوولەکانن، ڕێژیمی ئێران بەدوای ئەرکی خۆسەپێنراوی لەنێوبردنی ئیسرائیل و خەڵکەکەیەتی.

لە هەلێکی ئەو مەودایەی ڕووداوی ١٣ی ئاپریلی لێ کەوتەوە، خامنەیی بڕیاری دا کە کاتی گۆڕینی تاکتیکەکان هاتوە. دەبێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی چڕ لەلایەن ڕاوێژکارەکانیەوە کرابێ کە بووە هۆی ئەو بنەمایانەی کە ڕێنوێنیکەری ستراتیژیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەیەکی وەها دوور و درێژدا بووە و لە کۆتاییدا ئێران یەکەم هێرشی ڕاستەوخۆی کردە سەر ئیسرائیل.

### ئیسرائیل قەت ئاوا لاواز نەبووە

فاکتەرەکانی ئەو لێکدانەوە کامانە بوون؟ "ئیسرائیل قەت ئاوا لاواز نەبووە". ئەو لە شەڕی غەززەدا گیری کردوە. نەیتوانیوە حەماس لەنێو ببات یان بارمتەکان بدۆزێتەوە. ئەو لە هەموو لاوە لەبەر ڕێژەی بەرزی کوژراوانی مەدەنی لە ژێر ڕەخنەدایە. حیزبوڵڵا ڕۆژانە هێرش دەکاتە سەر سنووری باکووری ئیسرائیل. هاژەکانی حوسییەکان لە هێڵی بەرگرییەکەیان تێدەپەڕن. لە لایەن دادگای دادی نێونەتەوەیی بە تۆمەتی کۆمەڵکوژی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە. بیر لە هێرشێکی ڕاستەخۆی ئێران بکەوە. بیر بکەوە بۆمب بەسەر شارەکانی ئیسرائیلدا ببارێن. بیر بکەوە ئیسرائیلی بە سەدان و هەزاران بکوژرێن و برینداد بن. ئیسرائیل خاکەڕا دەبێ. ڕێککەوتنی ئیبراهیم لێک هەڵدەوەشێ و، هەموو هیواکان بە بەربەرین بوونەوەی لەنێو دەچن." ڕاوێژکارە سەربازییەکانی خامنەیی دەبێ قەناعەتیان پێ هێنابێ کە ڕێژەیەکی زۆر درۆنی خۆتەقێنەوە دەبێتە هۆی نقومبوونی بەرگریی ئیسرائیل و لانی کەم ٪٥٠ هاژەکەکان دەگەنە نێو خاکی ئەو وڵاتە. هێرشە ئاسمانییەکە سەدان درۆن، هاژەکی دەریایی و هاژەکی بالیستیکی لە خۆ دەگرت.

## بەشی: چوارەم

لەجیات سەرکەوتنی پێشبینیکراوی سەربازیی و بانگەشەیی، هێرشەکە بووە مایەی شەرمەزاری. ئەوەی ستراتیژیستە سەربازییەکانی ئێران لە ئەژمارکردنی شکستیان هێنا ئەو پشتگیرییە یەکگرتووانە بوو کە هاوپەیمانانی ئیسرائیل لێیان کرد و هەروەها و ناخۆشەویستیی ئێران لە دنیا عەرەب دا (ئێرانییەکان ڕەنگبێ موسڵمان بن بەڵام عەرەب نین.)

ئەوان بێگومان نە حیسابیان لەسەر ئەوە کردبوو کە ئۆردون و عەرەبستانی سعودی یارمەتی دەکەن تا درۆنەکانی ئێران نەگەنە ئیسرائیل و نە چاوەڕوانی ئەوە بوون کە فەرانسە و بریتانیا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان یاریدەی گومبەزی ئاسنین دەکەن تا هاژەکەکانی ئێرانی بخەنە خوارەوە. شکستە چاوەڕوانکراوەکەیان ئاکامی لەبەرچاو نەگرتنی بڕوابەخۆیی و کاریگەریی هێزەکانی ئاسایشی و سەربازیی ئیسرائیل بوو. دوای هێرشی ئاسمانیی ١٣ی ئاپریل، ئێرانییەکان جار لە دوای جار غافڵگیر کران.

لە ماوەی حەوتوویەکدا، ئیسرائیل بە هێرشی ئاسمانیی بۆ سەر بنکەی سەربازیی ئێرانی لە سووریە و ئێران، وەڵامی دایەوە. لە پاشخانی پێکدادانەکانی تۆڵە بە تۆڵەدا، ئیسرائیل بڕیاری دا ڕاوی ئەو ڕێبەرانەی حەماس بێ کە بەرپرسی هێرشە دڕندانەکەی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل و ڕێبەرانی حیزبوڵڵا کە پشتیوانییان لێ کردن.

لەنێوبردنی محەممەد زەیف، سەرۆکی باسکی سەربازیی حەماس، لە ١٣ی جولای، تۆڵەئەستاندنەوەیەکی واتادارتر لە ئیسماعیل هانیە، سەرۆکی باسکی سیاسیی حەماسی بەدوادا هات. لە سەرشۆڕییەکی تایبەتیدا بۆ ڕێژیم، ئەو لە نێوەڕاستی پێتەختی ئێران، تاران، بە تەقینەوەیەک لە شوێنی حاوانەوەکەی دا، لە ٣١ی جولای تێدا چوو.

پاشان ١٧ و ١٨ی سێپتەمبەر هات، کاتێک ئامێرەکانی پەیوەندیگرتنی دەستی، وەکوو پەیجەر و واکی تاکی، کە بە تایبەتی بۆ حیزبوڵڵا دروست کرابوون و بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو بریکارە نهێنییەکانیدا بڵاو کرابوونەوە، لە دووورەوە تەقێندرانەوە. لە ئاکامدا لانی کەم ٤٢ کەس کوژران و زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس بریندار بوون، کە زۆرینەیان بریکارە نهێنییەکانی حیزبوڵڵا بوون. ئەگەرچی ئیسرائیل خۆی لی بەخاوەن نەکرد، بەڵام دنیا گریمانەی کرد کە دەبێ ئەو بەرپرس بێ.

دەگێڕنەوە ئالبەرت ئاینشتاین گوتوویەتی: "شێتیی ئەوەیە جار لە دوای جار هەمان کار بکەی و چاوەڕوانی ئاکامی جیاوازی لێ بکەی." خامنەیی هەر جۆرێک بیری کردبێتەوە، ڕەنگبێ لەو بڕوایە دابووبێ کە یەکەم هێرشی ئاسمانیی بۆ سەر

## بەشی: چوارەم

ئیسرائیل هێندە بەهێز نەبووە، بۆیە بڕیاری هێرشی دووهەم، مەزنتر و جەختکراوتر بوو. ئەو بڕیاری دا کەڵک لە ٢٠٠ هاژەکی فەتتاح ١ و خەیبەر شکێن وەرگیرێت و هێرش بکرێتە سەر شوێنە سەربازیی و هەواڵگرییەکان.

بەڵام، دووهەم هێرشی ئێران لە ١ی ئۆکتۆبەر، تەنیا کەمێک زەرەری لە یەکەمیان زۆرتر بوو. جارێکی دیکە، زۆربەی هاژەکەکان لە لایەن سیستەمەکانی بەرگریی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، لە ناویاندا پاپۆڕە جەنگییەکانی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکانی جێگیر کراو لە نزیکی ئیسرائیل، ڕێگرییان لێ کرا.

چۆن و لە چ ئاستێکدا ئیسرائیل تۆڵە دەکاتەوە، بوو بابەتی گریمانەی گەرمی مێدیاکان. یەکەم تیۆرییەکان کاتێک هاریکاری فرە نزیکی ئێران، یەحیا سینوار، لە لایەن هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل لە ١٦ی ئۆکتۆبەر کوژرا، دامرکانەوە. لە کاتێکدا سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، جۆ بایدن، پێشوازیی لە هەواڵەکە کرد و وەک "هەواڵێکی خۆش بۆ ئیسرائیل و بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان" وەسفی کرد، ڕوونی کردەوە کە، لە ترسی جەنگێکی هەمەلایەنە، ئەو نایهەوێ ئیسرائیل دامەزراوە ناوکی و نەفتییەکانی ئێران بە ئامانج بگرێ.

لە وەڵامی ئیسرائیل لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر، ڕێز لە داخوازیی بایدن گیرا و تۆڵەکە لە هێرشی قورسی ئاسمانیی بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکانی ئێرانی لە سووریە و ژێرخانی سەربازیی حیزبوڵڵا پێکهاتبوو.

کە وا بوو ئیسرائیل و ئێران بێگومان کێشەیانە، ئەگەرچی بە فەرمی لە جەنگدا نین. هەموو کەس دەتوانێ ببینێ کە هیچ ئاگربڕێک ناتوانێ قازانجێکی هەبێ.

ئامانجی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە کاتی دامەزرانیەوە لە ١٩٧٩، کۆکردنەوەی هێز و دەستڕۆیشتوویی تا ئەو جێیەی بکرێ بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی ڕێژیمە کە لە سەرەتاوە لەلایەن یەکەم ڕێبەری گەورەی ڕێژیم، ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، دیاری کران.

خومەینی بەردەوام دووپاتی کردەوە کە ئامانجی سەرەکی شۆڕشەکەی لەنێوبردنی دیموکراسیی شێوە ڕۆژاوایی و شێوەی ژیانی ڕۆژاوایی و سەپاندنی ئیسلامی شیعە بە سەر دنیای ڕۆژاوادایە. ئەو وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلی وەکوو ئامانجە سەرەکییەکان دیاری کرد، بەڵام یەکیەتیی سۆڤیەتی ئەو کاتیشی پێوە زیاد کرد.

## بەشی: چوارەم

خومەینی گوتی، "ئێمە دەخوازین ڕیشەی گەندەڵی زایۆنیزم، کەپیتالیزم و کۆمۆنیزم لە سەرانسەری دنیادا ویشک بکەین. ئێمە دەخوازین خودای دەسەڵاتدار بەسەر هەموو شتێکدا، ئەو سیستەمانە لەنێو بەرێ کە ئەو سێیانە لەسەریان دامەزراون و پەرگالی ئیسلامیی پێغەمبەر زاڵ بکات".

مەبەستی نابراو لەوە، لێکدانەوە بەرتەسکەکەی شیعە لە ئیسلام، بۆ شوێنی دیکە بوو و نابراو گوتبووی شارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە، کە لەنێو جەرگەی عەرەبستانی سعوودی هەڵکەوتوون، لە دەست "تاقمێکی کافری خراپ دان." ئەو ئامانجانە لەو کاتییەوە ڕێژیمیان هان داوە و هێشتا هۆی بوونی ئەوانن.

خومەینی گوتبووی، "ئێمە شۆڕشەکەمان بۆ هەموو دنیا هەناردە دەکەین. تا بانگی ئەڵڵاهو ئەکبەر، لە هەموو دنیادا دەنگ دەداتەوە، خەبات درێژەی دەبێ".

بە کورتی، ڕێبەرانی ئێران دەیانهەوێ ئەو دنیایەی ئێمە دەیناسین لەنێو بەرن. ئەوان دەیانهەوەی بالادەستیی سیاسیی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیان بەدەتەوە بێ، دێموکراسییە ڕۆژاواییەکان کە ئەمریکا نموونەیەکی ئاشکرایەتی، لە نێو بەرن، وڵاتی ئسیرائیل لەنێو بەرن و ئیسلامی شیعە بە سەر دنیادا زاڵ بکەن.

**دنیا دان بەوەدا بنێ یان نا، لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران، ئیسرائیل بۆ دنیای ئازاد بە گشتی دەجەنگێ.**

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## هەڵبژاردنی مایک واڵتز، ڕەخنەگری توندی سازش لەگەڵ ئێران بە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەلایەن ترامپەوە




**جوویش ئینسایدێر- مارک راد**

سەرۆککۆماری هەڵبژێردراو دۆناڵد ترامپ، مایک واڵتز (کۆماریخواز لە ویلایەتی فلۆریدا) وەکوو ڕاوێژکاری داهاتووی ئاسایشی نەتەوەیی دەستنیشان دەکات و بەو شێوەیە لایەنگرێکی ئیسرائیل و ڕەخنەگری سازان لەگەڵ ئێران بە کابینەکەیەوە زیاد دەکات. واڵتز کە ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەران لە ئەیالەتی فلۆریدایە، بە قووڵی بەشداری سیاسەتی دەرەوە بووە و خوازیارە وڵاتە یەکگرتووەکان زەختی زۆرتر بخاتە سەر ئێران و بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی.

واڵتز بە چڕیی کاری لە سەر پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە و ئاسایشی نەتەوەیی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا کردووە و بەر لەوەی وەکوو نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرێ: کڵاو سەوز بووە ، کارمەندی پێشووی سیاسیی پێنتاگۆن و سەرۆکی کۆمپانیایەکی کەرتی بەرگری بووە، هەروەها سەرۆکی کۆمیسیۆنی هێزە چەکدارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەندامی

کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوە و هەواڵگریی بووە، هاوکات لەگەڵ هەموو ئەوانە، ناوبراو پشتیوانێکی نەگۆڕی ئیسرائیلە.

مانگی ڕابردوو، کاتێک ئیسرائیل هێرشی تۆڵەئەستاندنەوەی دژی هێرشی هاژەکی بالیستیک لەلایەن ئێرانەوە بەڕێوە برد، واڵتز پێشنیاری کرد ئیسرائیل دەبووا هێرش بکاتە سەر دوورگەی خارک، شوێنی سەرەکی بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئێران، و بنکە ناوکییەکانی لە نەتەنز و پرسیاری کرد ئاخۆ بەڕێوەبەرایەتیی بایدن زەختی خستووەتە سەر ئیسرائیل هەتا "جارێکی دیکە کەمتر لەوە بکات کە لە توانای دایە".

ئەو لە سێپتەمبەردا بە جوویش ئینسایدێری گوت کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبوو زەخت بخاتە سەر حەماس و پشتیوانە ئێرانییەکانی و، بەڕێوەبەرایەتی بایدنی بە "زەختی یەکلایەنە بۆ سەر ئیسرائیل بە مەبەستی چوونە ژێر باری ڕێککەوتنی ئاگربڕ" لەگەڵ حەماس لە غەززە، تاوانبار کرد. واڵتز هەروەها گومانی خۆی لەمەڕ پێشنیاری ئاگربڕ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان دەربڕی. تەنانەت بەر لە شەڕی غەززە، واڵتز لە مانگی مای ٢٠٢٣ بە جوویش ئینسایدێری گوت کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بە ئاشکرا بڵێ پێش بە ئیسرائیل ناگری هەتا هێرش بکاتە سەر بەرنامەی ناوکی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان "لە ڕێگای ئامرازی جۆراجۆر دەبێ بە ئێران نیشان بدا کە توانایە سەربازییەکانمان بە شێوەیەکن بە ڕاستی دەتوانین زەرەری جیددی بە بەرنامەکەیان بگەیەنین".

واڵتز لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بە جوویش ئیسنایدێری گوت وڵاتە یەکگرتووەکان پێویستی بە نیشاندانی چاوترسێنکردنی بەهێزتر دژی ئێران هەیە و دەبێ بە ئاشکرا کاردانەوەکانی هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی، بە هۆی بەکرێگیراوەکانیەوە ڕا بگەیەنێ و هەروەها پێش بە پشتگیریی دارایی بۆ ئەوان لە لایەن ئێرانەوە بگرێ. ئەو جەختی کردووە کە کوشتنی قاسم سولەیمانی نموونەیەکی ئاشکرای چاوترسێنکردنە.

واڵتز ماوەیەکی دوور و درێژ سەرۆکی هەوڵە جووت حیزبییەکان بۆ زەخت خستنەسەر بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ دستنیشانکردنی دووبارەی حوسییەکان وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستیی بیانی بوو. لە سەرەتای ئەوساڵ ئەو هەروەها لەگەڵ تاقمێک کەوت کە نامەیەکیان بۆ قەتەر نووسی و هەڕەشەیان کرد سزا دژی ئەو وڵاتە پەسەند دەکەن، بێتوو ئازادکرانی شارۆمەندە ئەمریکاییەکانی بەبارمتەگیراو لە لایەن حەماسەوە مسۆگەر نەکات. ئەو بە جوویش ئینسایدێری گوت کە قەتەر پێویستە "کاری زۆرتر بۆ سەرکوتی چالاکییەکانی حەماس لە وڵاتی ئەواندا بکات".

**بەشی: چوارەم**

ئەو نوێنەری کۆنگرە لە ویلایەتی فلۆریدا هەروەها تێکەڵی ئەو هەوڵانە بوو کە داوا لە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەکەن هەتا وەڵامی هەوڵەکانی ئێران بۆ پشتگیریی لە خۆپیشاندانە دژی ئیسرائیلییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بداتەوە و هەڵوێستێکی توندتر دژی دەوڵەتی عێراق، لەبەر پشتگیرییەکانی لە تاقمە میلیشیاییەکانی سەر بە ئێران، بنوێنێ.

والتز لە ساڵی ٢٠٢٢ گوتی ئەو دژی هەر هەوڵێک بۆ دانوستان لەگەڵ ئێراندا دەوەستێتەوە و ڕێبەریی پەسەندکرانی یاسایەکی لە کۆنگرەدا کرد کە یاساکانی سەپێنراو لە کاتی سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ترامپدا بهێڵێتەوە، بێ ئەوەی بایدن بتوانێ بە فەرمانی سەرکۆماری، هەڵیانوەشێنێ یان سوپای پاسداران لە لیستەی ڕێکخراوە تێرۆریستییە بیانییەکان بێنێتە دەرێ.

ئەو هەروەها پشتیوانی سەرەکیی یاسای "مەهسا ئەکت" بوو کە لە وەڵامی کوشتنی مەهسا ئەمینی ٢٢ ساڵە و سەرکوتی نارەزایەتییەکان، کە بووە هۆی سەپاندنی گەمارۆ بۆ سەر ڕێبەری ئێران.

پێشتر، لە ساڵی ٢٠٢١، ئەو بەڕێوەبەری هەوڵە جووت حیزبییەکان، بە پشتگیریی ١٤٠ نوێنەری کۆنگرە، لەبارەی ئێران بوو کە لەودا داوا کرا کاردانەوە دژی سەرجەم چالاکییە خراپەکانی ئێران لە بوارەکانی ناوکی، هاژەکی بالیستیک، تێرۆریزم و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ، بە شێوەی سیاسی و سەپاندنی گەمارۆ بکرێ.

لە وتووێژێکدا لەگەڵ جوویش ئینسایدێر لە نێوەڕاستی ٢٠٢٣، والتز بە گشتی پشتیوانی مەرجەکانی عەرەبستانی سعودی بۆ ڕێککەوتنێکی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل، لە نێویاندا دانی گارانتی ئەمنییەتی و پشتگیریی لە بەرنامەی ناوکی عەرەبستانی سعودی کرد. پێشتر لەو ساڵیدا، ئەو داوای لە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن کرد خێرا باڵوێزێک بۆ ڕێککەوتنی ئیبراهیم دەستنیشان بکات.

جێگای سەرنجە کە والتز هەروەها بەرێوەبەری هەوڵی جووت حیزبی بۆ داکۆکی لە پلەی ڕێکخەری ئاسایشی بۆ ئیسرائیل و بەرێوەبەرایەتی فەلەستین لە کاتێکدا بوو کە بەڕێوەبەرایەتی بایدن بەتەمای دابەزاندنی پلەی کەسی بەرپرسی ئەو کارە بوو. یەکەم بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ کۆتایی بە پشتگیریی دارایی لە مەئموورییەتی ڕێکخەری ئاسایشی کردبوو. والتز هەروەها لایەنگری بەرنامەی هاوکاریی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بووە. ئەو بۆ ماوەی چەند ساڵ هەوڵی داوە یاسایەک پەسەند بکرێ بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی هاوبەش لەبارەی نەخۆشی پاش ڕووداوی ناخەهژێن، بەڕێوەبەری

پەسەندکرانی یاسا بۆ دابینکردنی بودجە بۆ ناوندی توێژینەوەی هاوبەش لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەمەڕ ژێریی دەستکرد و سەرۆکی هەوڵەکانی پشتگیریی لە بەرنامەکانی بەرگریی هاژەکی بووە.

ئەو هەروەها پشتیوانی سەرەکیی هەوڵەکان بۆ ڕەخنەگرتن لە فراکسیۆنی چەپی کۆنگرە بووە و ئەوانی بە پەرەپێدانی هێرشی دژی جوولەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و پشتیوانیی لە تیرۆریزم تاوانبار کردوە.

ئەو بەگشتی لایەنگری تەرخانکردنی بودجەی پێویست لە بواری بەرگریدا بووە و لە جانیوەری ٢٠٢١ بە جوویش ئینسایدێری گوت، وڵاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ بودجە بە شێوەیەک کەم بکاتەوە کە کاریگەریی لەسەر توانایی ئەو وڵاتە بۆ "چاوترسێن کردن و کێبڕکێ لەگەڵ چین، ڕوسیە، ئێران، کۆرەی باکوور و تیرۆریزمی جیهانی" هەبێ یان کاریگەریی نەرێنی لەسەر هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەبێ.

مایکڵ مەکۆڤسکی، سەرۆکی ئەنستیتۆی جوولەکە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، دەستنیشانکرانی واڵتزی وەک "دەستنیشان کردنێکی نایاب" وەسف کرد. ماکۆڤسکی گوتی، "ئەو فرە ژیر و جیددییە، پشتیوانێکی بەهێزی ئیسرائیلە، ناسازشکار لە بەرانبەر چین و ئێران، بە پەیوەندییەکی باشەوە لەگەڵ سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراو ترامپ. ئەو یارمەتی ترامپ دەکات تا توانایی چاوترسێنکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بگەڕێنێتەوە سەر دۆخی پێشوو، کە بەتوندی لاواز کراوە، زەخت دەخاتە سەر ڕێژیمی تاران و، پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکات بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان گەشە پێ بدا".

جەیسۆن برادسکی، بەڕێوەبەری سیاسەتی ئەنجومەنی یەکگرتوو دژی بەرنامەی ناوکیی ئێران دەستنیشانکرانی واڵتز بە "هەڵبژاردنێکی نایاب وەسف دەکات و دەڵێ واڵتز لایەنگرێکی بەهێزی ئەوپەڕی زەخت دژی ئێران و هاوپشتیوانی سەرەکی بۆ پەسەندکرانی یاسای مەهسا بووە." سەرۆکی ئەنجومەنی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی، جێب بوش دەڵێ واڵتز "نیشتیمانپەروەر" و "بڕبڕێرێکی نایابە."

سەرەڕای ئەوە کە واڵتز بە گشتی ڕوانگەی کۆنباوی لەمەڕ سیاسەتی دەرەوە هەیە، ئەو زۆرتر حەزی بەلای ئەو تاقمەی نێو حیزبەکەیدا هەیە کە خوازیاری سنووردارکردنی یارمەتییەکان بە ئۆکراینن. ئەو لە سێپتەمبەری ٢٠٢٣ لە وتارێکدا گوتی لەسەر ئەو بڕوایەیە بێتوو ئوکراین تووشی نسکۆ ببێ، ڕووسیە لە هەوڵی هێرش بۆ سەر وڵاتانی ناتۆ دەبێ و جەنگی جیهانیی سێهەم هەڵدایسێنێ. بەڵام ئەو بەڕێوبەرایەتیی بایدنی بەوە تاوانبار کرد کە لە دیاریکردنی ئامانجێک یان

## بەشی: چوارەم

ستراتیژییەکی قابیلی دەستپێڕاگەیشتن بۆ ئوکراین شکستی هێناوە. ئەو هەروەها گوتی یارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ "لێرە بەدواوە بە دابەشکردنی بارگرانیی لەگەڵ ئورووپا و پشتگیریی یەکسان لە لایەن ئورووپاوە گرێ بدرێ." واڵتز لەو دواییانەدا گوتوویەتی وڵاتە یەگرتووەکان دەبێ زەخت بێنێ تا ئۆکراین و ڕووسیە پێکەوە دانوستان بکەن، بەڵام بێتوو ڕووسیە خۆ لە دانوستان ببوێرێ، دەبێ چەکوچۆڵی زۆرتر بۆ ئوکراین دابین بکرێت، بە سنووردار کردنی کەمترەوە.

جێف بارتۆس، ئەندامێکی جوولەکەی کۆماریخواز کە بۆ هەڵبژێردران بۆ ئەنجومەنی پیران لە پێنسیلڤانیا خۆی بەربژێر کردبوو، بە جوویش ئینسایدێری گوت کە واڵتز "دەستنیشانکردنێکی فرە نایابە. ئێمە بە یەکەوە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار ترامپ لە پێنسیلڤانیا حەوتووی پێش هەڵبژاردن بەشدار بووین. لەهەر شوێنێک وێستابایین، مایک کاتی بۆ قسەکردن لەگەڵ هەر کام لە دەنگدەران تەرخان دەکرد و سەرنجی تایبەتی دەدا بە جەماوەری خاوەن ئەزموون لە جەنگدا. مایک بۆخۆی کەسێکی خاوەن ئەزموون لە بەشدارییی لە جەنگدایە، یەکەم کەسێک کە ئەندامی هێزە تایبەتییەکان بووە و پاشان بوەتە ئەندامی کۆنگرە و ستراتیژیستێکی فرە ژیرە. ئەو پشتێوانێکی نەگۆڕی پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیلە و لە ڕوانگەی بەربەرەکانی لەگەڵ دژبەرانی جوولەکە، بێوێنەیە".

١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڕووخانی ئەسەد گورزێکی قورسە لە "محیوەری مقاومەت"ی ئێران



**واشینگتۆن پۆست – سوزانا جۆرج و مستەفا سەلیم**

خێرایی کەوتنی سەرۆککۆماری سووریە بەشار ئەسەد، بە دوای زەبرە گورچوبڕەکان کە حیزبوڵڵا تووشیان بوو، گورزێکی قورسی لە "محیوەری مقاومەت" ئێران، کۆڵەکەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دا، کە لە ماوەی دەیان ساڵدا پێکی هێنابوو.

لە ماوەی شەڕی ١٣ ساڵەی نێوخۆیی سووریەدا، ئێران خوێنێکی زۆر و سامانێکی زەبەلاحی بۆ پشتگیریی لە ڕێژیمی ئەسەد تەرخان کرد، تەنیا بۆ ئەوە کە ببینێ دوای کەوتنی شار لە دوای شاری ئەو وڵاتە بۆ ژێر دەسەڵاتی یاخیبووان، وەبەرهێنانە مەزنەکەی لە ماوەی چەند ڕۆژدا لەنێو بچێ. بەڵام تاران تەنیا کڕیارێکی لەکیس نەدا؛ ئەو بۆی دەرکەوت توانایی نیشاندانی دەسەڵاتەکەی و کلیلەی ئەمنییەتی خۆی کۆتایی هاتوە.

حیزبوڵڵا، ئەو تاقمە میلیشیاییەی سەردەمێک کێبڕکێی لەگەڵ سوپاکانی ناوچە دەکرد، لە مانگی ڕابردوو تووشی شکستێکی

سەرشۆڕانە لە بەرانبەر ئیسرائیلدا بووە و بۆ نۆژەنکردنەوەکەی حیساب لە سەر ئێران دەکات.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، عەبباس عێراقچی، ڕۆژی یەکشەممە لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران دانی بەوەدا نا کە، "بەرەی خۆڕاگری ساڵێکی بەڕاستی دژواری تێپەڕ کردوە". بەڵام ئەو گوتی ئەوان زیاتر لە ئاستی چاوەڕوانکراودا دەرکەوتوون و ئاماژەی بە هێرشە بەردەوامەکانی حەماس دژی ئیسرائیل کرد: "کەس پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کە بەرەکە هێندە بەهێز بێ".

## خەڵکی دیکە لەوە بەگومانن

دیپلۆماتێکی ڕۆژاوایی، کە وەکوو خەڵکی دیکە، بە مەرجی بەنهێنی مانەوەی ناوەکەی ئامادەی گفتوگۆ لەسەر سیاسەتی هەستیاری ئەمنییەتی بوو، گوتی: "بێ سووریە، ئێمە توانیمان ببینین کە سەرجەم تەوەری خۆڕاگریی لەبەر یەک هەڵوەشا". لە نێوخۆی ئێران، هەواڵی ڕووخانی ئەسەد بەرەوڕووی ڕەخنەی بەربڵاو لە سیاسەتی تاران بۆوە، تەنانەت لایەنگرانیش ڕەخنەیان لە بڕیاری خەرجکردنی میلیاردها دۆلار لە ڕایەڵەیەک گرت کە وەها خێرا لێکهەڵوەشا. حیشمەتوڵڵا فەلاحەت پیشە، ئەندامێکی پێشووی پارلەمان لە ڕایەڵەی "ئێکس"دا نووسیی، "ئێرانییەکان ناتوانن دڵخۆش بن. ئیتر کەس مافی خەرجکردنی دۆلارەکانی وڵاتیان بۆ پاراستنی تۆڕی جاڵجاڵۆکان نییە ".

دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، تەوەرەکە، هاوپەیمانییەکی شل لە نێوان تاقمە چەکدارەکانی پشتگیریکراو لە لایەن تارانەوە لە یەمەن تا غەزە، وێدەچوو گەشە بکەن. بۆیە بە پشتیوانیی لە حەماس، حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن و تاقمە چەکدارەکانی عێراق بەیەکەوە هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا. بەڵام ئیسرائیل ڕێبەرانی حەماس و حیزبوڵڵای کوشت و هێزەکانیانی لە غەززە و لوبنان تووشی زەرەری بەرچاو کرد. هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، لە جیات چاوترسێنکردنی دوژمنەکەی، تەنیا لاوازییە مەزنترەکەی ئاشکرا کرد.

ئێران نزیکەی ٢٠٠ هاژەکی بالیستیکی لە مانگی ئۆکتۆبەر، لە مەزنترین هێرشی ڕاستەوخۆ لە جنگی شاراوەی دەیانساڵەیاندا، ئاراستەی ئیسرائیل کرد. بەڵام ئەو هاژەکبارانە، هەتا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان، پووچەڵ کرانەوە و زەرەرێکی کەمیان بەدواوە بوو. هێرشی تۆڵە

## بەشی: چوارەم

ئەستێنانەی ئیسرائیل بەڵام پێشکەوتووترین کەرەستە سەربازییەکانی ئێرانی لەنێو برد، واتە توانایی بەرگریی ئاسمانی. ماریا لوویسا فانتاپییە، سەرۆکی بەرنامەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ئینستیتۆی کاروباری نێونەتەوەیی لە ڕۆم گوتی، "ئێران پێویستە بیرێکی دیکە لە ستراتێژیی بەکرێگیراوانی بکاتەوە. بەکرێگیراوەکانی لە جیات سامان، زۆرتر بوونەتە بارگرانی بۆ ئەو ڕێژیمە".

کاربەدەستانی تاران پارەیان لە میلیشیاکانی دوورەدەست خەرج کرد، ئەوان بە ئێرانییەکانیان گوت ڕایەڵەکە ئەمنییەتی چەند توێ دەبەخشن و "ئەوان لە جیاتی لە ماڵەوە، شەڕی دوژمنەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکان دەکەن".

کاتێک هێرشی حەماس بووە هۆی هەڵایسانی ئاگری شەڕی ناوچەیی، ئەو دەلیل هێناوە تووشی تاقیکاریی بوو. لە ڕوانگەی فانتاپییەوە، ئەو بۆچوونە تووشی شکست بوو. ئەو گوتی، "ڕایەڵە بەکرێگیراوان ڕێگایەکی کاریگەر بۆ نیشاندانی دەسەڵات نییە. بە پێچەوانە، ئەوە نیشانەی لاوازی بوو".

لە چرکەساتەکانی ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەددا لە ڕۆژی یەکشەممە، پلەبەرزترین کاربەدەستانی ئێران بێدەنگ بوون. کاتێک وەزارەتی کاروباری دەرەوە لێدوانێکی بڵاو کردەوە، جەختی لەسەر مێژووی دوورودرێژی پەیوەندیی نێوان ئێران و سووریە کرد.

وەزارەتەکە گوتی، "پەیوەندیی نێوان دوو وڵاتی ئێران و سووریە، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەمیشە دۆستانە بووە. ئەو چاوەڕوانە ئەو پەیوەندییانە بە هەڵوێستێکی ژیر و دووربینانەی هەر دوو وڵات درێژەیان هەبێ".

کاتێک ئێران حەوتووی ڕابردوو هێزەکانی درووژاند تا بەرگری لە ئەسەد بکەن، داوای لە هاوپەیمانانی کرد تا هێڵی پشتگیریی تاران لە حیزبوڵڵای لوبنان بپارێزن.

چەند ڕۆژ دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی شاری حەڵەب لە لایەن تاقمی چەکداری حەیات تەحریر ئەلشام، عێراقچی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، لە دیمەشق سەردانی ئەسەدی کرد، دوای کۆبوونەوە لە کۆشکی سەرکۆماریی، مێدیای ئێرانی وێنەی عێراقچییان لە نێو ڕێستورانێکی ناوەندی شار بە پەیامێکی هاوپشتییەوە بڵاو کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: چوارەم

بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوونی پێشڕەوەییەکانی سەرهەڵداوان، نیگەرانیی ئێران زۆر زوو بەرەو پەشۆکان گۆڕا. عێراقچی لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران گوتی، "ئەوەی سەرسوڕهێنەر بوو بێتوانایی سوپای سووریە و خێرایی ڕووداوەکان لە سووریە بوو". ئەو گوتی تەنانەت ئەسەد، "لە دۆخی سوپاکەی خۆی پەشۆکا".

ڕۆژی هەینی، عێراقچی سەردانی بەغدای کرد تا پشتیوانیی کۆ بکاتەوە. بەڵام تا ئەوکاتی، کاربەدەستانی ناوچە و دیپلۆماتەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە هێزەکانی ئەسەد شاری حەمایان دۆڕاندوە و لە شارۆچکەکانی دەرەوەی دیمەشق پاشەکشە دەکەن.

## عێراق خۆی لە ناردنی هێز بوارد

کاربەدەستێکی عیراقی کە پەیوەندیی بە میلیشیا شیعەکانی عێراقەوە هەیە گوتی، "وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بە بێهیوایی عێراقی جێهێشت". کاربەدەستەکە گوتی، عێراقچی پێیوابوو بەغدا پشتگیریی لە تاران دەکات، وەکوو پێشدا کە لە کاتی شەڕی ناوخۆی سووریەدا کردبووی و لە بیستنی بۆچوونی پێچەوانە "سەری سوڕ مابوو."

دیپلۆماتێکی ناوچە گوتی، لە کۆتاییدا، ئێران بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ئەسەد "گرەوێکی دۆڕاو بوو" و فەرمانی بۆ هێزە سەربازییەکەی و باڵوێزخانەکەی دەرکرد کە ئەوێ چۆڵ بکەن. دوای چوار دەیە هاوپەیمانی، تاران دەیهەویست دۆڕانەکانی کەم بکاتەوە.

فەرماندە و دیپلۆماتەکانی ئێرانی بەپەلە خۆیان گەیاندە فرۆکەکانی فرۆکەخانەی دیمەشق. بەگوێرەی دیپلۆماتێک و کاربەدەستێکی عێراقی، بەشێکی دیکە هەوڵیان دا لە ڕێگای زەمینییەوە خۆیان بگەیێننە لوبنان و عێراق.

ڕۆژی یەکشەممە، محەممەد قادری، لێکۆڵەرێکی ئێرانی بە ڕایەڵەی ئێرنا، کە هەواڵدەریی فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەی گوت، "دەوڵەتی سووریە و، بەڕێز بەشار ئەسەد بۆخۆی، ئیتر ویستی مانەوەیان نەمابوو." ئەو ئیددیعاکانی پشتتێکردنی ئێران لە هاوپەیمانە درێژمەوداکەی ڕەت کردەوە. ئەو گوتی، "ئێران تا دوایین چرکەسات پشتیوانی سووریە بوو".

بەشی: چوارەم

بەڵام ڕەخنەی تاران پەرەی ئەستاند. بەشێک داوایان لە ڕێبەریی ئێران کرد وانە لە ڕووخانی ئەسەد وەرگرن.

عەبدولڕەزا داوەری، کە ڕاوێژکارێکی مەحمود ئەحمەدینژاد لە کاتی سەرکۆماریی ناوبراودا بوو لە "ئیکس"دا گوتی، "ئەزموونی کەوتنی شارەکانی سووریە وەکوو پوولی دۆمینە، وانەیەکی گرینگ پێیە." ئەو نووسی، "مەزنترین هاوپەیمانی هەر ڕێژیمێک خودی خەڵکەکەیەتی و ڕەزامەندیی خەڵک مەرجێکی پێویست بۆ مانەوە دژی هێرشی دەرەکییە".

٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## پێویستیی پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد



**ئورشەلیم پۆست – لوقمان ڕادپەی**

وەک بەشێک لە ستراتیژیی بەرینی وڵاتە یەکگرتووەکان، لەجیات سازش لەگەڵ توندئاژۆکان، وەکوو لە سووریە دەبینرێ، هاوکاریکردنی کوردان بژاردەیەکی پراگماتیکە. وڵاتە یەکگرتووەکان دەمێکە ناچار بووە ڕێگاچارەی دژوار لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەڵبژێرێ و زۆر جار لەگەڵ لایەنی نە زۆر باش بووتەوە هاوپەیمان تا ئامانجە ستراتیژیکییەکانی دەستەبەر بکات. نوێترین دۆخی ئەوتۆ، تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ "حەیات تەحریر ئەلشام" بوو تا بتوانێ ڕێژیمی ئەسەد بنکۆڵ بکات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئێران بەردەوام یەکێک لە ئالنگارییەکانی واشینگتۆن لە ناوچەکەیە، تێوەگلانێکی هاوشێوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێک کە ڕوانگەیەکی جیاوازی هەیە، دەتوانێ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بۆ گۆڕینی ڕێژیم بکات.

## بەشی: چوارەم

تاقمە ئەتنیکی و نەتەوەییەکان، بە تایبەت کوردەکان، دەورێکی سەرەکییان لە دروستکردنی ئالنگاری بۆ دەسەڵات و ڕەوایی تاران گێڕاوە. گەلی کورد، کە گریمانە دەکرێ حەشیمەتیان بگاتە ١٢ ملیۆن کەس، ماوەیەکی دوورودرێژە بەرەورووی هەڵاواردنی سیستماتیک، سڕینەوەی کولتوور و سەرکوتی سەربازیی دەبنەوە. لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩، حیزبە کوردییەکان دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم وەستاونەوە و خوازیاری خۆبەڕێوەبەری، حوکمڕانیی دێموکراتیک، مافی کەمینەکان و تەنانەت سەربەخۆیی بوون کە ئەمەیان لەلایەن پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) داوای دەکرێ. هێزەکانی ئێران بەردەوام ناوچە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای ئێران (ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک کوردەکان پێی دەڵێن) هەم بە هێزی سەربازیی و هەروەها ئابوورییەوە بە ئامانج دەگرن.

### هاوتەریببوون لەگەڵ ئەوانەی هاوبیری پرینسیپەکانی حوکمڕانی و پاراستنی مافی هەموو لایەکن

بۆ واشینگتۆن، ئۆپۆزیسیۆنی کورد، نوێنەرایەتی دەرفەتێکی تاقانە بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی ئێران دەکات، هاوکات کە خۆی لەگەڵ ئەو لایەنانە دەگونجێنێ کە خوازیاری پرەنسیپە سەرەکییەکانی حوکمڕانی و پاراستنی مافی هەمووانن. ئۆپۆزیسیۆنی کورد سێکولارە، دەیان ساڵە بناخەیان لەسەر ڕێکخستنی سیاسی دامەزراوە و، هاوتەریبی بایەخە دێموکراتیکەکانن. پشتگیریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، دەتوانێ ڕێژیمی ئێران ناچار بکات سامانەکانی ئاراستەی نێوخۆ بکات و تواناییەکانی بۆ دەستێوەردان لە سووریە، عێراق، لوبنان و یەمەن سنووردار دەبێ. لایەنە کوردییەکان خۆیان لە بەستراوەیی بە ئایدیۆلۆژییە توندئاژۆکان پاراستوە و لەجیاتان جەختیان لەسەر چارەی خۆ ووسینی دێموکراتیک کردوە. بێجگە لەوە، بەهێزکردنی هێزە کوردییەکان لە ئێران دەتوانێ تەواو کەری پشتگیریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کوردی عێراق و سووریە بێ، کە دەتوانێ ببێتە هاوسەنگییەکی بەربەرینتری ناوچەیی لە بەرانبەر تێرۆریزم و توندئاژۆییدا.

پشتگیریی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ یارمەتیدەری ڕایەڵە مێدیاییەکانی کوردی، هەم لە دەرەوەی وڵات و هەروەها لەنێوخۆی ناوچە کوردییەکاندا بێ. هەروەها، پشتگیریی نهێنی لە هێزە کوردییەکان دەتوانێ بەشینەوەی زانیاریی هەواڵگریی، تەکنەلۆژی چاودێریی و، ئامێری تاکتیکی بۆ پشتگیریکردن لە کوردان بێ تا بتوانن لە بەرانبەر سەرکوتە سەربازییەکانی ڕێژیم بەرگریی لە خۆیان بکەن. هەموو ئەوانە دەتوانن بێ تێوەگلانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکرێن.

بەڵام، ئالنگاریی لۆجیستیکیی بەرچاو بۆ ستراتێژیی پشتگیرییلە کوردانی ئێران هەن. دەستڕاگەیشتن بە ڕۆژهەڵات ساکار



سەرچاوە Serchawe

نییە، بە تایبەت بە لەبەرچاو گرتنی بوونی هێزی سەربازیی تاران و کۆنترۆڵی ئەوان بەسەر ناوچەکەدا. هیچ حوکمڕانییەکی هاوشێوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق لە ئارادا نییە کە بتوانێ بوار بۆ گواستنەوەی سامان بڕەخسێنێ و ببێتە پێگەیەک بۆ پشتگیریی وڵاتە یەکگرتووەکان. وڵاتە یەکگرتووەکان ناچارە بە نهێنی هاوکاریی لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە هەرێمی کوردستان بکات تا بتوانێ چارەسەری بەربەستە لۆجیستیکییەکان بکات. لە کاتێکدا کە دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ کردەنی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشینەوەی زانیاریی هەواڵگریی و یارمەتی مرۆیی کاریگەریی دەبێ.

ئەزموونی سووریە سێ وانە دەسەلمێنێ: یەکەم، دژبەرانی ڕۆژئاوا زۆر جار هێندەی بانگەشەی بۆ دەکەن بەهێز نین. دووهەم، لاوازکردنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان زۆر جار پێویست بە تێوەگلان لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکات، هەرچەند بێ خەوشیش نەبن. سێهەم، مەترسییە درێژخایەنەکانی خاوەن دەسەڵات کردنی لایەنە توندئاژۆکان، دەتوانێ ئەو ئامانجانە بنکۆڵ بکات کە ئەوان دەڵێن بەتەمای دەستەبەر کردنیانن.

ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کوردانی ئێران قەت پشتگیریی بەرچاویان بۆ چاکسازیی پێکهاتەیی یان پەرە پێدانی پرۆسە دێموکراتیکەکان وەرنەگرتوە، جا چ لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ناکارامەی ئێرانییەوە بووبێ یان لە لایەن سەرچاوە ڕۆژئاواییەکانەوە. پشتگیریکردنی کوردانی ئێران دەرفەتێک بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەستەبەر دەکات تا بتوانێ دەسەڵاتی تاران لاواز بکات. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە تەنیا دەتوانێ ڕێژیم بڕووخێنێ یان داهاتووی ئێران بگۆڕێ. بەڵام، وەک بەشێک لە ستراتێژییەکی بەربەرینتری وڵاتە یەکگرتووەکان، هاوکاریکردنی کوردان بژارەیەکی پراگماتیک لەجیات سازشکردن لەگەڵ توندئاژۆکانە کە لە سووریە دەبینرێ. ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەتوانێ تا پێشکەشکرانی دوورەدیمەنێکی جێگای متمانە و دێموکراتیک بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە، دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی تاران تووشی ئالنگاری بکات. بە گەڕانەوەی سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ترامپ دژی ئێران، ئەوە دەرفەتێکە کە شایانی تاقیکردنەوەیە.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤

## دەوڵەتی ناکارامەی ئێران دەرفەتی نوێ بۆ گۆڕینی ڕێژیم دەستەبەر دەکات



**ئورشەلیم پۆست – دان دایکەر**

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دامەزرانیەوە لە ساڵی ١٩٧٩، لە هەموو کاتێک زۆرتر لە هەلومەرجێکی ناسکدایە. ئێستا کاتی هاتوە ئێرانییەکان ڕێژیم برووخێنن و ڕێگا بۆ دەوڵەتێکی ئازاد، دێموکڕاتیک و یەکگرتوو خۆش بکەن.

لە کۆتاییەکانی حەفتاکانی زایینی، ئوری لوبرانی دوایین باڵوێزی ئیسرائیل لە دەربارەی ئێران و پرۆفیسۆری ئەفسانەیی مێژووناس، بەرنارد لویس، پێشبینیی ڕووخانی دەسەڵاتی شای ئێران، محەممەدڕەزا پەهلەوییان کرد. پرۆفیسۆر لویس لەبیری ماوە کە شای ئێران، لە دۆخێکی وروژاودا، بە ئاماژەکردن بەوە کە مێدیای ڕۆژئاوا لەژێر کاریگەریی جوولەکاندایە، داوای لە لویس کرد "بە خەڵکی خۆت بڵێ دەست لە نووسینی شتی نەرێنی لەسەر من هەڵگرن".

لویس، بە چاویلکەی مێژووناسییەوە، داوا دژە جوولەکەکەی وەک نیشانەی بێهیوایی لێکدایەوە و پێشبینیی کرد ئەوە

## بەشی: چوارەم

دەستپێکی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی و سەرهەڵدانی ڕژێمی ئیسلامی بێ. پێشبینیی لویس دروست بوو، هەم ئەوکاتی و هەروەها هی ئێستاش. چل و پێنج ساڵ دواتر، بێهیوایی ڕژێمی ئیسلامی بۆ مانەوە بووەتە هۆی هێنانەگۆڕێی دیسکۆرسێکی بێوێنەی دژی جوولەکە کە جوولەکەکانی نێوخۆی ئێران بە ئامانج دەگرێ. پێشتر، ڕژێم هێندێک لێدوانی دژە جوولەکەی بە دژی زایۆنیزم و زایۆنیستەکان بڵاو دەکردنەوە و خۆی لە هێرشکردنە سەر کۆمەڵگەی جوولەکەی ئێرانی دەبوارد. بەڵام، لەبەر پەرەئەستاندنی بێهیواییەکەی، بەتایبەتی دوای ڕووخانی بەرهەمە نایابە هەرێمییەکەی، واتە حیزبوڵڵا لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤، ڕێچکەیەکی فەرمیی نەفرەت لە جوولەکانی گرتووەتە بەر.

ئەمڕۆ، ڕژێم بە شێوەی سیستماتیک سووکایەتیی دژە جوولەکە بڵاو دەکاتەوە. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، پێشنوێژەکانی نوێژی هەینی لە چەند شاری ئێران لە ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی هەینیدا حاشایان لە ڕەوایی بوونی "دەوڵەتی جوولەکان" کردوە. لێدوانە پڕ نەفرەتەکانی نوێژی هەینی بوونە بەرنامەی ئاسایی کاناڵەکانی تەلەفزیۆن. ڕێبەرانی ئایینی، کاربەدەستانی سەربازیی، ڕووناکبیران، هونەرمەندان و کەسایەتییە ناسراوەکان لە هێڵی "دژە زایۆنی" تێپەڕیون و بەئاشکرا بێزێزی دژی جوولەکان بڵاو دەکەنەوە. ڕژێم خەریکی دروستکردنی ئەو ڕوانگەیە کە گوایە هەموو خەڵکی ئێران لایەنگری ئەجێندای دژی جوولەکەی ئەوانن.

نموونەکان زۆرن، محەممەد خەزعەلی، کوڕی ئایەتوڵڵایەکی بەناوبانگ، لە گفتوگۆیەکی ئەو دواییانەدا جوولەکەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە دوژمنی ڕێژیمن. لە نموونەیەکی دیکەدا، پێشنوێژێکی شاری قەزوین، کە نوێنەری خامنەییە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی دەوڵەتیدا لە پڕ بینەرترین کاتی شەو، بێزێزییەکی زۆری بە جوولەکان کرد. ئەو بە ئاماژەکردن بە قورئان، هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە جوولەکە حەز لە پارە دەکەن، چاوچنۆکن و دەبێ لە حاکمە موسڵمانەکانیان بترسن.

لە نموونەیەکی دیکەدا، ئەندامێکی پلەبەرزی سوپای پاسداران، سەردار محەممەد جەعفەر ئەسەدی لە بەرنامەی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی ڕژێمدا گوتی "جوولەکە لەعنەتییەکان" لە ٧ی ئۆکتۆبەر بەولاوە کاری هەڵەیان بەرانبەر بە سەرجەم خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کردوە. کاتێک ئەو کەسەی وتووێژی لەگەڵ دەکرد پرسیاری لێ کرد، "مەبەستت زایۆنیستەکان نییە؟" ئەو وڵامی دایەوە و گوتی "نا، هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە، ئەوان خراپترین کاریان لەگەڵ پێغەمبەری خۆیان کردوە، ئەوە شتێکی زانراوە (وەک سەرچاوە ئاماژەی بە قورئان کرد)".

**بەشی: چوارەم**

نووسەری ئێرانی محەممەد تاریزاهێدیش بە هەمان شێوە لە کاتێکی پڕ بینەر لە سەر تەلەفزیۆن گوتی جەژنی پوریمی جوولەکان "دژی ئێرانییەکان و ڕەگەزی ئارییە" و بۆ "دروستکردنی مێژووی جوولەکە و قوربانیبوونیان" هەڵبەستراوە.

ڕەنگبێ ئەوەی بەردەوام، لە لایەن وتاربێژانەوە، کە بە شێوەی نەریتی بەر لە وتاردان دەگوترێتەوە، ئاماژە کردن بە جوولەکان وەک "کافر" بێ و دەڵێن ئەوان دەبێ "چاوەڕوانی نەهامەتی لەلایەن لایەنگرانی عەلی" بن. ئەوە پێش وتارە گرینگەکانی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی دووپات دەکرێتەوە.

## هەرەسهێنانی ئێران

وەکوو لە ١٩٧٩ رووی دا، جارێکی دیکە دژە جوولەکەبوونی ڕێژیم وێدەچێ پێشبینیکرانی لێکهەڵوەشانی بێ. ئابووریی ئێران خەریکی تێکرمانە. دراوی ئێران بووەتە یەکێک لە لاوازترین دراوەکانی جیهان. هەژاری و برسییەتی بەربڵاوە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی خواردەمەنی و دەرمان داخراون. کەمبوونی سووتەمەنیی بەربڵاو و کووژانەوەی کارەبا، بە داخرانی ١٧ شوێنی بەرهەمهێنانی کارەبا، وڵاتەکە ئازار دەدەن. کارەبای بنکەی سەرۆککۆمار نیوە کووژاوەیە. ناوەندە بازرگانییەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان، فەرمانگەکانی پۆلیس و دامودەزگا حکوومەتییەکان داخراون.
هەرەسهێنانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر ئاکامی تێچووە چەند ملیارد دۆلارییەکەی بۆ بەکرێگیراوانی وەکوو حەماس، حیزبوڵڵا و حوسییەکانە کە ئێستا تا ڕادەیەکی زۆر بێکەلک کراون. مۆرەی ئێران لە سووریە، واتە ڕێژیمی ئەسەد رووخاوە. تێکشکاندنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی ئێران و بنکە هەستیارەکانی دیکە لە لایەن ئیسرائیلەوە، ڕێژیمی ناسکتر لە پێشوو و بێهیواتر کردوە.

لە نێوخۆ، نارەزایەتیی جەماوەری ئاستی بڕوابەخۆیی ڕێژیمی دابەزاندوە. سەرکوتی درندانەی ڕێژیم دژی جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دوای کوشتنی مەهسا ئەمینی لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢، بووە هۆی زیاد کردنی سەرکوت، دەستبەسەر کردن، ئەشکەنجە و لە سێدارەدانی بەرهەڵستکاران، کە ئەوەش نیشانەی ترسی ڕێژیم لە لەکیسدانی کۆنترۆڵەکەیەتی.

## خامنەیی دانی بەوەدا ناوە

ئەو کەلکی لە سۆسیالمێدیا وەرگرت تا شکست و ناسکیی ڕێژیمەکەی بشارێتەوە و گوتی "دەڵێن کۆماری ئیسلامی

## بەشی: چوارەم

بەکرێگیراوەکانی لە ناوچەدا لەکیس داوە. کۆماری ئیسلامی هێزی بەکرێگیراوی نین. یەمەن لەبەر ئاییینی خۆی دەجەنگێ. حیزبوڵڵا، حەماس و جیهادی ئیسلامی بۆیە شەڕ دەکەن چونکە بڕوای ئاییینی ئەوان پێیان دەڵێ وا بکەن." خامنەیی، بە هەمان شێوە لەبارەی دۆڕانەکەی لە سووریە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکسدا لێدوانی داوە، "لاوانی سووریە هیچ شتێکیان بۆ لەکیسدان نیە. زانکۆکانیان، قوتابخانەکانیان، ماڵەکانیان و ژیانیان ئەمین نین. ئەوان دەتوانن چی بکەن؟ ئەوان دەبێ بڕوا بەخۆ دژی ئەو لایەنانە بوەستنەوە کە ئەو نائەمنییەیان هێناوەتە ئاراوە و ئیشاڵڵا ئەوان بەسەریاندا سەر دەکەون." لە نێوخۆ، مەلاکان درێژە بە کایە بە قووڵترین ترسەکانی جەماوەر دەکەن. ئەوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بەوە تاوانبار دەکەن کە پیلانی دابەشکردنی ئێران بەسەر حکوومەتی ئەتنیکی جۆراجۆردا دادەڕێژن. ڕێژیم هەڕەشەی لە خەڵک کردووە و پێشبینی کردوە کە سەر ڕوتکردن لە ئێران خەڵک تووشی چارەنووسی لیبی دوای موعەممەر قەزافی و هەروەها خەڵکی عێراق دوای ڕووخانی سەددام حوسێن دەکات.


دەستێوەردانەکان و دژە جوولەکە بوونی ڕێژیم نیشانەی دوایین هەوڵی ڕێژیم بۆ وروژاندنی جەماوەری ئێرانی دژی کۆمەڵگەی ناسکی جوولەکەی ئێرانە. ئێرانی ئەمڕۆ، ڕووت، ناسک و بێهیواتر لە هەموو کاتێک دوای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ١٩٧٩یە. دنیای عەرەب، ئیسرائیل و دەستبەکاربوونی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ وەک لایەنی بەهێز بۆ گرەو لەسەرکردن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەیر دەکات. گەڕانەوەی سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ یارمەتیدەری تێکدانی هاوسەنگی بە زەرەری ڕێژیمی ئێران بێ. ئێستا کاتیەتی خەڵکی ئێران ڕێژیم بڕووخێنن و ڕێچکەیەکی نوێ بەرەو دەوڵەتێکی ئازاد، دێموکڕاتیک و یەکگرتووە بکەنەوە.

١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# پلانی ١٠٠ ڕۆژەی ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ترامپ




## پێشەکی

ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی هێندێک پێشنیاری بە بەڕیوەبەرایەتیی نوێی ترامپ کردوە کە بە پلانێکی ١٠٠ ڕۆژە لە بنەڕەتدا سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران داڕێژێتەوە. ئەم ڕێکخراوەیە دەڵێ ڕێژیمی ئێران وەک سەرەکیترین دەوڵەتی پشتگیریکەری تێرۆریزم ماوەیەکی دوور و درێژە هۆی سەرەکی ناسەقامگیریی ناوچەییە و تا ڕادەیەکی زۆر بێ ئەوەی بەرەورووی سزدان بێتەوە، تۆوی دووبەرەکی دەچێنێ. لە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و پڕچەککردنی مەترسیدارترین تاقمە تێرۆریستییە ئیسلامییەکان لە ماوەیەکی دوور و درێژەوە بگرە تا ئەو دواییانە کە بۆ داگیرکردنی ئۆکراین فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەناردەی ڕوسیە کردوە. هەموو ئەوانە لە کاتێکدایە کە خەڵکی ئێران سەرکوت دەکات و هەڕەشەی هەنگاونانی خێرا بەرەو چەکی ناوکی دەکات. ئێران قەت بە شیوەی شیاو ناچار نەکراوە بەرپرسیارەتیی ئەو کردەوانە بگرێتە ئەستۆ.

## بەشی: چوارەم

ئەوە دەبێ کۆتایی پێ بێ و، سەرۆککۆماری هەڵبژێردراو ترامپ و هەروەها گەلێک لە بەربژێرە پلەباڵاکانی کابینەکەی، هەر ئێستا ئاماژەیان بە ئامانجی خۆیان بۆ دڵنیا بوون لە ئاڵوگۆڕێکی ڕادیکاڵ لە کردەوە بەدخوازانەکانی تاران کردوە. پێشنیارەکانی ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی هەموو جۆرە ئامرازەکانی دەسەڵاتی نەتەوەیی ئەمریکا دەگرنەوە: سیاسی، زانیاری، سەربازی و ئابووری کە ئامرازی یەکلایەنەی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەستپێشخەریی بۆ جێبەجێکردن لەگەڵ هاوپەیمانانی ئەمریکا دەگرنەوە.

### سیاسی

باس لە سیاسەت بەرانبەر بە ئێران لە یەکەم وتاری سەرکۆماریدا: سەرکۆماری هەڵبژێردراو دەبێ وتارێکی سیاسی پێشکەش بکات و لەودا خاڵە گشتییەکانی ستراتێژییەکەی بەرانبەر بە ئێران ئاماژەی پێ بکرێ و باسی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی تێدا بێ. سەرکۆمار نەتەنیا دەبێ ڕوو بە ئەمریکاییەکان، بەڵکو ڕوو بە ئێرانییەکانیش قسە بکات و بە ڕوونی بڵێ ئامانجی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لاوازکردنی توانای کۆماری ئیسلامی بۆ شەڕەنگێزیی دەرەکی و سەرکوتی نێوخۆییە و بوار بۆ وەدیهێنانی خولیاکانیان خۆش دەکات.

بڕیارنامەی ڕەخنەگرانەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی: بناخەی پەسەندکردنی بڕیارنامەیەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن ئەنجومەنی وڵاتانی بڕیاردەری ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی دژی ئێران دابنرێ کە ئاماژە بە ڕەچاو نەکردنی ئەرکەکانی ڕێککەوتنی پەرەپێنەدان بە چەکی ناوکی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەنگاوی زیاتر بکرێ.

کەڵک لە مێکانیزمی پەلەپیتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرە: باس لە پشتگیریی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کەلکوەرگرتن لە میکانیزمی سەپاندنی گەمارۆی پەلەپیتکە لە لایەن سێ وڵاتی ئوروووپایی، لە ژێر بڕیاری ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ کە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێش واژۆ کردنی ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران و تێکشکاندنی چوارچێوەی ڕێککەوتنە فەشەلە ناوکییەکە بەیەکجاری. گەمارۆکانی میکانیزمی پەلەپیتکە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥ کاتیان بەسەر دەچێ و، دانانی بەرنامە بۆ کەلکوەرگرتن لە میکانیزمەکە دەبێ دەستبەجێ دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەرکۆماری هەڵبژێردراو ترامپ دەست پێ بکات.

## بەشی: چوارەم

هاوپەیمانییەک بۆ بەرپەرچدانەوەی ئێران پێک بێنە: هاوپەیمانییەک لە وڵاتانێک پێک بێنێ کە ئامادەن هەنگاو بۆ تەریکخستنەوە و زەخت خستنە سەر کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکانی: ناوکی، پەرەدان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک، شەڕەنگێزیی ناوچەیی، تیرۆریزم، بارمتەگرتن، پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵیی بگرێتەوە. وڵاتانی ٥+١ (وڵاتە یەکگرتووەکان، بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕوسیە و چین) چیدیکە تاقمێکی یەکگرتووی خاوەن داهاتوو نییە کە لەودا، بە لەبەرچاوگرتنی ڕووداوە ژێئۆپۆلیتیکییەکانی ئەو دواییانە، لەگەڵ تاران هەڵسوکەوت بکرێ. بەڵام، ڕوانگەی ئورووپا بەرانبەر بە هەڕەشەی تاران لە لایەن ئورووپاوە، لەبەر دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە بۆ جەنگ دژی ئوکراین، لە لایەن تارانەوە بە شێوەی بەرچاو گۆڕاوە. ئەوە دەبێتە هۆی دەرفەتی بەهێز بۆ ورووژاندنی هاوپەیمانە ئورووپاییەکان و ئەوانی دیکە.

هاتوچۆی کاربەدەستانی ئێرانی لە نەتەوە یەکگرتووەکان سنووردار بکە: سنوورەکانی سەفەرکردن کە لە یەکەم بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەسەر نوێنەرایەتیی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بگەڕێنەوە، سەفەری دیپلۆماتەکانی ئێرانی بۆ ماڵەکانیان، شوێنی کاریان و بینای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان سنوور دار بکەن. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ خۆ لە دانی ڤیزا بە سەرکۆمار، وەزیری کاروباری دەرەوە و کاربەدەستانی دیکەی ئێران بۆ سەفەر بۆ نیویۆرک بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئەوکاتەی ئێران هەڕەشە لە خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات، ببوێرێ.

گەمارۆکانی مافەکانی مرۆڤ هاوئاهەنگ بکە: لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان کار بۆ هاوئاهەنگکردنی گەمارۆکانی سەر ئەو کاربەدەستە ئێرانییانە بکەن کە بەرپرسی پێشێلکارییەکانی دژی مافەکانی مرۆڤن.

یاسای مەهسا جێبەجێ بکە: یاسای مەهسا جێبەجێ بکە، کە ڕێگا بە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ڕێبەری گەورەی ئێران و کاربەدەستە پلەبەرزەکانی دیکە و یەکەکانی تێوەگلاو لە تیرۆریزم و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەدا.

حوسییەکان وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی دەستنیشان بکە: تاقمی میلیشیایی ئەنسارئەڵڵا (حوسییەکان) لە یەمەن کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکرێن و بووەتە هۆی وەستاندنی بەرچاوی کەشتیوانیی جیهانیی بە هێرشەکانی و فڕاندنی کەشتییە زەبەلاحەکان، بە تایبەت لە دەریای سوور، جارێکی دیکە وەک ڕێکخراوی تیرۆریستیی بیانی دەستنیشان بکە.

سوپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەستنیشان بکە: ببە بە پێشڕەوی هەوڵەکان بۆ ڕاکێشانی هەرچی زۆرتری وڵاتانی دنیا بۆ دەستنیشانکردنی سوپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی، وەکوو چۆن وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەردەمی یەکەم بەڕێوەبەرایەتیی سەرکۆماریی هەڵبژێردراو ترامپدا ئەو کارەی کرد. هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لەنێویاندا بریتانیا، لە ڕابردوودا ئامادەیی خۆیان بۆ هەنگاوێکی ئەوتۆ دەربڕیوە.

بەربەرەکانی لەگەڵ دزەکردن بکەن: بە هاوبەشیی هاوپەیمانە ئوروووپاییەکان گەمارۆ بخەنە سەر تۆڕەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ دانانی کاریگەریی و دزەکردن لە نێو ڕۆژئاوا و ئەو تۆڕانە هەڵوەشێنن کە لە ژێر دەمامکی ئایینی و فەرهەنگیدا کار دەکەن. وەک ڕێکخراوی یەکگرتوو دژی ئێرانی ناوکی ئاشکرای کرد، ئەو ناوەندانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە سوپای پاسداران و هەوڵەکانی بۆ حاملاندنی توندئاژۆیی و دژە جوولەکەی توندڕەو لە سەر خاکی وڵاتانی ڕۆژئاوا هەیە.

## ئۆپەراسیۆنی ئاگادار کردنەوە و بەربەرەکانی لەگەڵ سانسۆر و بڵاو کردنەوەی زانیاریی هەڵە

ئۆپەراسیۆنە دەروونییەکان: هێزێکی چالاک لە بارەی ئێراندا دروست بکە پسپۆڕی ئۆپەراسیۆنە دەروونییەکان بە زمانی فارسی بێ بۆ ورەبەخشین بە هەوڵە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران، هاوکات بە مەبەستی لاوازکردن، دووبەرەکینانەوە و بنکۆڵ کردنیان، لە کەمپەینی ئۆپەراسیۆنی دەروونیدا ڕێژیم و سوپای پاسداران بە ئامانج  بگرێ.

لاواز کردنی سانسۆڕ: پێشترییەتی بە هەوڵەکان بۆ دڵنیا بوون لە دەستڕاگەیشتنی خەڵکی ئێران بە زانیاریی سانسۆڕنەکراو بدە. ئەوە دەبێ پشتگیریی و پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیی وەک ئینتەرنێتی ساتەلایتیی ستارلینک بگرێتەوە، کە کاناڵی جێگرەوە بۆ پەیوەندیی گرتن و بڵاو کردنەوەی زانیاریی جێگای متمانە دەستەبەر دەکات.

بەرپەرچی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و  ئۆپەراسیۆنەکانی کاریگەریی خراپ بدەرەوە: ئەوە ستراتیژییەکی گشتگیر دەخوازێ تا هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵمەتەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە لەلایەن ڕێژیمی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و دنیای ڕۆژئاوا بکرێ. ئەو هەڵوێستە دەتوانێ بەهێزکردنی گێڕانەوەی جێگای باوەڕ، هاوکاریی لەگەڵ هاوبەشانی نێودەوڵەتی و کۆمپانیا تەکنەلۆژییەکان بۆ بە ئامانج گرتن و سڕینەوەی زانیاریی هەڵەی ئێران و کەڵکوەرگرتن لە تواناییەکانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بۆ ئاشکرا کردن و پووچەڵ کردنەوەی پرۆپاگاندا درۆیینەکانی ڕێژیمی ئێران بگرێتەوە. ئەوە هەروەها دەبێ گەمارۆ خستنە سەر تاک و یەکەی ئێرانی بگرێتەوە کە هەوڵ دەدەن دزە بکەنە نێو

دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا، لە نێویاندا زانستگاکان، ئینستیتۆکانی توێژینەوە و میدیا بۆ برەودان بە بەرژەوەندییەکانیان. بەڕێوەبەرایەتیی داهاتوو دەبێ لەگەڵ کەرتەکانی گشتی و تایبەت بۆ کەڵک وەرگرتن لە باشترین ڕێکارەکان، وردبینییەکان وستانداردەکانی ئاشکراکردن لە سەرجەم هەڵسوکەوتەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، کار بکات.

سیاسەتی گشتیی وڵاتە یەکگرتووەکان ببووژێنەوە: بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ پێشڕەوی هەوڵەکان بۆ بووژاندنەوەی سیاستی گشتیی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران بێ، بە تایبەت ئەژمارەکانی سۆسیال میدیا بۆ بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی پەیوەندیدار و داهێنەرانە لە مەڕ ئەو بەسەرهاتانە کە خەڵکی ئێران ڕاستەوخۆ پێیانەوە سەرقاڵن. پەیامی وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ جەخت لەسەر تەریک خستنەوەی کۆماری ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی زانیاریی لەمەڕ گەندەڵیی ڕێبەریی ئێران، دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی و بەفیڕۆدانەکانیان بێ، هاوکات خەڵکی ئێران بەهێز بکات.

## ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و تایبەت

لێدوانی فەرمی لەمەڕ لەکارکردنی هێز: سەرکۆماری هەڵبژێردراو ترامپ دەبێ لە وتاری ڕاگەیاندنی سیاستەکەیدا بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا بڵێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەکارهێنانی هێزی سەربازیدا دوو دڵ نابێ، بێتوو بەرنامەی ناوکی ئێران بەرەو پەرەپێدانی زیاتر بە تواناییەکانی هەنگاو بنێ. ئەو هەروەها دەبێ داوا لە ئێران بکات پرەنسیپی سڕکردنی پیتاندن یان کەم کردنەوەی ئاستی ئۆرانیۆمی پیتێندراو قبووڵ بکات. بە هەمان شێوە، ئەو دەبێ بەئاشکرا بڵێ کە بێتوو ئێران یان بەکرێگیراوەکانی زەرەر بە ئەمریکاییان بگەیەنن، هێرشەکان بە هێرشی ڕاستەوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر بنکەکانی سوپای پاسداران لە نێوخۆی ئێران وەڵام دەدرێتەوە.

دانی چەک و تەقەمەنیی پێشکەوتوو بە ئیسرائیل: دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل بکە بۆ گواستنەوەی هاژەکی GBU-57 کە بۆ تێکشکاندنی بنکەی ژێر زەوی کەڵکی لێ وەردەگیرێت، بۆ ئەوەی ئیسرائیل بتوانێ هێرش بکاتە سەر ئامانجی ناوکی پتەوکراو وەک بنکەی پیتاندنی فۆردۆ، و هەروەها بۆمبهاوێژی B-52 وەک هەڵگری ئەو هاژەکانە بەکرێ بدە بە ئیسرائیل. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ هەروەها دڵنیایی بدا کە فڕۆکەی هەڵگری سووتەمەنی بوئینگ KC-46A کە قەرارە لە سەرەتای ٢٠٢٥ بدرێن بە ئیسرائیل، لە کاتی خۆیدا ئەو کارە دەکرێ.

بەڕێکردنی چەکوچۆڵ بۆ هاوبەشە عەرەبەکان زیاد بکە: بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ترامپ دەبێ بەڕێکردنی چەکوچۆڵ بۆ هاوبەشە عەرەبەکان زیاد بکات تا توانایییە چاوترسێنکەرانەکانیان دژی ئێران باشتر بکات.

لە هێرشی ئامانجدار بەردەوام بە: فەرماندەکانی سوپای پاسداران، ئەندامانی بەووجی سوپای قودس و وەزارەتی هەواڵگریی لە نێوخۆی ئێراندا بە ئامانج بگرە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی زەرەر بە ئەمریکاییان بگەیەنێت. لە جانیوەری ٢٠٢٠ لە هێرشێکدا ژەنراڵ قاسم سلێمانی کوژرا کە لێدانێکی گورچوبڕ لە سوپای قودس بوو و توانایییەکان و پێکهاتەکەی بنکۆڵ کرد. بەڕێوەبەرایەتیی نوێ دەبێ هەروەها ڕوونی بکاتەوە کە ڕێبەریی حوسییەکان دەبێتە ئامانجی سەربازیی ڕەوا لە وەڵامی هەر هێرشێکی حووسییەکان بۆ سەر پاپۆڕە مەدەنی و سەربازییەکانی ئەمریکا.

ئامرازەکانی سەرکوت لاواز بکە: لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ناڕەزایەتی لە ئێران، دامەزراوەی سەرکوتکاری سوپای پاسداران، بە ئامرازی سایبەری و فیزیکی بە ئامانج بگرە، بێتوو بڕیار بدا توندوتیژانە خۆپیشاندەرانی ئێرانی سەرکوت بکات. ئەو هەنگاوانە دەتوانێ توانایییەکانی سوپای پاسداران لاواز بکات، ڕێژەی خوێنڕێژیی لە سەر شەقامەکانی ئێران کەم بکاتەوە و، پشتگیریی لە داوا دیموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران بکات.

بەرنامەی وازهێنانی سەربازی: بەرنامەی ئامانجدار و گشتگیری وازهێنان داڕێژە کە ببێتە هۆی هاندانی مۆرە پلەبەرزەکانی ڕێژیم، لە نێویاندا ئەندامانی سوپای پاسداران، بەسیج و پێکهاتەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە ئاسایشەوە، تا واز لە ڕێژیم بێنن.

## ئابووری و کەشتیوانی

گەمارۆی دارایی: پێشترییەتی بدە بە بەربەرەکانی لەگەڵ سپی کردنەوەی دراو و دابین ردنی پشتگیریی دارایی بە هەڵوێستی فرە ڕەهەند کە ئابووری ئاشکرا و ئابووری ڕەش/شاراوەی کۆماری ئیسلامی بە ئامانج بگرێ. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ لەگەڵ هاوپەیمانان و هاوبەشەکانی، گەمارۆی بەهێز بە سەر دامەزراوە گرینگە داراییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە نێویاندا یەکە ڕووکەشییەکانی کە بە نێوی "خێر خوازیی" کار دەکەن و کەسانی پیوەندیدار بەوانەوە بسەپێنێ و جێبەجێیان بکات. بەڕیوەبەرایەتی نوێ هەروەها دەبێ دەست بە هەڵمەتی ئاشکرا بکات کە لەواندا خەڵات بۆ دانی زانیاریی یەکلاکەرەوە دیاری بکرێ تا ئەو ئێرانییانە، یان ئەو کەسانەی هاوکاریی کۆماری ئیسلامی دەکەن، هان بدا زانیارییەکان لەمەڕ گەندەڵیی ڕێژیم، سپی کردنەوەی دراو و چالاکیی تاوانکارانەی ڕێژیم ڕادەست بکەن.

## بەشی: چوارەم

داخستنی بانکەکانی ئێرانی: کار بۆ ناچارکردنی هاوپەیمانان و هاوبەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە تایبەت لە ئورووپا بکرێ تا ئەو بانکانەی لەوێ چالاکن داخرێن. بۆ وێنە، بانکی میللی، بانکی سێپە، بانکی سادرات و بانکی بازرگانیی ئورووپا-ئێران درێژە بە چالاکییەکانیان لە ئاڵمان دەدەن سەرەڕای پەیوەندییەکانیان بە تارانەوە. بە هەمان شێوە، چەند بانکی ئێرانی کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە گەمارۆیان بەسەردا سەپێنراوە، لقەکانیان لە بریتانیا، فەڕانسە و ئیتالیا، سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا چالاکن. ئەوانە دەبێ هەموویان داخرێن.

بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی: دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە هاوکاریی هاوپەیمانان و هاوبەشەکانی هێزێکی بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتداران، بەکرێگیراو و ئۆلیگارکەکانی ئێرانی دروست بکات، کە هاوشێوەی ئەو هێزە بێ کە جەخت لەسەر ڕووسیە دەکات، تا بتوانێ سامانی کۆکراوە کە بە شێوەی نایاسایی لە خەڵکی ئێران دزراوە و ئۆلیگاریی ئێرانی و ئەندامانی بنەماڵەکانیان گواستوویانەتەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی هاوپەیمان و هاوبەش، لە نێویاندا ئورووپا، دەستیان بەسەردا بگیرێت.

سندووقی دابین کردنی دارایی بۆ دێموکراتیزە کردن: بە هاوکاریی هاوپەیمانان و هاوبەشانەوە، کەڵک لە سامانە سڕکراوەکانی ئێران بۆ دروستکردنی سندووقی دێموکراتیزە کردن وەرگرن تا پشتگیریی دارایی دابین بکات، لەنێویاندا سندووقی مانگرتن، بۆ خەڵکی ئێران و پشتگیریی لە ئاواتە دێموکراتیکەکانیان. مودێلەکە دەبێ هاوشێوەی گواستنەوەی سامانی ڕوسیە بۆ ئوکراین بێ. ئەوە دەبێ هەر جۆرە سامانێک بگرێتەوە کە پەیوەندیی بە ئۆلیگارکەکانی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بتوانن دەستی بەسەردا بگرن.

ڕاگەیاندنی ئاشکرا لەمەڕ خۆ لادان لە سەپاندنی گەمارۆکان: سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لەمەڕ جێبەجێ کردنی تەواوی گەمارۆکانی سەر نەوتی ئێران و کەم کردنەوەی فرۆشتنی نەوتی ئێرانی ڕابگەیەنە. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ بە فەرمی بۆ چین، کڕیاری سەرەکی نەوتی ئێران، ڕوون بکاتەوە کە ئەو کڕینانە کاردانەوەی دەستبەجێ و بەهێزی لەسەر پەیوەندیی واشینگتۆن و پەیژینگ دەبێ.

جێبەجێ کردنی گەمارۆکان بەهێزتر بکە: پێشترییەتی بە جێبەجێکردنی گەمارۆ دەریاییەکان بە مەبەستی تێکدانی هەناردەکردنی نایاسایی نەوتی ئێران بدە. ئەوە جێبەجێکردنی بەهێزی یاسای گەمارۆی ئێران، یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی ئەمریکا بە گەمارۆ و، یاسای ئازادیی ئێران و پێشگرتن بە بڵاوبوونەوەی تاوانی ناوکی، دەگرێتەوە. ئەو

## بەشی: چوارەم


یاسایانە چوارچێوەی پێویست بۆ سزادانی ئەو لایەنانەی لە کەشتیوانیی، بیمە کردن، دابین کردنی دارایی یان شێوازی دیکەی ڕەخساندنی بوار بۆ گواستنەوەی نەوتی ئێران تێوەگلاون، دەستەبەر دەکات. جێبەجێ کردنی هەوڵەکان دەبێ جەخت لەسەر دۆزینەوە و بە ئامانج گرتنی ئەو پاپۆڕانە بکات کە خەریکی گواستنەوەی نەوتی ئێران یان گواستنەوە لە پاپۆڕێکەوە بۆ پاپۆڕێکی دیکە یان گواستنەوەی نەوتی ئێران بە تایبەت لە شوێنی خاوەن ڕیسکی زۆر وەک کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ئاسیان، هاوکات کەڵک لەو یاسایانە بۆ سەپاندنی گەمارۆی زیاتر بە سەر ئەو لایەنانەدا کە لە خۆ لادان لە جێبەجێ کردنی گەمارۆکان دا چالاکن، وەرگیرێت.

## دەرئەنجام

بە سەر یەکەوە، ئەو پێشنیارانە نەخشەڕێگایەکی یەکلاکەرەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی نوێ پێک دێنن. بە جێبەجێکردنی خێرا وکاریگەری ئەوان، وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ بە شێوەی بەرچاو توانای کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ تێرۆر کەم بکاتەوە، پێش بە دەستڕۆیشتووییە ناسەقامگیرکەرانەکەی بگرێ و هێز و ئاسایشی ئەمریکایی بسەپێنێتەوە. مەودای نەخشەڕێگایەکە، چڕیی و هاوئاهەنگیی لە نێوان بەرەکانی دیپلۆماتیک، زانیاریی، سەربازیی و ئابوورییەکانەوە، دڵنیایی دروست دەکات کە ئێران ناچار بکرێ بە ڕێبەریی بەهێز و یەکلاکەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەرپرسیارەتی وەئەستۆ بگرێ.

١ی ڕێبەندانی ٢٧٢٤

# ئیسرائیل دوای ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ترامپ دەبێ بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران ئامادە بێ



**ئورشەلیم پۆست – یاکوب ناگل**

هاتنەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپی نیشانەی سەردەمێکی نوێ لە واشینگتۆنە و، هیوای نوێ بۆ گەشەی پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل دروست دەکات.

یەکەمین، گرینگترین و یەکلاکەرەوەترین پرس دەبێ شەڕی هاوبەش و لێبڕاوانە دژی بەرنامەی ناوکی ئێران، ئاکارە ناوچەییەکانی ئەو ڕێژیمە و پشتگیرییەکەی لە ڕێکخراوی تێرۆریستی لە سەرانسەری ناوچەکە بێ.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، ڕافائێل گروسی، سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی، باسی ئەگەری هێرش بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئێرانی کرد. ئەو گوتی ئێران لە پەیوەندیی لەگەڵ چالاکییە ناوکییەکانی، دەبێ لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتی

## بەشی: چوارەم

ترامپ بگاتە لیک تێگەیشتن تا بتوانێ پێش بە بەرەوڕووبوونەوەیەکی دیکەی سەربازیی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بگیرێت. ئەوە هەڵوێستێکی فرە هەڵە و مەترسیدارە، بە تایبەت بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی ناسکی ئێران لە ئێستادا: هەرسهێنانی پلانی دروست کردنی "ئاڵقەیەکی ئاگر" بە دەوری ئیسرائیلەوە، زەرەری بەرچاو لە سیستەمە بەرگرییە ئاسمانییە ستراتیژیکەکەی، تواناییەکانی بۆ بەرهەمهێنانی هاژەک و تێکڕمانی ئابوورییەکەی کە هەر ئێستا لەئارا دان.

سەرەڕای ئەو ئالنگارییانە، خامنەیی درێژە بە بەرەوپێش بردنی پیلانە بەرزەفڕانەکەی، واتە لەنێو بردنی ئیسرائیل، بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی ئاسایی لە ژێر "چەتری ناوکی" تا ٢٠٤٠ دەدا، وەکوو لە کاتژمێرەکەی مەیدانی فەلەستین لە تاران دیار بوو کە پاشماوەی کاتی جێبەجێ بوونی ئەو ڕووادوەی پیشان دەدا.

کاتێک سەرۆک کۆمار بایدن هەڵبژێردرا، نزیکەی چوار ساڵ پێش ئێستا، ئەو ڕایگەیاند کە بە تەمای دەستپێکردنەوەی دانووستان لەگەڵ ئێرانە. ڕاوێژکارەکانی تەنانەت ڕەشنووسێکیان ئامادە کرد کە لەوێدا باسی گەڕانەوەی خێرا بۆ ڕێککەوتنە پڕ لە کەموکوڕییە ناوکییەکەی ٢٠١٥ (بەرجام) کرابوو. سروشتییە کە ئیسرائیل لەبەر ئەو هەڵوێستە گەلێک نیگەران بوو، چونکە ڕێککەوتنەکە کە ترامپ ژیرانە لە ٢٠١٨ لێی کشایەوە، ڕێگایەکی مەترسیدار و زەمانەتی گەیشتن بە چەکی ناوکیی پێشکەشی ئێران دەکرد.

بە خۆشییەوە، بۆ ئیسرائیل و باقی دنیا، ئێران هەستی بە دەسەڵاتێکی هێندە مەزن دژی بەڕیوەبەرایەتی لاواز و دوو دڵی بایدن دەکرد، کە خێرا مەبەستە ڕاستەقینەکەی بە پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە بە چەند شێوازی جیاواز پیشان دا، بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک وەڵامی بایدن یان ئورووپا بداتەوە، بێجگە لە چەند لێدوانی لاواز کە هیچ کردەوەیەکی بەدواوە نەبوو.

### نابێ دووپات بکرێتەوە

ئێستا ئیسرائیل دەبێ یەکگرتوو بێ و شی بکاتەوە بۆچی تەنانەت بیرکردنەوە لە دانووستان لەگەڵ ئێران لە ڕادە بەدەر مەترسیدارە. ئەوە یەکلاکەرەوەیە کە ئەو پەیامە لە لایەن هاوبەشانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، واژۆکەرانی ڕێککەوتنی ئیبراهیم، عەرەبستانی سعوودی و هەموو ئەوانەی بە شێوەی هاوبەش نیگەرانی ئێران و خولیا ناوکییەکانی، دووپات بکرێتەوە. وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕابردوو دا ئەو نیگەرانییەی پاشگوێ خست، ئێستا فرە گرینگە ئەو کارە دووپات نەبێتەوە.

**بەشی: چوارەم**

چالاکییە دوژمنکارانەکانی ئێران دوای هەڵبژێرانی بایدن بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەیان ئەستاند (نەوەک دوای کشانەوەی ترامپ، کە زۆر لایەن بەهەڵە وا بیر دەکەنەوە).

لە هەڵبژێرانی بایدن بەدواوە، ڕێژیم هەڕەشە و گوڕەشە ناوکییەکەی چڕتر کردۆتەوە، سەدان کیلۆ ئۆرانیۆمی تا خەستیی پلەی ٪٦٠ پیتاندوە، سانتریفیوژی پێشکەوتووی لە بنکە ژێرزەمینییەکانیدا گەشە پێداوە، بەرهەمی هێناوە و دایمەزراندوون، بنکەی نوێی دروست کردوون و، هەمووی ئەوانە بە بیانووی کەڵک لێوەرگرتنی دووانە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی و بەشێک لە وڵاتانی ئەندامی بەڕێوەبەرییەکەی لە ساڵانی ڕابردوودا ڕاپۆرتی توندیان لەمەڕ چالاکییە ناوکییەکانی ئێران بڵاو کردوونەوە، کە لەواندا پەردە لەسەر پێشێلکارییەکانی پەیماننامەی بڵاونەکردنەوە و پەرەنەدانی چەکی ناوکی و ڕێککەتنی دیکە و هەروەها پێشێلکاریی ڕێککەوتنی ناوکی، لە لایەن ئێرانەوە هەڵداوەتەوە. ئەو ڕاپۆرتانە بە پەسەندکردنی گەمارۆ یان هەنگاوی بەکردەوە پشتگیریی نەکران.

دۆخی ئێستای بەرنامەی ناوکی ڕێگا بە ڕێکەوتنێک نادا کە هەلی بەردەوامبوونی بۆ دەستەبەر بکات. هەموو لایەنێک خوازیاری ڕێککەوتنێکی باشن، بەڵام گرێ پووچکەکە لە وردەکارییەکاندایە. ڕێککەوتنێکی باش نابێ ئیزن بە ئێران بدا بە هیچ شێوەیەک درێژە بە چالاکییە ناوکییەکانی بدا و هیچ ئەگەرێک بۆ قبووڵکردنی ئەو مەرجە لە لایەن ئێرانەوە بوونی نییە. ڕێککەوتنەکە نابێ بیرهێنەرەوە یان تەنانەت هاوشێوەی ڕێککەوتنی پێشوو بە هێندێک چاکسازیی بچووکەوە بێ. هیچ ڕەواییەک بۆ ئیدیعای گاڵتەجاڕانەی "بەرنامەی ناوکیی مەدەنی" لە بنکەی ژێرزەمینیدا نییە.

هەر ڕێگاچارەیەک دەبێ بە دوای چارەسەرکردنی سێ لایەنی بەرنامەی ناوکیی ئێرانەوە بێ: مادەی قابیلی لەتکردن، سیستەمی چەک و هەروەها کەرەستەی هاویشتنیان. گفتوگۆکان دەبێ تەنیا کاتێک دەست پێ بکەن کە ئێران گەڕابێتەوە دۆخێک کە تێیدا دەبوو، بێتوو بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای ئاشکرا بوونی گزەکانی و دروستکردنی بنکەی شاراوەی ناوکی نزیکەی دوو دەیە لەوەپێشی ڕەچاو کردبان.

مادەی قابیلی لەتکران (ئۆرانیۆم و پلوتونیۆم) و تەکنەلۆژی بەرهەمهێنانی ئەوان دەبێ بە تەواوی لە سەر خاکی ئێران قەدەغە بکرێ و لە لایەن ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکییەوە چاودێریی بکرێ. هەموو تواناییەکانی هەنوکەیی و توانایی دیکە، دەبێ بە تەواوی لەنێو بچن. هیچ بوارێک بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو داواکارییانە لەئارا دا نییە.

هێنانە ژێر چاودێریی چالاکییەکانی دروستکردنی چەک لە ڕادە بەدەر دژوارە، وەکوو زانیارییەکانی نێو ئارشیوی ناوکیی ئێران لە ڕابردوودا ئاشکرای کردوە. بەر لە بیرکردنەوە لە هەر ڕێککەوتنێک، ئێران دەبێ چالاکییەکانی ڕابردووی ڕابگەیەنێت و وەڵامی سەرجەم پرسیارە وەڵامنەدراوەکانی فایلەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ناوکی بداتەوە. بەر لە چارەسەرکردنی پێشێلکارییەکانی پێشوو و بەیاننامەکانی پەیوەندیدار بە یەدەگی و کەرەستەکان، نابێ دانووستان دەست پێ بکات.

چارەسەرکردنی پرسی کەرەستەی هاویشتن زۆر زیاتر لە بڕیارنامەی ناڕوونی نەتەوە یەکگرتووەکان دەخوازێ. هەر ڕێککەوتنێک دەبێ بەتەواوی گەشەپێدانی هاژەکی بالیستیکی، کە توانای هەڵگرتنی چەکی ناوکییان هەبێ، ڕاگرێ.

ڕێککەوتنەکەی پێشوو بڕگەیەکی مەترسیداری "کاتی کۆتایی" تێدابوو. هەر دانوستانێک، دوای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە، دەبێ ڕوونی بکاتەوە کە هەموو سنووردانانەکانی سەر ئێران، لە ئەگەری گەیشتن بە ڕێککەوتن، تەنیا دوای دەیان ساڵ ماوەیان بەسەر دەچێ. ئێران نابێ پێی وابێ ڕێگایەکی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی لە داهاتوودا دەبێ.

وێدەچێ هەموو ئەو مەرجانە قەت لە لایەن ڕێژیمی ئێستای ئێرانەوە پەسەند نەکرێن. تەنانەت بێتوو ئەو گریمانەیە دروستیش بێ، ئەگەر ئێران دەیهەوێ خۆی لە ڕێگاچارەیەکی دیکە ببوێرێ، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ بۆ ئێرانییەکانی ڕوون بکاتەوە کە ئەوانە داواکارییەکاننی.

ئاکارە نەرێنییەکانی ئێران بووتەوە هۆی دروستبوونی دۆخێک کە لەویدا دانووستان تەنیا دوای لەنێو چوونی بنکەکانی نەتەنز، فۆردو، ئیسفەهان و زۆر بنکەی ناوکی و ناوەندی بەرهەمهێنانی دیکە، دەتوانێ دەست پێبکات.

تا سەرجەم تواناییەکان و بنکەکان لە لایەن ئێرانەوە لەنێو نەچن، جا بە ویستی خۆی بێ یان بە هۆی هێزی دەرەکی، بەڕێوەبەرایەتی ترامپ دەبێ بەگەڕانەوە بۆ بەرمانەی "ئەوپەڕی زەخت"، لە نێویاندا گەمارۆی فرە توند ڕێژیمی ئێران تێبگەیەنێ کە هەڕەشەکانی پەیوەندیدار بە هەنگاوی ڕاستەقینەی سەربازیی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانیەوە، تەنیا قسەی بێ کردەوە نین.

## بەشی: چوارەم

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە کە ئێران، بە ئەگەرێکی زۆرەوە، سەرەڕای دۆخە نالەبارەکەی، هەم لە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە، بە هۆی هێرشەکانی ئیسرائیل و دۆخی ناوچەییەوە بە تێکڕمانی بەشی هەرە زۆری "ئاڵقەی ئاگر"ی بەکرێگیراوانییەوە، نایهەوێ بە ویستی خۆی هاوکاریی لەنێو بردنی تواناییەکانی بکات، ئیسرائیل دەبێ ئامادەی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئێران و توانایيە ناوکییەکانی بێ، وا باشترە ئەو کارە بە هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان بکرێ، لە هەمان کاتدا هەوڵەکانی بۆ لاوازتر کردنی ڕێژیم، بە هیوای ڕووخاندنی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە، کە ماوەیەکی دوور و درێژە لە لایەن ڕێژیمی ئایەتوڵڵاکانەوە سەرکوت دەکرێن، چڕ بکاتەوە.

***

تێبینی: نووسەری وتارەکە پێشتر ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ناتانیاهوو بووە

۱۸ی ڕێبەندانی ۲۷۲٤

## ئیسرائیل بیر لە هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران لەمساڵدا دەکاتەوە




**بە گوێرەی لێکدانەوەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل بیر لە هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران لەمساڵدا دەکاتەوە**

**تایمز - ئاف ئیزرائێل**

بە گوێرەی هەواڵەکانی ڕۆژی چوارشەممە، کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو دواییانەدا لێکدانەوەیەکی پێشکەش کردوە کە لەوێدا دەگوترێ ئیسرائیل بەتەمای هێرش بۆ سەر بەرنامەی ناوکیی ئێرانە و، گریمانە دەکرێ ئەوساڵ هێرشەکە ڕوو بدا.

ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ هێرشی پێشگیرانە بۆ سەر بەرنامەی ناوکی ئێران دەتوانێ لە نێوەڕاستی ئەمساڵدا ڕوو بدا. ڕۆیتەرز نەیتوانی دەستبەجێ ئەو ڕاپۆرتە پشتڕاست بکاتەوە و کۆشکی سپی خۆی لە لێدوان لەو بارەوە بوارد. بە گوتەی واشینگتۆن پۆست، دەوڵەتی ئیسرائیل، سی ئای ئەی، دەزگای هەواڵگریی سەربازیی و نوسینگەی بەرپرسی

هەواڵگریی نەتەوەیی خۆیان لە لێدوان لەو بارەوە بواردوە.

بە گوتەی واشینگتۆن پۆست، وردترین ڕاپۆرتی هەواڵگریی لە سەرەتاکانی مانگی جانیوەری، کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی فەرماندەیی گشتیی هێزە چەکدارەکان و ئاژانسی هەواڵگریی بەرگرییەوە ئامادە کرابوو، پێشکەش کراوە. بەڵام کاربەدەستانی ئیسرائیلی و ئەمریکایی خۆیان لە لێدوان لە بارەی نێوەرۆکی ئەو ڕاپۆرتە بواردوە.

لە هەمان کاتدا، ڕۆژنامەی واڵ ستریت جورناڵ لە زمان دوو سەرچاوەی ئاگادارەوە باسی ڕاپۆرتەکەیان کردوە. لێکدانەوەی یەکەم، کە لەوێدا باسی هێرش لە ٢٠٢٥ کراوە، لە دوایین ڕۆژەکانی دەسەڵاتداریی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێشکەش کراوە.

لە دووهەمین ڕاپۆرتی هەواڵگریدا کە لە یەکەم ڕۆژەکانی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن دۆناڵد ترامپەوە پێشکەش کراوە، ئاماژە بەوە کراوە کە ئیسرائیل بیر لە هێرش بۆ سەر ئێران دەکاتەوە.

دوو سەرچاوەی ئاگادار لە لێکدانەوەکان گوتیان، لە یەکەم ڕاپۆرتدا هاتوە کە وێدەچی ئیسرائیل زەخت بخاتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ تا پشتگیری لە هێرشەکان بکات، بەگوێرەی ئەو لێکدانەوەیە سەردەمی دەسەڵاتی زۆرینەی کۆمارییەکان بۆ هێرشی سەربازیی گونجاوترە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، لە کاتی دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە بایدنەوە بۆ ترامپ، هێندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتییە نوێیەکەی ترامپ بیریان لە بەشدرایی وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێرشەکەی ئیسرائیلدا دەکردەوە. نووسینگەی سەرۆک وەزیران و هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل خۆیان لە لێدوان لەبارەی ڕاپۆرتەکە بواردوە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی نەتەوەیی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانیش لێدوانێکیان لەوبارەوە نەداوە.

ڕۆژی پێنج شەممە، سەرکۆماری ئێران مەسعود پزشکیان گوتی ڕەنگبێ دوژمنانی تاران بتوانن هێرش بکەنە سەر ناوەندە ناوکییەکانی ئێران، بەڵام ناتوانن تواناییەکانمان بۆ دروستکردنی ناوەندی نوێ لەناو بەرن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی: چوارەم

ئێران کە دوژمنی سوێندخواردوی ئیسرائیلە و بەڵێنی داوە ئیسرائیل لەناو بەرێ، پێداگرە لە ئیدیعاکەی کە بەرنامە ناوکییەکەی تەنیا مەبەستی ئاشتیخوازانەی هەیە. بەڵام ناوەندی چاودێریکەری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی گوتوویەتی ئێران ئێستا خەریکی پیتاندنی ئورانیۆم بۆ ئاستێکە کە هیچ پاساوێکی مەدەنی بۆ نییە و، ئەو وڵاتە پێش بە پشکێنەرە نێودەوڵەتییەکان دەگرێ سەردانی بنکەکانی بکەن. بێجگە لەوە، نیویۆرک تایمز لە سەرەتاکانی ئەم مانگەدا ڕایگەیاند کە هەواڵگریی ئەمریکا ئاشکرای کردوە کە تیمێکی نهێنیی زانایانی ئێرانی لە ڕێگاکانی گەشەپێدانی خێرای چەکی ناوکی دەکۆڵنەوە، بێتوو ڕێبەریی ئەو وڵاتە بڕیاری وەدەستهێنانی چەکی ناوکی بدا.

هێندێک کاربەدەستی ئیسرائیلی باسی خولیای خۆیان بۆ هێرش بۆ سەر ئێرانیان کردوە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، دوای لە پەلوپۆخستنی ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە، دوابەدوای شەڕی غەززە لە ٢٠٢٣، هەلومەرجەکە بۆ ئەو کارە گونجاوە. لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، کاتێک تاقمی تێرۆریستیی حەماس هێرشێکی داگیرکاریی کاولکارانەی لە باشووری ئیسرائیل بەڕێوە برد و ١٢٠٠ کەسی کوشت، کە زۆرینەیان خەڵکی مەدەنی بوون، شەڕ دەستی پێکرد. ڕۆژی دواتر، حیزبوڵڵای لوبنان کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێ، دەستی بە هێرش بۆ سەر باکووری ئیسرائیل کرد. لە کاتێکدا کە ئیسرائیل لە غەززە دژی حەماس دەجەنگا و وەڵامی هێرشە هاژەکییەکانی حیزبوڵڵای دەدایەوە، حوسییەکانی یەمەن، کە ئەوانیش لە لایەن ئێرانەوە پشتگیریی دەکرێن، دەستیان بە هاویشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەکی بالیستیکی بە ئیسرائیلەوە کرد.

لە مانگی سێپتەمبەردا، ئیسرائیل هێرشێکی گەورەی دژی حیزبوڵڵا دەست پێکرد، بەشێک لە بەڕێوەبەریی ئەو تاقمەی لەنێو برد و توانایی شەڕکردنی حیزبوڵڵای تا ڕادەیەکی بەرچاو کەم کردەوە. لە کۆتایی نۆڤەمبەر ڕێککەوتنی ئاگربڕ ڕاگەیەندرا. حیزبوڵڵا بۆ ماوەیەکی دوور، لەبەر هەڕەشەکانی بۆ هێرشی بەربڵاوی هاژەکی بۆ سەر ئیسرائیل لە ئەگەری هێرش بۆ سەر ئێران بەربەستێک سەیر دەکرا. بەڵام ئەو شەڕە تواناییە هاژەکییەکانی حیزبوڵڵای تا ڕادەیەکی زۆر لاواز کردوە.
لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر حوسییەکانی یەمەن و بەو شێوەیە سەلماندوویەتی دەتوانێ تەنانەت هێرش بکاتە سەر شوێنی دوورتر لە ئێران و هەروەها هێرشی کردووەتە سەر سووریە و دوای نزیکبوونەوەی ڕۆژئاوا لە بەرهەڵستکارانی ئەسەد، ڕێژیمی ئەسەد کە هاوتەریبی ئێران بوو، ڕووخاوە.

لە ئاکامی ئەو شەڕانەدا، ئێران دوو جار بە ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەک هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیل و یارمەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانە

ناوچەییەکانی ئەو هێرشانە پووچەڵ کرانەوە.

ئیسرائیل بە دوو هێرش وەڵامی ئەو هێرشانەی ئێرانی دایەوە، لە دووهەمین هێرشدا، کە لە مانگی ئۆکتۆبەردا بوو، بەشێکی بەرچاوی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها چەند بنکەی سەربازیی ئێرانی لەنێو بردن و بەو شێوەیە پیشانی دا لە ئاسمانی ئێران، بەبێ ئەوەی پێشی پێ بگیرێت، دەتوانێ ئۆپەراسیۆن بەڕێوە بەرێ.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەرییەکان، لە کاتی ئەو ئۆپەراسیۆنانەدا بەڕێوەبەرایەتیی بایدن داوای لە ئیسرائیل کردبوو خۆی لە هێرشکردن بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران ببوێرێ. بە پێچەوانە، بە گوێرەی هێندێک ڕاپۆرت وەزیری کاروبارە ستراتێژیکییەکان، ڕۆن دەرمەر، لە مانگی نۆڤەمبەر دوای کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکۆماری هەڵبژێردراو دۆناڵ ترامپ، گوتی پێی وایە ترامپ پشتگیریی لە هێرشێکی سەربازیی ئیسرائیل دژی بنکە ناوکییەکانی ئێران دەکات، یان لەوانەیە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆخۆی ئەو کارە بکات.
لە نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوو، وەزیری بەرگریی ئیسرائیل کاتز گوتی، "ئێرانی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر لە زەرەر گەیشتن بە بنکە ناوکییەکانی نزیکترە. هەلێک بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجێکی گرینگ، بۆ پێش گرتن و نەهێشتنی هەڕەشەی لەنێوچوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، ڕەخساوە".

لەو کاتیەوە ترامپ گوتوویەتی دەیهەوێ بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک، وتووێژ بکات بەڵام ستراتێژیی ئەوپەڕی زەختی سەپاندنی گەمارۆ و جێبەجێ کردنیانی دژی ئێران گەڕاندووەتەوە کە لە وەڵامدا ئێرانییەکان گوتوویانە بە تەمای گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی سیاسین.
ڕۆژی دووشەممە، ترامپ ڕایگەیاند پێی باشە بۆ ڕاگرتنی بەرنامە ناوکییەکەی ئێران و پێشگرتن بە بەرهەمهێنانی بۆمبی ناوکی، لەگەڵ ئەو وڵاتە بگاتە ڕێککەوتن. ئەو بە فاکس نیوزی گوت، "پێموابێ لەگەڵ ئێران دەگەینە ڕیککەوتن. لام وایە ئەوان ترساون. من وا بیر دەکەمەوە کە ئێران زۆری پێ خۆش بێ لەگەڵمان ڕێک بکەوێ و منیش زۆرم پێ خۆش دەبێ، بێ ئەوەی بۆمبارانیان بکەم، بگەینە ڕێککەوتن. هەموو کەس وا بیر دەکەنەوە کە ئیسرائیل، بە ڕەزامەندیی یان بێڕەزامەندیی ئێمە، بۆمبارانی خەستیان دەکات. من پێم باشترە ئەوە ڕوو نەدا".

١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٤

# داوی تاران بۆ ترامپ



**نەیشناڵ ئینتەرێست – بێهنام بین تالبلو**

## تاران خەریکی نانەوەی داو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ترامپە

**لێدوانەکانی ئەو دواییانەی ڕێبەری گەورەی ئێران، عەلی خامنەیی ئاوێکی ساردیان بە سەر بیرۆکەی وتووێژ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا کردوە، یان بەو شێوەیە دێتە بەر چاو. دوای دەستبەکاربوونی ترامپ، خامنەیی چرای سەوزی بۆ وتووێژ هەڵکرد و دژی هێرشی هەمەلایەنەی کاربەدەستەکانی کە بانگەشەی وتووێژیان دەکرد نەوێستا.**

## چی لێ شین بۆوە؟

**پاشگەزبوونەوە و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە لایەن خامنەییەوە پێشینەوەیەکی دوورودرێژی هەیە و لە بەرەبەری وتووێژی ناوکی لە ساڵەکانی دەسەڵاتداریی ئۆباما و بایدن، ئەوە بەتەواوی دەرکەوت. خامنەیی خوازیاری هەبوونی دەسەڵات بێ**

## بەشی: چوارەم

وەئەستۆگرتنی پەرپرسیارییە و، زۆر جار بڕیاری سیاسیی گەورە، وەک ڕێککەوتن لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکان وەلا دەنێ یان ڕەتی دەکاتەوە. لە کاتێکدا دوایین لێدوانەکەی مەودای مانۆڕی سیاسی لە تاران تا ڕادەیەکی بەرچاو بەرتەسک دەکاتەوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆماری ئیسلامی خوازیاری وتووێژ نییە!

خامنەیی گەلێک خوازیاری کەلکوەرگرتن لە لێدوانە بەردەوامەکانی ترامپ لەمەڕ ویستی ڕێککەوتنە، بۆیە لە کاتێکدا کاربەدەستەکانی شەرمێونانە باسی دیپلۆماسی دەکەن، ئەو بە کردەوە خەریکی بردنەسەرێی نرخی داواکراویەتی. دانوستان لێرە بە مانای چارەسەر کردنی ئاشتییانەی پرسی ناوکیی ئێران نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ پێشگرتن بە گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی ئەوپەڕی زەخت، هاوکات کەمکردنەوەی ئەگەری هێرشی سەربازیی ئیسرائیل یان ئەمریکا. هەرچۆنێک بێ کۆماری ئیسلامی توانایی خۆڕاگری لە بەرانبەر چوار ساڵ سەپاندنی گەرمارۆی ئابووری هەردەم زیاتر یان ئەگەری بەرەورووبوونەوەی کێشەی سەربازیی ڕاستەوخۆی نییە.

لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست تاکە هاوپەیمانی ئێران واتە ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە ڕووخاوە. بەکرێگیراوە تێرۆریستییەکانی - حەماس و حیزبوڵڵا - بە گوتەی وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕێژیم "چەند گورزی جیددیان" بەر کەوتووە.

لە نێوخۆ، لە سایەی ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتووانەی ئیسرائیل، سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی دوورهەنگێو کە ڕوسیە پێی دابوون لە کار کەوتوون. دۆخەکە بە قەیرانێکی پەرەئەستێنی وزە لە نێوخۆ و قەیرانی نرخی دراو مەترسی هاندانی جەماوەرێکی وەزاڵەهاتووی خەڵک بۆ گەڕانەوە بۆ سەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی تۆختر کردوە.

بە مەبەستی قەرەبووکردنەوە، ئێران زەخت بۆ هاوبەشە ستراتێژیکییەکەی، واتە ولاتی چین دێنێ هەتا کڕینی نەوتە گەمارۆلەسەرەکەی زۆرتر بکات لە کاتێکدا کە ڕێژەی کەرەستەی پیتاندنی ئۆرانیۆم، ماددەی پێویست بۆ گەشەپێدانی چەکی ناوکی، زیاتر دەکات. بەگوێرەی ڕاپۆرت، ئەو هەروەها خەریکی لێکۆڵینەوە لە ڕێگای خێراتر بۆ گەشەپێدان بە چەکی ناوکییە. لە کاتێکدا ئەو هەنگاوانە بۆ وەدەستهێنانی ئاستی کاریگەریی تاران بەرێوە دەچن، هیواداره واشینگتۆن لە لاوازیی و ترسەکەی تێنەگا و وەک نیازپاکیی و دان بەخۆدا گرتن سەیری بکات.

لە شوێنی دیکە، بەکرێگیراوەکانی ئێران لە عێراق لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ بەولاوە، واتە مانگی هەڵبژێردرانەوەی ترامپ وەک سەرۆک کۆمار، هێرشیان نەکردووەتە سەر پێگەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە عێراق و سووریە. حوسییەکانی یەمەن کە

## بەشی: چوارەم

بەگوێرەی ڕاپۆرت ئێران و هەروەها چین پڕ چەکیان کردوون، لەو دواییانەدا سەرنشینەکانی تانکەرێکیان ئازاد کرد کە زیاتر لە ساڵێک لەوەپێش بە بارمتەیان گرتبوون. تاران هەروەها ژنێکی وەنێوکەوتووی ئاڵمانیی - ئێرانیی کە چوار ساڵ بوو بە بارمتەی گرتبوو، لە دەورێکی دیکەی "دیپلۆماسیی بارمتەگرتن" لە مامەڵەیەکی گۆڕینەوە لەگەڵ ئیتالیادا ئازاد کرد و تەرمی بارمتەیەکی دوو ناسنامەیی کە ئێعدامی کردبوو، گەڕاندووەتەوە.

### ئەوپەڕی ساختەکاری

بۆ ڕێگا خۆشترکردنی هەرچی زۆرتر بۆ دانوستان لەگەڵ خودی ترامپ، سەرۆک کۆماری ئێران، مەسعود پزشکیان، تەنانەت هەوڵی داوە حاشا لە پیلانی تاران بۆ کوشتنی ترامپ بکات و گوتویەتی، "وەک دەستپێک، ئێمە قەت هەوڵمان نەداوە و قەتیش ئەو کارە ناکەین." ئەوە سەرەڕای ڕاپۆرتەکانی ئێف بی ئای لەمەڕ ئاشکراکردنی پیلانی ئێران بۆ کوشتنی ترامپ لە ٢٠٢٤ و هەڕەشەکانی کاربەدەستە سەربازییەکانی ئێرانی بۆ کوشتنی ترامپ لە ٢٠٢٣. هۆی سەرەکی ئەو هەڵگەڕانەوەی ئێران و هەستی بێهیوایییە ئاشکراکەی ترامپە. دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ترامپ فرە قووڵتر لە دوژمنایەتییەکەی بەرانبەر هەر سەرۆککۆمارێکی دیکەی ئەمریکایە.

### هۆیەکەشی سێ تەوەر لەخۆ دەگرێ:

**یەکەم؛** ترامپ یەکەم ڕێبەری ڕۆژئاوایی بوو کە تابوی پشتیوانیی لە خەڵکی ئێران، هەرکاتێک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی دژی مەلا دەسەڵاتدارەکانیان ڕژانە سەر شەقامەکانی شکاند. هەڵوێست و تویتە دەنگ بەرزانەکەی ترامپ لە ٢٠١٧ تا ٢٠٢٠ جیاوازییەکی زەقی لەگەڵ هەڵوێستە شلوێیەکەی سەرکۆمار ئۆباما بەرانبەر بە ناڕەزایەتییەکەی ٢٠٠٩ هەبوو، کە بووە هۆی ئەو دروشمەی خۆپیشاندەرەکان، "ئۆباما، ئۆباما، لەگەڵ ئێمەی یان لەگەڵ ئەوان؟" بەر لە ترامپ، پشتگیریی ڕۆژئاوایی، تەنانەت بە قسەش، تا ماوەیەکی دوور و درێژ وەک "ماچی کوشندە" سەیر دەکرا، بەڵام دوای ترامپ ئەم دۆخە گۆڕا.

**دووهەم؛** سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ترامپ لە یەکەم دەورەی بەڕێوەبەرایەتییەکەیدا لە ڕادەبەدەر کاریگەر بوو، بە شێوەیەک کە کاربەدەستانی ئێرانی گوتویانە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە جەنگی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراق (١٩٨٩ - ١٩٨٠) وێرانکەرتر بووە. ترامپ زەرەری یەکجار گەورە و قەرەبوونەکراوەی لە ئابووریی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و هەناردەکردنی نەوت بە شێوەی یەکلایەنە دا. ئەو هەڵوێستە بووە هۆی تێکرمانی ئەو بۆچوونە باوە کە گەمارۆکان دەبێ فرە لایەنە بن تا

**بەشی: چوارەم**

**کارتیگەریی ڕاستەقینەیان هەبێ.**

**سێهەم؛ ترامپ ئەو سەرۆککۆمارەی وڵاتە یەکگرتووەکانە کە دژی گەورە تێرۆریستی ئێرانی قامکی بە پەلەپیتکەیەوە نا، واتە فەرماندەی سوپای قودس قاسم سولەیمانی. خامنەیی پێشتر گوتبووی، "کەوشەکانی سولەیمانی لە سەری بکوژەکەی پیرۆزترن." ئەو کردەوەیە، کە گوایە تەنانەت بەڕێوەبەرایەتیی بووشیش خۆی لێ دەبوارد، شکستێکی ستراتیژیک و هەروەها دەروونی بۆ تاران بوو کە هاوسەنگییەکەی وەها تێک دا کە ئاسەوارەکەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی دوای ۷ی ئۆکتۆبەر ئاشکرا بوو.**


**لەبەر هەموو ئەو هۆیانە، پەیامە تێکەڵاوەکانی ئێران و پاڕانەوەکانی، لە جیات نیشانەکانی ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینەی کردار، داوێکن بۆ ڕزگارکردنی ڕێژیمێکی سەر لێواری ڕووخان.**

**لە جیاتی پێهەڵداگوتن بە ڕێککەوتن، ترامپ دەتوانێ دۆخی چەنە لێدانەکەی بە کەلکوەرگرتن لە هەست بە لاوازبوونی هەنووکەیی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەرگرێ. ئەوە دەتوانێ بە چڕترکردنەوەی گەمارۆکان، بە تایبەتی ئەوانەی سەر فرۆشتنی نەوت بە چین، لە کاتێکدا پەرە بە ترسی ئێران لە هێرشی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بدرێ، هاوکات دەبێ بە ئاشکرا بیرۆکەی دانووستان لاواز بکرێ. بە گوتەیەکی دیکە، با دڵەڕاوکەی ڕێژیم زیاتر بێ و با ئەوپەڕی زەخت درێژەی هەبێ.**

**١٦ی رەشەمەی ٢٧٢٤**

سالّی.................... ٢٠٢٥

## بۆچی گەمارۆ بەتەنیا ناتوانێ ئێران بوەستێنێ و دەبێ سوپای پاسداران تێکشکێندرێ؟



فۆرتی فایوڤ - مایکڵ روبین

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێهاتوویییەکی هەیە بۆ ڕفاندنی سەرکەوتنی جووەکان بە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. زیاتر لە یەک دەیە لەوەپێش، سەرۆک کۆمار حەسەن ڕووحانی دانی بەوە دانا کە ئابووریی ئێران بە ڕێژەی ٪٤،٥ بچووک بووەتەوە. لەوکاتدا وەزیری کاروباری دەرەوە، جان کێری دەیتوانی کەلک لە بێهیواییە ئابوورییە وەرگرێ و مەرجەکانی بەسەر ئێران دا بسەپێنێ، بەڵام لە جیاتان بە دانی یەک میلیارد دۆلار دەستخۆشیی مانگانە بە ڕێژیمی ئێران پشتگیریی لێ کرد تا بێتە سەر مێزی دانوستان.

## بەشی: چوارەم

ئەو هەڵوێستە لە ڕوانگەی ستراتێژیکییەوە وەها دواکەوتووانە بوو کە دەکرێ وەک هۆدان بۆ بەخشینی خەڵاتی نۆبێل بە کێری بۆ قوربانیکردنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان کەلکی لێ وەرگیرێت. ئەگەرچی ئاکامەکەی ئەوە بوو کە ڕێککەوتنی بەرجام تەنیا ڕێککەوتنێکی سیاسی بوو نەوەک پەیماننامەیەک، کێری وەهای دارشتبوو کە هەر وەزیرێکی کاروباری دەرەوەی داهاتوو لە بیرکردنەوە لە ئەرکدارییەکەی خۆ ببوێرێ، چونکە ئەو دەستخۆشانەکەی ئێرانی لە پێشدا دابوو.

بەخشندەییە بەربڵاوترەکەی کێری بەرانبەر بە ئێران چ لە ڕوانگەی پێویستیی و هەروەها لۆژیکییەوە، دیارییەکی بەنرختر بۆ کۆماری ئیسلامی بوو، بە تایبەت کە بەشی هەرە زۆری ئەو لێشاوە نەختینەیە دەرژایە نێو ئەژمارەکانی سوپای پاسدارانەوە. ئەوە بە دوو هۆ ڕووی دا: یەکەم، سوپای پاسداران خاوەنی ئەو کۆمپانیا فرۆکەوانییە بوو کە داواکەی تیمی ئۆباما و هاوبەشە ئورووپاییەکانی دەگواستەوە و؛ هیچ هێزێک لە نێوخۆی ئێران نەیدەتوانی ئەو کارە بکات. دووهەم، باڵی بازرگانیی سوپای پاسداران نزیکەی سەرجەم کەرتەکانی وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی بیانیی قۆرغ کردبوو، لە کەرتی نەوت ڕا بگرە تا دروستکردنی ئۆتومبێل و کەرتی لۆجیستیک.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، سیاسەتی "ئەوپەڕی زەختی" سەرۆک کۆمار ترامپ کاریگەر بوو. لۆژیکێکی مێژوویی لە پشت ئەو سیاسەتەوە بوو. بڕیاری ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ ئازادکردنی بارمتە ئەمریکاییەکان و قبووڵی ئاگربڕ و پاشان کۆتاییهێنان بە جەنگی ئێران - عێراق، هەمووی ئەوانە کاتێک ڕوویان دا کە وڵات تەریک خرابۆوە و تێچووەکەی بۆ سەر ئابووری ئێران هێندە زۆر بوو کە نەدەکرا خۆی لە بەرانبەردا ڕاگرن. سەپاندنی گەمارۆ بە سەر سوپای پاسداران هەنگاوێکی ژیرانە بوو، چونکە ئەوە هەم تێچووی یاسایی بۆ کۆمپانیا ئورووپاییەکان دروست کرد کە خوازیاری پێشترییەتیدان بە تەماح بە سەر ئەمنییەت و بەدناوبوون بۆ ئەو وڵاتانە بوون کە دەیانهەویست هاوسەنگییەکە ڕابگرن. لێرەدا پرۆسەی لەکیسچوونی دراوی ئێران دەستی پێ کرد.

لە تیۆریدا، سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت دیسان دەتوانێ کاریگەر بێ، ئەگەرچی لاوازییەکانی ئەو سیاسەتە ڕوونن. نۆژەنکردنەوەی سندووقەکانی دراوی ئێران لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی بایدنەوە نە تەنیا قەڵخانێکی کاتیی بەخشیوەتە تاران، بەڵکو وکاربەدەستانی ئێرانی چوار ساڵ دەرفەتیان هەبوو مامەڵەکانیان لەگەڵ چین پتەو و پارێزراو بکەن. بڕیاری بایدن بۆ کۆتاییهێنان بە زەخت و ڕادەستکردنی دراو بۆ ڕێژیمی ئێران گیروگرفتێکی دیکەیە: ئێستا تاران لەو بڕوایەدایە کە دەتوانێ خۆی لە بەرانبەر هەر سیاسەتێکی ئەوپەڕی زەختدا ڕابگرێ، ڕەنگبێ ئەوان هەڵە نەبن. بۆیە ئەوپەڕی زەخت

بە تەنیا بەس نییە و کەمایەسی و پەیوەندیدارنەبوونیشی بۆ ئەوە نابێ پاشگوێ بخرێن. ئەو ڕۆژەی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ، ئێران جارێکی دیکە دێتەوە نێو کۆمەڵگەی جیهانی و دەبێتە هاوپەیمانێک. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان ئابووریی ئێران وەها تێکبشکێنێ کە لە خاڵی چاکبوونەوە تێپەڕ بێ، ئەوکات ئێرانییەکان ڕەنگبێ پێویستیان بە خەباتی دەیان ساڵە هەبێ تا بێنەوە سەر پێ، چۆن عێراقی دوای سەردەمی گەمارۆکان تووشی بوو.

گەمارۆی واتادار گرینگن؛ بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، گەمارۆی ئامانجدار ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە کە لایەنگرانی لە سەرەتادا زانیویانە ئەو گەمارۆیانە نابنە هۆی ئاڵوگۆڕ. بە کورتی، بەڕێوەبەرایەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێوان تەور و پەڕی مریشک یەکیان هەڵبژاردوە.

کاربەدەستانی وەزارەتی دارایی چەند گیروگرفتیان هەن کە ڕێگاچارەکانیان لە وەزارەتی دارایی گیر ناکەوێ. بەڵام، ئێران یەکێک لەو گیرو گرفتانە نییە. ئایدیۆلۆژی و پێکهاتە گرینگن. بە یەک هۆی ساکار هیچ ئاڵوگۆڕکی بەرچاو لە نێوخۆی ئێران بێ تێکشکاندنی سوپای پاسداران ڕوو نادا:

سوپای پاسداران وەک پارێزەری ڕێبەریی لە بەرانبەر خەڵکدایە. زۆر کەس سوپای پاسداران وەک هێزێکی نوخبەی سەربازی سەیر دەکەن، بەڵام ئەو لەوە زیاترە: بە پێچەوانەی سوپا کە ئەرکەکەی پاراستنی خاکە، ئەرکی سوپای پاسداران پاراستنی شۆڕشە، بۆیە بەربەرەکانی لەگەڵ دوژمنانی دەرەکی و نێوخۆیی دەکات. لە کاتێکدا کە هێندێک کاربەدەستی ساویلکە، لە جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە ستروب تالبوت و ریچارد ئارمیتاژ تا ڕاوێژکاری ئەمنیەتی نیشتمانی سوزان رایس و جەیک ساڵیڤان هیوایان بە ڕیفورمخوازەکانی ڕێژیم هەبوو، هیچکامیان چارەسەری گیروگرفتە ئاشکراکەیان نەکرد: تەنانەت بێتوو ڕیفۆرمخوازەکان ڕاست بکەن، هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو ڕوو نادا ئەگەر سوپای پاسداران ئیزنی پێ نەدا. کە وا بوو پرسیارەکە ئەوەیە چۆن قەناعەت بە سوپای پاسداران بهێنری یان چۆن ڕێکخراوەکە تێکبشکێندرێ.

تەنیا دیپلۆماتە هەرە ساویلکەکان بڕوا بە گۆڕانی بیر و بۆچوونی گشتیی لە نێو سوپای پاسداراندا دەکەن. ئەو تاقمە لە دەوری ئایدیۆلۆژییەک ڕێکخراوە کە ئەندامانی بەڕێوەبەرییەکەی لە منداڵییەوە مێشکیان شۆردراوەتەوە. هۆی بوونیان و ئەو زێدەمافانەی هەیانن بە سۆزە شۆڕشگێرانەکەیانەوە گرێ دراوە.

## بەشی: چوارەم

تێکشکاندنی سوپای پاسداران دژوارترە بەڵام، دوای ٤٥ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی، هیچ ناوەرۆکێکی نەماوە. ئەوانە چەند هەواڵی دڵخۆشکەرن. سوپای پاسداران یەکچەشن نییە. ئەندامە سەرەکییەکانی بڕوامەندی ڕاستەقینەن، بەڵام بەشێکیان لەبەر بەرژەوەندی یان قازانجی ماددی چوونە نێو سوپا، بە تایبەت ئەوانەی لە جیات سەربازی لەنێو ئەرتەشدا دەچنە نێو سوپای پاسداران.

کەلێنی دیکەش هەن: جیاوازیی جیلەکان لە نێوان ئەوانەی پاشخانی هەژارییان هەیە کە لە جەنگی ئێران-عێراقدا بەشدار بوون و مناڵی ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتیان هەیە بەڵام نایانهەوێ خۆیان بکەنە قوربانی. بە پێچەوانە، گەلێک لەوانەی سەر بە بنەماڵەی کۆنەپارێزن ڕقیان لە گەندەڵیی نوخبە ئایینییەکانە. بەشێکی بەرچاو لە بریندارانی جەنگ، لەوە تووڕەن کە ڕێژیم بە شێوەی پێویست ڕێز لە قوربانیدانەکانیان ناگرێ و بە شێوەی چاوەڕوانکراو بە ئەندامانی بنەماڵەکانیان ڕاناگات.

ئەگەر ترامپ، سەرۆکی هەواڵگریی وڵات تاڵسی گابارد و، وەزیری کاروباری دەروە، مارکۆ ڕوبیۆ لە کۆتاییهێنان بە هەڕەشەی کۆماری ئیسلامیی بە شێوەی یەکجاریی جیددین، هیچ کورتە ڕێگایەک بوونی نییە. بێگومان، ئەوان دەبێ پێشوازیی لە سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت بۆ نەهێشتنی سامانەکانی سوپای پاسداران بکەن، بەڵام ئەوان هەروەها دەبێ کەلێنەکان دەستنیشان بکەن و کەلکیان لێ وەرگرن. بۆ وێنە، وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ پێشنیاری چارەسەری پزیشکیی خۆڕایی بە بریندارانی سەردەمی جەنگی ئێران-عێراق لە نەخۆشخانەی پاپۆڕیی ئەمریکایی لە دوبەی بکات. بێتوو ئەو بریندارە نارازییانە چارەسەرەکە قبووڵ بکەن، ئەوە دەبێتە سەرچاوەی هەواڵگریی و کودەتایەکی تەبلیغاتی؛ بێتوو ڕێژیمی ئێران پێش بە چوونی ئەوان بۆ دوبەی بگرێ، ئەوە تەنیا تووڕەیی نێوخۆیی زیاتر دەکات.

هەم کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها وەزارەتی دارایی دەبێ ئەژمارەکانی سوپای پاسداران لە دەرەوە دەستنیشان بکەن، جا ئەوە دراوی سایبەری بێ، دراوی نەخد بێ یان زێڕ، دەبێ دەستی بەسەردا بگرن تا پێش بە بەکارهێنانی دوای مردنی خامنەیی بگیرێت.

لە دۆخی دیکەدا ڕێگاچارەی دیکەش بەکەڵکن: هەر وەکوو چۆن بەڕێوەبەرایەتیی ترومەن دانی بەخۆدا گرت و مافی پەنابەریی بە زانستوانە ناوکییەکانی ئاڵمانی نازی بەخشی، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ پارێزراو بوون لە سزا بە پسپۆڕانی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی سوپای پاسداران، بە مەرجی وازهێنانیان بەر لە ڕووخانی ڕێژیم پێ پێشنیار بکات.

**بەشی: چوارەم**

بێتوو وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوانە لەگەڵ ستراتیژیی کوشتنی ئامانجدار تێکەڵ بکات و بە شێوەی کاریگەر فەرماندەکانی سوپای پاسداران تێبگەیەنێت کە یەکێک لەو بڕارانە هەڵبژێرن، ئەوکات واشینگتۆن دەتوانێ پێشنیارێکی وەها بە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ئێران بکات کە نەتوانن خۆی لێ ببوێرن.

هیچ فۆرمولێکی سێحراوی بوونەی نییە بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی ڕێژیمی زامبی وەک کورەی باکوور، ئێریترە، کوبا، ڤێنێزوئێلا و لە ڕابردوودا عێراقی سەددام حوسێن، بەو هۆ ساکارە لە دەسەڵاتدان کە هێزە ئەمنییەتییەکانیان گوێ نادەنە خۆشبژێویی شارۆمەندە ئاساییەکانیان، چاوەڕوانیی ڕووخانی ڕێژیمی ئێران بە هۆی نەبوونی دراوی نەخد، ساویلکەییە. کاتی ئەوە هاتوە پێشوازیی نە تەنیا لە سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت بکرێ، بەڵکو لە ئەوپەڕی لێکهەڵوەشانی سوپای پاسدارانیش.

**٢ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥**

## شۆڕشی ناخۆشەویستی ئێران



**نەیشناڵ ڕیڤیو – ڕووەل مارک گەریشت، ڕەی تاکیە**

فێڤرییەی ئەمساڵ شۆڕشی ئێران بوو بە ٤٦ ساڵ. نیوەڕاستی تەمەن زۆرجار دەبێتە هۆی ئاقڵبوونی ڕێژەیی، کاتێک مرۆڤەکان خولیای لاوەتی وەلا دەنێن و ڕاستییە تاڵەکان قبووڵ دەکەن. بەڵام ئیسلامییەکانی ئێران هەمیشە لاون. لە ڕادەبەدەر بەستراوە بە ڕاستبوونی ئایدیۆلۆژییەکەیانن لەبەر ئەو هۆیە بڕیاری مێژوو قبووڵ ناکەن، بۆیە لەسەر مەئمووریەتەکەیان بۆ قەرەبووکردنەوە پێداگرن. کۆماری ئیسلامی تووشی چەقبەستوویی بووە. ڕێبەرەکانی ناتوانن خۆیان بگۆڕن؛ جەماوەر هەر ئێستا گۆڕاوە.

مەلاکان لە ١٩٧٩ زۆر بەڵێنییان دان. سیستەمێکی سیاسیی نوێ قەرار بوو بە جۆرێک نەریتە دێموکڕاتیکەکان لەگەڵ بڕوا ئاینییەکان ئاشت بکاتەوە. ئابوورییەک دروست بکەن کە چینی کرێکار، کە شۆڕشەکە بە ناوی ئەوانە کرابوو، بەرز بکاتەوە. قەرار بوو شۆڕش بێسنوور بێ: بە تێکەڵاوکردنی سەرهەڵدانی خۆڕسک و چالاکیی نهێنی ئێرانی، مسوڵمانانی

## بەشی: چوارەم

هەموو شوێنێک قەرار بوو کۆماری ئیسلامی وەک پێشڕەوی پەیامی خودا قبووڵ بکەن.

ژێربیی ڕاستەقینە لە نێوەرۆکی یاسای بنەڕەتی ئێراندا بوو. دەسەڵات لە دەستی چەند کەسی هەڵنەبژێردراو دابوو، وەک ڕێبەری گەورە و شورای نیگابان، کە بەربژێرانی دەسەڵاتداریی حکوومەتی هەڵدەسەنگێنن تا دڵنیا بن کە هەموو یاسایەک بە گوێرەی ستانداردەکانی ئێسلام بن. بەڵام هەڵبژاردنیش بۆ سەرۆک کۆماریی، پارلەمان و ئەنجومەنی شارەکان هەبوون. بۆ ماوەی چەند ساڵ، لە کاتێکدا کە بەربژێرەکانی لایەنە سیاسییە جۆراجۆرەکان بژاردەی ڕاستەقینەیان پێشکەشی جەماوەر دەکرد، هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی ڕووداوی پڕ لە هاتوهەڵڵا بوون. محەممەد خاتەمی، کە ماوەیەکی دوورودرێژ گەنگەشەی بۆچوونە ڕۆژئاواییەکان و ئەو مەتەڵە کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی کردبوو کە زیاتر لە هەر دەسەڵاتێکی وڵاتانی ئیسلامی، دەوڵەمەندیی و بەختەوەریی ئاشکرایان بۆ شارۆمەندانیان دروست کردوە، بەڵێنی دیموکراسییەکی ئیسلامی دا.

یەکەم سەرکۆماری پۆپۆلیست و بەگومان لە مەلایان، مەحموود ئەحمەدینژاد، باسی دادپەروەریی ئابووریی دەکرد و حەسەن ڕوحانی شۆڕشگێڕێکی جیددی کە سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییە، تێدەگەیشت کە چارەنووس بە تەنیا بۆ بردنەوەی خەباتە ئایدیۆلۆژیکییە جیدییەکان بەس نییە، بۆیە ئیددیعای کرد دەتوانێ بە ڕێککەوتن لەسەر کۆنترۆڵکردنی چەک لەگەڵ ئەمریکا ئابووری ببوژێنێتەوە. ئەو فرەچەشنییە سوپاپی متمانەی فرە بەنرخ بۆ ڕێژیمی ئایینی بوو کە ڕێگایەکی بۆ دانانی کاریگەریی لە لایەن شارۆمەندە نارازییەکان لە سەر گفتوگۆکانی دەوڵەت کردبۆوە. ئەوە هەمووی بوو بە هیچ.

دۆخی نالەباری هەنووکەیی دەوڵەت، خەتای خودی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەییە. لە هەموو دەرفەتێکدا، ئەو پێشی بە سەرۆککۆمارەکانی و پارلەمانەکان گرتوە. ئەو پرۆسەی هەڵبژاردنی، بە دڵنیا بوون لە ڕێگادان بە خۆبەربژێرکردنی تەنیا ئەو کەسانەی بەتەواوی ملکەچی نابروان، بێکەڵک کردووە. ئەوە بۆ بەربژێری توندئاژۆ، ئیبراهیم ڕەئیسی، کە لە کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەر لە ساڵی ڕابردوودا کوژرا، ڕاست بوو و بۆ کەسی کەمتر توندئاژۆ وەک مەسعوود پزشکیانیش ڕاستە. لە هەمان کاتدا، پارلەمان بووەتە سەکۆیەک بۆ مشتومڕ و جاروبار لێپرسینەوە لە وەزیرێک، بەڵام کارێکی دیکە ناکات.

ئەمڕۆ، زۆرینەی ئێرانییەکان لە هەڵبژاردندا بەشداری ناکەن و، ئەو دامەزراوانەی سەردەمێک نێوبژیوانی نوخبەی فەرمانڕەوا و جەماوەر بوون پلەی خۆیان لەکیس داوە. ناڕەزایەتی سەر شەقام تەنیا ڕێگای دەربڕینی سکالاکانی شارۆمەندانە.

## بەشی: چوارەم

ڕوحوڵڵا خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، جارێک بە گاڵتە گوتی شۆڕش بۆ نرخی کاڵەک نەکراوە. مەلاکان قەت لە ئابووری تێنەگەیشتن. هەوڵەکانیان بۆ ئاشت کردنەوەی پێداویستییەکانی ئابووری کەرتی تایبەت و ئەو نایەکسانییەی دروستی دەکەن لەگەڵ داواکانیان بۆ بەرز کردنەوەی دۆخی ژیانی هەژاران بووەتە هۆی دروست بوونی دەوڵەتێکی بەرفراوانی خۆشبژێویی و بیرۆکراسییەکی بەربڵاو. ئەمڕۆ چینی هەژار پێڕاگەیشتنی تەندروستی خراپی پێشکەش دەکرێ، سیستەمی پەروەردەی خراپ و قەیرانی خانووبەرەش هەن. یارمەتییەکانی دەوڵەتی هەر دێتوو بەشێکی زۆرتری بەرهەمی نێوخۆیی گشتی بەکار دەهێنێ و کەسیش ڕازی نیە.

ئێستا دەوڵەتی خودا لە گەندەڵیدا نوقم بووە. سیستەمەکە پڕە لە "ئاغا زادە". نەوەی مەلای خاوەن دەسەلات کە گرێبەستی پڕ داهاتی دەوڵەتی وەردەگرن، هیچ باجێک نادەن و گوێ نادەنە هیچ ڕێسایەک. سوپای پاسداران، بە قۆرخکردنی کۆنترۆڵی پیشەسازییە سەرەکییەکانی وەک پەیوەندیی ڕێگای دوور، بیناسازیی و تەنانەت سیستەمی بانکی، لاسایی مودێلی سیستەمە دیکتاتۆرییە گەندەڵەکانی دیکەی وڵاتانی جیهانی سێهەم دەکاتەوە. لە کاتێکدا کە نزیکەی ٣٠ لە سەدی ئێرانییەکان لە ژێر هێڵی هەژارییدا دەژین، کەلێنی چینایەتی بیرهێنەوەرەی دوایین ڕۆژەکانی ڕێژیمی گەندەڵی پاشایەتییە. هەموو ئەوانە بە تایبەتی کاتێک بۆ ئێرانییەکان ئازاردەرە کە ڕێبەرە مەلاکان بەردەوام لە جەماوەر داوا ی خۆبەختکردن و دان بەخۆدا گرتن لە بەرانبەر دژوارییەکان بە خاتری ڕێژیم و بڕوا ئایینییەکەیان دەکەن.

زۆرترین سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی وەدەست هاتوە. کۆماری ئیسلامی هەموو کات ویستوویەتی دەسەڵاتی دراوسێکانی بنکۆڵ بکات. ئەو پشتگیریی لە تاقمێکی جۆراجۆر لە میلیشیا و تێرۆریستان کردوە و لەنێو بردنی ئیسرائیلی کردوە بە دۆزی سەرەکی خۆی. ئەمریکا، شەیتانی مەزن، بۆ مەلاکان سووکایەتییە. فەرهەنگەکەی، کە بە جیهانیی بووە، لاوانی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، هاوکات پاپۆڕە جەنگییەکانی لە کەنارەکانی ئێران دەسووڕێنەوە.

هیچ دەوڵەتێکی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بەقەد کۆماری ئیسلامی ئەمریکایی نەکوشتوە. تەقاندنەوەی بنکەی هێزی دەریایی و باڵوێزخانە لە ١٩٨٣، هێرش بۆ سەر بنکەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عەرەبستانی سعودی لە ١٩٩٦ و، هێرشی بێبەبەزییانە بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق و ئەفغانستان هەزاران کوژراو و برینداریان لێ کەوتوونەوە. واشینگتۆن بە سەپاندنی گەمارۆ وەڵامی داوەتەوە کە بووەتە هۆی بێتواناکردنی ئابوورییەکەی و سنووردار کردنی سامانەکانی.

**بەشی: چوارەم**

مەلاکان پەژیوان نین. لە دەیەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە، ئەوان لە دوای ئیمپراتوریی بریتانیا، سەرکەوتووترین پرۆژەی ئیمپریالیستییان بە بەراورد لەگەڵ تێچووەکەی دروست کرد. لە دەرئەنجامەکانی دوای هێرشی ١١ی سێپتەمبەر و بەهاری عەرەبی، سیستەمی دەوڵەتیی لە ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر تێکرما. شەڕی ناوخۆیی و ناوچەی بێ حوکمڕانیی دەرفەتی زۆر و زەبەندیان بۆ تاران دەستەبەر کرد تا بە نێو تەوەری بەرگریی دروست بکات، پێکهاتەیەک کە تێکەڵاوێک بوو لە میلیشیای شیعە و عەرەب کە گوێڕایەڵی ئێران بوون. کۆماری ئیسلامی یارمەتیدەری وەدەرنانی ئەمریکا لە عێراق بوو، ڕاستەوخۆ بە بەکرێگیراوەکانی لە یەمەن عەرەبستانی سعودی جاڕز کرد و، بۆ ماوەیەک ڕێژیمی ئەسەدەی لە سووریە پاراست.

پاشان ٧ی ئۆکتۆبەر و پووچەڵکرانەوە مەزنەکە هات. ستراتیژییە ئیمپریالیستییەکەی کۆماری ئیسلامی تەنیا لەبەر ئەوە سەرکەوتوو بوو چونکە بەرەوڕووی بەپەرچدانەوەی کەم بووەوە. بەڕێوەبەرایەتییە یەک لە دوای یەکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ترسی بەربەرین کردنەوە کێشەکە نەیاندەهەویست بەرەورووی تاران ببنەوە. بەلام ئورشەلیم شانۆنامەکەی گۆڕی. ئەو لە کاتێکدا کە خەریکی لەنێوبردنی حەماس و کوشتنی سەرانی حیزبوڵڵا بوو، داوای واشینگتۆنی بۆ دان بەخۆ داگرتن ڕەت کردەوە. هەموو ئەوانە بوونە ڕێخۆشکەری تێکرمانی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە، کە وەها خێرا قەوما کە هاوپەیمانە ڕوسی و ئێرانییەکانی هیچ دەرفەتێکیان بۆ پاراستنی نەما. بە بەرەورووبوونەوە وێرانکەرەکەی لەگەڵ ئێران، ئیسرائیل توانایی سەربازیی خۆی بە نیشاندانی ساکار بوونی دزە کردن بە نێو سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامی پیشان دا.

لە ناکاو تاران لاوازییەکەی ئاشکرا بوو و دەسەڵاتی بەسەر چەند بەشی ئێران و کەندوادا سنووردار کرا. ئەوانە هیچیان بە دڵی خەڵکی ئێران نەبووە. لە ١٩٧٩ بەولاوە، وردە وردە دەنگدەرانی کپ کران. لیبراڵەکان، یەکەم بەش بوون کە وەلا نران، ئەوان زوو تێگەیشتن کە هیچ جێگایەکیان لە پەرگالی دەسەڵاتداریی ئاییینی دا نییە. خوێندکاران، کە هەمیشە بڕبڕەی پشتی هەر جۆرە جووڵانەوەیەکی ناڕەزایەتی لە ئێران بوون، دوای جووڵانەوەی ١٩٩٩ دەرکەوتن. هەڵبژاردنی ساختەکارانەی سەرۆک کۆماریی لە ٢٠٠٩ بووە هۆی سەرهەڵدانی جووڵانەوەی سەوز، کە بناخەکانی ڕێژیمی هەژاند. سەرهەڵدانی ٢٠١٩، لە کاتی هاتنە سەرشەقامی چینی هەژار، مەلاکانی زۆرتر ترساند. ئەوان قەرار بوو لایەنگری هەمیشەیی حکوومەتی ئاییینی بن، کە بە بیروبڕاوی ئاییینی و پارێزگاریی لە لایەن ڕێژیمەوە بەسترابوونەوە.

لە ٢٠٢٣، جووڵانەوەی ژن، ژیان ئازادی بووە نوێنگەی سکاڵای سەرجەم گەلانی ئێران. لە زۆر کۆنەوە، پیاوانی ئاییینی

## بەشی: چوارەم

ئیسلام زۆر جار نیگەرانیی خۆیان بۆ توانایی لێکهەڵتەکێنی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەربڕیوە. دەسەڵاتی ئەوان بەسەر پیاوانەوە دبێتە بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی خودا. ژنان دەورێکی مەزنیان لە جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازیی لە کۆماری ئیسلامیدا دەگێڕا کە ئێستا مردووە، هەڵبژێرانی خاتەمی لە ١٩٩٧، کە بەشێکی زۆر لە نوخبەی دەسەڵاتدار بە دەستپێکی هەڕەشەکانی نێوخۆیی سەیری دەکەن، بە بێ پشتیوانیی ژنان کە وەک ئامرازێکی دەربڕینی ناڕازەیەتییان پشتیگرییان لە کاندیدەکە کرد ڕووی نەدەدا. دوای سەرهەڵدانی جووڵانەوە ژن، ژیان، ئازادی، ڕەنگبێ دادپەروەرانە بێ کە بڵێین خامنەیی ژنان وەک تاقمێک سەیر دەکات کە بە شێوەیەکی بێهاواکەر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژی ڕۆژئاوا.

بێگومان خامنەیی ٨٥ ساڵە گەلێک نیگەرانی میراتی خۆیەتی. کارنامەکەی فرە خراپە: کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا لە لایەن جووەکانەوە شەرمەزار کراوە. شارۆمەندە تووڕەکان بەردەوام گاڵتە بە حکوومەتی ئایینی دەکەن. بێجگە لە بەرنامەی چەکی ناوکییەکەی، ستراتێژییە بەرگریکارانە و هێرشبەرانەکەی ئێران وێران بوون. بۆمبەکە ئێستا لە هەموو کاتێک زۆرتر بە پێویست سەیر دەکرێ و خامنەیی دەیان میلیارد دۆلاری بۆ گەشە پێدانەکەی خەرج نەکردوە و ئەو هەموو گەمارۆیانەی بۆیە تەحەموول نەکردووە کە وەکوو ژاپۆن دەستبەرداری چەکی ناوکی بێ. چەکێکی ناوکی دەبێتە هۆی ڕێز لە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە. بەکرێگیراوان و میلیشیاکان هەمیشە ئامرازی جێگای متمانەی نواندنی دەسەڵات نین؛ جبەخانەیەکی ناوکی دەبێتە هۆی باڵادەستیی هەمیشەیی. و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وردە وردە ئێرانێکی ناوکی قبووڵ دەکات و پێشوازیی لە ڕێژیمێک دەکات کە شکستەکەی فرە مەترسیدار بێ.

چەکی ناوکی ڕەنگبێ نەتوانێ کۆماری ئیسلامی ڕزگار بکات، ڕزینەکەی فرە مەزنە و ناڕەزایەتی جەماوەریی گەلێک بەربەرینە. بەڵام خامنەیی لە بیری شۆڕشەکەی دایە، بۆمبەکە ڕەنگبێ دوایین ئامراز بۆ بەردەوامیی دەوڵەتی خودا بێ .

١٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# خۆپەسەندیی ترامپ و لاساریی خامنەیی



**ئورشەلیم پۆست – داڤید م. واینبرگ**

ئەو سێهەمین بەشەی وتارەکەم لە بارەی ئێراندا لە نزمترین ئاستدا لە ڕێککەوتنی ناوکی لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆماری ئیسلامی و بژاردەکانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی لە ئەگەری نەگەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ دەکۆڵێتەوە.

لە حەوتووی ڕابردوودا، ئێمە مێژووی فرتوفێڵاوییەکەی ئێرانمان (ئامانجە بەرزەفڕانە شۆڕشگێڕییەکەی بۆ زاڵبوون بەسەر ناوچەکەدا، شەڕە بە وەکالەت و بەرنامەکانی هاژەکی و ناوکییەکەی) وەرد دایەوە و هەروەها باسی جیهانبینییە ستراتێژیکییەکەی سەرۆککۆمار ترامپمان کرد. من باسی ئەوەم کرد کە ترامپ بەتەمای بردنەوەی کێبڕکێی جیهانیی لەگەڵ چینە و خولیایەکەی لەمەڕ گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا و ڕووسیە بۆ دۆخی پێشوو بەوە بەندە کە لە بەرووڕووبوونەوە لەگەڵ ئێراندا، بوێری نیشان بدات.

## بەشی: چوارەم

بێجگە لەوە من باسی ئەوەم کرد هەڕەشەکانی ترامپ دژی ئێران هیچ شتێکیان لە ڕێککەوتنێکی شل بە شێوەی ئۆباما کەم نیە کە بەرنامەی ئێران لە ماوەی دانووستانەکاندا درێژەی دەبێ و ئەوسا کاتی سەرۆککۆماریی کۆتایی دێ، لانی کەم لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵسوکەوت لەگەڵ کاروباری نێونەتەوەییدا. ئەو قەت ناتوانێ ببێتە سەرکۆماری "وەرچەرخێنەر" بە دەستکەوتی "مێژوویی" کە ناوبراو وەها بە ئاشکرا دەیهەوێ خۆی بنوێنێ.

مەرجی سەرەکی گەیشتن بە "ڕێککەتونێکی باش" لەگەڵ ئێران، دانانی جیاوازیی لە نێوان سنووردارکردنی چەکوچۆڵ و داماڵینی ناوکییە.

سەرۆککۆمار ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٥ بە سنووردارکردنی چەکوچۆڵ ڕازی بوو، بەرنامەی ناوکیی ئێرانی سنووردار کرد بەڵام لێی گەڕا درێژە بە چالاکیی خۆی بدا، ڕەوایی هەبێ و ئیزنی پێدا لەگەڵ کۆتایی هاتنی سنووردراکردنە کاتییەکان، خێراتر بەردەوام بێ. ناوبراو دەیان میلیارد دۆلار لە دراوی سڕکراوی ئێرانی ئازاد کرد تا سووتەمەنیی گەشەی سەربازیی ئێران بەرەو پێشەوە دابین بکات. ئۆباما بە کەم ڕازی بوو و لە کۆتاییدا ڕێگەی بە ئێران دا تا ببێتە وڵاتێکی سەر لێواری بوون بە خاوەن چەکی ناوکی.

### داماڵینی ناوکی

بە پێچەوانە، ئەفریقای باشوور پرۆسەی داماڵینی ناوکی لە نەوەدەکانی زایینی دەست پێ کرد، هەر وەکوو لیبی دوای داگیرکرانی عێراق لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ٢٠٠٣.

ئەو ڕێچکەیە هیچ ژێرخانی پیتاندن و بەچەککردن بۆ ڕێژیم ناهێڵێتەوە تا لە ئەگەری پەژیوان بوونەوە کەڵکی لێ وەرگرێ. ئەوە دەقاودەق ئەو شتەیە کە سەرۆکوەزیران نەتانیاهوو ئەو حەوتوویە بە ترامپی گوت: لیبی نموونەیە. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان مایک واڵتز ڕوونی کردەوە کە ئێران دەبێ "سەرجەم بەشەکانی بەرنامەی ناوکی خۆی، لە ناویاندا هاژەکان، بەچەککردن و پیتاندنی ئورانیۆم ڕادەست بکات و دەستبەرداریان بێ".

کورتکراوەکەی لە لای ترامپ: "چاودیریی بکە، کۆنترۆڵی بکە، بیپشکنە و، پاشان بیتەقێنەوە یان دڵنیا بە کە چیدیکە دامەزراوەی ناوکی لێ نین." حەوتووی ڕابردوو گوتی ئەو بە دوای ڕێککەوتنێکەوەیە "کە هێندە باش بێ وەک ئەوە بچێ بە

هێزی سەربازیی وەدەستهاتوە".

سێ پسپۆڕی دامەزراوەی داکۆکی لە دیموکراسییان (FDD) ئەم حەوتوویە لە واشینگتۆن وردەکاریی بردنەوەیەکی ئەوتۆیان پێشکەش کرد؛ واتە داماڵینی تەواو دەبێ چی لە خۆ بگرێ. ئەو بە مانای "لێکهەڵوەشاندنی تەواو، یەکجارەکی و هەڵسەنگێندراو، هەناردەکردن یان لەجێدا لەنێو بردنی" سەرجەم سامانەکانی پیتاندنی ئورانیۆم و پلوتۆنیۆم، پشکنینی "لە هەرکات و هەر شوێنێک" و کۆتاییهێنان بە توێژینەوە و گەشە پێدانی چەکی ناوکی بگرێتە خۆ.

ئەو هەروەها بە مانای کۆتاییهێنان بە هاژەکی بالیستیکی ئێران، هاژەکی دەریایی، جبەخانەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و کۆتاییهێنان بە هاوردە و هەناردەکردنی نایاسایی ناوکی و بە تایبەتی ڕێککەوتنەکانی ناوکی، هاژەکی و چەکوچۆڵ لەگەڵ ڕوسیە، چین و کۆرەی باکووریش بگرێتەوە. بەڵێ، هەڵبەت ئەوەشی تێدایە کە دەبێ پشتگیریی لەمێژینەی تاران لە حەماس، حیزبوڵڵا، حوسییەکان و هێزە بەکرێگیراوەکانی دیکە کۆتایی پێ بهێندرێ.

هەموو ئەوانە پێویستی بە چاودێریی فرە دەستدرێژیکارانە و چڕی ئەمریکا و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی لە هەژمارەکانی بانکیی ئێران، کانگاکانی ئورانیۆم، دامەزراوەکانی کارکردن لەسەر کانزاکان، بنکەکانی سەربازیی و هاژەکی، بەندەر و فڕۆکەخانەکان، لەگەڵ لەنێو بردنی تەواوەتی بنکە ژێرزەمینییەکان بۆ چالاکیی ناوکی و کۆگای چەکوچۆڵە.

لە ڕوانگەی منەوە، هەر جۆرە ڕێککەوتنێک کە تۆزقاڵێک وەک ئەو داماڵینەی هێزی ئێرانی، ئەو بنکۆڵ کردنەی سەربەخۆیی ئێران بچێ، ئەگەری پەسەندکرانی لە لایەن ئایەتوڵڵا خامنەییەوە، نزیکەی سفرە. پێموابێ ئەگەری دەنگدانی دادئەستێنی گشتیی ئیسرائیل، گالی باهاراڤ - میارا و بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی ڕۆنەن بار لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئیسڕائیل بە نەتانیاهوو زۆرترە تا عەلی خامنەیی بە خۆشیی خۆی سوجدە بۆ ترامپ بەرێ و چاودێریی لێکهەڵوەشاندنی شۆڕشی ئیسلامی بکات.

لەبیرمان بێ: تاران چوار دەیە و سەدان میلیارد دۆلاری لە گەشەپێدانی هێزە سەربازییەکەی و بالادەستیی ناوچەیی خەرج کردوە کە هاوکات بووە لەگەڵ بەشمەینەتیی بەرچاو ("قوربانیدان") لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە. هەموو ئەوانە، لەبەر بروامەندییەکی قووڵی ئایدیۆلۆژیکی و ئایینی، کە پشت ئەستوورە بە خولیایەکی ڕەش کە کۆمەڵکوژیی دژی ئیسڕائیل و ڕۆژئاوا و لەنێوبردنی شارستانییەتی دوژمن دەگرێتەوە. کە وا بوو، زۆر وێدەچێ لە دانووستانەکەی کۆتایی ئەم

حەوتوویەدا، ئێران ئەو کارە بکات کە زۆر باش لێی شارەزایە: دواخستن، پێشکەشکردنی سازشی ئەوتۆ کە بتوانێ لێی پاشگەز بێتەوە و پووچەڵکردنی هێزی وڵاتە یەکگرتووەکان. بەڕێوەبەرایەتی پێشووی ئەمریکا تەنانەت بۆ مانەوەی ئێران لە سەر مێزی دانووستان، ئەو وڵاتەیان خەڵات کردوە! وەک سەرۆکی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییان، مارک دوبۆویتز ئاماژەی پێ کردووە، ئێران مامۆستای هەڵخەڵەتاندنی سەرۆک کۆمارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانە.

جیاوازییەکەی بۆ ترامپ، نەتانیاهو یان ڕۆژئاوا، ئەمجارە، ئەوەیە کە کات نیە. ئێران چەند خولەک یان چەند مانگ لە ئاشکراکردنی یەکەم بۆمبە ناوکییەکەی دوورە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێک بە ناوی کتێبی سوور، کە دوو ساڵ جارێک لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی بڵاو دەبێتەوە و ئەم سێ شەممەی بڵاو بووەوە، یەدەگی ئورانیۆمی پیتێنراوی ئێران گەلێک لەوەی گریمانە دەکرا زیاترە و وێدەچی ئەمساڵ ڕێژەی بەرهەمهێنانی کانزای ئورانیۆم لە ٢١ تۆن بۆ ٧١ تۆن بەرز بێتەوە. هیچ وڵاتێک ئۆرانیۆمی تا پلەی ٪٦٠ نەپیتاندوە، کارێک کە ئێران کردوویەتی، بێ ئەوەی بۆمبی ناوکی بەرهەم نەهێنابێ، کەوابوو ئامانجی ئێران ڕوونە.

ئەو پلەیە، بەڕیوەبەرایەتی ترامپ بەرەورووی سێ بژاردە دەکاتەوە: یەکەمیان تەسلیم بوونە، گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی لاواز، ڕێککەوتنێکی بچووک کراوە لەگەڵ ئێران کە وا دەنوێنندرێ کە بەرنامەی ناوکی و هێزەکانی دیکەی ئێران لەژێر کۆنترۆڵدان و ئیدیعا دەکرێ کە ئەوە سەرکەوتنێکی "زەبەلاح" بۆ واشینگتۆنە.

**پرسیارەکە ئەوەیە کە کامیان سەر دەکەوێ: خۆپەسەندیی ترامپ یان لاساریی خامنەیی**

پێمخۆشە وا بیر بکەمەوە کە ترامپ لە وەها داوێک ناکەوێ، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پێشبینی نەکراو، ئەو ڕاستییە کە خۆی وەک مەزنترین مامەڵەکەری جیهان سەیر دەکات و ئەو ئاواتەی کە زۆر جار باسی کردوە، واتە وەک ئاشتیخولقێنی پلە یەکەمی جیهان بناسرێ، ناتوانین بڵێین ئەوە ڕوو نادا.

ئیسرائیل دەبێ هەموو هێزی خۆی لەکار بکات تا پێش بە هەرەسهێنانێکی ئەوتۆی وڵاتە یەکگرتووەکان بگرێ. خۆ بەدەستەوەدان بە ئێران گەلێک لە داهاتنەوە بۆ ڕووسیە (لە پەیوەندیی لەگەڵ ئوکراین) مەترسیدارترە و بۆ ئاسایشی ئیسرائیل فرە ماڵوێرانکەرتریشە.

## بەشی: چوارەم

دووهەم بـژاردەی ترامـپ بۆمبـاران کـردن و خـاپوورکردنی ئێـرانە، نەتەنیـا دامەزراوە سـەربازیی و نەوتییەکـان بەڵکـوو ناوەندەکانی دەسەڵاتیش. ئەوە دەبێتە هەوڵێک بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی تـاران بـۆ مـاوەی دەیـان سـاڵ، دامـاڵینی توانـایی ئابووری بۆ دروستکردنەوەی خێرای توانا سەربازییەکەی و نەهێشتنی بەشی هەرە زۆری ڕێبەریی هەنووکەیی بەو هیوایە کە ئاڵوگۆڕی ڕێژیمی بەدواوە بێ.

سێهەم بژاردەی ترامپ ئەوەیە ڕێگا بە ئیسرائیل بدا تا کارەکە بکات یان لانی کەم دەست بە لە نێوبردنی بەرەی پێشەوەی بـنکە نـاوکی و هاژەکییەکـانی بکـات، بە هێرشـی زیـادی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکـانەوە و پشـتیوانی لە ئیسـرائیل و سەلماندنی بە ئێران کە هەوڵەکانی بۆ وەدەستهێنانی هێژەمۆنی کۆتایی هاتووە .

بێتوو ئێران هێندە گەمژە بێ کە هەڕەشەکەی لە بارەی تۆڵە ئەستاندنەوە بە هێرشی هاژەکی بۆ ئیسرائیل، بـۆ سەر هێز و بـنکەی سـەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە کەنـداو و، بـۆ سـەر هاوپەیمانـانی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە نـاوچەدا وەڕاست گەڕێنێ، ترامپ بێجگە لە ئاراستە کردنی توانایی سەربازیی ئەمریکا دژی ئێران هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی نامێنێ.


لە سێناریۆیەکی ئەوتۆدا، بێگومان هەوڵی ناشیرین بۆ تاوانبارکردنی ئیسرائیل بە "ڕاکێشـانی" وڵاتە یەکگرتووەکـان بـۆ نێـو جەنگ دەدرێن، بەڵام با بیکەن. لە ئەگەری ڕوونەدانی تەسلیم بوونی ناوکی ئێـران بەرانبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکـان، هـیچ ڕێگا چارەیەکی دیکە نامێنێ. من پێموایە ئەو سێناریۆیە ئەرکدارانەترینە و ئەگەری لە ئەوانی دیکە زۆرترە.

هەر چۆنێـک بـێ، لە سـاڵی ڕابـردوودا ئێـران دوو جـار بە هـاژەکی بالیسـتیک هێرشـی کـردە سـەر ئیسـرائیل و، هەروەهـا بەرپرسیاریی قووڵی بەرانبەر بە هێرشـەکانی حەمـاس لە ٢٠٢٣ و حیزبـوڵڵا لە ٢٠٢٤ بـۆ سـەر ئیسـرائیل هەبـووە. ئیسـرائیل بەکردەوە فێر بووە هەڕەشە کۆمەڵکوژییەکانی ئێران بە جیددی وەرگرێ.

بە گوێرەی نووسراوەی ئایینی کە لە کۆتایی ئەو حەوتوویەدا لە کـاتی جەژنـی پـاک لە مـاڵی جوولەکـان دا دەخـوێنرێتەوە، "لە هەموو نەوەیەکدا دوژمنان هەوڵی لەنێو بردنی جوولەکان دەدەن، بەڵام خودا هێز دەبەخشێتە نەتەوەی ئیسـرائیل تـا بە سەر هەڕەشەکەدا سەرکەوێ، بمێنێتەوە و گەشە بکـات." بێگومـان لە بەرەبەری بەرەوڕووبـوونەوەی مەزن لەگەڵ ئێرانیشـدا بە هەمان شێوە دەبێ.

١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٥

## درزە پەرەئەستێنەکان لە کەسپەرستیی خامنەییدا



ئەنتسیتۆی واشینگتۆن- سەعید گۆڵکار و کەسرا ئەربابی

تا ئێرە، ڕێبەری گەورەی ئێران ئایەتوڵڵا خامنەیی بە بەراورد کردنەکەی نێوان ناوبراو و عەلی ئیبنی ئەبیتالب، یەکەم ئیمامی ئیسلامی شیعە دڵخۆش بووە. سەیر ئەوەیە، ئەو پێداگرییە لەسەر بێ هەڵەبوونی خامنەیی لەگەڵ ڕەزامەندیی هەنووکەیی ناوبراو لەمەڕ خۆگونجاندنی ستراتیژیک یان سیاسەتی سازانی سیاسی، هەستی متمانە لەنێو لایەنگرە توندئاژۆیەکانی خامنەیی بنکۆڵ دەکات.

عەلی ئیبنی ئەبیتالب (هەروەها وەک ئیمام عەلی ناسراوە)، زاوای حەزرەتی محەممەد، چوارەمین خەلیفەی ئیسلام بوو کە لە نێوان ساڵەکانی ٦٥٦ تا ٦٦١ی زایینی دەسەڵاتدار بوو. لە سەرەتاوە ئیمام عەلی و لایەنگرانی لەوە ناڕازی بوون کە ئەو ناچار بوو لە ماوەی دەسەڵاتداریی سێ خەلیفەی پێش خۆی ڕاوەستێ تا نۆرە بگاتە دەسەڵاتداریی ناوبراو. ئەو ئیدیعایە کە پێغەمبەر ئیمامی عەلیی وەک ڕێبەری کۆمەڵگەی موسڵمانان دوای کۆچی دوایی خۆی دەستنیشان کردبوو، بووە

## بەشی: چوارەم

هۆی ناکۆکیی سەرەتایی لە کۆمەڵگەی موسڵماناندا و ئێستا بناخەی سەرەکیی ئیسلامی شیعە پێکدێنێ.

لە ساڵی ٦٥٧ی زایینی، ناکۆکی لە نێوان عەلی و موعاویە، حاکمی ئومەویی سووریە سەری هەڵدا. موعاویە کە خۆی لە دانانی بە خەلافەتی عەلی بواردبوو، دواتر عەلیی تاوانبار کرد کە لە هێنانی بکوژانی خەلیفەی سێهەمی ئۆممەتی موسڵمانان، عوسمان، بۆ بەر دەم دادگە کەمتەرخەمی کردوە. کاتێک عەلی ڕەزامەندیی لەسەر نێوبژیوانی لە نێوان خۆی و ڕکابەرەکەی دەربڕی، بەشێک لە لایەنگرە توندئاژۆکانی، کە دواتر بە "خەواریج" ناویان دەر کرد، دوای ڕێککەوتنی عەلی لەگەڵ موعاویە، دژی وەستانەوە و ئەو بڕیارەیان وەک خیانەت بە ئەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە پرەنسیپە پاکەکانی ئیسلام بوون، سەیر کرد. لە کۆتاییدا، یەکێک لە ئەندامانی ئەو تاقمە (عەبدولڕەحمان ئیبنی مولجەم) لە ٦٦١ی زایینی عەلیی کوشت، چونکە پێی وابوو لەسەر دادپەروەریی خوداوەندی سازشی کردوە.

با خێرا بگەینە ئەمڕۆ. عەلی خامنەیی، ڕێبەری گەورەی ڕێژیمی ئێران کە خۆی وەک ڕێبەری ڕەوای دنیای ئیسلام سەیر دەکات، زیاتر لە چوار دەیە بۆ ناساندنی خۆی وەک هاوتەریبێکی سەردەمیانەی ئیمام عەلی، بە سەرکەوتنی پەرەئەستێنەوە لەنێو بەشێک لە ئێرانییەکاندا، هەوڵی داوە. دامودەزگای پرۆپاگاندای خامنەیی ئیدیعا دەکات کە ناوبراو هەموو تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتداریی ئیسلامیی عەلیی هەیە، لە نێویاندا دەسەڵاتدارییەکەی بە سەر کۆماری ئیسلامیدا.

بە هەمان شێوە خامنەییش ئەو پەیامەی لەنێو هێزە چەکدارەکان، لە نێویاندا بە دامەزراندنی نەریتی گشتیی سەربازیی ئێران، بە نێو دۆکترینی عەلەویی عەلی چەسپاندوە کە ڕەوایی بە شەڕ لەگەڵ موسڵمانانی دیکە دەدا کە وەک لادەر لە "ئیسلامی ڕاستەقینە" سەیر دەکرێن. بەگوێرەی نەریت، ڕیبەری گەورە خۆی لەوە دڵنیا کردووەتەوە کە پرۆپاگاندای سوپای پاسداران، هێزی میلیشیای ئایدیۆلۆژیکی خامنەیی، بە ئاشکرا ئەوی لەگەڵ یەکەم ئیمامی شیعە بەراورد دەکات. هەروەها، ڕێبەری گەورە پێشوازیی لە هاوتەریب دانانی ناوبراو لەگەڵ ئیمامی عەلی لە لایەن لایەنگرانییەوە کردوە، سەرەڕای ناڕەزایەتی دەربڕینی بەشێک لە تاقمە ئایینییەکان، کە ئەو کارە بە کوفر و نائیسلامی دادەنێن.

ئەو پێداگرییە لە ٢٠١٠ بەولاوە گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، کاتێک خامنەیی کەسپەرستییەکی دامەزراند کە لەسەر ئەو بیرۆکەیە دروست ببوو کە ئەو، هەر وەک ئیمام عەلی، بە ئاشکرا بێ هەڵەیە. بەشێک لە لایەنگرانی ئیدیعایان کردوە کە خامنەیی گەیشتووەتە ئاستی "بێ هەڵەیی"- بە واتایەکی دیکە، لەبەر پشتگیریی یەزدانی، ئەو ناتوانی هەڵە بکات،

## بەشی: چوارەم

پلەیەک کە گوایە بە هۆی ئیمانداریبە تاقانەکەی و تایبەتمەندییە ئایینییەکەی مسۆگەری کردوە. هەمدیس، ئەو بیرۆکەیە لە لایەن زۆربەی زانایانی شیعەوە بە کوفر حیساب کرا و ڕەت کرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیدیعاکە بووە هۆی هاتنە ئارای پەرگالێک کە لەو کاتی بەدواوە سەرجەم هێزە سەربازییەکانی ئێران بە فەرمی بە خامنەییان گوت "ئیمام"، نازناوێکی پیرۆز کە لەنێو ئیسلامی شیعەدا تەنیا بۆ دوازدە نەوەی شیعەی حەزرەتی محەممەد تەرخان کراوە.

لە کاتێکدا کە زۆربەی ئێرانییەکان ئەو وەسفکردنە ڕەت دەکەنەوە، تاقمێکی بچووک بەڵام توندڕەوی ڕێژیم، لە نێویاندا سوپای پاسداران، پێشوازییان لەو بڕوایە کردوە. ئەوانەی دوای ئەو کەسپەرەستییە کەوتوون خامنەیی وەک درێژەی نیمچە خودایی و بێ هەڵەیی ئیمامەکانی شیعە سەیر دەکەن، وەک لەو دەستەواژانەی کاتی باسکردن لە خامنەیی و هاوکارە نزیکەکانی دەر دەکەوێ. ئەو توندئاژۆیانە نە تەنیا دەستیان بە ئاماژەکردن بە سەرۆکی کوژراوی سوپای قودس، قاسم سولەیمانی، وەک "مالیک ئەشتەری عەلی" (فەرماندەیەکی سەربازیی ڕێزدار و یەکێک لە وەفادارترین یاریدەدەرانی ئیمام عەلی)، بەڵکوو مەلاکانی پەیوەندیدار بە سوپای پاسدارانەوە تەنانەت ئیدیعایان کرد کە کاتێک خامنەیی لە دایک بووە، یەکەم وشەی "یا ئیمام عەلی" بووە.

ئەو کەسپەرستییە هەروەها لە کاتی جەنگی خامنەیی لەگەڵ ئیسرائیل و خولیاکەی بۆ لەنێوبردنی دەوڵەتی جوولەکە لەگەڵ شەڕی مێژوویی خەیبەر لە ساڵی ٦٢٨ی زایینی، کاتێک ئیمامی عەلی قەڵای خەیبەری جوولەکانی وێران کرد و دواتر دانیشتووانی جوولەکەی مەدینەی کوشت، بەراورد دەکەن. لە پرۆپاگاندای سوپای پاسداراندا بە ئاشکرا گوتراوە کە "شمشێری عەلی جارێکی دیکە بە سەر خەیبەردا سەر دەکەوێ." لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو باوەڕە و چاوەڕوانیی بێ هەڵەبوونی ئایەتوڵڵا خامنەیی بە شێوەی پەرەئەستێن لە لایەن ڕاستییە ژێۆپۆلیتیکییەکان تووشی ئالنگاریی بووە. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە یەک لە دوای یەکە هەڵەکان و بادانەوەکانی ئایەتوڵڵا بوونە هۆی درزکەوتن لەو کەسپەرستییە و بڕوای توندئاژۆکان کە مورادەکەیان بە هۆی پەیوەندییەکی خودایی تایبەتەوە لە هەڵە بەدوور دەانن، بەردەوام تووشی ئالنگاریی دەبێتەوە.

ئەو درزانە لەنێو تاقمی بنئاژۆخوازی خامنەییدا دوای  ئەو ڕووداوانەی کە وەک ژمارەیەک خیانەتی ئایدۆلۆژیکی دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەر دژی ئیسڕائیڵ سەیر دەکرێن، بە شێوەیەکی بەرچاو قووڵتر بوونەوە. لەنێو ئەو ڕووداوانەدا دەتوانین ئاماژە بە شکستی پێشگرتن بە کوژرانی ڕێبەرانی حیزبوڵڵا و حەماس، لەکیس چوونی سووریە بۆ ئیسلامیستە سوننییەکان و چرای سەوزی خامنەیی بۆ سەرکەوتنی مەسعوود پزشکیانی بەناو ڕێفورمخواز بە سەر سەعید جەلیلیی بنئاژۆخواز بکەین کە

توندڕەوەکان وەک خیانەتێکی مەزن سەیری دەکەن.

بەڵام ئەوە دوایین خیانەتی ئایدیۆلۆژیکییە کە سەلمێندراوە مەزنترین هۆی سەرهەڵدانی گرژییەکان بووە. پاش دوو مانگ ڕە کردنەوەی دانووستان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان، هەواڵی وتووێژی ڕاستەوخۆی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ ترامپ، کە توندڕەوەکان وەک بکوژی مەسیحەکەیان، سولەیمانی سەیری دەکەن، بووتە هۆی شکستێکی مەزن لەنێو ئەو لایەنگرانەدا. دوای ئیدانەکردنی فەرمیی دانووستان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و وەسف کردنی ئەو کارە وەک کردەوەیەکی "نائاقڵانە، ناژیرانە و ناشەرافەتمەندانە،" قبووڵکردنی دانووستان لەگەڵ ترامپ لە لایەن خامنەییەوە پاشگەزبوونەوەکانی بۆ هەموو لایەک دەر کەوتوە.

لە وەڵامدا، ئەندامانی بناژۆخواز پەنایان بۆ سۆسیال میدیا بردوە و بە تووڕەییەوە نووسیویانە کە خامنەیی دوای بەڵێنی دانی بەردەوامی ئەستاندنەوەی "تۆڵەی سەختی" سولەیمانی لە سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، بە پەسەندکردنی دانووستان، خوێنی سولەیمانیی "پێشێل" کردوە. وەک سەعید قاسمی، فەرماندەی پێشووی سوپای پاسداران و یەکێک لە توندڕەوترین ڕێبەرانی بەسیجی سەر بە سوپای پاسداران، لەو دواییانەدا گوتی: "کێ بیری لەوە دەکردەوە کە ئەو ڕێژیمە خوێنی ژەنراڵ پێشێل بکات و لەگەڵ بکوژی سولەیمانی دانووستان بکات." تووڕەیی کەس پەرستە بناژۆخوازەکان لە دانووستانی خامنەیی لەگەڵ دوژمنی لەمێژینەی ڕێژیم، وێکچوونێکی مێژوویی لەگەڵ ئەو سەرهەڵدانە هەیە کە ئیمامی عەلی لە کاتی سازان لەگەڵ موعاویە بەرەوڕووی بووەوە.

خامنەیی کە لەوە ئاگادارە، لە هەوڵێکدا بۆ دامرکاندنەوەی تووڕەیی لایەنگرە بناژۆخوازەکانی، لە ٢٤ی ئاپریل وتارێکی گرینگی پێشکەش کرد کە لەویدا وتووێژی ڕێژیمەکەی لەگەڵ ترامپ لەگەڵ دانووستانی ئیمامی حەسەن لەگەڵ دوژمنە لەمێژینەکەی موعاویە بەراورد کرد. خامنەیی گوتی ئیمامی حەسەن توانی تووڕەیی لایەنگرانی بەوە دامرکێنێتەوە کە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ موعاویە "کاتییە" و "دواخستنێکی" پێویست بۆ سەرکەوتن بە سەر دوژمندایە. لە کاتێکدا کە ئەو لایەنگرە بناژۆخوازانە تەنانەت ئێستا لەگەڵ کاردانەوەکانی ئەو دانووستانە بۆ سەر جیهانبینییەکەیان کەڵکەڵەیانە، لەوانەیە خامنەیی شاهیدی تێکرمانی کەس پەرستییەکەی بێ، بێتوو دانووستانەکانی لەگەڵ ترامپ ببێتە هۆی لێک هەڵوەشاندنی بەرنامە ناوکییەکەی. لە کاتێکدا کە ڕەنگبێ بەشێک لە لایەنگرە بنئاژۆخوازەکانی بە خامنەیی وەفادار بمێننەوە و هەوڵ بدەن پاساو بۆ سازانەکەی بدۆزنەوە و دەوڵەتی پزشکیان و زەختی کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئاکامە تۆمەتبار بکەن، بێهیواییەکی دیکە بە هۆی شتێک کە وەک خیانەتێکی ئایدیۆلۆژیکی سەیر دەکرێ، وێدەچێ ببێتە هۆی ئەوە کە

بەشی: چوارەم

ئەندامە بناژۆخوازەکان پشت لە کەس‌پەرستیی خامنەیی بکەن و پشتگیریی خۆیان لە ئایەتوڵڵا وەرگرنەوە.

ئەو کەلێنە سیستەمی سەرکوتکەری خامنەیی لاواز دەکات، چونکە ئەو کەسانە دەوری سەرەکی لە بەردەوامیی سیستەمەکەیدا دەگێڕن. لە کاتێکدا کە وێدەچی خامنەیی دامودەزگایەکی گشتگری بۆ پارێزگاریی لە خۆی و بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی دروست کردبێ، ئەو دامودەزگایە لە مێشک شۆرودراوترین و توندئاژۆترین باوەڕمەندانی کەس‌پەرستییەکەی پێک هاتوون و لەبەر ئەو هۆیە زۆر وێدەچێ لە خیانەت بەو بۆچوونە دڵڕەنجاو بن. بە واتایەکی دیکە، چیدیکە پێشبینی‌نەکراو نیە بڕوامەندانی دەوری خامنەیی پشتی تێ بکەن، هەر وەکوو چۆن لایەنگرە توندڕەوەکانی ئیمامی عەلی ئەو کارەیان کرد.

لەبەر چۆنیەتیی بە تاکەکەسی کردنی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی لە لایەن خامنەییەوە و بنکۆڵکردنی سەربەخۆیی دامەزراوەکانی ڕێژیم، ئەو لە هەلومەرجێکی فرە ناسک دایە تا لە لایەن ئەو کەسانەی سەردەمێک وفادارترین لایەنگرەکانی بوون بە دووڕوویی تاوانبار بکرێ، کە ئەوەش بناخەی کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکە دێنێتە لەرزین.

بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئاکامی دانووستان لەگەڵ ترامپ، ڕەنگبێ خامنەیی هەر ئێستا دۆڕاو بێ. ڕێککەوتنی ئایەتوڵڵا لەگەڵ بکوژی سولەیمانی وێدەچێ کەس‌پەرستییەکەی پارچە پارچە بکات و تاکە میراتەکەی، واتە ماکەی دژە ئەمریکا بوون، لە بەر چاوی ئیسلامیستەکان و دژە ئیمپریالیستەکانی سەرانسەری دنیا، لەنێو بەرێ.

١ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## ئیسڕائیل دزەی کردووەتە نێو نهێنیترین قوژبنەکانی ڕێژیمی ئێران



**داگێنس نیهێتێر – ناتان شاچار**

هێزی هەوڵگریی موساد بۆ ماوەی دوازدە ساڵ ئامادەکارییان بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە کرد کە ئێستا لە ئێران لە ئارادایە. وەکوو هێرشەکانی پێشوو دژی ئامانجەکان لە نێوخۆی ئێران، ئەو سیخوڕە ئێرانییانە کە لە لایەن مووسادەوە ڕاهێنانیان پێکراوە، دەوری سەرەکییان گێڕاوە.

لەو بنکانە ڕا کە سیخوڕەکانی ئێرانیی موساد لە نزیک ئامانجی ستراتیژیک دروستیان کردبوون، ژمارەیەکی بەرچاو فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاژەکی هەنگێوی دیکە هەستان. لە شوێنی دیکە لە نێوخۆی ئێران ئامێرەکانی پەیوەندیی نێوخۆیی سوپای پاسدارانی ئێرانیان لەکار خست و گوێیان بۆ هەڵخستن.

دزە پێکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ نێو سنوورەکانی ئێران بۆخۆی ئالنگارییەکی مەزنە. بەڵام کارە دژوارترەکە گەیاندنی

## بەشی: چوارەم

بۆ پێکانی ئامانجەکانیانە، بە تایبەت کاتێک ئامانجەکان پارێزراوترین شوێنی سەربازیی و کەسە سەرەکییەکانی تەکنۆلۆژیای هاژەکی و ناوکی ئێران بن. میدیاکانی ئێران بە گوێرەی نەریت پێداگرن کە کەسە سەرەکییەکانی ڕژێم زۆر بە دەگمەن دوو شەو لە شوێنێک دەخەون و هەمیشە لە بینای خۆڕاگر لە بەرانبەر بۆمبارانـدا دەژین. ئەو ڕاستییە کە ناوەندە فەرماندەییەکانیان بە مەودایەکی قووڵ لەژێر زەوی هەڵکەوتوون دەمێکە زانراوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو ڕووداوانەی بۆ ئێرانییەکانی پلە بەرز و هاوپەیمانانی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە بەیروت و دیمەشق ڕووی داوە، ئەو ڕاستییە کە ئەو هەموو کەسانەی لە پلەی ڕێبەریی ئێران لە سەرەوەی عەرز بوون، لە شوێنی نەپارێزراو بە پەنجەرەی ئاساییەوە، گەلێک جێگەی سەرسووڕمانە. هەرچۆنێک بێ، ئاکامەکە ئاشکرای دەکات کە موساد چەند دزەی کردووەتە نێو کاکڵی دەسەڵاتی سەربازیی ئێران، یان لە ڕێگەی سیخوڕەوە یان بە شێوەی ئێلێکترۆنی.

کەسێکی خاوەن ئەزموون لە بارەی هەواڵگریی ئیسرائیلەوە بە داگێنس نیهێتێری گوت: دژوارترین کاری هەواڵگریی لە کاتی هێرشێکی بەربڵاودا ئەوەیە کە ڕووداوەکانی ئۆپەراسیۆنەکە بە شێوەیەک ڕێک بخەی کە هەموو شتەکان هاوکات ڕوو بدەن. بێتوو کەسێک یان شوێنێک یەک خولەک زووتر بکەوێتە ژێر هێرش، دوژمن وشیار دەبێتەوە و ئەوانەی دەتهەوێ بیانپێکی ڕا دەکەن بۆ ژووری پارێزراو.

هەر شەوی هەینی موساد وێنە و ڤیدیۆی لە شوێنەکانی شەڕەکە بڵاو کردەوە، کە ئەوە لادانێک بوو لە نەریتی سیاسەتی نهێنیپارێزیی ئەو ڕێکخراوەیە. ڕەخنەگران بیر لەوە دەکەنەوە ئاخۆ ئەوە بەرزترین فەرماندەی موساد، بنیامین نەتانیاهوویە کە بەو شێوەیە دەیهەوێ کاریگەریی بخاتە سەر ڕای گشتی و دەنگدەران؟

پرسیاری سەرەکی ئێستا ئەوەیە چۆن لە لایەکەوە ئێران و لە لایەکی دیکەوە وڵاتە یەکگرتووەکان کاردانەوەیان دەبێ. ئاخۆ ئێران، ئەو کارە دەکات کە سوێندی بۆ جێبەجێ کردنەکەی خواردوە، واتە هێرش بۆ سەر بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە؟ و ڕەنگبێ بەو شێوەیە وڵاتە یەکگرتووەکان پەلکێشی جەنگ لەگەڵ ئێران بکرێ، وەکوو نەتانیاهوو خەونی پێوە دەبینێ؟

نزیکەی ساڵێک پێش ئێستا، کاتێک پارێزراوترین و گرینگترین هاوپەیمانەکەی، حیزبوڵڵای لوبنان، گرینگترین ڕێبەرەکانی و ناوەندەکانی ڕێبەریی شەڕ لە ناو چوون، ئەوانەی کەوتبوونە بەر هێرش بە تەواوی سەرسوڕماو بوون. لە ماوەی چەند ساڵدا هەوڵگریی ئیسرائیل لە لای میدیا و پسپۆڕان سکاڵای کردبوو کە دزە کردن بۆ نێو پێکهاتەی ڕێبەریی

## بەشی: چوارەم

هیرارشیی حیزبوڵڵا چەندە دژوارە. ئەوە ڕاست نەبوو، بەڵام بووە هۆی ئەوە کە میلیشیای شیعە بکەوێتە دۆخێکی ساختەی هەست بە دڵنیایی کردن.

ئەمجارە وێدەچێ شتێکی هاوشێوە لە ئێران ڕووی دابێ. بێتوو بەرگریی ئاسمانیی ئێران ساڵی ڕابردوو لەنێو چووبێ، بۆچی ئەو هەموو سامانەی ئێران هێشتا لە سەر زەویی مابوونەوە؟ ئەوە تەنیا دامەزراوەی ناوکی نەبوون کە هێرشیان کرایە سەر، بەڵکو جبەخانەی چەکوچۆڵ و سەکۆی هاویشتنی هاژەکانیش.

ئێستا تێدەگەین کە ئەو هەموو ڕاپۆرتەی مێدیا لەمەڕ دووبەرەکیی مەزن لە نێوان واشینگتۆن و ئورشەلیم تەنیا شانۆ بووە. ئیسرائیل قەت پلانی ئەوەی نەبوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان سورپرایز بکات یان بە پێچەوانەی ویستی وڵاتە یەکگرتووەکان هێرش بکاتە سەر ئێران. دۆناڵد ترامپ لە پێشدا ئاگادار کرابۆوە و ناوبراو هیچ دژکردەوەیەکی نەبوو. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە ناوبراو تا کوێ ئیزن دەدا بە ئیسرائیل تا درێژەی بە لێدانی ئێران بدا؟ ئامانجەکانی ترامپ و نەتانیاهوو دوو ئاراستەی جیایان هەیە: ترامپ هیوادارە هێرشەکان ئێران ناچار بکات لە کاتی دانووستانە ناوکییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان نەرمتر بێ، لە کاتێکدا نەتانیاهوو هیوادارە ڕێکەوتنێکی ئەوتۆ لە نێوان ئێران ووڵاتە یەکگرتووەکان تێک بدا.

۲۵ی جۆزەردانی ۲۷۲۵

---

## سەرۆککۆماری نۆرماڵ



**(بە پشتگیریی شاراوە لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ترامپ کۆتایی بە سەردەمێکی هیوابڕانەی مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکان هێنا)**

**گۆڤاری تابلێت – لی سمیت**

هۆی سەرەکیی سەرسوڕمان لە هێرشی بەربڵاوی ئیسرائیل بۆ سەر ڕێبەریی ئێران، بنکە ناوکییەکانی و ئامانجی دیکە ئەوە بوو کە کەس بڕوای بە سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان نەدەکرد، کاتێک باسی پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانمانی دەکرد، بە تایبەت کاتێک پەیوەندییان بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەبێ.

لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بەولاوە، سەرۆککۆمارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام ویستوویانە لەگەڵ ئێران بسازێن، لە

## بەشی: چوارەم

جیات تۆڵەکردنەوە بە بۆنەی بەبارمتەگیرانی ٥٢ ئەمریکایی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ، بێدەنگییان هەڵبژارد. ڕۆناڵد ڕەیگان بە ڕێبەری سۆڤیەت میخائیل گۆرباچۆڤی گوت دیواری بەرلین بڕووخێنێ، بەڵام کاتێک هاوپەیمانی لوبنانیی ئێران، حیزبوڵلا، ١٧ ئەمریکایی لە باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەیروت و ٢٤١ کەسی دیکەی لە بنکەی هێزی دەریایی لە ١٩٨٣ کوشتن، ئەو پاشەکشەی کرد. بیل کلینتۆن هێندە خوازیاری ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێران بوو، کە یارمەتیدەری شاردنەوەی پشتگیریی ئێرانییەکان لەو تاقمە بوو کە ١٩ کەس لە هێزی ئاسمانیی لە بورجەکانی خوبەر لە ١٩٩٦دا کوشت.

جۆرج بوش چاوی لە بەرانبەر تەڕاتێنی میلیشیای شیعە کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانیی دەکران و سەدان کەس لە هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان لە عێراق کوشت، و لە کاتێکدا کە بەشار ئەسەد بە ئوتوبوس شەڕکەری سوننیی لە فڕۆکەخانەی دیمەشقەوە بۆ سنووری عێراق دەگوازتەوە تا بەشداری لە ڕاوەدوونانی ئەمریکاییان بکەن، چاوی نووقاند. دەستپێشخەریی هەرە دیاری سیاسەتی دەرەوەی باراک ئۆباما، ڕێککەوتنی ناوکی لەگەڵ ئێران بوو، کە سەرەڕای بەڵێنی وەستاندنی بەرنامەی چەکی ناوکیی ئێران، بەڵام بە شێوەیەک داڕێژرابوو کە ئەو بەرنامەیە یاسایی بکات و بیخاتە ژێر چەتری پارێزگاریی ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی، بە پشتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان.

ئەوانە هەموویان بە  هاتنی دۆناڵد ترامپ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات. لە کۆتاییدا، سەرۆککۆمارێکی ئەمریکا قسەی خۆی بردە سەر. ئەو تەنانەت بەر لە دەستپێکی دووهەم دەورەی سەرۆک کۆمارییەکەی گەلێک ئاشکرا گوتی: ئێران ناتوانێ بۆمبەکەی هەبێ. ترامپ دەیهەویست ئەوە بە شێوەی ئاشتیخوازانە جێبەجێ بکات، بەڵام هۆشداریی دا کە بێتوو ئێرانییەکان بە تێکەوەپێچانی تەواوەتی بەرنامە ناوکییەکەیان ڕازی نەبن، ئەوان بۆمباران دەکرێن. ڕەنگبێ ئیسرائیل ئەو کارە بکات، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان، یان ڕەنگبێ هەردووکیان، بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئەوان بۆمباران دەکرێن. ترامپ ٦٠ ڕۆژی مۆڵەت پێدان و، لە ڕۆژی ٦١ەم، ئیسرائیل ئۆپەراسیۆنی "شێری ڕابوو"ی دەست پێ کرد.

تا ئەم بەیانییە، کاتێک ترامپ لە پلاتفۆرمی تروت سۆسیال لێدوانێکی بۆ وەئەستۆگرتنی شانازیی هێرشەکە بڵاو کردەوە، هێندێک سەرلێشیوای لەبارەی تێوەگلانی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دروست کردوە. لەگەڵ دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکە، وەزیری کاروباری دەرەوە مارکۆ روبیۆ لێدوانێکی بڵاو کردەوە و لەویدا گوتی ئەوە بڕیاری ئیسرائیل بەتەنیا بووە، بێ بەشداریی ئەمریکا. بەڵام، تەنانەت هاوبەشکردنی زانیاریی هەواڵگریی و لایەنەکانی دیکە هاوئاهەنگیی ئیسرائیل-وڵاتە یەکگرتووەکان ناڕوون بوو، لێدوانەکە بەئاشکرا هەڵخەڵەتێنەر بوو. هەموو ئۆپەراسیۆنەکە ئاماژەی بە ترامپ دەکرد. بەبێ ئەو، هێرشەکە بەو شێوەیە نەدەقەوما کە ڕووی دا، یان ڕەنگبێ هەر ڕووی نەدابا.

## بەشی: چوارەم

ترامپ دوو مانگ کاتی بۆ پووچەڵکردنەوەی ئێرانییەکان تەرخان کرد بێ ئەوەی ئەوان هەست پێ بکەن کە خەریکە پەلکێشی چاڵەکەیان دەکات. دیپلۆماتەکانی ئێرانی گەلێک بە لێهاتووییان لە دانووستاندا لەخۆبایی بوون. چەند نەوە دیپلۆماتی وڵاتە یەکگرتووەکان سەریان لە توانایی ئێرانییەکان بۆ لەخشتەبردنیان سوڕماو بوو: ئەوە شتێکی کولتوورییە، قەت هەوڵت داوە لەگەڵ فەرشفرۆشێک لە تاران چەنە لێدەی؟ ترامپیش لەبەر لێهاتوییەکانیان پێیانی هەڵدەگوت، دەیگوت دانووستانکاری فرە باشن! ئێرانییەکان لە شوێنی دڵخوازی خۆیان بوون و ڕەنگبێ پێیان وا بووبێ دەتوانن تا تەسلیمبوونی ترامپ لە بەرانبەر داخوازییەکانیان یان کۆتایی بەڕێوەبەرایەتییەکەی دەتوانن درێژە بە دانووستان بدەن. بەڵام ترامپ فێڵبازتر بوو. ئەو بۆ ماوەی دوو مانگ سەرقاڵی کردن، کات بۆ ئەوەی ئیسرائیلییەکان دڵنیا بن کە هەموو شتێکیان ئامادە کردوە.

هەر ئێستا زۆر باسی هەڵمەتی فریودەرانەی ترامپ دەکرێ و، لە ڕۆژان یان حەوتووەکانی داهاتوودا، ئێمە زانیاریی زۆرترمان لە بارەی ئەوە کە کام لێدوان ڕاستە و کامیان ساختەیە و بۆ مسووگەرکردنی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە، کام ڕۆژنامەوان کەڵکی لێ وەرگیرا، بێ ئەوەی هەست پێ بکات، تا هەواڵە ساختەکە بڵاو بکاتەوە، گیر دەکەوێ. هاوکارێکی گۆڤاری تابلێت دەڵێ ئەوە سەرنجڕاکێشترین هەڵمەتی فێڵاویی دوای داگیرکردنی نۆرماندییە. ڕەنگبێ لەویش سەرنجڕاکێشتر بێ. چەند حەوتوو لەوە پێش، هاوکارێک باسی گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ کاربەدەستێکی پلەبەرزی ئیسرائیلی کرد بۆم کە گوتبووی ئورشەلیم و واشینگتۆن لەسەر پرسی غەززە هاوڕان و باسی چیدیکەی نەکردبوو. ئەوەی هاوکارەکەم لێی تێگەیشت، و مەبەستیش ئەوە بوو ئەو بەرداشتەی هەبێ، ئەوە بوو کە ئەوە هەواڵێکی خراپە، چونکە بەو مانایەیە کە کەلێنی نێوان بۆچوونی ئەو دوو وڵاتە لە بارەی ئێران زۆر قووڵە. هەڵمەتی فریودانەکە زۆر باش بوو و مەبەست ئەوە بوو بە ساکاری سەر لە دۆستان بشێوێنێ.

ئێستا ئاشکرا بووە کە پەیوەندیی چڕ، لە نێویاندا لە نێوان لایەنە بیانییەکان وەک خودی ئێرانییەکان، ڕۆژنامەوانانی دژی نەتانیاهوو، وڵاتانی کەنداو و، ئورووپاییەکان، هەمووی هەڵمەتێکی فریودان بووە. بەڵام ئەوەی لە هەمووی بەرچاوترە لایەنی نێوخۆییە. ئاخۆ ئێرانییەکان بە ڕاستی بڕوایان کرد کە لایەنی لایەنگری ئیسرائیل، خەریک بوو دەسەڵاتیان بە سەر ترامپدا نەمێنێ و "خۆپارێزان" دەسەڵاتیان پەرەی گرتبوو؟ ئاخۆ لۆبیگەریی ئێران، تریتا پارسی بە کاربەدەستانی تارانی گوتبوو هاوکارەکانی لە ئەنستیتۆی کوینسی و پسپۆڕانی مووچەخۆری کۆخ، کە کار بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکە دەکەن، بە ئاکامی دڵخواز گەیشتوون؟ نیگەرانی نیوکانەکان مەبن، پیاوەکانی من کارەکان بە گوێرەی ویستی ئێمە دەبەنە پێش. وێدەچێ، وەک ئێرانییەکان، ڕایەڵەی کۆخیش بە تەواوی بە هەڵە چووبن.



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی: چوارەم

بلێی ئۆپەراسیۆنی شێری ڕابوو، ماگا تووشی لێکدابڕان بکات، وەک هێندێک لە ئینفلوەنسێرەکانی ماگا هۆشداریی دەدەن؟ ڕاپرسییەکان دەڵێن نا. بەگوێرەی ڕاپرسییەکی ئەو دواییانەی راسموسێن، ٨٤٪ ی دەنگدەران لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئێران ناتوانێ خاوەن بۆمبی ناوکی بێ. تەنیا ٩٪ هاوڕا نین. ڕێژەیەکی زۆرتر لە ئەمریکاییەکان لە سەر ئەو بڕوایەن کە پیاوان بۆیان هەیە لە یانەی وەرزشی ژناندا بەشدار بن، واتە ٢١٪، لە چاو ئەوانەی پێیان وایە ئێران دەبێ خاوەن بۆمبی ناوکی بێ. بەگوێرەی ڕاپرسیی راسموسێن، ٥٧٪ لایەنگری هەڵمەتێکی سەربازیی بۆ وەستاندنی ئێران لە وەدەست خستنی بۆمبی ناوکین، ئەوە بەو مانایەیە کە دەنگدەرانی کەمالا هاریس، ٥٠٪ لەوان، لەگەڵ ٧٣٪ لە دەنگدەرانی ترامپ، بۆ پێشگرتن بە بەرنامەی ناوکی مەلاکان بە بۆمباران کردنی ئێران ڕازین. ڕاپرسییەکی هارڤارد\هاریس دەریدەخات کە ٦٠٪ پشتگیریی لە ئیسرائیل دەکەن تا "بەرنامەی چەکی ناوکیی ئێران لەنێو بەرێ،" بە ٧٨٪ پشتیوان لەنێو کۆمارییەکان دا.

کێ بیر دەکاتەوە ئەوە ئەقڵانییە کە ئێران بۆمبی ناوکی هەبێ؟ لە تویتێکی دوروو درێژ دا لە پلاتفۆرمی ئێکس، تاکێر کارلسۆن هێرشی کردە سەر مارک لێڤین و ئەوانی دیکە کە دەڵێن ئێرانێکی خاوەن بۆمبی ناوکی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان خراپە. ناوبراو پاساوی بۆ بۆمبی ئێران هێنایەوە و نووسی "ئێران دەزانی دەستهەڵگرتن لە بەرنامەی چەکی ناوکی بە تەواوی ئاقڵانە نیە. موعەممەر قەززافی هەوڵی دا و باتونیان تێبڕی. لەگەڵ دامالینی بەرنامەی ناوکی لە قەززافی، ناتۆ کوشتی. ڕێبەرانی ئێران ئەوەیان بە چاوی خۆیان دیت. ئەوان وانەیەکی ئاشکرایان وەرگرت".

بێگومان ئێرانییەکان بۆمبەکەیان دەوێ تا دژی وڵاتە یەکگرتووەکان، یان بە واتایەکی دیکە ناتۆ، بەرگریی لەخۆیان بکەن، بەڵام ئەوە قەت ناتوانێ هاوتەریبی دروشمی "لە پێشدا ئەمریکا"ی ترامپ بێ. هەڕەشەی بوونی بۆمبی ناوکی لە لایەن ئێرانەوە بۆ سەر ئەمریکا بە ڕاستی بەو مانایە نیە کە ئێرانییەکان دەیانهەوێ بۆمب بە سەر شارەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بدەن، لانی کەم جارێ نا، بەڵام ئەوە قەڵغانی ناوکی دەداتە ڕێژیم. ئەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان خراپە بێتوو ئێرانی ناوکی گەرووی هورموز دابخات تا بڕیار لە سەر نرخی بازاڕی جیهانیی وزە بدا. ئەوە بۆ ئەمریکا خراپە بێتوو ئێرانی ناوکی هێرشی تێرۆریستی بکاتە سەر سیاسەتوانانی ئەمریکایی، لە نێویاندا دۆناڵد ترامپ، تا سیاسەتەکان و پێشترییەتەکانی بە جۆرێک بگۆڕێ کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی تێرۆر دابێ. قەیدی نیە بلێی وڵاتی تۆ نابێ هێرش بکاتە سەر ئێران بۆ پێشگرتن بە وەدەستهێنانی بۆمب، بەڵام پاساو بێنییەوە کە دەوڵەتی تێرۆر کە نزیکەی نیو سەدەیە ئەمریکاییان دەکوژێ، پێویستی بە بۆمبەکەیە تا بتوانێ لە بەرانبەر ئەو وڵاتانەی تۆ لێیی دەژی بەرگریی لە خۆی بکات، گەمژەییە.

ڕەنگبێ هێندێک لە لایەنگرانی ترامپ تووڕە و سەرلێشێواو بن چونکە ترامپ بانگەشەی دەکرد ببێتە بەربژێری خەڵاتی

ئاشتی. بەڵام "هیچ شەڕێکی نوێ" دروشمە نە سیاسەت. ئامانجی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەودان بە ئاشتی و خۆشبژیویی ئەمریکایە و، ترامپ بۆیە هەڵبژێردرا تا ئاراستەی سیاسەتی ڕێبەریی ئەمریکا بگۆڕێ کە بەگوێرەی نەریت بەرژەوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکانی لەگەڵ بەرژەوەندیی هەموو کەسی دیکە لێ تێکچووبوو. ئێستا زۆر دەمێکە، بڕیاردەرانی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ڕزگارکردنی ساڵانەی نیو ملیارد جووتیاری چینی لە هەژرایی، لە بەرانبەر هەژارترکردنی چینی مامناوەندیی ئەمریکا، پیرۆزباییان بەخۆیان گوتوە. جۆرج و. بوش ژیانی جیلی لاوی ئەمریکای بۆ ئەوە بەفیرۆدا تا عێراق و ئەفغانستان وەک ئەمریکایان لێبێ. ئۆباما وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەرکدار کرد ڕێککەوتنی ژینگە جێبەجێ بکات کە بە شێوەیەک داڕێژراوە کە ئەمریکاییەکان هەژارتر دەکرات. ئەو بۆمبی ئێرانی یاسایی کرد.

کە وابوو ئاخۆ ئۆپەراسیۆنی شێری ڕابوو ئاشتی ئەمریکا گەشە پێداوە؟ بێتوو بە کۆتاییهێنان بە بەرنامەی چەکی ناوکیی ئێران تەواو بێ، وەڵامەکە بێ ئەملا و ئەولا بەڵێیە. بێجگە لەوە، کاتێک هاوبەشەکانی ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێش دەخەن، دەبێتە درەوشانەوەی زیاتری شکۆی ئەمریکا. بۆ وێنە، لە ١٩٨٢، لەو شوێنەی کە ئێستا بە دۆڵی بیقاع ناسراوە، فڕۆکەوانانی ئیسرائیل ٨٠ فڕۆکەی شەڕکەری میگ و دەیان سیستەمی هاژەکی زەی بۆ ئاسمانی دروستکراو کە سۆڤیەتیان لەنێو برد. ئەوە مانۆڕێکی یەکلاکەرەوەی کاتی شەڕی سارد بوو کە پیشانی دا کاتێک بێنە مەیدانی نەبەرد، چەکوچۆڵی ئەمریکایی لە هی مۆسکۆ فرە باشترن. هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نەتەنیا هاوبەشە ڕووسی و چینییەکانی بێتوانا کردوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا باڵادەستیی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەو کەسانە پیشان داوە کە لە مۆسکۆ و بەیژینگ سەیری ڕووداوەکان دەکەن. بێجگە لەوە، بەکردەوە هەرچی نەوتی ئێرانە هەناردەی چین دەکرێ.

بە هێرشی شەوی ڕابردوو، ترامپ دەرفەتێکی بۆ کۆتاییهێنان بە دەورەیەکی بێهێزیی و بێهیوایی لە مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکان گیر کەوت کە نزیکەی ٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا بە قەیرانی بارمتەگیرانەکە دەستی پێ کرد. ئەوکات، ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام لە بەرانبەر ڕێژیمێکی تێرۆریستیدا پاشەکشەیان دەکرد کە تەنیا بە نەفرەتی شێتانە لە ئەمریکا لە سەر پێ بوو، لە کاتێکدا کە ئێلیتی دنیای سیاسی، ئاکادێمیا، مێدیا و کولتوریی وڵاتە یەکگرتووەکان شێوازێک لە هەڵسوکەوت و لێدوانیان ڕەچاو کردوە کە بیرهێنەرەوەی سیاسەتوانە بۆنخۆشەکانی جیهانی سێهەمن کە هەموو هەوڵ و کۆششیان شاردنەوەی ڕاستییەکانە. تەنیا شتێک کە بۆ سەرۆک کۆمارێکی وڵاتە یەکگرتووەکان پێویست بوو، بردنەسەری بەڵێنی خۆی بوو.

٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٥

## ئێران لە جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل لاواز و لەرزۆک دەرچوو و ئەوە دەتوانێ بە مانای گیروگرفت بۆ کەمینە نەتەوەییەکانی ئەم وڵاتە بێ




شوکریە برادۆست، دێ کۆنڤەرسەیشن

ڕووبەڕوو بوونەوەی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە ژوئەنی ٢٠٢٥ ڕەنگبێ نەگەیشتبێتە جەنگێکی تەواوی ناوچەیی، بەڵام ڕەنگبێ خاڵی دەستپێکی وەرسووڕانێک لە دیمەنی سیاسەتی نێوخۆیی ئێران بێ. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە ڕابردووشدا تووشی کێشەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوژمنی دەرەکی بووەتەوە، بەڵام ئەوە قەت لە کاتێکدا نەبووە کە لە ڕوانگەی سەربازییەوە وەها لاواز، لە ڕوانگەی نێوخۆییەوە وەها پارچەپارچە و لە تەریککەوتوویی پەرەئەستێن لەگەڵ دانیشتووانیدا بووبێ.

بە پێچەوانەی کاتی جەنگی ئێران - عێراق لە هەشتاکانی زایینیدا، کاتێک یەکگرتوویی نەتەوەیی لە دەوری بەرگریی لە سەربەخۆیی ئێرانییان هاتە ئاراوە، ئەمجار دەوڵەت وێدەچوو بەبێ پشتیوانیی بەرچاوی جەماوەری بجەنگێ. لە کاتێکدا کە

بەشی: چوارەم

ڕاپرسیی ورد لە نێوخۆی ئێران دژوارە، نەبوونی جووڵەی جەماوەریی بە لایەنگریی لە دەوڵەت، ڕێژەی کەمی هاوڕایی لەگەڵ دەوڵەت بەر لە جەنگەکە و سەرکوتی دەوڵەتی لەدوای جەنگەکە هەموویان بەئاشکرا دەربڕی ئەم دۆخە نوێیەن.

وەک توێژەرێکی کەمایەتییە نەتەوەییە جیاوازەکانی نێوخۆی وڵات، من دەزانم کە بەشێکی بەرچاو لە ئێرانییەکان، بە تایبەت ئەوانەی بە درێژایی مێژوو پەراوێز خراون، ڕوانگەیان بەرانبەر بە کێشە لەگەڵ ئیسرائیل ئەوەیە کە ئەوە پێوەندی بە خەڵک و وڵاتەوە نیە، بەڵکوو ئاکامی بێبەزەییانەی شەڕانشۆیی ئایدیۆلۆژیکی دەوڵەت و هەڵمەتەکان لە لایەن بەکرێگیراوانیەتی. ئەوە کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی لەرزۆکترین دۆخ لە کاتی دامەزرانییەوە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ۱۹۷۹دا کردۆتەوە.

## دەسەڵاتی ڕەق و نەرم لاواز بووە

جێگای خۆیەتی چاوێک بە چۆنیەتیی لاوازبوونی دەوڵەتی ئێران لە ئاکامی شکستە جیددییەکانی ئەو دواییانەدا بخشێنین. دەسەڵاتە نەرمەکەی، کە سەردەمێک لەسەر ڕەوایی شۆڕشگێڕانە، نفوزی ئایدۆلۆژیی شیعە و پرۆپاگەندەی دژە ئیمپریالیستی بنیات نرابوو، بە شێوەیەکی بەرچاو سوواوە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ، کۆماری ئیسلامی پشتی بە گێڕانەوەیەکی بەهێز بەستبوو: ئەو تەنیا دەوڵەتێکە هێندە بوێرە کە دەتوانێ بەرەوڕووی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ببێتەوە، داکۆکی لە پرسی موسڵمانان لە ئاستی جیهاندا بکات و دەوری ڕێبەریی رووحیی دنیای ئیسلام بگێڕێ. ئەو بۆچوونە لە لایەن میدیای دەوڵەتییەوە، میلیشیای بەکرێگیراو و باشوێژیی ئایینی یارمەتیدەری دەوڵەت بوو تا ڕەوایی بە دەستێوەردانە دەرەکییەکانی و تەرخانکردنی بەشێکی بەرچاو لە سامانی وڵات بۆ لایەنی سەربازیی، بەتایبەت گەشەپێدانی بەرنامە ناوکییەکەی و میلیشیاکانی ناوچە بدا.

بەڵام ئەو گێڕانەوەیە چیدیکە زایەڵەی پێشووی نیە. ڕێبەرانی ئێران چیدیکە ناتوانن ئیدیعا بکەن ئیلهامدەری یەکگرتوویی لە نێوخۆ، یان ترس لە دەرەوەن. تەنانەت لەنێو دانیشتووانی شیعە لە لوبنان، عێراق و یەمەنیش، لە کاتی بەرەوڕووبوونەوەی ئێران-ئیسرائیل پشتگیری لە ئێران کپ بوو. لە هەمان کاتدا لە نێوخۆی ئێران، ئەو پرۆپاگەندەیەی کە ئیسرائیلی وەک دوژمنێکی ژینەکی وێنا دەکرد بیسەرێکی نەبوو، بە تایبەت لە نێو لاواندا کە بە شێوەیەکی پەرەئەستێن خۆیان لەگەڵ جووڵانەوەکانی مافەکانی مرۆڤ هاوتەریب دەزانن تا دروشمەکانی دەوڵەت.

شتێکی ئاشکرایە کە دەسەڵاتی ڕەقی ئێرانیش خەریکی لاواز بوونە. لەکیسدانی فەرماندە پلەبەرزەکان و وێرانبوونی ژێرخانە سەربازییە گرینگەکانی ئاشکرایان کردوە کە هەواڵگری دەوڵەت و سیستەمی تەناهییەکەی بە شێوەی بەرچاو لاواز بوون. تەنانەت بەر لە هێرشی ئیسرائیل، ژمارەیەک ڕاپۆرت ئاشکرایان کرد کە هێزی سەربازیی ئێران لە لاوازترین ئاستی چەند دەیەی ڕابردوو دایە. سەرسوڕمانە ڕاستەقینەکە لە جەنگی ئەو دواییانەدا لە ئاستی بەربڵاوی زەرەرەکان لە لایەن ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانەوە نەبوو بەڵکوو ئەو ڕاستییە بوو کە ئیسرائیل چەندە بە قووڵی نفوزی کردووەتە نێو پلەبەرزەکانی کەرتەکانی سەربازیی و هەواڵگری. کێشەی ئەو دواییانە نموونەی شکستی تەناهی و هەروەها سەربازی بوو.

## لە دەرەوە شکستخواردوو، لە ژوورەوە سەرگەردان

لەگەڵ لاوازیی دەسەڵاتەکەی لە سەرانسەری ناوچە، دەسەڵاتی نێوخۆیی دەوڵەتی ئێران لە ناوخۆش لاواز بووە. ڕاپرسییەکی وەزارەتی فەرهەنگ لە ٢٠٢٤ "نارەزایەتی"ی گشتیی ئاشکرا کرد، بە ڕێژەی زیاتر لە ٩٠٪ "ناڕازی" لە دۆخی هەنووکەیی وڵات. لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤، کەمتر لە ٤٠٪ دەنگدەر بەشدار بوون، کە هێندەی دیکە نارەزایەتیی ئێرانییەکان لە پرۆسەی سیاسیی ئاشکرا کرد.

هەواڵەکانی نێوخۆی ئێران ئەوە ئاشکرا دەکەن کە بەشێکی بەرچاو لە ئێرانییەکان سیاسەتەکانی دەوڵەت بە هۆکاری جەنگ لەگەڵ ئیسرائیل دەزانن. دانیشتوویەکی خەڵکی ڕەشت بە هەواڵدەریی ڕۆیتەرزی گوت، "من بڕیاردەرانی وڵات بە تاوانبار دەزانم، سیاسەتەکان ئەوان ئێمەیان تووشی جەنگ و وێرانی کردوە." لە بەرامبەردا دەوڵەت بە تاکتیکێک وەڵامی داوەتەوە کە پێشتریش کەلکی لێ وەرگرتوە: سەرکوت. بە گوێرەی مێدیای هاوتەریبی دەوڵەت، زیاتر لە ٧٠٠ کەس لە کاتی کێشەکە و دەستبجێ دوای ئەو دەستبەسەر کراون و بە هاوکاریی لەگەڵ مووساد، دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل، تاوانبار کراون.

وەکوو سەرکوتەکانی پێشوو، ناوچەکانی خاوەن دانیشتووانی کەمینە نەتەوەییەکان، بە تایبەت ناوچە کوردییەکان بە ئامانج گیراون. ڕۆژێک دوای ئاگربڕ لەگەڵ ئیسرائیل، دەوڵەت سێ کۆڵبەری کوردی، کە لە پارێزگا کوردییەکانی گەشە نەکردووی ئێران بۆ بژێوی ژیان پشت بە گواستنەوەی کاڵای قاچاخ دەبەستن، ئێعدام کردن. ئەو ئێعدامانە، کە بێ دادگا و پارەمەتیی یاسایی بەڕێوە چوون، شێوەی باوی کەلکوەرگرتنی دەوڵەت لە قوربانییانی سەر بە ئەتنیکەکان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدایە و ئەوە پێشینەی مێژوویی هەیە: کاتێک دەوڵەت هەست بە مەترسی دەکات، لە پێش هەموو شتێکدا هێرش

دەکاتە سەر کوردان.

## شێوەیەکی مێژوویی سەرکوتکردن

گریمانە دەکرێ نێوان ١٠ بۆ ١٢ ملیۆن کورد لە ئێران بژین کە نزیکەی ١٢٪ تا ١٥٪ لە کۆی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن، کە دەیانکاتە سێهەمین تاقمی ئەتنیکی دوای فارس و ئازەری. ئێران بە هەمان شێوە ڕێژەیەکی بەرچاو دانیشتووی کەمینەی بەلوچ و عەرەبی هەیە.

کاتێک کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩ دامەزرا، گەلێک لە گرووپە نەتەوەییەکان پشتگیرییان لە شۆڕش کرد. ئەوان بە هیوای ئێرانێکی گشتگیرتر و دێموکراتیکتر لە ڕێژیمی پێشووتر، دیکتاتۆریی درندەی شا کە زۆر جار کەمینەکانی بە ئامانج گرتبوو، بوون. بەڵام ئەو ئاواتانە زۆر خێرا کۆتاییان هات. بە ڕەتکردنەوەی پلۆرالیزم و برەودان بە ئایدیۆلۆژییەکی یەکخەر کە لە دەوری ئیسلامی شیعە و شوناسی فارسی چڕ کرابۆوە، ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی تاقمە نافارس و ناشیعەکانی پەراوێز خست.

تاقمی ئەتنیکییەکانی دیکە وەک گومانلێکراو سەیر دەکران، لە کاتێکدا کە شیعەکانی ئازەربایجانی تا ڕادەیەکی بەرچاو ئاوێتەی سیستەمەکە کران.

خومەینی دژی تاقمە بەرهەڵستکارەکانی کورد حوکمی جیهادی دا، مۆرکی کافری لێدان، دەوڵەت هەڵمەتێکی سەربازیی لە ناوچەکانی کوردستان دەست پێکرد. ژمارەیەکی زۆی شار و گوندی کوردان وێران کران و لە نێوان ١٩٧٩ تا ١٩٨٨ نزیکەی ٥٠ هەزار کورد کوژران.

ناوچەکە کرایە هەرێمێکی میلیتاریزە کراو، دۆخێک کە تا ئەمڕۆ درێژەی هەیە.

## هەڵمەت دژی کوردان

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران - عیراق لە ئاگوستی ١٩٨٨، دەوڵەت کە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بێهێز و لە ڕوانگەی

سەربازییەوە لاواز ببوو، لە سەرهەڵدانی نێوخۆیی دەترسا.

بەڵام لەجیات پێشوازی لە چاکسازیی سیاسی، بە یەکێک لە دڕندانەترین سەرکوتەکانی مێژووی ئێران وەڵامی دایەوە. خومەینی فتوایەک، یان فەرمانێکی ئایینی، بۆ ئێعدامی زیندانییانی سیاسی، لە ناویاندا ژمارەیەکی زۆر لە ناڕازییانی کورد، دا.

لە نێوان جوولای تا سێپتەمبەری ١٩٨٨، هەزاران بەندیی سیاسیی ئێعدام کران، گەلێک لەوان بێ دادگا و بەبێ هیچ پرۆسەیەکی یاسایی. بەگوێرەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، لانی کەم ٥ هەزار کەس کوژران و لە گۆڕی نهێنیدا نێژران. خومەینی ئەوانی بە "موحاریب،" یان "شەڕکەری دژی خودا،" نێو برد و ڕەخنەی لە دادگاکانی شۆڕش کرد کە زووتر حوکمی ئێعدامی نەداونێ. ئەو هەڵمەتەی ئێعدامە بە کۆمەڵە پیشاندەری پشتئەستووریی دەوڵەت بۆ لەنێو بردنی هەموو نارەزایەتییەکە، بە بێ لەبەر چاو گرتنی پێشینەی یاسایی یان نۆرمەکانی مافەکانی مرۆڤ.

لە ساڵەکانی دواتردا، دەوڵەت بە شێوەی سیستەماتیک ڕێبەرانی دیاری کورد و ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی دیکە، هەم لە نێوخۆی ئێران و هەروەها لە دەرەوە کوشتوە. ئەو کوشتنی ئامانجداری ڕێبەرانی کورد، تێکەڵ لەگەڵ ئێعدامی بە کۆمەڵی زیندانییانی سیاسی، ستراتێژییەکی بە ئانقەست بۆ نەهێشتنی سەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراو بەر لەوەی مانەوەی دەوڵەت تووشی ئالنگاریی بکەن، بوو.

## قەیرانی نوێ، هەمان ستراتێژی

وێدەچی کۆماری ئیسلامی کەلک لە هەمان شێوە کار وەرگرێ، بەڵام لە دۆخێکی گەلێک لەرزۆکتر دا. بە لەبەرچاو گرتنی دۆخی ناجێگیری دەوڵەت، لە جێی خۆیدایە پرسیار بکەین بۆچی نارەزایەتیی زۆرتر، بە تایبەت لە ناوچەکانی خاوەن کەمینە ئەتنیکییەکان، ڕوو نادەن. بۆ خەڵکێکی زۆر، وەڵامەکە ترس لەو شتەیە کە دواتر ڕوو دەدا.

گەلێک کورد لە سەرهەڵدانەکانی پێشووتر ئەزموونیان وەرگرتوە، بە تایبەت لە جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ٢٠٢٢ کە پێشڕەوی نارەزایەتییەکان بوون، ئەوان بەرەوڕووی توندترین سەرکوت بوونەوە. زیاتر لە ٥٦٪ لە کوژراوان و دادگاییکراوانی سەرکوتی دوای ئەو سەرهەڵدانە، کورد بوون.

## بەشی: چوارەم

هاوکات، ئۆپۆزیسیۆن بە گشتی پەرتەوازە و بێ ڕێبەرە، هەم لە نێو هێڵە نەتەوەییەکاندا و هەروەها ئامانجەکان. تاقمە سەرەکییە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە شێوەی نەریتی لە بەرانبەر داننان بە مافە نەتەوەییەکان بە گومانن، جا چ بگات بە بەشدارکردنی ئەوان لە هەر جۆرە بۆچوونێک بۆ ئێرانێکی داهاتوو. لە جیاتان، ئەوان پێداگرن لەسەر "یەکپارچەیی خاکی" وەک پێشمەرجی هەر جۆرە دیالۆگێک، کە بیرهێنەرەوەی شێوە ئاخاوتنی کۆماری ئیسلامییە.

ئەوە میراتی سەرەکی کۆماری ئیسلامییە: پرۆپاگەندەکەی نەتەنیا ڕای گشتی لە نێوخۆ داڕشت، بەڵکوو کاریگەریی لە سەر ئۆپۆزیسیۆنیش هەبووە، بە جۆرێک کە ئێرانییەکانی لە نێوخۆ و لە دەرەوە لێک هەڵبڕیوە. و زۆر دەمێکە ئەتنیکی حاکمی دژی کەمینەکان، بە تایبەت کوردان، بە وێنا کردنی ئەوان وەک دوژمنی نێوخۆیی، وروژاندووە.

١٥ی پووشپەڕی ٢٧٢٥

## بۆچی تەنیا هێرشی ئاسمانی ئێران چاوترسێن ناکات: هۆدان بۆ ستراتیژیی ناوچەی دژە فڕین



**نورشەلیم پۆست – ئەی جەی یاف**

ماوەیەکی دوور و درێژە، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران پشتی بە هەمان ڕێکار بەستوە: هێرشی ئاسمانیی سنووردار، ئابلۆقەی ئابووری و، نزیکبوونەوەی ناڕوونی سیاسی. بەڵام ئەوانە لە دەستەبەرکردنی گرنگترین ئامانج، واتە هەڵوەشاندنەوەی بەرزەفڕییە ناوکییەکانی ئێران و دابینکردنی سەقامگیریی بەردەوام لە ناوچەدا ناسەرکەوتوون. بەرنامەی ناوکی ئێران درێژەی هەیە. سەرەڕای نسکۆی کاتی و کورتخایەن، ڕێژیم جار لە دوای جار پیشانی داوە خۆی دەگونجێنێ، نۆژەن دەکاتەوە و بەرەو پێش دەچێت.

هێرشە ئاسمانییەکان ڕەنگبێ چالاکیی سانتریفیۆژەکان وەدوا بخەن یان ببنە هۆی پەککەوتنی فرۆکەخانەیەک، بەڵام ئەوان ناتوانن ببنە هۆی هەرەسهێنانی ویستی ڕێژیم، ئەوان هەروەها ناتوانن ڕەفتارە ناوچەییەکان و شەڕانگێزییەکەی بگۆڕن. هیچ نەبێ، ئەو تاکتیکانە مەترسی وورووژاندنی پشتگیریی جەماوەری نێوخۆ بۆ دەوڵەتێکیان هەیە کە نیوە گیان بووە،

بەڵام هێشتا ڕەگی قووڵی داکوتاوە.

کاتی شکاندنی سوورەکە هاتووە. ناوچەیەکی دژە فڕینی پشتگیریکراو لە لایەن هاوپەیمانانەوە لە ئاسمانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئێران، بە تایبەت لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانی کەمینەی کورد، بەلوچ و ئەوانی دیکەن، هەڵوێستێکی نوێیە کە دەبێ بێتە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەوانە شوێنی لەگۆترە نین. ئەوان لە ڕوانگەی جوغرافیاییەوە گرنگ، لە ڕوانگەی سیاسییەوە هەستیار و، لە ڕوانگەی سیمبۆلیکەوە بەهێزن. کۆنترۆڵکردنی ئاسمان لێرە نە تەنیا پێش بە جموجۆڵی سەربازیی ئێران دەگرێت، ئەوە هەروەها دەبێتە هۆی ئافراندنی توێژێکی نوێی زەختی ئابووری و دەروونی بۆ سەر ڕێژیمێک کە هەر ئێستا لەرزۆک بووە.

## ناوچەی دژە فڕین وەک ستراتیژیی گوشار

با بە ڕوونی بدوێین: ئەوە داوای داگیرکاریی نیە. ئەوە داوای سنووردار کردنی وردە. ئامانجی سەرەکی دابەزاندنی توانایی ڕێژیم بۆ کەڵکوەرگرتنی ڕەها لە ئاسمانی خۆی بۆ مەبەستی سەربازیی یان لۆجیستیکی لە ناوچە سنوورییەکان،

**ئەو شوێنانەیە کە ڕێژیم زۆر جار بێ سزادان کار دەکات. بە سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین:**

- تێچووی چالاکیی بۆ یەکەکانی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی ئێران کە پشت بە ڕێگا ئاسمانییەکانی نێوخۆیی بۆ جووڵە و پشتیوانیی دەبەستن، بەرز دەکەیەوە.
- ڕێژیم ناچار دەکەیت ئاراستەی بودجە و جەختی ستراتیژیک بەرەو ئاسایشی نێوخۆیی بگۆڕێت، سامانە ئابوورییەکانی تووشی ئالنگاریی دەکەیت و دۆخەکەی لە دەرەوەی وڵات لاواز دەکەیت.
- لە ڕوانگەی سیاسی و بازرگانییەوە ئێران تەریک دەخەیەوە، چونکە هێڵە ئاسمانییە مەدەنییەکان ئاراستەیان دەگۆڕن و وەبەرهێنەرانی بیانی دەسڵەمێنەوە.

لە ٢٠٢٥ و لە کاتی جەنگی ١٢ ڕۆژەدا، کاتێک هێرشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بەرگریی ئاسمانیی، بنکەکانی فەرماندەیی و ژێرخانی سەربازیی ئێرانیان پەک خست، باڵادەستیی ئاسمانیی بۆ مایەکی کاتی دەستەبەر کرا. ئەو ئۆپەراسیۆنانە پیشانیان دا کە باڵادەستیی سنووردار بە سەر داڵانە سەرەکییەکانەوە، نە تەنیا مومکینە بەڵکوو دەتوانێ

خێرا و بە وردی دەستەبەر بکرێت. ئەمجارەیان، بە هاوئاهەنگیی بەهێزتری ناوچەیی، هەواڵگریی، چاودێریکردن و دیدەوانیی باشتر و، ڕێسای وردتری تێوەگلان، دەکرێ بە شێوەیەکی کاریگەرتریش جێبەجێ بکرێت.

بەڵام بە پێچەوانەی جاران، ئەو هەڵە نابێ لەکیس بچێت. پێتوو ئەوە بەردەوام بێت، نەک وەکوو وروژاندن بەڵکو وەک مێکانیزمێکی جیبەجێ کردنی بەردەوام، دەتوانێ ببێتە ئامرازێکی ئەستاندنی ئیمتیاز، نەک تەنیا دەرفەتێکی قازانجی تاکتیکی.

## بۆچی ئێستا؟ بۆچی ئەو ناوچانە؟

چەند کەمینەی ئەتنیکی لە ئێران دەژین کە زۆرینەیان لە دەسەڵاتی ناوەندگەرای سەرەڕۆ ناڕازین. ناوچەکانی خاوەن کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران پاشگوێخراوترین شوێنەکان لە ڕوانگەی ئابوورین و سەرکوتی سیاسیی لەو شوێنانە بە چڕیی بەڕێوە دەچێت.

ناوچە کوردییەکان لە خۆرئاوا و بەلوچەکان لە خۆرهەڵات مێژوویەکی دووردرێژی بەرخۆدان و ناڕەزایەتییان هەیە. ئەوان لە ڕوانگەی جوغرافیایی لە هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نزیکترن و لە چاو ئاسمانی ناوەندی ئێران هاسانتر چاودێریی دەکرێن و بەرگرییان لێ دەکرێت. ئەو ناوچانە هەروەها وەک داڵانی جووجۆڵی نێوخۆیی سوپای پاسداران کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و، بۆ تاقیکاریی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ عێراق، سووریە و ئەفغانستان کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. پێشگرتن بە بەکارهێنانی ئاسمانی ئەو شوێنانە لە لایەن ڕێژیمەوە، سەرکوتی نێوخۆیی و تواناییەکەی بۆ دابین کردنی پێداویستیی هێزەکانی پێشووتر نێردراو و بەکرێگراوەکانی ئاڵۆزتر دەکات.

بەڵام لەوەش گرنگتر، پەیامێک بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە دەنێرێت کە بەرزترین نرخیان بۆ بەربەرەکانی دژی ستەمکاریی داوە. بە تایبەت کوردەکان، ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەر و جێی متمانە بوونیان وەک هاوبەشی ستراتیژیک بۆ ڕۆژئاوا پیشان داوە. لە شەڕ دژی داعش لە سووریە بگرە تا بەربەرەکانی دژی گوشاری ئێرانی لە نێوخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا و بۆ جارێکی تر، ئەوان پاشگوێ خراون. ناوچەیەکی دژە فڕین لە خۆرئاوای ئێران ئەو پەیامە دەنێرێت کە ئەوان لەبیر نەکراون، کە گیانی ئەوان و ئاسمانی ئەوان گرنگە. ئێمە نابێت هەڵەکانی خیانەت دووپات بکەینەوە، بە تایبەت کاتێک کە جێی متمانەترین هاوپەیمانەکانمان هەر ئێستا زۆر لە بەشی خۆیان زیات قوربانییان داوە.

## ڕاگەیاندنی هەڕەشەی ئێران کەلێنی بڕواپێبوونی هەیە

لە کاتێکدا کە دەوری ناسەقامگیرکەری ئێران لە ناوچەدا بە شێوەی بەربڵاو دانی پێدا دەنرێ، لە بەغدا تا بەیرووت، لە پێتەختەکانی کەنداو و لەو دواییانەدا لە دیمەشق، جێگای داخە کە ئەوەی کە ئەو کەسایەتییەی بە دەنگی بەرز تێشک دەخاتە سەر هەڕەشەی ئێران زۆر جار چاوپۆشیی لێ دەکرێت.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهو لە هەشتاکانەوە لەبارەی ئێران هۆشداریی داوە. بەڵام چەند دەیە ئەزموونی سیاسی و ڕەوانبێژیی جەمسەرخولقێنانە بووتە هۆی وەلانانی ساکاری هۆشدارییەکانی، بە تایبەت لە لایەن بەشێک لە دنیای عەرەب و تەنانەت لەنێو بەشێک لە بەردەنگە ڕۆژئاواییەکانیش، بە تایبەت لەژێر کەشوهەوای هەنووکەیی کە ئاکامی شەڕی ئێستای غەززەیە.
ئەو کەلێنی بڕواپێبوونە پێشی بە تەنگەتاویی هێندێک پرس گرتوە، تەنانەت کاتێک کە ڕاستییەکانی مەیدان نیگەرانییە سەرەکییەکە پشتڕاست دەکەنەوە: ئێران بەردەوام هۆی ناسەقامگیریی لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. بۆ خەڵکێکی زۆر لە ناوچە، لە نێویاندا ئەوانەی کە ڕەنگبێ متمانە بە ئورشەلیم نەکەن، دەستێوەردانی ئێران تیۆری نییە، ئەو ڕاستییە. ئەوەی ئێستا پێویستە هاوپەیمانییەکی نوێ لە نێوان ئەکتەرە جێگای بڕواکانە تا پەیامەکە بەرەو پێش بەرن، نەک بە لێدوانی زێدەڕۆیانە، بەڵکو کردەوەی هاوئاهەنگ.
ناوچەیەکی دژە فڕین دەرفەتێک بۆ ئەو مەبەستە دەستەبەر دەکات: ڕێکارێکی کردەنی و قابیلی سەپاندن کە بە دەنگێکی گەلێک بەرزتر لە ڕەوانبێژیی سیاسی دەدوێت.

## پەیامێکی سیاسی و ئابووری

**ناوچەکانی دژە فڕین تەنیا ئامرازی سەربازیی نین. ئەوان لێدوانن. سەپاندنی یەکیک بە سەر خاکی ئێرانەوە ئەوە دەگەیەنێت:**

- "تۆ ناتوانیت لە کاتێکدا نۆڕمە نێونەتەوەییەکان پاشگوێ دەخەیت، بێ لێپرسینەوە درێژە بە بەرنامە ناوکییەکەت بدەیت".
- "تۆ ناتوانی بێ لێپرسینەوە سپۆنسەری میلیشیایان بی و دراوسێکانت ناسەقامگیر بکەیت".

بەشی: چوارەم

- "تۆ ناتوانیت لە کاتێکدا کە ئاسمانەکەتت کردووەتە دالانی نائەمنیی ناوچەیی، لە پشت سنوورەکانت خۆت حەشار بدەیت".

بۆ ڕێژیمی ئێران، ئاسمان تەنیا بۆ جووڵە نییە، بەڵکو بۆ ڕەواییدانە. لەگەڵ کونترۆڵکرانی ئاسمانی بەشێک لە وڵاتەکەت لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە، ئیددیعای دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولات بنکۆڵ کراوە و گوشەرەکە بەرەو هەڵکشانە. لایەنە دەروونییەکەی بەقەد لایەنە ئۆپەراسیۆنییەکەی گرنگە.
بێجگە لەوە، سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین قورگی ئابووریش دەگوشێت. ئەو، هێڵە ئاسمانییەکان چاوترسێن دەکات، تێچووی بیمە بەرز دەکاتەوە و، ئالوویری بازرگانی کەم دەکاتەوە، کە هەمووی ئەوانە گوشاری نێوخۆیی لە سەر ڕێژمێک زیاد دەکەن کە هەر ئێستا لە ژێر گوشاری ئابلۆقان، هەلاوسانی نرخەکان، نارەزایەتی نێوخۆیی و نائارامیی لاوان دایە. چینی ماماوەندی ئێرانی، کە هەر ئێستا لە دەستێوەردانە دەرەکییەکانی ڕێژیم بێزار بووە، زۆر چاک تێدەگات کێ تاوانباری داخرانی ڕێگە ئاسمانییەکان و لاوازتر بوونی ئابورییە.

## جیبەجێکردن و مەترسی

بەڵێ، ناوچەی دژە فڕین لە خاکی ئێران هەنگاوێکی بوێرانەیە. بەڵام بوێرانە بە مانای بێباکیی نییە. دەبێ هاوپەیمانییەک بۆ جێبەجێ کردنەکەی بوونی هەبێ، کە بە شێوەی دڵخواز لە هاوبەشەکانی کەنداو، ئەندامانی ناتۆ و، لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچە، کە زۆرترین سوود لە خۆرهەڵاتێکی ئارام وەر دەگرن، پێکهاتبێت. ئەوە دەتوانێت بە کەڵک وەرگرتن لە پلاتیفۆرمەکانی هەوالگریی، چاودێریکردن و دیدەوانیی لە ئاستی بەرزی ئاسمانەوە جێبەجێ بکرێت، وەکوو فرۆکەی بێفڕۆکەوان، مانگی دەستکرد و فرۆکەی ڕادار، بۆ چاودێریکردن و ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکان لە کاتی ڕوودانیاندا.

ئەو سیستەمانە داپۆشینی ئاسمانیی بەردەوام دابین دەکەن، بێ پێویست بوونی گەشتی فرۆکەی شەڕکەر بە شێوەی بەردەوام کە زەختی ئۆپەراسیۆنەکە کەم دەکاتەوە لە کاتێکدا کە کۆنترۆڵکردنی ئاسمان بەردەوام دەبێت. فرۆکەی نادیار لە ڕاداردا کە لە سەر خاکی وڵاتانی هاوپەیمان جێگیر کراون لە حالی ئامەباشیدا دەمێننەوە تا تەنیا لە کاتی پێویستدا وەڵام بدەنەوە.

بەشی: چوارەم

ئێمە هەر ئێستا بەشێک لەوەمان دیتووە. فڕۆکەکانی ئیسرائیل، ڕێگرییان لە فڕینی چەکوچۆڵی ئێرانی بە ئاسمانی سووریە و عێراقدا کردوە. فڕۆکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشیان بە فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئاسمانی سووریە گرتوە. ئەوانە گریمانە نین، بەڵکو هەر ئێستا ڕوو دەدەن.

## ئاکامی ئەوە چی دەبێت

ئەوە پرسی گۆڕینی ڕێژیم نیە. ئەوە پرسی سنوورداركردنی ستراتێژیک بە هۆی باڵادەستیی ئاسمانییەوەیە. ئێران دەبێت تێ بگات تێچوویەک هەیە، نە تەنیا بە تەقاندنەوەی سانتریفیوژان و ڕووخاندنی بینایان، بەڵکو بە لەکیس چوونی سەروەریی، وەستانی پلانە سەربازییەکان و، لاواز کردنی کۆنتڕۆڵ بە سەر خاکی خۆیەوە.

خۆرهەڵاتی نێوەڕاست جەنگێکی دیکەی پێویست نیە. ئەو پێویستی بە ئامراز بۆ چاوترسێنکردن بێ قووڵترکردنی گرژییەکان، گوشار بێ ورووژاندن و، سنووردار کردن بێ ناردنی هێزی سەربازیی بۆ بەرەی جەنگە. ناوچەیەکی دژە فڕین لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئێران بۆ ئەو مەبەستە گونجاوە. ئەو هەنگاوە یاساییە، قابیلی جێبەجێ کردنە و، کاریگەرییەکی مەزنی هەیە، بێتوو ئێمە ویستی سیاسیمان بۆ جێبەجێ کردنەکەی هەبێ.
ئەگەر ئێمە بە ڕاستی دەمانهەوێت پێش بە بەرزەفڕییە ناوکییەکانی ئێران بگرین و پارێزگاریی لە ئاشتی ناوچەکە بکەین، دەبێ لە کۆتاییدا لە هێرشی جاروبار بەولاوەتر بچین. ئێمە دەبێ بە شێوەی ستراتێژیک بیر بکەینەوە و، دەبێ بمانهەوێت کەڵک لەو ئامرازانەی کۆنتڕۆڵ کردنی ئاسمان تەنیا بۆ سزادان وەرنەگرین، بەڵکوو بۆ وەرگرتنی ئیمتیازیش.

ئەوە جەنگ نیە. ئەوە گوشاری کۆنترۆلکراوە، کە بەسەر ئاسماندا دەسەپێنرێت، بە مەبەستی پارێزگاریی لە گیانی خەڵک و ڕێگریکردن لە ململانێی مەزنتر لە سەر زەوی.
...و ڕەنگبێ، تەنیا ڕەنگبێ، بە هاوسەنگیی دروستی هێز و سنووردار کردن، تەنانەت ساتەوەختی بەر یەککەوتن بکرێتە دەرفەتێک، بۆ ئێران، بۆ ناوچەکە و بۆ ئەو نەوانەی لە خوارەوە ڕا سەیری دەکەن.

"برینەکان ئەو شوێنانەن کە لەوانڕا ڕووناکی دزە دەکاتە ناوت." ڕوومی

ئێستا کاتیەتی.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# وڕێنەی ئاگربڕ: بۆچی هێرشێکی نوێ بۆ سەر ئێران وێدەچێ حەتمی بێ




**میدڵ ئیست مۆنیتۆر – جاسم ئەلعەزاوی**

**و چانێک، ئاڵای سووری گڕۆسی و، کاری ناتەواو**

لە کۆتاییەکانی مانگی جوون، هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ڕایانگەیاند ئۆپەراسیۆنەکەیان دژی ژێرخانی ناوکیی ئێران ڕادەگرن. بەڵام لە ڕوانگەی چاودێرانی بەئەزموونەوە، ئەو وچانە کەمتر وەک هەوڵێکی ئاشتییانە و زۆرتر وەک پشوویەک سەیر دەکرێت. پسپۆڕان باسی وڕێنەی ئاگربڕ، چرکەساتی هێمنی بەر لە دەست پێکردنەوەی بشێوی دەکەن. دانیەل شاپیرۆ، باڵوێزی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئیسرائیل گوتی: "ئەوە وڕێنەی ئاگربڕە، هێور کردنەوەی ڕاستەقینە نیە. ئێران هێشتا جانستەکەی هەیە، هێشتا ئۆرانیۆمەکەی هەیە و، وێدەچێ هێشتا بنکە نهێنی هەبن".

هیچ زەنگێکی مەترسی بەقەد ئەوەی ڤییەن بەرز نەبوو. لە مانگی جوون، بەرپرسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی،

## بەشی: چوارەم

ڕافائێل گرۆسی، پشتڕاستی کردەوە کە ئێران لە دانی ڕوونکردنەوە لەبارەی ماددەی ناوکی و چالاکییەکانی لە سێ بنکەی نهێنی، لەڤیزان-شیان، تورقوزئاباد و ڤەرامین ناسەرکەوتوو بووە. گرۆسی هەروەها گوتی "ئێران لە دانی ڕوونکردنەوە لەبارەی ماددە و چالاکی لە سێ شوێنی ڕانەگەیەندراو خۆی بواردوە و، ئەم ئاژانسە لە دۆخێکدا نیە کە بتوانێ بڕیار بدات ئاخۆ ئەو ماددە ناوکییە هێشتا لە دەرەوەی پارێزبەندیی بێت." ئەو گوتی نەبوونی هاوکاریی لە لایەن ئێرانەوە، "پێشی بە هەڵسەنگاندن گرتووە" و پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی نیگەرانی هەوڵەکان بۆ خاوێن کردنەوەی ئەو سێ بنکەیەن. لە هەمان کاتدا، یەدەگی ئۆرانیۆمی ئێران گەیشتووەتە سەرووی ٤٠٠ کیلۆ گرام کە تا ئاستی ٪٦٠ پیتێندراوە، کە لە ئاستی پێویست بۆ چەکی ناوکی زۆر نزیکە. لێکۆڵەرانی ناوەندی توێژینەوە ستراتیژیک و نێودەوڵەتییەکان و ئەنستیتۆی برووکینگز هوڕان کە شەپۆلی یەکەمی هێرشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، ئەگەرچی کاریگەر بوون، بەڵام نەیانتوانی بەرنامەی ناوکی ئێران لەناو بەرن. ژێرخانی سەرەکی، بە تایبەت بنکەی ژێر زەوی وەک فۆردۆ، هێشتا ماون. ژەنراڵی خانە نشین ویزلی کلارک گوتی، "پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، هیچ ئۆرانیۆمێکی پیتێندراو بە پلەی بەرز لە شوێنی دیکە پاشەکەوت کراوە... و سانتریفیوژ لە شوێنی دیکە هەن؟" تاران زانستی دروست کردنەوەکەی ماوە و، هەرچی زۆرتر پێ بچێ، تاوانییەکەی بۆ دەستپێکردنەوەی پیتاندن بەهێزتر دەبێت.

### بۆچی هێرشی دووهەم حەتمییە

لێکدانەوەی گرۆسی هەم نەخشەی مێژوویی ئێران بۆ خۆ بواردن لە پشکنین و هەروەها دۆخی لێڵی هەنووکەیی ئاشکرا کرد. بەبێ دەستڕاگەیشتنی تەواوی ئاژانس، متمانە بنکۆڵ دەبێت. بۆ شەڕانییەکانی واشینگتۆن و تێل ئاڤیف، ئەو نەبوونی شەفافیەتە زیاتر زەنگی هۆشدارییە، ئەوە هەروەها چرای سەوزە بۆ هەنگاوی سەربازیی زیاتر. گرۆسی هۆشداریی دا، "ئێمە ناتوانین زانست نەبوو بکەین. مەترسییەکە بەردەوامە. کات خەریکی تێپەڕ بوونە".

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهوش بەرەوڕووی بشێویی نێوخۆیی و زەختی پەرە ئەستێن لە لایەن ڕاستڕەوەکانەوە بووەتەوە. ئەو بەردەوام بەڵێنی داوە قەت ئێزن نادات ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات. یەکەم هێرش خەونی ئێرانی وەدوا خست، بەڵام کۆتایی پێ نەهێنا. هەر وەکوو لێکۆڵەوەروەوانی ناوچە لە ئاتلانتیک کاونسڵ ئاماژەیان پێ کرد، "ئیسرائیل ڕەنگبی لە فکری هێرشێکی نوێ دابێ تا بە یەکجاریی هەڕەشەی ناوکی ئێران نەهێڵێت، بە تایبەت بێتوو هەوڵە سیاسییەکان ناسەرکەوتوو بن." بەڵام ئەوەی دەتوانێ ئاگرەکە خۆشتر بکات، ئاسەواری فیلەکانی ئێپستاینە، کە بە گوێرەی ڕاپۆرت ناوی کەسایەتی سیاسی پلەبەرزی ئەمریکایی، لە نێویاندا ترامپ، بەدی دەکرێت. ئەگەرچی هێشتا

بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەمەڕ پەیوەندیی ترامپ بە ئاکاری تاوانکارانە لەبەر دەستدا نیە، بێتوو ئەو تێوەگلێت، کاردانەوەی فرە مەزنی دەبێت. مێژووی ئەمریکا پیشانی دەدات کە زۆر جار سیاسەتی دەرەوە دەبێتە ئامرازی ئاراستە کردنی بیروڕای نێوخۆ بەرەو ئاقارێکی دیکە. لە هێرشەکانی کلینتۆن لە کاتی ئابڕووچوونەکەی لێڤینسکی تا جەنگی بوش دژی عێراق دوای هێرشی ١١ی سێپتەمبەر، سەرۆککۆمارەکانی ژێر زەخت ڕوویان لە ناکۆکی دەرەکی بۆ وروژاندنی بیروڕای نێوخۆ کردووە. ستراتێژیستێکی دێموکرات گوتی، "ئەگەر ئەو فایلە ئاشکرا بێت و ترامپ هەست بکات گیری خواردووە، چاوەڕوانی یاریی ئاگرین بە، هی دەرەکی." بێتوو ترامپ ببینێ کێشە یاساییەکانی دەبنە هۆی زاڵ بوون بەسەر داهاتوو سیاسییەکەی، هەڵیساندن یان پشتگیریی لە قەیرانێکی سەربازیی ڕەنگبێ ببێتە سەرقاڵکردنێکی پلان بۆ داندراو. دروشمی "وەستاندنی ئێران" دەتوانێ لایەنگرانی بورووژێنێت و درامای هۆڵی دادگا کپ بکات.

## دیپلۆماسی کەوتووەتە ئاویلکە

لە ڕوانگەی سەربازییەوە، ئێران بەردەوام لاواز و لەرزۆکە بەڵام بێتوانا نەکراوە. ئەنستیتۆی برووکینگز ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە زۆر لایەن لە واشینگتۆن لە سەر ئەو بڕوایەن کە "لە هەمان کاتدا خۆ بواردنی ئێران لە دانی دەستڕاگەیشتنی تەواو وەک بێمتمانەیی لێکدراوەتەوە، بە تایبەت بە لەبەر چاو گرتنی ڕاپۆرتی گرۆسی. لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، هێمنیی هەنووکەیی ڕێگە بە ئێران دەدات خۆی ڕێکخاتەوە. تەنیا ئەوە ڕەنگبێ ببێتە هۆی هێرشێکی نوێ، لە ماوەیەکی کورتدا.

ئەگەرچی هەر دوو لائیدیعا دەکەن خوازیاری ڕێگە چارەیەکی ئاشتییانەن، کەم کەس بڕوایان بە دەستپێکردنەوەی دانووستانی جیدی لە دۆخی ئێستادا هەیە. ئاشکرا کردنەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، لەگەڵ کایەی سیاسی و برینەکانی بەرەی جەنگ، مەودایەکی کەمیان بۆ سازان هێشتووەتەوە. هەر وەک لێکۆڵەرێکی چەتهام هاوس گوتی "ئێمە خەریکی بینینی داخرانی پەنجەرەی دانووستانین. ڕەنگبێ یەکەم هێرش بووبێتە هۆی کۆتایی دانووستان، نەوەک دەستپێکردنەوەی".


## دەرەنجام: تراویلکەی ئارامی

ڕەنگبێ دنیا باسی ئاگربڕ بکات، بەڵام بناخەکانی جەنگ بە پتەوەی لە جێی خۆیان ماون. نە بەرزەفڕییە ناوکییەکانی ئێران لەبیر کراون و نە لە لایەن نەیارانییەوە لێیان بووراون. وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل هەست دەکەن کارەکە

هێشتا تەواو نەبووە. ئێران هیچ نیشانەیەکی هاوکاریی تەواو پیشان نادات و، ڕەنگبێ ترامپ بەو زووانە پێویستی بە سەرقاڵکردنێک بێت. خەیاڵی ئاشتی سوکناییدەرە، بەڵام بە شێوەیەکی مەترسیدار هەڵخەڵەتێنەرە. ئەوە ئاشتی نیە، ئەوە پشوویە.

۲۷ی گەلاوێژی ۲۷۲۵

## بریتانیا نەیویست ئێران بڕووخێ



**(ساڵێک دوای دەستپێکی شەڕی ئێران و عێراق، بریتانیا خۆی لە پشتگیریکردن لە پلانەکانی ڕووخاندنی دەسەڵاتی خومەینی بوارد)**

**میدڵ ئیست مۆنیتۆر- عامر سوڵتان**

بەگوێرەی هێندێک بەڵگەنامەی دەوڵەتی بریتانیا کە چیدیکە وەک نهێنی پۆلێن ناکرێن، لە ١٩٨١، چەند داواکاری لە لایەن تاقم و تاکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە لایەن بریتانیاوە ڕەت کرانەوە کە داوای پشتگیرییان لە هەوڵی سەربازیی و سیاسی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کردبوو.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە فێبریوەری ١٩٧٩، شەپۆلێک لە سیاسەتمەدار، ئەفسەرانی سەربازی، خاوەنکاران، خوێندکاران و بازرگانانی ئێرانی ڕایانکردە ئورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان. لە دەرەوە ڕا ئەوان هەوڵی وورووژاندنی

بەشی: چوارەم

ڕۆژئاواییەکان، بە تایبەت بریتانیا و ئەمریکایان دا تا پشتیوانیی لە شۆڕشێکی پێچەوانە لە ئێران بکەن. پێداچوونەوەیەکی سیاسی کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا، دوابەدوای ڕووخانی پاشایەتی بەڕێوە چووبوو، پێشنیاری بەردەوامیی پەیوەندیی لەگەڵ تاقمەکانی نێوخۆ و هەروەها ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەی کردبوو. لە ئاکامدا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە درێژەی بە ئاواڵا ڕاگرتنی کاناڵە پەیوەندییە نافەرمییەکان، بەڵام بە فەرمی و بە ئاشکرا بێلایەن مایەوە.

بەڵگەنامەکانی ئارشیوی نەتەوەیی بریتانیا ئاشکرای دەکەن ساڵێک دوای دەستپێکی جەنگی ئێران-عێراق، وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە لایەن ژمارەیەک ئێرانیی تاراوگەنشین کە لایەنگری پاشایەتیی پەهلەوی بوون پەیوەندیی پێوە گیراوە. ئەوان داوای پشتگیریی لە پلانەکانیان بۆ هەڵایساندنی شۆڕشێک دژی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی ئایەتوڵڵا خومەینییان کردوە لە کاتێکدا کە بریتانیا بە فەرمی دانی بە دەسەڵاتی نوێدا نابوو. لە سەرەتای جانیوەری ١٩٨١، جان گراهام، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی بریتانیا، چاوی بە محەممەد درەخشیش، وەزیرێکی پێشووی سەردەمی پاشایەتی و کەسایەتییەکی سەرسەختی دژی مەلاکان کەوت. درەخشیش داوای پشتیوانیی بریتانیای بۆ ئەو شتەی کرد کە ناوبراو بە "سەرهەڵدان" لە لایەن مامۆستایانی ئێران دژی داخرانی قوتابخانە و زانکۆکان و، کۆنترۆڵی پەرەئەستێنی مەلاکان بەسەر سیستەمی پەروەردە ناوی برد. ئەو ئیدیعای کرد سەرۆکی کۆمەڵەی مامۆستایانە کە بە گوتەی ناوبراو ٦٠٠ هەزار ئەندامی هەیە. ئەو هەروەها گراهامی ئاگادار کردوە کە خەریکی وروژاندنی پشتیوانیی بۆ جووڵانەوەی مامۆستایان لە ئەمریکایە. کاتێک لە باری بۆچوونی سیاسی پرسیاری لێ کرا، درەخشیش گوتی ئەو لە سەرەتادا دژی شا بووە و پێشوازیی لە شۆڕش کردووە، بەڵام ئەوەشی زیاد کرد "ئەوەی سەری هەڵدا ئەو شۆڕشە نەبوو کە ناوبراو خوازیاری بوو".

بەگوێرەی یادداشتەکانی چاوپێکەوتنەکە، گراهام گوتی "ئەو بە وردی سەیری پێشنیارەکە دەکات" و پێشنیاری چاوپێکەوتنێکی دیکە دوای گەڕانەوەی درەخشیش لە سەفەری ئەمریکای کرد "تا زۆرتر باسی پرسەکە بکەن." دواتر گراهام داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد تا لێکۆڵینەوە بکەن ئاخۆ درەخشیش بە ڕاستی سەرۆکی ڕێکخراوێکی بەربەرینە. لە کاتێکدا کە گراهام لە "کەسایەتیی درخشیش بۆ ڕێبەریکردنی جووڵانەوەیەکی ئۆپۆزیسیۆن" بە گومان بوو، بەو ئاکامە گەیشت کە ڕابردووی ناوبراو "بۆ پاشگوێ خستن نابێت." لە کۆتاییەکانی مانگی جانیوەری، ئەردەشیر زاهیدی، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ئێران، بە هەڤاڵەکەیدا جولیان ئامری، ئەندامێکی کۆنسێرڤاتیوی ئەنجومەنی نوێنەران کە خوازیاری دەستێوەردان و سیاسەتوانێکی زایۆنیستی ناسراو بوو، پەیامێکی بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا نارد. زاهیدی ئیدیعای کرد ڕێژیمی خومەینی "لە دۆخی لەناوچوون نزیکە." ئەو هۆشداریی دا، ڕێژیمی داهاتوو یان لایەنگری

خۆراوا دەبێت یان هی سۆڤیەت و، دەلیلی هێنایەوە کە هەر پلانێکی ئۆپۆزیسیۆن کە بە ئاشکرا لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و بریتانیاوە پشتگیریی بکرێت، "سەرۆکایەتی پشتگیریی (ئێرانییەکانی) تاراوگە دەکات." لە وڵامی ئامریدا، وەزیری کاروباری دەرەوە لۆرد پیتر کارینگتۆن بوچوونی زاهیدی بە "سەرنجڕاکێش" وەسف کرد و سپاسی ئامریی کرد کە ڕوانگەکانی پەیوەندییە ئێرانییەکانی لەگەڵ باس دەکات.

لە مانگی فێبریوەری، ئـ. ح. ساحەب - دیوانی، بازرگانێکی ئێرانی کە لە بریتانیا دەژیا، داوای پشتگیریی بریتانیای لە تاقمێک بە ناوی 'ارتش رهایی بخش ایران' واتە ئەرتەشی ڕزگاریدەری ئێران-ی کرد. ئەو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی کاروباری دەروە بە ناوی ف. م. ڤۆگان وج. لامپۆرت، گوتی ئەو ڕێکخراوەیە لە چەند پێتەختی ئورووپایی چالاکە. بە گوتەی ناوبراو، لیژنەی بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەکە ٢٥ ئەندامی هەن، ١٥ کەسیان هێشتا لە نێوخۆی ئێران خەریکی خزمەت کردنن. پاشماوەی دە ئەندامەکە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە سیاسی و بازرگانییەکانیان دەکرد. ساحەب-دیوانی خۆی لە ئاشکرا کردنی ناوەکان بوارد.

لە ڕاپۆرتی ڤۆگان لەبارەی کۆبوونەوەکەدا نووسراوە کە ساحەب-دیوانی پێی گوتووە ئامانجی ئەرتەشی ڕزگاریدەری ئێران "ئامادە بوون بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بووشاییەیە کە دوای مردنی خومەینی ڕوو دەدات" و بناخەی پشتیوانیی لە ڕێکخراوەکەی، سوپای ئێرانە. ساحەب-دیوانی ئیدیعای کرد کە ئەرتەشی ڕزگاریدەری ئێران هەر ئێستا لەگەڵ مەلاکان، هۆزەکان و چینی مامناوەندی ئێران پەیوەندیی هەیە و، ئەگەرچی زۆربەی چالاکییەکانی لە خۆراوای ئورووپایە، تاقمەکە "پشتگیریی گەلێک لە لایەنە نارازییەکانی خودی ئێرانی لە پشتە".

کاتێک لەبارەی پلانەکانی داهاتووی ئەرتەشی ڕزگاریدەری ئێران پرسیاری لێ کرا، ساحەب-دیوانی گوتی ئەو گرووپە بەتەمایە "بۆ ماوەیەکی دەستپێک کۆنترۆڵی سەربازیی ئێرانی بەدەستەوە بێت، ڕەنگبێ بۆ ماوەی ٣ ساڵ.". دوای ئەو ماوەیە "یاسای بنەڕەتی ١٩٠٦ بە پاشایەتی یان بێ پاشایەتی زیندوو بکاتەوە".

دوو مانگ دواتر ڤۆگان چاوی بە شاڕوخ فیروز، باڵوێزێکی ئێرانی و، نازم عامێری، کوڕی کوچکردوو شێخ خەزعەل، ڕێبەرە مێژووییەکەی خورەمشار لە پارێزگای خوزستان کەوت.

ئەوان پێشنیاریان کرد بریتانیا فڕۆکەخانەی مێهرئاباد بۆمباران بکات و چاوەڕوان بوون ئەوە "چرا سەوزێک بێت بۆ ئەو

کەسانەی سەرهەڵدان دەکەن بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم." کاربەدەستەکەی بریتانیا "سپاسی کردن بۆ ڕاوێژەکەیان." وەک نیشانەیەک بۆ ئەوە کە وڵاتەکەی لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ڕاستیی نوێ لە ئێران ناتوانرێ پێچەوانە بکرێتەوە، ڤۆگان گوتی "خۆش دەبوو هەموومان بمانتوانیبا کات بگەڕێنینەوە دواوە".

لە ئاپریلی ١٩٨١، داگڵاس هێرد، کە ئەوکات وەزیری کاروباری دەرەوە بوو، داوای کرد ڤۆگان چاوی بە دوکتور مەهدی بەهادۆری، ئامۆزای یەکێک لە کاربەدەستانی دەرباری پاشایەتی کە ئەوکاتی لە ئێران زیندانی بوو، بکەوێت. بەهادۆری داوای "پشتگیریی ئەخلاقیی" بۆ جووڵانەوەی بەرگریی ئێران، بە ڕێبەریی ژەنراڵ غولامعەلی ئووەیسی، سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپا لە سەردەمی شادا کرد. ئووەیسی لەبەر دەوری لە سەرکوتی نارەزایەتییەکان بە "قەسابی تاران" ناوبانگی دەرکردبوو. ئەو داوای کرد بریتانیا لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیە "بدوێت" و داوایان لێ بکات "ئیزن بە ژەنراڵ ئووەیسی بدەن لە خۆرهەڵاتی تورکیە دەستی ئاواڵا بێت و دراوی بدەنێ".

دیپلۆماتە بریتانیاییەکە داواکەی ڕەت کردەوە و گوتی ئەگەرچی لە شۆڕشی ١٩٧٩ بەداخە، بەڵام ئەوە "ڕاستییەکی چەسپاوە." ئەو دووپاتی کردەوە کە سیاسەتی بریتانیا ئەوەیە کە کار لەگەڵ دەوڵەتی دەسەڵاتدار لە ئێران بکات و"ناتوانێت هیچ پشتیوانییەک لە ئەو (ژەنراڵ ئووەیسی) بکات".

لە سەرەتای جوون، ژەنراڵ ئووەیسی داوای "ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی" لە لایەن بریتانیا بۆ یارمەتیدان بە "کودەتایەکی سیاسی" لە ئێرانی کرد. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ جێراڵد ڕایان، دیپلۆماتێکی باڵوێزخانەی بریتانیا لە پاریس، ژەنراڵ ئووەیسی ئیدیعای کرد "سیخوڕانی بریتانیایی" چالاکن و "خاوەن نفووزی بەرچاو" لە ئێرانن. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا، ئەو گلەیی لە دنیای ئازاد کرد کە "بەرگرییەکی چالاکی زۆرتریان پێشان نەداوە" تا پێش بە نفووزی کۆمۆنیزمی ڕووسی لە ئێران بگرن. ژەنراڵ ئووەیسی هەروەها ئیدیعای کرد چاوی بە جۆرج بوش، کە ئەوکاتی جێگری سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، کەوتوە و گوتی بەڵێنی پشتیوانیی لۆجیستیکی بۆ پلانەکەی بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێرانی داوە. بەڵام، ئەو سکاڵای کرد کە هێچ پشتیوانییەکی ئەوتۆ بە کردەوە نەکراوە.

دیپلۆماتە بریتانیاییەکە هیچ شتێکی لە بارەی لێدوانەکانی ژەنراڵ ئووەیسی نەگوت و هیچ بەڵێنییەکیشی نەدا. ئووەیسی داوای کرد پەیامەکەی بگەیەنرێتە دەوڵەتی بریتانیا.

دواتر وەزارەتی کاروباری دەرەوە ڕێنمایی ڕایان و هاوکارەکانی کرد هیچ داواییەکی چاوپێکەوتن لە لایەن ئووەیسی یان نوێنەرەکانیەوە، بەر لە ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسەکانیان قبووڵ نەکەن. ئەوان هەروەها ڕێنماییان پێکرا کە لە هەڵسوکەتییان لەگەڵ ئێرانییان وریاتر بن.

لە مانگی جولای، ژەنراڵ سەید ئەحمەد مەدەنی، وەزیرێکی پێشووی ئێران و فەرماندەی هێزی دەریایی ئێران، لە ڕێگەی پیتەر تیمپڵ-مۆریس، کە هاوسەرەکەی ئێرانییە، پەیوەندیی بە وەزارەتی دەرەوە گرت و داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ لیژنەیەک بە ڕێبەریی مەدەنی کرد کە نوێنەرایەتیی بەرەی نەتەوەیی دەکرد، تا "کارتەکانی لە سەر مێز دانێت." کاتێک لیژنەکە بە سەرۆکایەتی دوکتور پەرویز ئیتمینان، چاوی بە ڤۆگان کەوت، پێشنیاریان کرد "وڵاتە بچووکەکانی کەنداو" پشتگیریی دارایی بۆ پلانەکانی دەستپێکی سەرهەڵدانێک لە ئێران دابین بکەن. ئەگەر بریتانیا بە ڕاستی دەیهەوێ گەندەڵیی لە ئێران کۆتایی پێبێت، "بە تایبەتی تەنیا پێویستە ئاماژەیەک بە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بکات" و، ئیتمینان دڵنیایی دا کە مەدەنی و هاوکارانی "زەمانەتی سەرهەڵدانێکی سەرکەوتوو دەکەن." ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە مەدەنی دەتوانێت جەمسەری ڕاکێشانی ئۆپۆزیسیۆن بێت".

لەبارەی هەڵوێستی هێزە چەکدارەکانی ئێران پرسیاری لێ کرا، ئیتمینان ئیدیعای کرد هێزەکانی دەریایی و ئاسمانی "لە ئاکامی هێرشێکی سەرکەوتووانەی مەدەنی و هاوپەیمانەکانی، سەرهەڵدان دەکەن." کاربەدەستەکەی وەزارەتی دەرەوە وەڵامی دایەوە کە بریتانیا "گشت کات بە گوێڕاگرتن لە بۆچوونی تاقمە جیاجیاکانی ئێرانی دڵخۆشە." بەڵام، ئەو ڕوونی کردەوە کە هەڵوێستی بریتانیا ئەوەیە کە، " (جۆرێک لە) پەیوەندیی دیپلۆماتیکی لەگەڵ ڕێژیمی ئێستا هەیە" و "بڕوایەکی بەهێزی هەیە کە نابێ هیچ دەستێوەردانێکی دەرەکی لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا بکرێت".

ئەوکاتی، دوای چوونە سەری ڕێژە و ئاستی چالاکیی ئێرانییەکانی تاراوگە، وەزارەتی کاروباری دەرەوە بڕیاری دا پێداچوونەوە بە سیاسەتی پەیوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکات. وەک ئەی. سی. مایەرس، سەرۆکی بەشی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە باسی دەکات، بریتانیا دەیهەویست "خۆی لە زیاد کردنی شک و گومانی خۆلێلانەدەرانەی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی ئێران ببوێرێت کە پێی وابوو ئێمە خەریکی پیلانگێڕیی بۆ ڕووخاندنی ئەوین." بریتانیاییەکان هەروەها پێیان خۆش بوو " لە دۆخێکدا بمێننەوە کە بە ئاشکرا، بە ڕاستی و ئیقناعەوە، حاشا لە بوونی گفتوگۆی ئێمە لەگەڵ تاقمەکانی ئۆپۆزیسیۆن بکات".

## بەشی: چوارەم

**مایەرس ئەو ڕێنوێنییانەی لە کاتی پەیوەندیی لەگەڵ ئێرانییەکانی تاراوگە پێشکەش کردن کە لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەروە ڕەچاو کران:**

ئێمە تەنیا گوێ ڕادەگرین بەبێ پابەندبوون
ئێمە بۆ نێوەندگیرەکان روونی دەکەینەوە کە ناتوانین بیر لە پشتیوانیی لە ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگە لە بەرانبەر ڕێژیمدا بکەینەوە، چونکە لەو بڕوایەدا نین کە هیچ کامیان شانسی پێچەوانە کردنەوەی شۆڕشیان هەبێت.

ئێمە نامانهەوێت ئەو پەیوەندییەی خەریکین لەگەڵ دەوڵەتی نوێ دروستی بکەین، کە بە پێی پێویست دانمان پێدا ناوە، لە مەترسیی هاوێین.
ئێمە دەبێت بەردەوام لەبیرمان بێت کە نابێت خۆمان لە بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی وەک ئێران دابڕین.

ئێمە بەتەما نین پشتیگیریی لە هیچ تاقمێکی تاراوگە بکەین، بە شێوەی دارایی یان جۆری دیکە.

ئێمە نابێت خۆمان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ تاراوگەنشینیان ببوێرین، جا چ لە سەر داوای خۆیان بێت یان لە سەر داوای لایەنی سێهەم.

لە نێوەڕاستی ١٩٨١، ئامری، نوێنەرە بریتانیاییە زایۆنییەکە، جارێکی دیکە پاڵپشتی لە دەستێوەردانی سەربازیی لە ئێران کرد. ئەو دەلیلی هێنایەوە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوە دەتوانێت بۆ پێشکەشکردنی بژاردەیەک بۆ دەوڵەتی شۆڕشگێڕ، یەک بگرێت. لە نامەیەکدا بۆ لۆرد کارینگتۆن، ئامری پێشنیاری کرد کە بریتانیا دەتوانێت بۆ بەڕێوەبردنی کودەتایەکی هاوشێوەی ئەوەی لە ١٩٥٣ دژی محەممەد موسەددیق کرا، ڕاوێژ لەگەڵ ئەمریکاییەکان بکات. ئەو پێشنیاری کرد عێراق، پاکستان و عوممان "ڕەگبێ بکرێت ڕازی بکرێن تا ببنە پردەباز" بۆ ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ. ئامری هۆشداریی دا کە بریتانیا و خۆراوا ڕەنگبێ "لە خەو ڕابن و ببینن ڕووسیە کۆنترۆڵی مەیدانە نەفتییەکان و گەرووپەکەی (لە کەنداو) بە دەستەوە گرتبێت".

لۆرد کارینگتۆن پێشنیارەکەی ئامری ڕەت کردەوە وشک و گومانی خستە سەر کاریگەریی ئێرانییەکانی تاراوگە. لە کاتێکدا کە دانی بەوە دانا کە دۆخی ئێران "بێگومان مەترسیدارە،" ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی کۆماری ئیسلامیی وێدەچی

دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت." ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە بریتانیا پێویستیە لەپێشدا جۆرێک ئۆپۆزیسیۆنی کاریگەری ئێرانی ببینێت و بەوە کۆتایی بە بۆچوونەکەی هێنا، "ڕەنگبێ هیچ بڕیارەیەک لە ئارادا نەبێت مەگەر ئیزن دان بە شۆڕشی ئێران تا ڕێچکەی خۆی بێ دەستێوەردانی دەرەکی درێژە پێ بدات".

لە هەمان کاتدا گراهام ڕەخنەی لە "خولیای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی" ئامری لە ئێران گرت. لە وەڵامدا ئەو دووپاتی کردەوە، لە دنیای ئەمڕۆدا، ئێرانییەکان "دەبێت بۆخۆیان کار بۆ چارەنووسی خۆیان بکەن." ئەو گوتی "بێتوو ئەوە یەک گرتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دژە کودەتایەک دژی کۆماری ئیسلامیی خومەینی بێت، بێگومان ئێمە دەبێ بتوانین ئاکامەکە قبووڵ بکەین." بەڵام، گراهام پێداگر بوو کە "ئەو لەو بڕوایەدا نیە کە هیچ تاراوگەنشینێک کە شانسی گەڕانەوەی هەبێت پشتگیریی بریتانیا یان ئەمریکا بە قازانجی بێت".

لە مانگی سێپتەمبەر، جێگری هێزی ئاسمانیی بریتانیا مارشاڵ و. ج. هەرینگتۆن چاوی بە ئادمیراڵ حەبیبوڵڵاهی، فەرماندەی پێشووی هێزی دەریایی ئێران و ئەندامی ئازادەگان، ڕێکخراوێکی نەتەوە پەرستی سەربازیی کە لە بریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکان و فەڕانسە چالاکە و ڕێبەرەکەی ژەنڕاڵ بەهرام ئاریانا، فەرماندەی گشتیی پێشووی هێزە چەکدارەکانی ئێرانە، کەوت. ئادمیراڵ هۆشداریی دا کە هێزی سەربازیی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی شۆڕشگێڕ دا وەها گۆڕاوە کە بێتوو دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، ئێران "وەک لیبی لە ژێر دەسەڵاتی سەرهەنگ قەززافی دەچێت." ئەو گوتی پشتگیریی سەرەتایی خۆراوا بۆ پێشگرتن بە ڕوو کردنی ڕێبەریی لە یەکیەتی سۆڤیەت، پێویست دەبێت.

لە ڕاپۆرتێکدا لەبارەی کۆبوونەوەکە، هەرینگتۆن ئاماژەی بەوە کرد کە حەبیبوڵڵاهی و هاوکارەکانی لە ئازادەگان چاویان لە وڵاتی وەک بریتانیایە بۆ "پشتیوانیی ئەخلاقی."ئەو پێیوابوو ئەوان فرە بەپەرۆشن تا جۆرە پایگایەکیان گیر کەوێت، ڕەنگبێ دوورگەیەک، تا بتوانن لەوێوە کاریگەریی بخەنە سەر ڕووداوەکانی ئێران." هەرینگتۆن شکی دەکرد کە مەبەستی حەبیبوڵڵاهی مەسیرە لە کەناری خۆرهەڵاتی عوممان و مەزنترین دوورگەی ئەو وڵاتە، لە دەریای عەرەب بێت. لە وەڵامدا، مایەرسی بەشی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستی وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئامۆژگاریی هەرینگتۆنی کرد کە بریتانیا دەبێ "زانیارییەکەی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست لە کاتێکدا کە تێوەگلانەکەی لە نزمترین ئاستدا بێت".

لە هەمان مانگدا، وەزارەتی بەرگریی بریتانیا داوای لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کرد چاوی بە ئەسعەد هومایون،

## بەشی: چوارەم

کاربەدەستێکی باڵوێزخانەی ئێران لە واشینگتۆن تا پێش شۆڕش و، ئێستا بەرپرسی ڕێکخستنی جووڵانەوەی ئازادەگان، بکەوێت. لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ڤۆگان، هومایون هیوای خواست "پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی بریتانیا دروست بکات".

ڤۆگان دووپاتی کردەوە کە بریتانیا هەمیشە ئامادەیە چاوی بەو ئێرانییانە بکەوێت و گوێیان لێ بگرێت کە دەخوازن بۆچوونیان لەسەر ڕووداوەکانی ئێران باس بکەن، بەڵام جەختی کردەوە کە "هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ هیچ تاقمێک، بە تایبەت ئەوانەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێستان، لە ئارادا نابێت." ئەو وەبیر هومایونی هێنایەوە کە بریتانیا دانی بە ڕێژیمی شۆڕشگێڕدا هێناوە و "لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئێران دەبێ بۆخۆی گیروگرفتەکانی چارەسەر بکات، بێ دەستێوەردانی دەرەکی".

لە نێوەڕاستی نۆڤەمبەر، گراهام چاوی بە چەند بەرپرسی پێشووی ئێرانی لە سەر داوای خۆیان کەوت. ئەو پێی گوتن ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە بریتانیا خۆی لە کاروباری نێوخۆیی ئێران وەردەدا. ئەو جەختی کردەوە ڕێژیمی شۆڕشگێڕ "وێدەچێت دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و وردە وردە ڕێکوپێکی لە وڵات و ئابووریدا زیاد بکات".

۱۹ی خەرمانانی ٢٧٢٥

## چرکەساتێکی مێژوویی:

## نووسینەوە دزە پێکراوەکان، ڕاوێژە نهێنییەکانی سەرەتایی دەستپێکی جەنگی ئێران ئاشکرا دەکەن!



**تایمز ئاف ئیسڕائیل - مایکڵ باخنەر**

گێڕانەوەکان ترسی مان و نەمان کە بووە هۆی هێرشی ئیسڕائیل، نەخشەی کوشتنی خامنەیی، هەوڵەکان بۆ قەناعەتهێنان بە ترامپ بۆ هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکەی ژێر زەوی و ناکۆکییەکان لەسەر هێرش بۆ سەر پاڵاوگەکانی نەوت ئاشکرا دەکەن.

ڕۆژی یەکشەممە، ڕاپۆرتێک بڵاو بووەوە کە گێڕانەوە بەرفراوانەکانی ڕێبەرانی ئیسڕائیلی و کاربەدەستە پلەبەرزەکان پێش و لە ماوەی جەنگی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئێران، هۆی ئەو هێرشە نائاسییانەی شەوی ١٣ی جوون دەستیان پێکرد، هیوای

## بەشی: چوارەم

تیوەگلانی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ لەناو بردنی بنکەی ژێرزەویی فۆردۆ، هەوڵەکان بۆ دۆزینەوەی هەلێک بۆ کوشتنی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی و ناسەقامگیر کردنی ڕژێمی تاران و هەروەها هەوڵەکان بۆ ناچار کردنی دانیشتووانی تاران بۆ چۆڵکردنی شارەکە، ئاشکرا دەکەن.

ڕۆژی یەکشەممە، هەواڵەکانی کانالی ١٣ وردەکارییەکانی بەشێک لە ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە قەرارە ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە بە تەواوی بڵاو بکرێتەوە و وتووێژێکی سەرۆکوەزیران، بنیامین نەتانیاهوشی پێوە زیاد دەکرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا باس نەکرا چۆن نووسراوەکانی کۆبوونەوە فرە نهێنییەکانی پشت دەرگا داخراوەکانیان دەست کەوتووە.

لە ١٢ی جوون، کابینەی ئەمنییەتی کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە پەناگەیەکی ژێر گردەکانی ئورشەلیم پێکهێنا. نەتانیاهو لە سەرەتایی کۆبوونەوەکەدا گوتی:"ئێمە لە چرکەساتێکی مێژوویی‌داین کە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەخوازێت. بێتوو ئێمە نەوەستێنین، لە ماوەی چەند ساڵدا، ئەوان دەیان هەزار کیلۆگرام تەقەمەنی دەبێت. ئێران هەر ئێستا ماددەی پێویست بۆ هەشت تا نۆ بۆمبی پیتاندووە و، ئێستا کار بۆ دروستکردنی بۆمب دەکەن. ئەگەر ئێمە کارێک نەکەین، ئیتر لێرە نامێنین. ئێمە زەرەرێکی مەزن بە ناوەندیی فەرماندەیی و کۆنترۆڵەکەیان دەگەیەنین، هێرش دەکەینە سەر زانستوانە پلەبەرزەکانیان و شوێنی دیکە. بەو هیوایە خودا یارمەتیدەرمان بێت." نەتانیاهو هەروەها گوتی، "ئەوان خەریکە ببنە دووهەمین زلهێزی هاژەکی بالیستیک. دوای ئەوەی ئێمە هێندێک لە بنکە و زانستوانانیانمان لە ناو برد، دانوستانەکان بۆ ڕێککەوتنێک لە واقعێکی جیاوازدا بەڕێوە دەچێت. ئێمە چەند مانگە گفتوگۆی دوورودرێژمان لەو بارەوە هەبوون".

کاربەدەستێکی سەربازیی ناو نەدرکاو بە وەزیرەکانی گوت: کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنەکە خولقاندنی هەلومەرجێکە کە پێش بەوە بگرێت تا تاران لە درێژخایەندا ببێتە ڕژێمێکی خاوەن چەکی ناوکی و "هاوسەنگیی ستراتیژیکی ئیسرائیل باشتر بکات".

### تەنیا ولاتە یەکگرتووەکان دەتوانێت فۆردۆ بۆمباران بکات

کاربەدەستەکە گوتی: ئامانج هەروەها ئەوەیە کە بنکەی ناوکی ئێران لە نەتەنز "وێران" بکرێت، هێرش بکرێتە سەر کەسانی بەرپرسی بەرنامەی ناوکی و، هێرش بکرێتە سەر بنکە گۆڕینی ئۆرانیۆمی پیتێندراو بۆ هەناوی کانزایی بۆمبی ناوکی.

## بەشی: چوارەم

کاربەدەستەکە لە کۆبوونەوەکەدا گوتی:"لە تاران، ئێمە هێرش دەکەینە سەر گەلێک ئامانجی جۆراوجۆر، چونکە ئەوێ شوێنی چەقی سەرنجی ئێرانییەکانە." ئەو ئەوەشی زیاد کرد کە "فۆردۆ تەنیا بە هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان وێران دەبێت".

بنکەی ناوکی فۆردۆ لەژێر کێوێک و لەبن هەرد دروست کراوە و تەنیا وڵاتە یەکگرتووەکان بۆمبی بەهێزی ئەوتۆی هەن کە بتوانێت دزە بکاتە نێو ئەو بنکە پتەوە.

ئەو هەروەها هۆشداریی‌دا کە "گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە لە کۆتایی ئۆپەراسیۆنەکەدا، ئێران هێشتا خاوەن ماددەی پیتێندراو دەبێت. لە یەکەم ڕۆژەکاندا، ئەوان دەتوانن سەدان هاژەک ئاراستەی ئیسرائیل بکەن".

کاربەدەستەکە هۆشدارییدا کە کاردانەوەیەکی هەرگیز نەبیبراو لە خاکی ئیسرائیل ڕوو دەدات و گریمانە دەکرێت لانیکەم دەیان ئامانج لە ناوخۆیی ئیسرائیل بە هاژەکی مەزن بپێکرێن و دەیان تا سەدان هاژەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خاوەن تەقەمەنی سووک دەگەنە نێو خاکی ئیسرائیل. بەڵام ئەو هۆشدارییەشیدا کە جەنگەکە لە کۆتاییدا پێویستە بە ڕێگە چارەیەکی دیپلۆماتیک کۆتایی پێ بێت. کاربەدەستە سەربازییەکە گوتی: "دەستکەوتەکانی ئۆپەراسیۆنەکە بەس نابن و دەبێت تەواوکەری دیپلۆماتیکیان هەبێت ".

لە زمان کاربەدەستێکی پلەبەرزی هەواڵگریی دەگێڕنەوە کە، گوتوویەتی: "ئۆپەراسیۆنی پەشۆکێنەر بەڕێوە دەچن کە لە ماوەی چەند ساڵدا ئامادەمان کردون. بەشێکیان دژی هاژەکی زەوی-بۆ-زەوین، ئۆپەراسیۆنێکی هەواڵگریی بۆ لێکهەڵتەکاندنی چالاکییەکانی دوژمن، لە ناویاندا چالاکیی ناسەقامگیر کردنی ڕێژیمیش بەڕێوە دەچن".

سەرۆکی شین بێت، ڕۆنەن بار گوتی: ئیسرائیل خۆی بۆ سێناریۆیەکی سەرهەڵدان لەنێو ئیسرائیلییە عەرەبەکان، لەو شارانەی عەرەب و جوولەکە پێکەوە دەژین، ئامادە کردوە.

کۆبوونەوەکە بە پەسەندکرانی ئۆپەراسیۆنەکە کە قەرار بوو کاتژمێر ٣ی بەرەبەیانی ١٣ی جوون، بە ژمارەیەک هێرشی پەشۆکێنەر بۆ سەر بەرگریی ئاسمانی، زانایانی ناوکی و فەرماندە سەربازییەکانی ئێران دەست پێ بکات، بە کۆی دەنگ کۆتاییهات.

## بەشی: چوارەم

لە ئیسرائیل، ئاژیرەکان لە سەرانسەری وڵات لە چاوەڕوانیی بەرپەرچدانەوەی بەربڵاوی هاژەکیی ئێران دەنگیان دایەوە، بەڵام لە کۆتاییدا تا چەند کاتژمێر دواتر هیچ هێرشێک ڕووی نەدا.

### گەڕان بەدوای ڕێبەردا درێژەی هەبوو

پاش دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکە لە کاتی شەو، وەزیرەکان و بەرپرسانی ئاسایش جارێکی دیکە لە ڕۆژی هەینی، ١٣ی جوون کۆبوونەوە.

وەزیرەکان جەختیان لەسەر چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ یارمەتی وەرگرتن لە وڵاتە یەکگرتووەکان کردەوە، هەم بۆ پڕکردنەوەی سووتەمەنی فڕۆکەکان لە ئاسمان، کە ئیزنی بە جێتەکانی ئیسرائیلی دەدا لە هێرشەکانیان بۆ سەر ئامانجی دوور مەودا بەردەوام بن و هەروەها زەخت خستنە سەر سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، دۆناڵد ترامپ، بۆ هەڵکردنی چرای سەوز بۆ هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر فۆردۆ.

وەزیری کاروباری ستراتیژیک، ڕان دەرمەر لە کۆبوونەوەکەدا گوتی: کاتێک نەتانیاهو بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ ترامپ کردوە، بە "مانۆڕ و گوشارەکانی" هەوڵی داوە ترامپ بڕیاری ناردنی فڕۆکەی سووتەمەنی گەیێن بۆ یارمەتیدانی هێرشەکانی ئیسرائیل، بدات.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو پرسیارە کە ئاخۆ واشینگتۆن هێرش دەکاتە سەر فۆردۆ، دەرمەر گوتی: بەرداشتی ئەو ئەوەیە کە ترامپ وێدەچێت ئەو کارە بکات، "بەڵام لە کاتێکی گونجاودا".

وەزیری بەرگریی، ئیسرائێل کاتز گوتی: وەزیری بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، پیت هاگەسەت پێی گوتووە کارەکان بۆ ناردنی فڕۆکەی سووتەمەنی گەیێن کراون، کە لە کۆتاییدا چەند ڕۆژ دواتر هاتن. کاتز ئەوەشی زیاد کرد، "من گرنگیی لێدان لە فۆردۆم بۆ شیی کردەوە".

فەرماندەی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، ئەیال زەمیر گوتی: یەکەم هێرشەکان "دەستکەوتی لە ڕادە بەدەریان هەبووە،" ئەوەشی زیاد کرد کە هێرشەکە لە پێش وادەی دیاریکراوە و ڕۆژی داهاتوو هێرشی دیکەشی بەدوادا دەێت.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو گوتی: "هەموو شتێک بەخێرایی جێبەجێ دەکرێت. بێتوو وڵاتە یەکگرتووەکان هاوکاریمان بکات، ئێمە دەتوانین لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا هێرش بکەین. ئێران بە هێرشەکان وەلەرزە کەوتووە،" ئەوەشی زیاد کرد کە ئێران "بە بەراورد لەگەڵ پێشبینییەکانمان، ژمارەیەک کەمتر ی هاویشتوون".

ڕێبەری حیزبی شاس، ئاریە دەری داوای لە هێزی سەربازیی کرد، کە هێرش بکەنە سەر ئەو ئەفسەرانەی وەک جێگرەوەی ئەوانی لە یەکەم هێرشەکاندا کوژراون، هەروەها هێرش بکەنە سەر بینای دەنگوڕەنگی دەوڵەتیی ئێران و بنکەی فەرماندەیی پۆلیس.

لە کاتێکدا کە بە ئاشکرا وەک یەکێک لە ئامانجەکانی جەنگەکە نەدرکێندرا، نووسراوەکانی کۆبوونەوەکان ئاشکرای دەکەن کە ئیسرائیل هەروەها بە تەمای ناسەقامگیر کردنی ڕژێم و تەنانەت کوشتنی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی بووە.

وەزیری ئابووری، بەزالەل سمۆتریچ بە ئاماژە بە خامنەیی گوتی ئیسرائیل پێویستە "درێژە بە گەڕان بەدوای ڕێبەردا بدات" دواتر کاتز گوتی: ئورشەلیم بە تەمای کوشتنی بووە بەڵام دەرفەتێک بۆ ئەو کارە هەڵنەکەوتووە.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەدا بە بەشداریی ڕێژەیەکی کەم لە وەزیرانی کابینەی ئەمییەتی، نەتانیاهو گوتی: "کاری سەرەکی" لێدان لە فۆردۆ و "چاوترسێن کردنی بەرچاوی" ئێرانە. ئەو گوتی: پێشترییەتی سەرەکی ئاگر تێبەردانی ئەمبارەکانی سووتەمەنی لە تارانە، هەولدان بۆ کوشتنی ئەو ئەفسەرانەیە کە بوونە جێگرەوەی ئەوانی کوژراو و هەروەها لەناو بردنی خامنەیی.

نەتانیاهو هەروەها گوتی: دەبێ تەواوەتی گەڕەک و ناوچەی ئێران چۆڵ بکرێن و، ئیسرائیل دەبێ کار بۆ ناسەقامگیر کردنی ڕژێمی ئیسلامی بکات.

ئەو گوتی: هێرش بۆ سەر فۆردۆ وەک دەستکەوتێکی دوو هێندەیە، بەرنامەی ناوکی لەناو دەبات و هەروەها "بێتوو خامنەیی بەرپەرچی هێرشی ئەمریکا بداتەوە، ئەوە دەتوانێت بە مانای کۆتایی ڕژێم بێت." ئەو گوتی: "فۆردۆ دەبێتە هۆی کۆتاییهاتنی خێرای جەنگ. بێتوو ئێران درێژە بە هێرشەکانی بۆ سەر ئێمە بدات، دیسانیش ترامپ هەوڵ دەدات کۆتایی بە جەنگ بێنێت".

**بەشی: چوارەم**

بە گوتنی ئەوە کە تا ئەو کاتی لە ئێران ٢٢٤ کوژراو و ١٣٣٠ بریندار هەن، زەمیر گوتی: ئامانجەکانی جەنگ دەتوانن لە پێنج بۆ شەش ڕۆژدا دەستەبەر بکرێن، بەڵام ئیسرائیل دەتوانێت کاری زۆرتر بکات.

ئەو گوتی: "تا ئێستا، ئێمە خەریکی هێرش بۆ سەر فەرماندەیی لە ڕۆژاوا بووین و ئێستا هێرش دەکەینە سەر فەرماندەیی ناوەند،" مەبەستی ناوبراو ئەوە بوو کە هێرشەکانی هێزی ئاسمانی هاژەک هاوێژەکان و بەرگریی ئاسمانی لە ڕۆژاوای ئێران و پاشان لە ناوەندی ئێران لە ناو بردووە کە بووتە هۆی ئەوە تا فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئیسرائیل بتوانن بە ئازادیی لە ئاسمانی تاران بسووڕێنەوە.

## ژێرخانی مەدەنی

وەزیران گفتوگۆیان لە بارەی لێدان لە ژێرخانە مەدەنییەکان وەک پاڵاوگەی نەوت، دوای دانی هۆشداریی بە دانیشتووانی نزیک ئەو شوێنانە بۆ چۆڵکردن، کرد.

کاتز گوتی: "گواستنەوەی دانیشتووان شتێکی کردەنی و سیمبولیکە. ئێمە دەبێ لەژێرخانە مەدەنییە دەوڵەتییەکان بدەین تا ڕێبەر ناسەقامگیر بکات".

دەرمەر هاوڕا نەبوو، بەڵام گوتی: "بێتوو ئێمە ئێستا هێرش بکەینە سەر ژێرخانی مەدەنی، جەنگەکە دەتوانێ بەر لە دەستەبەر کردنی ئامانجەکانمان و هێرش بۆ سەر فۆردۆ، تەواو بێت. خامنەیی سەری لێشێواوە بەڵام مکوڕە و کۆنەپەرەستی ئاپینییە. ئەو، وەکوو نەسرۆڵڵا، پێی وایە ئێمە کۆمەڵگەیەکی لاوازین".

کاتز وڵامی دایەوە، "ئەوان بە توندی کار بۆ چالاککردنەوەی بەکرێگیراوانیان دەکەن. حیزبۆڵڵا هێشتا تێکەڵ نابێت و لەبەر ئەو هۆیە دەخوازێت هێزی خۆی پیشان بدات،" و ڕوو بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە گوتی: ئیسرائیل ناتوانێ تا ڕۆژی هەینی کۆتایی بە جەنگ بێبێت.

کاتز گوتی: "خامنەیی کۆنەپەرەستێکی لاسارە. ئەگەر تەسلیم بن، ئەو بەرهەمی ژیانی خۆی لەکیس دەدات. من تەنیا بە مەرجێک لەگەڵ کۆتاییهێنان بە جەنگم، کە لەگەڵ فۆردۆ و چەند شتی دیکە هەڵسوکەوتمان کردبێت. بەڵام ئەوە بە دەست

## بەشی: چوارەم

ئێمە نیە، بۆیە دەبێت بەو شێوەیە لەگەڵ شتەکان هەڵسوکەوت بکەین کە هەن. ئێمە دوای چۆڵکرانییان لە لایەن خەڵکی مەدەنییەوە چەند بینا وێران دەکەین، بێتوو ئێران درێژە بە هێرش کردن بۆ سەر ئامانجە مەدەنییەکان بدات. لە تاران چەند ئامانجی سەربازیی هەن کە لەنێو شوێنی ژیانی خەڵکی مەدەنی هەوڵکەوتوون. بێتوو خەڵک تاران جێهێڵن، ئەوە سەرکەوتنێکە".

بەڵام ئەو هۆشدارییدا کە لەکاتێکدا کە ئیسرائیل هێشتا هیچ ژێرخانی مەدەنی نەکردوونە ئامانج، بێتوو هاژەکەکانی ئێران ژێرخانی ئیسرائیل بە ئامانج بگرن، ئەوە دەگۆڕدرێت. ئەو گوتی: "بێتوو هێرش بکاتە سەر وێستگەکانی کارەبا، ئیتر ئێمە دوودڵ نابین. ئێمە ئێستا هێرش دەکەینە سەر ژێرخانی مەدەنی، ئەگەرچی ئەوانە ئامانجێکن کە دەمانهەوێت بۆ دواتر ڕایانگرین".

زەمیر، بە نۆرەی خۆی، بەشدارانی کۆبوونەوەکەی دڵنیا کردەوە کە هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل "ئەو حەوتوویە هێرشێکی قووڵی بۆ سەر نەتەز و یەکیش بۆ سەر فۆردۆ و هەروەها هێرش بۆ سەر تارانی ئامادە کردوون." ئەو گوتی: "تێگەیشتن لە ئاستی سەرکەوتنەکانی ئێمە لە ئێران دژوارە. زیاتر لە ١٢٠ هاژەک هاوێژ لەناو چوون و، لانیکەم ٨٠ دانەیان کار ناکەن". کاربەدەستێکی هەواڵگریی ناو نەدرکاو ئەوەی زیاد کرد کە ئیسرائیل هەروەها ڕۆژی پێشتر هێرشی کردووەتە سەر بنکەی ناوەندیی فەرماندەیی ئێران، کە لە کەمبوونەوەی ڕێژەی هێرشەکانی ئێران و چوونە سەری ئاستی ئاشکرا کردنی هاژەکەکان بەرەو ئیسرائیل دەردەکەوێت.

دەرمەر دڵنیاییدا بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە کە وڵاتە یەکگرتووەکان "لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا لە حاڵەتی بەرگریی تەواودا دەبێت" چونکە ترامپ هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە ناوچەدا بەهێزتر کردوە.

بەڵام، بۆ ڕۆژی دووشەممە وێدەچێ شێوازی ئاخاوتنی کاربەدەستانی بەرگریی گۆڕابێت، چونکە داوایان لە بەشدارانی کۆبوونەوەیک کرد کە بیر لە کۆتاییهێنان بە جەنگ بکەنەوە، کە ئەوە بووە هۆی تووڕەیی نەتانیاهوو.

نەتانیاهوو سەرزەنشتی ئەو لێدوانەی کرد و گوتی: "دەست لە داوای کۆتاییهێنان بە جەنگ بێنن. شتی ئەوتۆ نابێت. ئێمە کارمان تەواو نەبووە و، ئەو جۆرە داوایانە دەبێ کۆتاییان پێبێت. ئەو جەنگە تا هەر کات پێویست بێت و تا دەستەبەرکردنی ئامانجەکانمان درێژەی دەبێت. ئێمە لە لێواری سەرکەوتنین. ئێوە دەڵێن ئامانجەکان کۆتاییان هاتووە،



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی: چوارەم**

ئەوە چ پەیامێک دەداتە دوژمنانمان؟ ئەوجار گوتەبێژی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل دەڵێ: ئێمە دەبێ کۆتایی پێبێنین؟ ئێمە سیاسەتێکمان هەیە. بە گوێرەی ئەو سیاسەتە کار بکەن. ئێمە تا دەستەبەرکردنی ئامانجەکانمان درێژە دەدەین. بیروڕای گشتیی لێرە گەلێک بەهێزە".

لە تەواوەتی ڕاپۆرتی ڕۆژی سێشەممەی کانالی ١٣، قەرارە وردەکاریی زۆرتر لە بارەی پێکرانی ڕاستەوخۆی ناوەندیی پزیشکیی سۆرۆکا لە بیرشێبە لە لایەن ئێرانەوە و زەختی ئیسرائیل بۆ سەر ترامپ بۆ هێرش کردنە سەر فۆردۆ بڵاو بکرێتەوە.

ئێران بە هاویشتنی ٥٠٠ هاژەک و نزیکەی ١١٠٠ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تۆڵەی هێرشەکانی ئیسرائیلی کردەوە. بە گوێرەی کاربەدەستانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان، هێرشەکان بوونە هۆی کوژرانی ٣١ کەس و بریندار بوونی ٣٠٠٠ کەس لە ئیسرائیل.

لە سەر یەک، ٣٦ هاژەک و یەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کەوتنە شوێنەکانی نیشتەجێبوونی خەڵک، لە ئاکامدا ٢٣٠٥ خانوو لە ٢٤٠ بینا زەرەریان پێگەیشت، لەگەڵ دوو زانستگە و نەخۆشخانەیەک و بە سەر یەکەوە ١٣٠٠٠ ئیسرائیلی ئاوارە بوون.

**٣٠ی خەرمانانی ٢٧٢٥**

## لە کاتێکدا ئێران لە ژێر گوشار دایە، نیگەرانییەکان لە هێرشی سەر لە نوێی ئیسرائیل پەرە دەستێنن



**واشینگتۆن پۆست – سوزانا جۆرج**

شەپۆلێکی نوێی گەمارۆی نێودەوڵەتی دۆخی سیاسی ئێران دەهەژێنن و ئابوورییەکی لەرزۆک هێندەی دیکەش بێ هێز دەکەن، هاوکات نیگەرانییەکان لەنێو هاوپەیمانانی ئەمریکا لە ناوچەدا پەرە دەستێنێت کە دەورێکی نوێی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەتوانێت فرە نزیک بێت.

بەڕێوەبەرایەتی ترامپ دەڵێ گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لەگەڵ نزیک بوونەوەی کۆتاییهاتنی دەرفەتی چالاک کردنەوەیان وڵاتانی ئورووپایی ڕەزامەندییان لەسەر سەپاندنەوەیان دەربڕیوە، پێویستن تا گوشار بخرێتە سەر ئێران بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی دانوستان لەسەر بەرنامە ناوکییەکەی. بەڵام هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان نیگەرانن کە ئەو هەڵوێستە مەترسیدارە و مەترسی پەلکێش کردنی ناوچەکە بۆ نێو دەورێکی نوێی ناکۆکی هەیە.

## بەشی: چوارەم

وەلی نەسر، پرۆفیسۆرێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لێکۆڵەری سیاسی لە زانکۆی جان هاپکینز بۆ توێژینەوەی پێشکەوتووی نێونەتەوەیی دەڵێت، "ئەوە کایەیەکی مەترسیدارە." ئەو گوتی، هەرچی کات زۆرتر تێپەڕێت بێ ئەوەی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان دەست بە دانوستان بکەنەوە، ئەگەری دەستپێکی ناکۆکی نوێ بەهێزتر دەبێت. ئێستا کە گەمارۆکانی "مێکانیزمی ماشە" سەپێندراونەوە، ڕەنگبێ چەند مانگی پێ بچێت هەتا ئەو دوو لایەنە جارێکی دیکە دەست بە دانوستان بکەنەوە.

نەسر گوتی، "دەرەنجامەکە ئەوەیە: بێتوو وڵاتە یەکگرتووەکان بە ڕاستی دەست بە دانوستان لەگەڵ ئێران بکات، ئەوە بە کردەوە بە مانای ڕاوەستانی دوژمنکاریی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەبێت." کاربەدەستێکی یەکیەتی ئورووپا، کە وەکوو چەند کەسی دیکە بۆ ئەو وتارە وتووێژی لەگەڵ کراوە، بە مەرجی نەدرکێندرانی ناوی لەبەر باس لە دیپلۆماسی هەستیار گوتی، سەپاندنەوەی گەمارۆکان "بژاردەی دڵخواز" نەبوو و هەوڵەکان بۆ خۆ بواردن لە قووڵتر کردنەوەی ناکۆکی لە ئارا دان. ئەو کاربەدەستە گوتی، "دەرگای دیپلۆماسی هێشتا ئاوەڵایە و، ئێمە بڕوامان بە ڕێگاچارەیەکی سەربازیی بۆ بڵاو نەکردنەوەی توانایی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی نیە".

دوای تێپەڕ بوونی چەند مانگ بەسەر هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی، بە گوێرەی پێداچوونەوەی واشینگتۆن پۆست بە وێنەی هەڵگیراو بە مانگی دەستکرد، ئێران دروست کردنەوەی بنکە ژێر زەوییەکانی دەست پێکردووەتەوە، کە ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران لەسەرخۆ خەریکی دروست کردنەوەیانە. ئێران هەروەها هەڕەشەی کردووە پشکێنەرە ناوکییەکان قەدەغە دەکات، بێتوو گەمارۆکان بسەپێنرێنەوە و ئەندامانی پارلەمان داوایان کردووە ئێران لە پەیمانی بڵاو نەکردنەوەی توانایی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی (NPT) بکشێتەوە، هەنگاوێک کە لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە بە مانای گۆڕانی ئاراستەی بەرنامەی ناوکی ئێران بەرەو دروست کردنی چەکی ناوکییە.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهوو، گوتی هەنگاوی سەربازیی زیاتر دژی ئێران، دوای پەسەند کرانی ئاگربڕ لەنێوان دوولایەن، هێشتا لە سەر مێزە. ئەو حەوتوویە، کاربەدەستانی ئیسرائیلی بە مێدیای ناوخۆییان گوت کە ئەوان بیر لە هێرشی زیاتر دەکەنەوە.

وەک نیشانەیەکی قووڵتر بوونەوەی گرژیی ناوچەیی، مێدیای ئێرانی باسی ڕاپۆرتی ئاشکرایان کرد کە ئاماژەیان بە نێردرانی فڕۆکەی سووتەمەنیهەڵگری ئەمریکایی بۆ ناوچەکە کرد و، گوتیان ئەو هەواڵانە هاوکاتن لەگەڵ لێدوانەکان



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: چوارەم

لەمەڕ سەپاندنی گەمارۆی زیاتر تا "ڕێخۆشکەری هەڕەشەی سەربازیی بن".

لێدوانی لەو چەشنە بەتایبەتی بوونە هۆی نیگەرانی هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە. کاربەدەستێکی پلەبەرزی دەوڵەتێکی عەرەبی نزیک لە بەڕێوەبەرایەتی ترامپ گوتی، "ئەورۆ ناوچەکە ناتوانێ هەمان جەنگی نێوان ئێران-ئیسرائیل یان هەر جۆرە شەڕێک کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە ناوچەکەدا ڕوویان داوە، جارێکی دیکە ئەزموون بکاتەوە. تێچووەکەی گەلێک بەرزە." ئەو گوتی "دامرکاندنەوە" وەک تاکە بژاردە بە هاوتا ئەمریکاییەکانم پێشنیار دەکەم.

بەڵام بە گوتەی کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە سیاسەتەکەی شی کردەوە، بەڕێوەبەرایەتی ترامپ لە سەر ئەو بڕوایەیە کە ئێستا کاتی چڕ کردنی زەختەکانە و، گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی "مێکانیزمی ماشە" دەبنە هۆی "ئافراندنی دۆخێک" بۆ "ڕێگەچارەیەکی سیاسی".

بە گوتەی کاربەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئامانجی ئەو زەختە هاندانی ئێران بۆ قبووڵ کردنی چوار مەرجی تووش وەک بناغەی دانوستانی نوێیە: وتووێژەکان دەبێت "واتادار" و ڕاستەوخۆ بن، تاران دەبێ سیفر پیتاندنی ماددەی ناوکی قبووڵ بکات و بەرنامە هاژەکییەکەی سنووردار بکات و، دەبێ دەست لە دابین کردنی دارایی بۆ هێزە بەکرێگیراوەکانی هەڵگرێت. ئەو مەرجانە بەشێک لە گرینگترین بەربەستەکانی دانووستانەکانی پێشوو بوون و، ئێران وێدەچێ ئەوان وەک بڤە سەیر بکات.

دانوستانکارانی ئێرانی و ئەمریکایی لە دوو مانگی ئەوساڵدا پێنج جار بۆ وتووێژ کۆبوونەوە، بەڵام لە مسۆگەر کردنی پێشوەچوون بەرەو ڕێککەوتنێک شکستیان هێنا. کاربەدەستەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ لە سەر ئەو بڕوایەیە کە تاوانی مسۆگەر نەکردنی پێشوەچوون لە ئەستۆی ئێرانییەکانە چونکە ئەوان "جیددی نەبوون" و تیمی دانوستانکارەکانیان دەسەڵاتی گەیشتن بە ڕێکەوتنیان پێ نەدرابوو. ئەو دانوستانانە کاتێک ئیسرائیل لە ١٣ی جوون هێرشی کردە سەر ئێران هەڵپەسێردران.

جەنگی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و ئێران بەدوایدا هات کە بە هێرشێکی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران کۆتاییهات. ئەو کۆتایی بە ئاگربڕێکی لەرزۆک هێنا کە بە نێوبژیوانیی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ هاتبوو ئاراوە، بەڵام هیچ ڕێککەوتنێکی بە نووسراوە بۆ چاودێریی مێکانیزمەکانی ڕێچکەیەکی سیاسی بۆ ئاشتییەکی بەردەوامی لێ نەکەوتبووەوە.

## بەشی: چوارەم

تەنانەت کاتێک کە ئاگربڕەکەی ڕاگەیاند، نەتانیاهوو هەڕەشەی ناکۆکی نوێی کرد. ئەو گوتی، "ئێمە بەتەمای کەم کردنەوەی زەختەکان نین." نەتانیاهوو لە وتارەکەی حەوتووی ڕابردووی لە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی، "ئێمە نابێ ئیزن بە ئێران بدەین توانایییە ناوکییە سەربازییەکانی دروست بکاتەوە. یەدەگی ئۆرانیۆمی پیتێندراوی ئێران، ئەو یەدەگە دەبێ لەناو بچێت".

هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کەنداوی فارس بەتایبەتی دۆخێکی ناسکیان هەیە. ناوچەکە پڕە لە پێگەی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ناویاندا لە بەحرەین، کووەیت، قەتەر، عەرەبستانی سعودی و میرنشینەکانی یەکگرتووی عەرەبی. دوای هێرشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە مانگی جوون، ئێران بە هێرشی هاژەکی بۆ سەر بنکەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە قەتەر وەڵامی دایەوە.

لەو کاتیەوە، گرژییەکان هێور نەبوونەوە: هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر کاربەدەستانی حەماس لە دۆحە لە سەرەتای ئەو مانگەدا نیگەرانییەکانی کەنداوی لەمەڕ ویستی ئیسرائیل بۆ هێرشی پێشووتر نەبینراو ، تەنانەت بە نرخی ناسەقامگیر کردنی پەیوەندییە ناوچەییەکان پەرە پێداوە و، بووەتە هۆی بردنە ژێر پرسیاری کاریگەریی چەتری ئەمنییەتی وڵاتە یەکگرتووەکان.

بە گوتەی ئەفشون ئۆستوار، پسپۆڕێکی ئێران و پرۆفیسۆری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی لە زانکۆی هێزی دەریایی لە کالیفۆرنیا، هۆکار بۆ گرژیی نوێ لەنێوان ئیسرائیل و ئێران زۆرن بەڵام چاوەڕوانکرا نیە. ئیسرائیل هەر ئێستا ژێرخانی سەربازیی و ناوکی ئێرانی وێران کردووە و ئێران مەیلی لە دروست کردنەوەی پێگە زەرەر پێگەیوەکانی پیتاندنی نیە، ئەو گوتی: دوای ئەوەی ئیسرائیل پیشانی دا هەواڵگریی ئیسرائیل چەندە نفووزی کردتووەتە نێو هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران، بە هێرشێ بۆ سەر قووڵایی خاکی ئێران، ڕێبەرانی ئەو وڵاتە دەبێ بزانن ئەو جۆرە هەنگاوانە بە مانای بانگهێشت کردن بۆ هێرشی نوێیە. بەڵام ئۆستوار گوتی لەوانەیە ئێران بیهەوێ سنوورەکان تاقی بکاتەوە.

ئەو گوتی، "بێتوو ئەو کارە بکات، ئەوسا دەزانی، لەوانەیە ئیسرائیل هەست بکات ناچارە جارێکی دیکە بۆ ماوەیەک لە ئێران چیمەنەکە کورت بکاتەوە. دەزانی، هەرکات ئێران ئەو شتانە دروست بکات، ئەوان هێرش دەکەنە سەریان و، ئەوە دیسان ئێران بۆ ماوەی شەش مانگ دەخاتە دواوە. لەوانەیە بکەونە نێو سوڕی گرژیی کەمچڕیی کە ماوەیەک درێژەی هەبێت".

بەشی: چوارەم

بۆ ماوەی چەند ساڵ، ئیسرائیل ئاماژەی بە هەنگاوە سەربازییەکانی جاروبار دژی حەماس وەک "کورت کردنەوەی چیمەنەکە" دەکرد، دەستەواژەیەک کە ڕەخنەگران دەیانگوت ڕەوایی دەدات بە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بێ کۆتایی کە ئامانجی ستراتیژیکی نەبووە. و لە لوبنان، لە دوای ئاگربڕ لەگەڵ حیزبوڵڵا، ئیسرائیل درێژەی بە هێرش کردن بۆ سەر باشووری ئەو وڵاتە داوە.

سەپاندنەوەی گەمارۆکانی میکانیزمی ماشە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە کە لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوو دەستیان پێکرد گەمارۆی چەکی ئاسایی، قەدەغە کردنی پیتاندنی ئۆرانیۆم و سنووردار کردنی بەرنامەی هاژەکیی ئێران، هەروەها یاساغ کردنی سەفەر و سڕ کردنی داراییەکان دەگرنەوە. ئەو سنووردانانە دوای ڕێککەوتنی ناوکی نێوان تاران و بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما و چەند دەوڵەتی دیکە لە ٢٠١٥ سڕ کران. سەپاندنەوەیان یەکێک لە دوایین پاشماوەکانی ڕێککەوتنەکە، کە سەرۆک کۆمار ترامپ لە کاتی یەکەم دەورەی سەرۆک کۆمارییەکەیدا لێی کشایەوە، لەناو دەبات.

کاربەدەستانی ئێرانی گوتوویانە کاریگەریی گەمارۆ نوێیەکانیان کەم دەبێت. سەرۆک کۆماری ئێران، مەسعود پزشکیان، حەوتووی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی گشتیی ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک بە هەوڵنێرانی گوت، "لەمەڕ دۆخی ئابووری، ڕاستییەکە ئەوەیە کە ماوەی ٤٥ ساڵە ئێمە لە ژێر گەمارۆیاندا بووین، بێتوو ئێمە ناکۆکییەکانمان چارەسەر بکەین، توانایی بەجێهێشتنی زۆرینەی قەیرانەکانی هەنووکەییمان هەیە".

پزشکیان گوتی ئێران بەردەوام خوازیاری دانوستانە بەڵام هۆشداریی دا کە پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووکان زەرەری پێ گەیشتووە. ئەو گوتی، "دیواری بێمتمانەیی لە نێوان ئێمە و ئەمریکاییەکان گەلێک ئەستوور و فرە برزە".

دوای سەپاندنەوەی گەمارۆکان، دراوی ئێران ڕێکۆردێکی نوێی نزمیی تۆمار کرد و گەیشتە ١١٠هەزار تمەن بۆ هەر دولارێک و ئاستی هەڵاوسان هێندەی دیکە بەرز بووەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، پزشکیان گوتی، "ئێران ملکەچی زەخت نابێت".

لە ڕوانگەی کاربەدەستێکی پلەبەرزی دەوڵەتێکی عەرەبییەوە، دۆخی لاوازی ئێران هۆکاری هۆشداریی بۆ خۆ بواردن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەربازیی زیاترە. گەلێک لە خەڵکی ناوچە دەترسن هەنگاوی سەربازیی زیاتر دژی ئێران دەتوانێ ببێتە هۆی دەستپێکی شەپۆلێکی نوێی ناسەقامگیریی ناوچەیی، هاوشێوەی ئەوەی دوای هەرەسهێنانی ڕێژیمی سەددام حوسێن لە عێراق ڕوویدا.

بەشی: چوارەم

ئەو کاربەدەستە عەرەبە گوتی، "دیپلۆماسی دەبێ ڕێگەی چوون بەرەو پێشەوە بێت".

سەرچاوە:

https://www.washingtonpost.com/world/2025/10/02/iran-strikes-sanctions-israel-gulf-nuclear-trump/

١٦ی رەزبەری ٢٧٢٥

## پاییزی ئایەتوڵڵاکان کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟

### بەشی یەکەم



**فارین ئەفەرز - کەریم سەججادپوور**

بۆ یەکەم جار پاش نزیکەی چوار دەیە، ئێران لە سنووری گۆڕینی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی و ڕەنگبێ تەنانەت ڕێژیمیش دابێت. لەگەڵ نێزیکبوونەوە لە کۆتایی ڕێبەریی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، جەنگێکی ١٢ ڕۆژە لە مانگی ژوئەندا ناسکیی ئەو سیستەمەی ئاشکرا کرد کە ناوبراو دروستی کردوە. ئیسڕائیل شار و پێگە سەربازییەکانی ئێرانی کوتا، ڕێگەی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان خۆش کرد تا ١٤ بۆمب، کە توانایی تێکشکاندنی بنکەی ژێر زەوییان هەبوو، بەرداتەوە سەر بنکە ناوکییەکانی ئێران. جەنگەکە مەودای بەرچاوی نێوان فڕوفیشاڵە ئایدیۆلۆژیکییەکانی تاران و تواناییە سنووردارەکانی ڕێژیمی پیشان دا، کە بەشێکی بەرچاوی دەسەڵاتی ناوچەیی لەکیس دابوو، چیدیکە کۆنترۆڵی ئاسمانەکەی پێ نەدەکرا و دەسەڵاتێکی سنوورداری بەسەر شەقامەکانەوە مابوو. لە کۆتایی جەنگەکەدا، خامنەیی ٨٦ ساڵە لە حەشارگەکەی هاتە دەر و بە دەنگێکی نووساوەوە سەرکەوتنی ڕاگەیاند. شانۆگەرییەک کە ئامانجەکەی پیشاندانی هێز بوو، بەڵام لەجیاتان



سەرچاوە
Serchawe

لاوازیی ڕێژیمی ئاشکرا کرد.

لە پاییزی ئایەتوڵڵاکاندا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ ئەو ڕێژیمەی مەلایان کە ئەو لە ١٩٨٩ بەولاوە ڕێبەریی دەکات، دەمێنێتەوە، دەگۆڕدرێت یان تێکدەڕووخێت و، کام پەرگالی سیاسی دوای ئەو سەر هەڵدەدات. شۆڕشی ١٩٧٩، ئێرانی لە پاشایەتییەکی هاوتەریبی ڕۆژاوا کردە حکوومەتێکی ئایینیی ئیسلامی، لە چاوتروکاندنێکدا ئەوی لە هاوپەیمانی ئەمریکاوە بۆ دوژمنێکی سوێندخورادوو گۆڕی. چونکە هێشتا ئێران وڵاتێکی فرە گرینگە، زلهێزێکی وزە کە سیاسەتی ناوخۆیی ئاسایش و پەرگالی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناڤین دیاری دەکات و ئاسەوارەکانی لە سیستەمی جیهانیدا ڕەنگ دەداتەوە، پرسی ئەوەی کە کێ (یان چی) جێگرەوەی خامنەیی دەبێت کاردانەوەی فرە بەرچاوی دەبێت.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، پاش هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، کە تەنیا خامنەیی لە نێو ڕێبەرە گەورەکانی دنیادا بە ئاشکرا پشتگیریی لێ کرد، بەرهەمی ژیانی لە لایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە بووەتە تۆزی بانان. نێزیکترین دەستپەروەردە سیاسی و سەربازییەکانی کوژراون یان تێرۆر کراون. بەکرێگیراوە هەرێمییەکانی لاواز کراون. پرۆژە بەربڵاوە ناوکییەکەی، کە بە تێچوویەکی زەبەلاح بۆ سەر ئابووری ئێران دروست کرابوو، لەژێر داروپەردوودا نێژراوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە چەمانەوە سەربازییەکەی بکاتە دەرفەتێک بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری ئاڵاکەی، بەڵام بەشمەینەتییەکانی ژیانی ڕۆژانە بۆ خۆ لێ لادان نابن. حەشیمەتی ٩٢ میلیۆنیی ئێران، مەزنترین ڕێژەی دانیشتووانی دنیان کە دەیان ساڵە لە سیستەمی سیاسی و ئابووری جیهانی تەریک خراونەوە. ئابووریی ئێران یەکێک لە گەمارۆدراوترینەکانی دنیایە. دراوەکەی یەکێک لە بێ نرخترین دراوەکانی دنیایە. پاسپۆرتەکەی یەکێک لە ڕەتکراوترینەکانی دنیایە. ئینتەرنێتەکەی سانسۆڕکراوترینەکانی دنیایە. هەوایەکەشی لە پیسکراوترینەکانی دنیایە.

دروشمە لەمێژینەکانی ڕێژیم، "مردن بۆ ئەمریکا" و "مردن بۆ ئیسرائیل"ە، بەڵام قەت "بژی ئێران" نیە، کە ئاشکرای دەکات پێشترییەتییەکەی سەرپێچییە نەوەک گەشە کردن. کوژانەوەی کارەبا و نارەزایەتی بێ ئاویی بوونە تایبەتمەندییەکانی ژیانی ڕۆژانە. یەکێک لە سیمبۆلە سەرەکییەکانی شۆڕشەکەی، حیجابی زۆرەملی، کە ئایەتوڵڵا خومەینی، یەکەم ڕێبەری گەورەی کۆماری ئیسلامی جارێک وەک "ئاڵای شۆڕش" باسی کرد، ئێستا شڕ بووە, چونکە ڕێژەیەکی پەرەئەستێن لە ژنان بە ئاشکرا دژی داخوازیی شاردنەوەی قژەکانیان دەوەستنەوە. کۆنترۆڵی پیاوسالارانی ئێران بە سەر ژنانی وڵاتەوە لە کۆنترۆڵی ئەوان بەسەر ئاسمانی وڵاتەوە باشتر نیە.

## بەشی: چوارەم

بۆ تێگەیشتن لەوە کە چۆن ئێران گەیشتە ئەو قۆناغە، پێویستە لە پرینسیپەکانی ڕێنوێنیکەری دەسەڵاتداریی ٣٦ ساڵەی خامنەیی بکۆڵینەوە. دەسەڵاتدارییەکەی لە سەر دوو کۆڵەکە وێستاوە: ئەرکداریی قورس و قایم بەرانبەر بە پرینسیپەکانی شۆڕشگێڕانە لە ناوخۆ و دەرەوە و ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆی چاکسازیی سیاسی. خامنەیی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە هەر جۆرە لادان لە ئایدیالەکان و سنووردانانەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەوی تووشی هەمان چارەنووس دەکات کە گلاسنۆستی گۆرباچۆف، یەکیەتی سۆڤیەتی تووش کرد و لەجیات درێژ کردنەوەی تەمەنی دەبێتە هۆی کورتکردنەوەی. خامنەیی بە هەمان شێوە قەت دەستی لە بەرهەڵستکارییەکەی دژی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵنەگرتوە.

تەمەنی خامنەیی، سازش نەکردنەکەی و مردنەکەی بەو نیزیکانە، ئێرانی لە نێوان دارمانی وردە وردە و هەرەسهێنانی لەناکاو هەڵپەساردوە. کاتێک خامنەیی نەمێنێت، ئەگەری ڕوودانی چەند جۆر داهاتوو لە ئارا دان. ئایدیۆلۆژی سەرەڕۆیانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بکەوێتە ژێر بێدەربەستیی پیاوێکی بەهێز لە شێوەی ڕوسیەی دوای سەردەمی سۆڤیەت. وەکوو چین پاش مردنی مائۆ، ڕەنگبێ ئێران ئایدیۆلۆژییە نەگۆڕەکەی بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی پراگماتیستی بگۆڕێتەوە. دەتوانێ سەرکوت و تەریک کەوتوویەکەی چەند هێندە بکات، وەک چۆن کۆرەی باکوور بۆ ماوەی چەند دەیە ئەو کارەی کردووە. ڕەنگبێ دەسەڵاتی مەلایان بە قازانجی دەسەڵاتی سەربازیی پاشەکشە بکات، وەک چۆن لە پاکستان ئەوە ڕوویداوە. و ئەگەرچی هەر دێتوو ئەگەری کەمتر دەبێتەوە، ئێران دەتوانێ بەرەو دەوڵەتێکی نوێنەرایەتیکەر هەنگاو بنێت، خەباتێک کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی یاسای بنەڕەتی لە ١٩٠٦. ڕێگای ئێران تاقانە دەبێت و، ئاراستەکەی نە تەنیا ژیانی ئێرانییەکان بەڵکو سەقامگیریی خۆرهەڵاتی ناڤین و پەرگالی جیهانیی بە شێوەیەکی گشتی دیاری دەکات.

### گومانداریی لە ڕادە بەدەر

ئێرانییەکان زۆر جار خۆیان بە میراتگری ئیمپڕاتورییەکی مەزن دەزانن، لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی ئەو دواییانەی ئەوان پڕە لە داگیرکرانی پەیتا پەیتا، سووکایەتی و خیانەت. لە سەدەی نۆزدە ئێران نزیکەی نیوەی خاکەکەی بە دراوسێ تالانکەرەکانی دۆڕاند، قەفقاز (پێکهاتوو لە ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان و داغستانی ئەمڕۆ) تەسلیمی ڕوسیە کرا و لە ژێر گوشاری بریتانیا، دەست لە هەرات هەڵگیرا. لە سەرەتای سەدەی بیستەم، ڕوسیە و بریتانیا وڵاتیان کردبووە هەرێمی ژێر نفوزی خۆیان. لە ١٩٤٦، سوپای سۆڤیەت ئازەربایجانی داگیر کرد و بەتەما بوو بیخاتە سەر خاکەکەی و لە ١٩٥٣، بریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان کودەتایەکیان بەڕێوە برد کە یارمەتیدەری لە دەسەڵات خستنی سەرۆک وەزیران



سەرچاوە Serchawe

محەممەد موسەددیق بوو.

ئەو میراتە بووەتە هۆی پەروەردە کردنی چەند جیل دەسەڵاتداری ئێرانی کە لە هەموو شوێنێک پیلان دەبینن، تەنانەت لە نێزیکترین یاریدەدەرانیان بەگومانن کە سیخوڕی بیانییان بن. ڕەزا شا، دامەزرێنەری بنەماڵەی پەهلەوی و ڕێبەرێک کە ئێشتاش زۆر ئێرانیی ڕێزی لێ دەگرن، لەبەر هۆگرییەکەی بۆ ئاڵمانی نازی، لە جەنگی جیهانیی دووهەمدا لایەن هاوپەیمانانەوە ناچار کرا دەست لە دەسەڵات هەڵگرێت. ئەو بە گوتەی ڕاوێژکارەکەی، عەبدولحوسێن تەیمورتاش لە "هەموو کەس و هەموو شتێک بەگومان بوو. لە ڕاستیدا لە هەموو وڵاتدا، خاوەن شکۆ متمانەی بە کەس نەبوو." محەممەد ڕەزا شای کوڕیشی هەمان هەستی هەبوو. دەوای ئەوەی لە شۆڕشی ۱۹۷۹ دا لە دەسەڵات کەوت، ئاکامگیرییەکەی ئەوە بوو کە بەڵێنییە درۆکانی ئەمریکا "بوونە هۆی لەکیسدانی تاجەکەی." کاتێک خومەینی دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، بە تۆمەتی سیخوڕی بیانی بوون، هەزاران بەرهەڵستکاری لە سێدارە دا. جێگرەوەکەی، خامنەیی، لە نێزیکەی هەموو وتارەکانیدا ئاماژە بە پیلانەکانی ئەمریکایی و زایۆنیستی دەکات.

ئەو بێمتمانەییە قووڵە تایبەتی نوخبەکان نیە؛ ئەوە لە دەماری جەستەی سیاسەتدا دەگەڕێت. خاڵۆ گیان ناپلیۆنی ئیرەج پزیکشزاد، ڕۆمانێکی خۆشەویستی ئێرانی، کە دواتر ئاڵقەی تەلەفزیۆنیی لەبیر نەکراوی لە ۱۹۷٦ لێ دروست کرا، تەنزێک بوو لەبارەی گەورەپیاوی بنەماڵەیەک کە پیلانی بیانی لە هەموو شوێنێکدا دەدیت، بەتایبەت هی بریتانیایی. ئەو ڕۆمانە هێشتا نوێنگەیەکی کولتوورییە کە تێفکرینی پیلانگێڕیی دەورووژێنێت و هێشتا داڕێژەری کۆمەڵگە و سیاسەتی ئێرانە. لە ڕاپرسییەکی بایخەکانی دنیادا لە ۲۰۲۰ دەرکەوت کە کەمتر لە ٪۱٥ی ئێرانییەکان پێیان وایە "زۆربەی خەڵک بۆ متمانە پێکردن دەبن"، کە کەمترین ڕێژەی هەموو جیهانە.

لە شێوەی گوماندارێی لە ڕادەبەدەری ئێرانیدا، بیانییەکان وەک ڕاوچی سەیر دەکرێن و، نێوخۆییەکان وەک خائین و دامەزراوەکانیش ملکەچی دەسەڵاتی تاکەکەسی دەبن. لە سەدەی ڕابردوودا، تەنیا چوار پیاو دەسەڵاتی وڵاتیان بەدەستەوە بووە، بە تاکپەرستیی وەک جێگرەوەی دامەزراوەی خۆڕاگر و سوڕی سیاسی لە نێوان دەورەی کورتی شاگەشگە بوون و ساڵانی دورودرێژی بێهیوایی. کۆماری ئیسلامی ئەو شێوازەی بە دابەشکردنی شارۆمەندان بە سەر "خۆمانە" و "بێگانە" دا تۆختر کردووە. لە کەشوهەوایەکی وەها بێمتمانەییدا، هەڵبژاردنی نەرێنی بەردەوام دەبێت: مامناوەندی بوون خەڵات دەکرێت، لێڵ بوون بروەی پێ دەدرێت و، وەفادار بوون لە جیات لێهاتوویی دەستخۆشانەی پێ دەدرێت. بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن خامنەییەوە لە ۱۹۸۹، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو دینامیزمە بوو و، وێدەچێ هەمان پێوەر بۆ نەخشەی جێگرەوە

دڵخوازەکەی ڕەچاو بکرێت. ئەو کولتووره ریشه داکوتاوەی بێمتمانەیی، شکڵدراو بە مێژوو، بەهێزکراو بە دەست دەسەڵاتدارانەوە و ڕۆچوو بە هەناوی کۆمەڵگەوە، نە تەنیا درێژەدەری دەسەڵاتداریی سەرڕۆیانەیە، بەڵکو کۆسپی ڕێکخستنی جەماوەریشە کە بۆ دەوڵەتداریی نوێنەرایەتیکەر پێویستە. ئەوە کاریگەریی بەردەوامی لە سەر داهاتووی ئێران دەبێت.

دەستاودەست کردنی دەسەڵات لە سیستەمە سەرەڕۆکاندا زۆر بە دەگمەن بە گوێرەی سیناریۆی دڵخواز جێبەجێ دەکرێت و، هی ئێرانیش ڕیزپەڕ نیە. مردن یان لە پەلوپۆ کەوتنی خامنەیی دیارترین هۆکاری گۆڕانکاریی دەبێت. شۆکێکی دەرەکی، هەرەسهێنانی نرخی نەوت، چڕ بوونەوەی گەمارۆکان، هێرشێکی سەربازیی نوێی ئیسرائیل یان وڵاتە یەکگرتووەکان، دەتوانێ ڕێژیم ناسەقامگیرتر بکات. بەڵام مێژوو پیشانی داوە کە ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی نێوخۆیی، کارەساتێکی سروشتی، خۆ سووتاندنی میوەفرۆشێک، کوشتنی ژنێکی لاو لەبەر پیشاندانی لە ڕادەبەدەری قژ، دەتوانێ هەمان ئاسەواری هەبێت.

بۆ ماوەی نێزیکە پێنج دەیە، ئێران بە ئایدیۆلۆژی بەڕێوە چووە، بەڵام داهاتوویەکەی بە لۆجیستیک بەستراوەتەوە، لە پێش هەمو شتێکدا ئەو کەسەی بتوانێ وڵاتێکی نێزیکەی پێنج هێندەی ئاڵمان بەڕێوە بەرێت کە سامانێکی فراوانی هەیە بەڵام لە هەمان کاتدا گیرۆدەی ئالنگاریی فرە ترسناکیشە. لەو نادڵنیاییەدا، پەرگالی ئێرانی پاش خامنەیی دەتوانێ بە چەند شێواز بێت: دەسەڵاتداریی پیاوێکی بەهێزی ناسیۆنالیست، بەردەوامبوونی حکوومەتی مەلایان، بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن هێزی سەربازییەوە، بووژانەوەی پۆپۆلیستی، یان تێکەڵاوێکی تاقانە لەوانە. ئەو ئەگەرانە ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی وڵات بەسەر لابائی جیاواز دایە. مەلاکان بەتەمای پاراستنی ئایدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامین. سوپای پاسداران لە هەوڵی پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆی دایە. شارۆمەندانی هەژار، لەناویاندا کەمینە ئەتنیکەکان، داوای ڕێز و دەرفەت دەکەن. ئۆپۆزیسیۆن لەوە پەرتەوازەترە کە یەک بگرێت بەڵام لەوەش پێداگرترە کە نەمێنێت. هیچکام لەو لابالانە یەکپارچە نین، بەڵام ئەوە خولیا و هەنگاوەکانیانە کە ئەو خەباتە دیاریی دەکات ئاخۆ ئێران ببێتە چ وڵاتێک؟

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# پاییزی ئایەتوڵڵاکان، کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟ (بەشی دووهەم، ئێران وەک ڕووسیە، چین و کۆرەی باکوور)

## بەشی دوویەم



**فارین ئەفەرز - کەریم سەججادپوور**

## ئێران وەک ڕووسیە

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت لە بڕگە کۆتاییەکانیدا دەچێت: ئەو ئایدیۆلۆژییە سواوەکەی بە زۆرەملێ درێژە پێ دەدات، ڕێبەرییە چەقبەستوویەکەی لە چاکسازیی دەترسێت و، کۆمەڵگەکەی تا ئاستێکی بەرفراوان پشتیان لە دەوڵەت کردوە. هەردوو ئێران و ڕووسیە لە ڕووی سامانی سروشتییەوە دەوڵەمەندن و مێژوویەکی پڕ لە شانازییان هەیە، کولتووری وێژەیی بەناوبانگ و سکاڵای کەڵەکەبووی چەند سەدەیان هەیە. هەردوو دوای شۆڕشی ئایدۆلۆژیک، ڕووسیە لە ١٩١٧ و ئێران لە ١٩٧٩ تووشی ئاڵوگۆڕی ئەوتۆ بوون کە بەدوای دابڕان لە مێژوو و داڕشتنی پەرگالێکی لە بنەڕەتدا

جیاوازەوە بوون. هەردوو هەوڵیان دا تۆڵە لە ڕابردوو بکەنەوە و ڕوانینێکی نوێ بە سەر نێوخۆ و دەرەوەدا بسەپێنن، کە بووە هۆی وێرانیی نەتەنیا بۆ خەڵکی خۆیان، بەڵکوو بۆ وڵاتانی دراوسێش. سەرەڕای ئایدیۆلۆژییە دژبەرەکانیان، یەکیان بێ ئایینیی جەنگاوەرانە و ئەوەی دیکەیان دەسەڵاتداریی ئایینی، وێکچوونەکانیان سەرسووڕ هێنەرن. وەکوو یەکیەتیی سۆڤیەت، کۆماری ئیسلامی ناتوانێت سازشی ئایدیۆلۆژیکی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بکات، گوماندارییە لە ڕادەبەدەرەکەی خۆبەدیهێنەرە و، ڕێژیمەکە لە نێوخۆیدا هەڵگری توخمی هەرەسهێنانی خۆیەتی.

هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت بە چاکسازییەکانی گۆرباچۆڤ خێراتر کرا، کە بووە هۆی لەکیسدانی کۆنترۆڵی ناوەندی و کەوتنە کاری هێزی ئەوتۆ کە سیستەمەکە نەیتوانی سنووردارییان بکات. لە نەوەدەکانی زایینیدا، بێسەرەوبەرەیی، تالانکاریی ئۆلیگارکەکان و، نایەکسانیی پەرەئەستێن بوونە هۆی نەفرەت و سەرلێشێواوی. لەو گێژاوەوە ڤلادیمیر پووتین، ئەفسەرێکی پێشووی کەی جی بی، ئاژانسی هەواڵگریی یەکیەتیی سۆڤیەت، کە بەڵێنی سەقامگیریی و شانازیی دا، سەری هەڵدا و ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیستی بە ناسیۆنالیزمی گەشەسەندوو بە ناڕەزایەتی جەماوەریی گۆڕییەوە. وەک سەرۆککۆمار، ئەو خۆی وەک گێڕەرەوەی شکۆی ڕووسیە و دابینکەری جێگەی شیاوی لە دونیادا ناساندوە.

ڕووداوێکی هاوشێوە لە ئێران مومکینە. ڕێژیم لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیکی و ئابوورییەوە مایەپووچە، توانایی جێبەجێ کردنی چاکسازیی ڕاستەقینەی نیە و، لەژێر گوشاری دەرەکی و ناڕەزایەتی نێوخۆ مەترسی هەرەسهێنانی لەسەرە. ڕووخانێکی ئەوتۆ دەتوانێ ببێتە هۆی ئافراندنی بۆشاییەک کە نوخبە ئەمنییەتییەکان و ئۆلیگارکەکان بۆ پڕکردنەوەی هەنگاوی خێرا دەنێن. پیاوێکی بەهێزی ئێرانی، پەروەردە بوویەکی سپای پاسداران یان دامودەزگا هەواڵگرییەکان، دەتوانێت سەر هەڵبدات، ئایدیۆلۆژی شێعە بە قازانجی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، گەشەکردوو بە ناڕەزایەتیی جەماوەریی وەک بیروباوەڕی پەرگالێکی سەرەڕۆی نوێ وەلا بنێت. هێندێک کاربەدەستی دیار ڕەنگبێ ئەو خولیایەیان هەبێت، لە نێویاندا محەممەدباقر قالیباف، سەرۆکی هەنووکەی پارلەمانی ئێران و کاربەدەستی پلەبەرزی پێشووی سپای پاسداران. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیوەندیی درێژخایەنیان لەگەڵ سیستەمی ئێستا، ئەگەری ڕێبەرایەتی ئەو کەسایەتییە ناسراوانە لە سیستەمێکی نوێدا کەم دەکاتەوە. وێدەچی داهاتوو زۆرتر هی کەسێک بێت کە ئێستا کەمتر دیارە، کەسێک کە هێندە کەم تەمەن بێت کە بیروڕای گشتی ئەوی بە بەرپرسی کارەساتی ئێستا نەزانێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەها بە ئەزموون بێت کە بتوانێت لە وێرانەکانی ڕێژیمەکەوە سەر هەڵدات.

بەدڵنیاییەوە، وێکچوونەکان بێخەوش نین. کاتێک یەکیەتیی سۆڤیەت هەرەسی هێنا، هەر ئەوکاتی گەیشتبووە سێهەمین

## بەشی: چوارەم

جیلی ڕێبەرانی خۆی، لە کاتێکدا ئێران هێشتا خەریکی چوونە نێو دووهەمیانە. هەروەها ئێران هیچ گۆرباچۆفێکی نەبووە: دروست لەبەر ئەو هۆیە خامنەیی پێشی بە چاکسازیی گرتوە، چونکە پێی وایە ئەوە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی کۆمارەکە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکی گەورەتر هەیە: کاتێک ئایدیۆلۆژییەکی بە تەواوی سەرەڕۆ هەرەس دێنێت، زۆر جار لەپاش خۆی نوێبوونەوەیەکی مەدەنی بەجێ ناهێڵێت، بەڵکوو گومانداریی لە ڕادە بەدەر و دوورکەوتنەوە لە هەرچی پرەنسیپی ئایینی و ڕەوشتی. ڕووسیەی دوای یەکیەتیی سۆڤیەت کەمتر بە گەشەسەندنی دیموکراتیک دەناسرێتەوە تا هەوڵ بۆ دەوڵەمەند بوون بە هەر تێچوویەک. ئێرانی دوای دەسەڵاتداریی ئایینی دەتوانێ هەمان شێواز پیشان بدات: کرێنگەرایی و بەکارهێنانی زێدەڕۆیانەی شتومەک وەک جێگرەوەی باوەڕی ئایینی و ئامانجی گشتی.

پوتینێکی ئێرانی دەتوانێت هێندێک لە تاکتیکەکانی کۆماری ئیسلامی قەرز بکات، بە ناسەقامگیر کردنی دراوسێیەکانی ئێران هەوڵی سەقامگیرکردنی ناوخۆیی بدات، هەڕەشە لە هاتووچۆی وزەی جیهانیی بکات، بەرگێکی نوێ بکاتە بەر شەڕانگێزیی وەک ئایدیۆلۆژی نوێ و، لە کاتێکدا کە بەڵێنی گەڕاندنەوەی شکۆی ئێران دەدات، ببێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی نوخبەی نوێ. بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و دراوسێیەکانی ئێران، وانەی ڕووسیە گرنگە: مردنی ئایدیۆلۆژییەکە زەمانەتی دیموکراسی ناکات. ئەو دەتوانێت زۆر هاسان ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پیاوێکی بەهێزی دیکە کە بەهەمان شێوە بێدەربەست بێت، بە ناڕەزایەتی نوێ تەیار کرابێت و خولیای نوێ هاندەری بن.

### ئێران وەک چین

لە کاتێکدا کە یەکیەتیی سۆڤیەت پێش ئەوەی زۆر درەنگ بێ نەیتوانی خۆی بگونجێنێت، چین بە گۆڕانی پراگماتیستی لە دەیەکانی پاش مردنی مائۆ خۆی دەرباز کردوە، لە ١٩٧٦، لە جیات بێخەوشیی شۆڕشگێڕانە پێشترییەتی دا بە گەشەی ئابووری. "مۆدێلی چین" زۆر دەمێکە دڵخوازی خۆمانەکانی کۆماری ئیسلامی بووە کە دەیانهەوێ سیستەمەکە بپارێزن، بەڵام تێدەگەن کە ئابوورییەکی خەریکی تێکڕمان و ناڕەزایەتیی بەربەرینی جەماوەریی هێندێک هەوڵ بۆ چاکسازیی دەخوازێت. لەو سێناریۆیەدا، ڕێژیم وەک پێشوو سەرکوتکەر و سەرەڕۆ دەمێنێتەوە، بەڵام پرەنسیپە شۆڕشگێڕانەکانی و کۆنەپارێزییە کۆمەڵایەتییەکەی بە قازانجی نێزیکبوونەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان شلتر دەکاتەوە، هاوگونجییەکەی لەگەڵ دونیا بەربەرینتر دەکات و وردە وردە لە سیستەمی دەسەڵاتداریی ئایینییەوە بەرەو سیستەمێکی تەکنۆکرات دەچێت. سپای پاسداران دەسەڵات و سوودەکانی دەپارێزێت، بەڵام وەکوو ئەرتەشی ڕزگاریدەری چین، لە هێزێکی چەکداریی شۆڕشگێڕەوە دەبێتە ناسیۆنالیستی کۆمپانیا گەرا.

## بەشی: چوارەم

بۆ جێبەجێکردنی وەها سیناریۆیەک، ئێران بەرەوڕووی دوو بەربەست دەبێتەوە: دامەزراندن و بەردەوامبوونی وەها سیستەمێک. لە چین، ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لە حەفتاکانی زایینی لە لایەن مائۆ، دامەزرێنەری شۆڕشی کۆمۆنیستی و یەکەم ڕێبەری ڕێژیمەکە، دەستی پێ کرد. بەڵام ئەوە جێگرەوەکەی، دینگ شیاوپینگ، بوو کە کەلکی لەو کرانەوەیە بۆ گۆڕینی ئاراستەی وڵات لە کۆنەپارێزی ئایدیۆلۆژیکییەوە بەرەو پڕاگماتیسم وەرگرت و چاکسازیی وەرسووڕێنەرانەی جێبەجێ کرد. ئێران کەسانی هاوشێوەی دینگی پەروەردە کردوە، لە نێویاندا سەرۆککۆماری پێشوو حەسەن ڕوحانی و حەسەن خومەینی، نەوەی دامەزرێنەری شۆڕشەکە، بەڵام هیچکامیان توانایی زاڵبوون بەسەر خامنەیی و توندئاژۆیەکانی هاوبیریان نیە، کە زۆر دەمێکە پێیان وایە هەر جۆرە سازشێک لەسەر ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕانە، بەتایبەت نێزیکبوونەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکان، لەجیات بەهێزکردنی سیستەمەکە دەبێتە هۆی ناسەقامگیرکردنی.

لە چین، نێزیکبوونەوە لە واشینگتۆن بەهۆی بەرهەڵستکاریی هاوبەش لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت هاسان کرابوو.

بەپێچەوانە، ئەگەرچی ئێران و وڵاتە یەکگرتووەکان جاروبار بەرەوڕووی بەرهەڵستکاری هاوبەش بوونەوە، لە نێویاندا دیکتاتۆری عێراق سەددام حوسێن و هێزە چەکدارەکانی وەکوو ئەلقاعیدە، تاڵەبان و داعش، دوژمنایەتی بەرانبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بۆ خامنەیی هەمیشە گرنگترین شت بووە. تاقیکردنەوەی مۆدێلی چین یان وەلانانی بەرهەڵستکاریی هەمیشەیی دژی واشینگتۆن لە لایەن خامنەیی پیر و پەککەوتە دەخوازێت، کە ئەگەری زۆر کەمە، یان پرۆسەیەکی دەستنیشان کردنی جێنشین کە ببێتە هۆی هاتنەسەرکاری ڕێبەرێک کە هێندە دژی ئەمریکا نەبێت.

تەنانەت ئەو کاتیش، ئێران ڕەنگبێ لە ڕەچاو کردنی ڕێچکەی چین تووشی ئاڵنگاری بێت. هێزی کاری زەبەلاحی چین ڕێخۆشکەری ڕزگار بوونی سەدان میلیۆن کەس لە هەژاریی بوو، کە بووە هۆی نۆژەنکردنەوەی ڕەوایی دەوڵەت و متمانەی بیروڕای گشتی. بەپێچەوانە، ئێران، ئابووریەکەی زۆرتر بە سامانە سروشتییەکانییەوە بەستراوەتەوە، وەکوو ڕووسیە. بێتوو ڕێژیم بێ باشترکردنی دۆخی ژیانی هاووڵاتیان واز لە ئایدیۆلۆژییەکەی بێنێت، مەترسی لەکیسدانی لایەنگرانی هەنووکەیی بەبێ ڕاکێشانی لایەنگری نوێی هەیە.

ئێرانێکی کەمتر ئایدیۆلۆژیک کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان ئاسایی بکاتەوە و دەست لە بەربەرەکانی لەگەڵ بوونی ئیسرائیل هەڵگرێت، دەبێتە هۆی باشتر بوونێکی مەزن لەچاو دۆخی هەنووکە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەکوو ئەزموونی چین ئاشکرای کرد، گەشەی ئابووری و هاوگونجی ناونەتەوەیی دەتوانێ ببێتە هۆی پاڵنەری خولیای مەزنیخوازیی



سەرچاوە
Serchawe

ناوچەیی و جیهانی، کە ئاڵنگارییەکانی ئێستا بە هی نوێ دەگۆڕدرێنەوە. و هیچ ڕوون نیە ئێران بتوانێت سەقامگیریی نێوخۆیی لەماوەی گۆڕانێکی وەها پڕ کێشمەکێش بپارێزێت.

## ئێران وەک کۆرەی باکوور

بێتوو کۆماری ئیسلامی لەجیات بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان درێژە بە پێشترییەتیدان بە ئایدیۆلۆژی بدات، داهاتوویەکەی دەتوانێ بیرهێنەرەوەی کۆرەی باکووری ئێستا بێت: ڕێژیمێک کە نە بە هەبوونی ڕەوایی لەناو جەماوەردا، بەڵکوو بە دڕندەیی و تەریککەوتوویی درێژە بە ژیان دەدات. زۆر لەمێژە خامنەیی حەزی لە پاراستنی دەسەڵات لە لایەن ڕێبەری گەورەیە، ویشکە مەلایەک کە بە پڕەنسیپە شۆڕشگێرییەکانی بەرخۆدان دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل وەفادار بێت و کۆنەپارێزیی ئیسلامی لە ناوخۆ درێژە پێ بدات. لەگەڵ ئەوەشدا پاش پێنج دەیە لە شۆڕشی ١٩٧٩، ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی ئێران دەخوازن لەژێر دەسەڵاتی سیستەمێکدا بژین کە شکۆی ئابووری ئەوان لەناو دەبات و ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان لێ زەوت دەکات. ڕاگرتنی وەها ڕێژیمێک کۆنترۆڵی تەواو و هەمەلایەنە دەخوازێت و، ڕەنگبێ چەکی ناوکیش بۆ چاوترسێن کردنی دونیای دەرەوە.

لە سێناریۆیەکی ئەوتۆدا، دەسەڵات لەدەست تاقمێکی بەرتەسک یان بنەماڵەیەکدا دەمێنێتەوە. ئەگەرچی ڕەنگبێ خامنەیی هەوڵ بدات پرۆسەی دیاریکردنی جێنشین وەها داڕێژێت کە بە قازانجی کەسێک بێت کە بە پڕەنسیپە شۆڕشگێڕانەکان وەفادار بێت، ڕێژەی بەربژێرانی خاوەن تایبەتمەندیی ئەوتۆ کەمە، چونکە زۆر بەدەگمەن مەلایەکی کۆنەپارێز هەیە کە پشتگیریی جەماوەری و ڕەوایی هەبێت. ئیبراهیم ڕەئیسی، کە سەردەمێک وەک بەربژێری یەکەم دەناسرا لە ڕووداوی بەربوونەوەی هێلیکۆپتەر لە مانگی مای ٢٠٢٤، لە کاتێکدا کە سەرۆککۆماری ئێران بوو، کوژرا. ئەوە بەو مانایەیە کە خامنەیی تەنیا کوڕە ٥٤ ساڵەکەی، موجتەبای وەک بەربژێری سەرەکی بۆ ماوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، جێنشینیی بەمیراتگیراو ڕاستەوخۆ خیانەتە بە یەکێک لە پڕەنسیپە سەرەکییەکانی شۆڕش: پێداگریی خومەینی لەسەر "نائیسلامی بوونی" پاشایەتی.

موجتەبا قەت بۆ بەرپرسایەتییەک هەڵنەبژێردراوە، نێزیکەی هیچ کەسایەتییەکی جەماوەریی نیە و، زۆرتر بە پەیوەندییە پشتی پەردەکانی لەگەڵ سپای پاسداران ناسراوە. خووخدەکەی بیرهێنەرەوەی جیلی باوکیەتی، نەوەک دینامیزمی سەردەمی نوێ. جموجۆڵی پەرەئەستێنی لایەنگرانی لە ئارادان تا ئەوی بە چوست و چالاکیی شازادەی جێنشین محەممەد بین سەلمان

## بەشی: چوارەم

بشووبهێنن، لە نێویاندا بە هەڵمەتی سۆسیال مێدیا بە هەشتەگی موجتەبا بین سەلمان بە فارسی، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە تەنانەت جەماوەری شۆڕشگێڕی لایەنگری خامنەییش تێدەگەن دیدی دووری پێشکەوتنخوازانە لە ڕوانگەی دواکەوتووانە سەرنجڕاکێشترە.

ڕەکابەری توندئاژۆی دیکە کەمتر هیوابەخشن. سەرۆکی ٦٩ ساڵەی سەختگیری دامودەزگای دادوەری، غولام حوسێن موحسینی ئێژەیی، کەمێک لە دادوەری لەسێدارەدەر زیاترە و لە دەیان لەسێدارەدانەوە تێوەگلاوە؛ ڕەنگبێ یەکێک لە لەبیرنەکراوترین کردەوەکانی لەنێو جەماوەردا گەزینی گوێی ڕۆژنامەوانێک بوو کە ڕەخنەی لە سانسۆڕ گرتبوو. هەر جێنشینییەک کە کەسایەتییەکی ئەوتۆ بگرێتەوە، پشت بە ڕەزامەندیی جەماوەریی نابەستێت، بەڵکوو بە وەفاداریی سپای پاسداران. بەڵام ڕوون نیە ئاخۆ سپای پاسداران درێژە بە گوێڕایەڵیی لە ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، ئەو لایەنەی ئەرکی دیاریکردنی سەرۆکی گەورەی داهاتووی لە ئەستۆیە، بدات، یان لە کاتی دیاریکراودا، بۆخۆیان فەرماندەی گشتیی داهاتوو دەستنیشان دەکەن.

مۆدێلی کۆرەی باکوور هەروەها لەگەڵ کۆمەڵگەیەک بەریەک دەکەوێت کە خەونی ئاوەڵایی و خۆشبژێویی کۆرەی باشوور دەبینێت. کەم کەس لە ئێران سیستەمێک بە ڕەوا دەزانێت کە لە جیات خۆشبژێویی ئابووری و ئاسایشی تاکەکەسی، زیاتر لە سیستەمی هەنووکەیی پێشترییەتی بە ئایدیۆلۆژی بدات.

دەسەڵاتداریی سەرەڕۆیانە دەستبەسەرکردنی بەرفراوان لە ناوخۆ، ڕاکردنی جەماوەریی پسپۆڕان بۆ دەرەوە و، ڕەنگبێ قەڵخانی ناوکی بۆ چاوترسێن کردنی دەرەکی، بخوازێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەپێچەوانەی کۆرەی باکوور، ئێران ناتوانێ خۆی بە تەواوی تەریک بخاتەوە: ئیسرائیل دەسەڵاتی ئاسمانەکەی بەدەستەوەیە و بەردەوام پیشانی داوە توانایی هێرش بۆ سەر بنکە ناوکییەکانی، پێگە هاژەکییەکانی و فەرماندە پلەبەرزەکانی هەیە.

بێتوو ڕێبەری گەورەی داهاتوو توندئاژۆیەکی دیکە بێ، وێدەچی کەسایەتییەکی کاتی بێت کە سیستەمەکە بۆ ماوەیەک درێژە پێ بدات، بەڵام ناتوانێ پەرگالێکی سەقامگیری نوێ دروست بکات. ئەحمەد کەسرەوی، ڕۆشنبیرێکی سێکۆلاری ئێرانی کە لە لایەن ئیسلامییەکانەوە لە ١٩٤٦ کوژرا، جارێکیان نووسیبووی ئێران دەرفەتێکی دەسەڵاتداری بە مەلایان "قەرزدارە" تا کەمایەسییەکانیان ئاشکرا بێت. پاش نێزیکەی پێنج دەیە بەڕێوەبەریی خراپی ئایینیی، ئەو قەرزە دراوەتەوە. بێتوو داهاتووی ئێران هی پیاوێکی بەهێز بێت، وێناچێت ئەو مێزەر بەسەر بێت.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## پاییزی ئایەتوڵڵاکان، کام ئاڵوگۆڕ لە ئێران دێتە ئاراوە؟ (بەشی سێهەم و کۆتایی، ئێران وەک تورکیە و پاکستان)

### بەشی سێیەم



**فارین ئەفەرز – کەریم سەججادپوور**

### ئێران وەک پاکستان

بێتوو داهاتووی ئێران لە دەستی سوپای پاسداراندا بێت، ڕەنگبێ پاکستان زۆرترین وێکچوونی لەگەڵ دۆخێکی ئەوتۆ هەبێت. لە کاتی شۆڕشەوە، کۆماری ئیسلامی وردە وردە لە دەوڵەتی مەلاکانەوە بۆ دەوڵەتێکی ئەمنییەتیی ژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران گۆڕدراوە. سوپای پاسداران کە لە ١٩٧٩ بە مەبەستی "پاراستنی شۆڕش" لە بەرانبەر کودەتای بیانی، ناڕەزایەتیی نێوخۆ و، ئەگەری خیانەت لە لایەن ئەرتەشی شا لەدایک بوو، لە ماوەی جەنگی ئێران - عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی پێدرا. پاشان، ئەو بەرەو قۆرخکردنی بازرگانی، بەندەرەکان، بیناسازیی، قاچاخچییەتی و مێدیا هەنگاوی

نا و، بەو شیوە بوو بە حەزبا: بەشێک هێزێکی سەربازی، بەشێکی دیکە پێکهاتەیەکی زەبەلاحی ئابووری و بەشێکیش مەکینەیەکی سیاسی. ئەمڕۆ، سوپای پاسداران چاودێریی بەرنامەی ناوکیی ئێران دەکات، فەرماندەی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی لە سەرانسەری ناوچەیە و، بەشێکی بەرچاوی ئابووری لە قۆرخی ئەو دایە. دەسەڵاتە بەرفراوانەکەی وای کردوە ئەو پەندەی بۆ وەسفی پاکستان بەکار دێت، بە شێوەی پەرەئەستێن ئێرانیش بگرێتەوە: **"وڵاتێک نیە خاوەنی سوپایەک، بەڵکوو سوپایەکە خاوەنی وڵاتێک."**

نادڵنیاییەکانی خامنەیی دەسەڵاتەکەی بە سوپاوە بەستووەتەوە. داگیرکارییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان و عێراق، بیانووی دا بە سوپای پاسداران بودجەکەی پەرە پێ بدات و بەکرێگیراوەکانی لە دەرەوە تەیار بکات، لە کاتێکدا گەمارۆکان ئەو ڕێکخراوەیەیان بە بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵی بەندەرەکان و کردنیانی بە شوێنی قاچاخچییەتی نایاسایی، دەوڵەمەند کرد. بەڵام سوپای پاسداران یەکەیەکی هاوچەشن نیە: ئەو پێک هاتووە لە کارتێلی ڕکابەری یەکتر کە ڕکابەرییەکانی، نێوان جیلەکان، دامەزراوەیی و بازرگانی، لەژێر دەسەڵاتی خامنەییدا سنووردار کراون. مردنەکەی وێدەچێت ببێتە هۆی ئاشکرابوونی ئەو ڕکەبەرییانە.

یەکێک لە سێناریۆکان کە لەویدا سوپای پاسداران لە هێزێکی مەزنەوە ببێتە فەرمانڕەوای ئاشکرا، دەتوانێت ئێزندان بە پشێوی بێت، بەر لەوەی وەک "ڕزگاریدەری وڵات" هەنگاو بنێت. ئەوە دەتوانێ هەمان شێوازی سوپای پاکستان بێت، کە ماوەیەکی دوورودرێژە بە پیشاندانی خۆی وەک پارێزەری یەکپارچەیی وڵات هەم بەرانبەر بە هیندوستان و هەروەها پارچەپارچەبوونی نێوخۆیی، ڕەوایی بە دەسەڵاتەکەی داوە. بۆ سوپای پاسداران، وەها ستراتیژییەک نە تەنیا وەلانانی مەلایان دەخوازێت، بەڵکوو گۆڕینی پرەنسیپەکانی ڕێکخەری خودی دەوڵەتیش لە ئایدیۆلۆژیی شۆڕشگێڕانەوە بۆ ناسیۆنالیزمی ئێرانی. مەلاکان کەلک لە خودا وەردەگرن، سوپای پاسداران دەبێ کەلک لە وڵات وەرگرێت.

بەڵام دەسەڵاتی هەنووکەیی سوپای پاسداران نابێ بە هەڵە بە خۆشەویستیی جەماوری لێک بدرێتەوە. فەرماندە پلەبەرزەکانی لە لایەن خامنەییەوە دەستچن کراون، بەردەوام دەگۆڕدرێن تا دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەر بۆ بوون بە کەسایەتیی سەربەخۆ کۆ نەکەنەوە و، گرێدراوی سەرکوتی بەرفراوان، گەندەڵی و لێنەهاتوویین. وەک سیامەک نەمازی، ئێرانییەکی شارۆمەندی ئەمریکا کە هەشت ساڵ لە لایەن ئەو ڕێکخراوەوە بە بارمتە گیرا، پێی گوتم، "ئەمڕۆ ئێران لە تاقمێک مافیای ڕکابەری یەکتر پێکهاتووە، کە لەژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران و دەست و پێوەندەکانیدان و، مەزنترین وەفادارییی ئەوان بۆ وڵات، ئایین یان ئایدیۆلۆژی نیە، بەڵکو دەوڵەمەند کردنی خۆیانە".

کوشتنی دەیان فەرمانـدەی پـلەبەرزی سـوپای پاسـداران لە لایەن ئیسـرائیلەوە، لە بـنکە ژێرزەوییەکانیـان و ژووره خەوەکانیانـدا، لەرزۆکیـی ئەو تـاقمە و لاوازییەکـانی دامەزراوەیەکـی ئاشـکرا کـرد کە وەفـاداریی ئـایـدیۆلۆژیکی وەپـێش لێهـاتوویی دەدات. بەردەوامبـوونی ڕێژیمێکـی سـوپای پاسـداران، بێگومـان جیلێکـی نـوێی ڕێبەران دەخوازێت کە لەوانەی لە لایەن خامنەییەوە پەروەردە کراون کەمتر ویشکەباوەڕ بن و لە جیـات ئـایـدیۆلۆژیی مەلایـان توانـایی ڕاکێشانی جەماوەریـان بە ناسیۆنالیزم هەبێت.

بێتـوو سـوپای پاسداران ببێـتە فەرمـانڕەوای ئێـران، بەشێکی زۆری بەوە بەسـتراوەتەوە کە کـام ڕێـبەر سـەر هەڵـدەدات. فەرماندەیەک کە هاندەرەکەی نارەزایەتی بێت دەتوانێت خۆی وەک پـوتینی ئێـران جێ بخـات، کەسێک کە ناسیۆنالیزم بە ئیسـلامیزم بگـۆڕێتەوە لە کاتێکـدا کە درێــژە بە بەربەرەکـانی دژی ڕۆژاوا بــدات. ئەفسـەرێکی پراگماتیسـت ڕەنگبـێ بیـرهێنەرەوەی عەبـدولفەتاح ئەلسیسیی ئێرانـی بێـت، لە کاتێکـدا کە بەدوای هاوپەیمـانیی لەگەڵ ڕۆژاوایە، دەسـەڵاتی دیکتـاتۆرانە بپارێزێت، ئەو کـارەی سەرۆک کۆمـاری میسر کردوویەتـی. پرسی بەرنـامەی نـاوکی، پرسێکی سـەرەکی دەبێت. ستراتیژیسـتەکانی سـوپای پاسـداران لە نووسـراوەکانیاندا زۆر جـار چارەنووسـی سـەددام حوسـێن و مـوعەممەر قەزافی کە هەردووکیان بێ چەکی ناوکی ڕووخان، لەگەڵ هی ڕێژیمی کۆرەی باکوور بەراورد دەکەن کە چەکی ناوکیی هەیە و مـاوەتەوە. ئێرانێکی ژێر دەسەڵاتی سوپای پاسداران بەرەوڕووی هەمان سەرئێشە دەبێت: بـۆ مـانەوە وەدوای دروستکردنی بـۆمبی نـاوکی بکەوێت یان بە قـازانجی دانپێدانان وازی لێ بێنێت.

وەکوو پاکستان، ئێرانێکی ئەوتۆ دەبێ زۆرتر بە ژەنراڵەکانیەوە، کەسانی ناسیۆنالیست کە حەزیـان لە ورووژانـدنی هەستی خەڵکەکەیـانە و بەردەوام خەریکی سەرسم لێدان لە نێوان بەرەوڕووبـوونەوە و سـازش لەگەڵ ڕۆژاوان، پێناسە بکرێت تـا مەلاکانی.

## ئێران وەک تورکیە

لە ڕووی ڕووبەر، ڕێژەی دانیشتووان، کولتوور و مێژوو، ئێـران کەم ئـامۆزای هەن وەک تـورکیە بـن، وڵاتێکی دیکەی گەلێک لەخۆبـایی، نـاعەرەب و موسڵمان کە مێژوویەکـی دوورودرێـژی بێمتمـانەیی بە زلهێزەکـانی هەیە. ئەزمـوونی تـورکیەی ژێـر دەسـەڵاتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغـان ئەگەری بـوون بە هـاوتەریبی هەیە: هەڵبژاردنێک کە ببێتە هـۆی گەیشتنی ڕێبەرێکی خاوەن پێگەی جەماوەریی بە دەسەڵات، لە سەرەتـادا چاکسازیی بکات کە بە کەیفی شارۆمەندانی ئاساییە و، پاشان لادان

بەشی: چوارەم

بەرەو سەرەڕۆیی زۆرینە لەژێر دەمامکی زمانی دیمۆکراسیدا.

بۆ ئەوەی ئێران ڕێچکەیەکی ئەوتۆ بگرێتە بەر، پێویست بە ئاڵوگۆڕێکی هەمەلایەنەی پێکهاتەییە. ناوەندە دەسەڵاتە بیزانتیییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ناویاندا ڕێبەری گەورە، شوورای نیگابان و ئەنجومەنی پسپۆڕان دەبێ هەڵوەشێندرێن، سوپای پاسداران دەبێ تێکەڵی هێزی سەربازیی ئاسایی بکرێت و، ناوەندە بۆشە هەڵبژێردراوەکان دەبێ خاوەن دەسەڵات بکرێن. بێ ئەو پێشمەرجانە، سیاسەتی ڕکەبەریی و بەرپرسیاریی ڕاستەقینە ناتوانن ڕەگ داکوتن. بەڵام، ئێران لە سفرەوە دەست پێ ناکات. وەک زانستوانی کۆمەڵایەتی کیان تاجبەخش بەو ئاکامە گەیشتوە کە دروستکردنی هەزاران شووڕای شار و شارەوانی وەک دامەزراوەی "دوو ئامانجە بۆ خزمەت بە پەرگالێکی سەرەڕۆ دروست کراون، بەڵام لە ڕوانگەی پێکهاتەییەوە دەتوانن بۆ گواستنەوە بەرەو دیمۆکراسی کەلکیان لێ وەرگیرێت، بێتوو دەرفەتیان پێ بدرێت." بە کردەوە، ئێرانییەکان ماوەیەکی دووردرێژ ڕاهێنانی شێوازی دەوڵەتداریی نوێنەرایەتیکەریان پێ کراوە، بێ ئەوەی کەلک لە ناوەرۆکەکەی وەرگرن.

ڕێبەرێکی پۆپولیست دەتوانێ لە هەڵبژاردنێکی کەمێک ئازاددا سەر هەڵبدات. لە وڵاتێکی خاوەن سامانی زەبەلاح و نادادپەروەریی بەربەرین، پۆپولیزم هێزی چەندپاتبووەوە لە سیاسەتی ئێراندا بووە. لە ١٩٧٩، خومەینی لە کاتێکدا دژی شا و پشتیوانە دەرەکییەکانی ڕابوو کە بەڵێنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەخۆڕایی، خانووبەرە بۆ هەمووان و دابەشینەوەی سامانی نەوت بەسەر خەڵکی ئاساییدا، لەجیات نوخبەی گەندەڵی دا. جیلێک دواتر، مەحموود ئەحمەدینژاد، کە کەمێک وەک شارەداری تاران ناسرابوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە بەڵێنی "هێنانی داهاتی نەوت بۆ سەر سفرەی خەڵک" خۆی بۆ بوون بە سەرۆککۆمار بەربژێر کرد. چ بە هەڵبژاردنی کراوە یان ڕکابەرانە بێت، ئێرانی دوای خامنەیی جارێکی دیکە دەتوانێت شاهیدی سەرهەڵدانی کەسێکی نەناسراوی پۆپولیست بە دروشمی ناسیۆنالیستی و توانایی ورووژاندنی تووڕەیی جەماوەریی دژی نوخبە و هەروەها دوژمنانی دەرەکی بێت.

ڕووداوێکی ئەوتۆ ئێران ناگەیێنێتە دیمۆکراسیی لیبراڵ، بەڵام لە هەمان کاتدا ناتوانێت درێژەدەری دەسەڵاتی مەلایانیش بێت. ئەو ڕەوایی جەماوەریی تێکەڵی دەسەڵاتی ناوەندگەرا دەکات، سامانەکان بە بەرتیل دادەبەشێتەوە و ناسیۆنالیزم لەگەڵ سیمبۆلیزمی ئایینی تێکەڵ دەکات. لە ڕوانگەی بەشێکی زۆر لە ئێرانییەکان، وەها سێناریۆیەک لە درێژەکێشانی حکوومەتی ئایینی و دەسەڵاتداریی سەربازیی باشترە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزموونی تورکیە پیشانی داوە کە پۆپولیزم دەتوانێ دەرگا بۆ سەرەڕۆیی بکاتەوە نەوەک بۆ پلۆرالیزم، شتێک کە پشت بە پشتگیریی جەماوەریی و سندووقی دەنگدان

دەبەستێت.

## ژیانی ئاسایی

مێژوو دەخوازێت لە پێشبینیکردنی داهاتوودا خۆبەزلنەزان بین. لە دێسەمبەری ١٩٧٨، تەنیا مانگێک بەر لە ڕۆیشتنی شا، یەکێک لە بەناوبانگترین زانستوانانی ئەمریکا لە بواری ئێراندا، جەیمز بیڵ، لە وتارێکی گۆڤاری فارین ئەفەرزدا نووسی "ئەو ئالترناتیڤەی لە هەمووان زۆرتر ئەگەری وەڕاستگەڕانی هەیە" کە ببێتە جێگرەوەی شا "تاقمێکی پێشکەوتنخوازی چەپ پێکهاتوو لە ئەفسەرە پلە مامناوەندەکانی سوپایە." ئەو پێشبینی کرد کە سێناریۆی دیکە دەتوانێت "جونتایەکی ڕاستڕەوی ئەڕتەشی، سیستەمێکی لیبڕاڵ دێموکراتی هاوشێوەی ڕۆژاوا و دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی بێت." بیڵ نووسی "وڵاتە یەکگرتووەکان پێویست ناکات لەوە بترسێت کە دەوڵەتی داهاتووی ئێران بە ناچار دوژمنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بێت." لەوەش سەرنجڕاکێشتر، تەنیا چەند حەوتوو بەر لەوەی مەلاکانی ئێران دەسەڵات بگرنە دەست، بیڵ پێشبینی کرد "ئەوان قەت ڕاستەوخۆ لە پێکهاتە فەرمییەکانی دەوڵەتدا بەشدار نابن." ڕۆشنبیرانی ئێرانیش لە لێکدانەوەی ڕووداوەکان تووشی هەڵە بوون. چەند حەوتوو بەر لە قۆرخکردنی دەسەڵات لە لایەن خومەینییەوە و دەرکردنی بڕیاری ئیعدامی بەکۆمەڵ، یەکێک لە بەناوبانگترین ڕۆشنبیرانی ئێران، فەیلەسوف داریوش شایگان ڕایگەیاند "خومەینی گاندییەکی ئیسلامییە. ئەو تەوەری جووڵانەوەکەمانە".

وەکوو چۆن ١٩٧٩ هەم لە نێوخۆ و هەروەها لە دەرەوە سەرلێشێواویی دروست کرد، ئەگەری ڕوودانی سێناریۆی چاوەڕواننەکراویش هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی ئالترناتیڤ، بەشێک لە ئێرانییەکان چاویان بڕیوەتە ڕەزا پەهلەوی، کوڕی شا کە لە تاراوگە دەژیت، ئەو ناوبانگەکەی تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نۆستالژیی خەڵکی ئاسایی بۆ سەردەمی بەر لە شۆڕش کە بە شێوەی سەرهێڵ پیشانی دەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا چونکە نیو سەدەیە لە دەرەوە دەژی، ئەو پێویستی بە زاڵبوون بەسەر کەمایەسیی نەبوونی ڕێکخراو و هێزی سەرشەقام بۆ سەرکەوتن لەو کێبڕکێ بێبەزەییانەدا هەیە کە پێناسەی گواستنەوە لە سیستەمە سەرەڕۆکانە. ئەگەرێکی دیکە، کە ڕەنگبێ مەزنترین ترسی بەشێکی زۆر لە ئێرانییە نەتەوەپەرستاکان لەنێویاندا تەنانەت نەیارە سەرسەختەکانی ڕێژیمیش بێت، پارچە پارچەبوون بە شێوەی یوگوسلاڤی بە گوێرەی هێڵە ئەتنیکەکانە. کەمینەکانی ئێران دەتوانن لاوازیی دەسەڵات لە ناوەند وەک کرانەوەیەک بۆ سەرهەڵدان و دەرفەتێک بۆ دەستپێکێکی نوێ سەیر بکەن. بەڵام، بە پێچەوانەی یوگوسلاڤی، ئێران ڕەگی لەسەر شوناسێکی گەلێک کۆنتر

و یەکگرتووتر دامەزراوە: زیاتر لە ٪٨٠ی ئێرانییەکان فارس و ئازەرین، نزیکەی هەموویان لە زمانی فارسی وەک زمانی هاوبەش کەڵک وەردەگرن و، تەنانەت تاقمە نافارسەکانیش خۆیان بە وڵاتێک پێناسە دەکەن کە مێژوویەکی بەردەوامی زیاتر لە ٢٥٠٠ ساڵەی هەیە.

لە بنەڕەتدا، جارێکی دیکە ئێران وێدەچێت وڵاتێک بێت بۆ دەستبەسەرداگرتن، بە داهاتووی جۆراجۆرەوە کە دەتوانێت گەلێک لێک جیاواز بێت. وڵاتە یەکگرتووەکان و باقی دنیا لە ئێرانێکی دوای کۆماری ئیسلامی سوود دەبینن کە ڕێنوێنەری لە جیات ویشکەبڕوایی شۆڕشگێڕانە، بەرژەوەندیی نەتەوەیی بێت. وەک هێنری کیسینجێر جارێک ئاماژەی پێ کرد، "کەم وڵات لە دنیادا هەن کە لە ئێران کەمتر هۆی کێشەیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندیی هاوتەریبی هەبێت." لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان و عێراق پشتڕاستییان کردۆتەوە کە نفووزی دەرەکی سنووردارە: تەنانەت وەبەرهێنانی بەربەرینی خوێن و دارایی ناتوانێت ئاکامی سیاسی دیاریی بکات. ڕووسیە تووشی هەمان سنوورداریییەکان دەبێتەوە. ڕەنگبێ مۆسکۆ بەردەوامبوونی کۆماری ئیسلامی وەک چقڵی چاوی واشینگتۆن و سەرچاوەی ناسەقامگیریی بۆ بەرزڕاگرتنی نرخی جیهانیی وزەی پێ باشتر بێت. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی، مۆسکۆ نەیتوانی پێش بە هەرەسهێنانی ڕێژیمی ئەسەد، بریکارەکەی لە سووریە بگرێت. بەپێچەوانە چین، سوودی گەلێک زۆرتر لە ئێرانێک دەبینێت کە توانایی بوون بە زلهێزێکی وزەی هەیە تا ئێرانێکی هەناردەکاری ناسەقامگیریی.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێزە دەرەکیییەکان هەرچەند بیانهەوێ هاوسەنگییەکە بگۆڕن، ئێرانی ئەمڕۆ ئەوەندەی هێز هەیە بتوانێ بۆخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. ئەو هەموو شتێکی هەیە کە بتوانێت ببێتە یەکێک لە ئەندامانی: G20 دانیشتووانێکی خوێندەوار و خاوەن پەیوەندیی بە دنیای دەرەوە، سامانی سروشتیی زەبەلاح و، شوناسێکی شارستانیيانەی خاوەن شانازی. بەڵام، بۆ دێموکراتەکانی ئێران، کەشوهەوای نێودەوڵەتی نەیدەوتوانی لە ئێستا دژوارتر بێت. دەوڵەتانی ڕۆژاوا کە سەرەمێک پاڵپشتی دێموکراسی بوون یارمەتییە داراییەکانیان بڕیوە و سەرقاڵی پاشەکشەی دێموکڕاسی خۆیانن. وڵاتە یەکگرتووەکان دامەزراوەکانی خۆی، وەک فاندی نەتەوەیی بۆ دێموکڕاسی و دەنگی ئەمریکا، کە لە بردنەوەی جەنگی سارددا دەوری بەرچاویان گێڕا، کشاندووەتەوە. لەو بۆشاییەدا، ئێران زۆرتر وێدەچێ بەرەو ڕەوتە بەربەینترەکەی جیهانیدا بڕوات کە لەویدا کەسێکی بەهێز بە جەختکردنە سەر پاراستنی نەزم سەر هەڵبدات لە جیات بەڵێنی ئازادی.

بیروڕای زۆرینە ڕەنگبێ گواستنەوەی دەسەڵات لە ئێران دیاری نەکات، بەڵام تا ئەو جێیەی هیواخوازە سیاسییەکان هەوڵ دەدەن هانای بۆ بەرن، ڕاستییەک ڕوون و ئاشکرایە: ئێرانییەکان تەنیا وەدوای دروشمی بەتاڵ، تاکپەرستی یان تەنانەت

ئایدیالە بەرزەکانی دیموکڕاسیش ناکەون. ئەوەی لە هەموو شتێک زۆرتر هیوای بۆ دەخوازن دەوڵەتێکی باش بەڕێوەچوو و بەرپرسیارە کە بتوانێت شکۆی ئابووری ئەوان بگەڕێنێتەوە و ئیزنیان پێ بدات ژیانێکی ئاساییان هەبێت کە دوور بێت لە زەختی خنکێنەری دەوڵەت کە بڕیار دەدات چ جلوبەرگێک بپۆشن، چاو لە چی بکەن، چۆن ئەویندارییی بکەن، کێ بپەرستن و تەنانەت چ بخۆن و بخۆنەوە.

دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی لەکیسچوونی نیو سەدەی ئێران. لە کاتێکدا کە دراوسێکان لە کەنداوی فارس بوونە کۆگای جیهانیی دارایی، گواستنەوە و تەکنەلۆژی، ئێران سامانەکەی بە مەزنیخوازییەکانی لە ناوچە و بەرنامە ناوکییەکەی بەفیڕۆ داوە کە تەنیا بوونە هۆی تەریککەوتوویی، لە کاتێکدا مەزنترین سامانەکەی، واتە دانیشتووانی سەرکوت دەکات و ژیانیان بەفیڕۆ دەدات. ئەو وڵاتە هێشتا ئەو سامانە سروشتییە و سەرمایە مرۆییەی هەیە کە بتوانێت ببێتە یەکێک لە ئابوورییە هەرە پێشکەوتووەکانی دنیا. بەڵام تا ئەوکاتەی تاران لە هەڵەکانی وانە وەرنەگرێت و سیاسەتەکانی نەگۆڕێت، ڕێچکەکەی لەجیات نوێبوونەوە بەرەو دابەزین دەبێت. پرسیارەکە ئەوە نیە ئاخۆ ئاڵوگۆڕ ڕوودەدات یان نا، بەڵکو ئاخۆ دەبێتە هۆی هێنانی ئەو بەهارە کە لەمێژە چاوەڕێین یان تەنیا زستانێکی دیکە لەگەڵ خۆی دێنێت؟

١ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

## دوایین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانیی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت (٣ - ١)



**فارین نەفەیرز – ئالێکساندەر ستوب**

لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا دنیا زیاتر لە ٣٠ ساڵی پێش ئەو ماوەیە گۆڕاوە. هەواڵدەرییەکان بە لێشاو هەواڵی شەڕ و کارەسات بڵاو دەکەنەوە. ڕوسیە ئوکراین بۆمباران دەکات، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکی تەقینەوەیە و، چەندین شەڕ لە ئەفریقا لە ئارادان. لەگەڵ چوونە سەری ڕێژەی کێشەکان،، ویدەچێت دیموکراسییەکان بەرەو نەمان بچن. سەردەمی پاش جەنگی سارد کۆتایی هاتووە. سەرەڕای هیواکانی دوای ڕووخانی دیواری بەرلین، جیهان لە پێشوازیی لە دیموکراسی و سەرمایەداریی بازاڕ یەکتری نەگرت. لە ڕاستیدا، ئەو هێزانەی قەرار بوو دنیا لێک نێزیک بکەنەوە، بازرگانی، وزە، تەکنەلۆژی و زانیاریی، ئێستاکە خەریکی پارچە پارچە کردنین.

ئێمە لە دنیایەکی نوێی پشێویدا دەژین. پەرگالی لیبراڵ، پشتئەستوور بە یاسا کە دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی دووهەم سەری هەڵدا ئێستا خەریکە بمرێت. هاوکاریی فرەلایەنە جێگەی بۆ کێبڕکێی فرەجەمسەر چۆل کردووە. وێدەچێ ئاڵووێرە

بەشی: چوارەم

هەلپەرستانەکان لە بەرگریی لە یاسا ناودەوڵەتییەکان گرینگتر بن. لەگەڵ دیاریکرانی چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی بە ڕکابەریی نێوان چین و وڵاتە یەکگرتووەکان، کێبڕکێی زلهێزەکان گەڕاوەتەوە. بەڵام ئەوە تەنیا هێز نییە کە پەرگالی جیهانیی دادەڕێژێت. هێزە مامناوەندەکانی کە خەریکی سەرهەڵدانن، لە نێویاندا برازیل، هیندوستان، مێکزیک، نیجریە، عەرەبستانی سعودی، ئەفریقای باشوور و تورکیە، کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لەو ئاڵوگۆڕەدا دەبێت. ئەوان بەیەکەوە ئامرازی ئابووری و هێزی جوغرافیای سیاسی ئەوتۆیان هەیە کە پەرگالی جیهانیی بەرەو سەقامگیریی یان گێژاوی مەزنتر بەرن. ئەوان هەروەها هۆی داوا کردنی ئاڵوگۆڕیان هەیە: سیستەمی فرەلایەنی پاش جەنگی جیهانیی دووهەم وەها دانەڕێژرا تا بە شێوەی شیاو ڕەنگدانەوەی پلەی ئەوان لە دنیادا بێت و دەوری ئەوتۆیان پێ بسپێرێت کە شایانی بوون. کێبڕکێیەکی سێ گۆشە کە من بە جیهانی ڕۆژاوا، جیهانی ڕۆژهەڵات و جیهانی باشوور ناوی دەبەم خەریکی سەرهەڵدانە. لەگەڵ هەڵبژاردنی بەهێز کردنی سیستەمی فرەلایەن یان سیستەمی فرە جەمسەر، جیهانی باشوور بڕیاردەر دەبێت ئاخۆ جوغرافیای سیاسیی سەردەمی داهاتوو بەرەو هاوکاریی، پارچە پارچە بوون یان زاڵبووندا بشکێتەوە.

وێدەچێ پێنج یان دە ساڵی داهاتوو دیاریکەری پەرگالی دنیا بۆ دەیەکانی دواتر بێت. کاتێک پەرگالێک جێگیر دەبێت، وێدەچێ بۆ ماوەیەک خۆ بگرێت. دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، پەرگالی نوێ دوو دەیە خۆی گرت. پەرگالی دواتر، پاش جەنگی جیهانیی دووهەم، چوار دەیە خۆی گرت. ئێستا، ٣٠ ساڵ دوای کۆتایی جەنگی سارد، دیسان خەریکە شتێکی نوێ سەر هەڵدەدات. ئەوە دوایین دەرفەت بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایە تا باقی دنیا بەو قەناعەتە بگەیەنن کە ئەوان توانایی گفتوگۆ لە جیات خۆدوان، یەک نەوایی لەجیات دووڕوویی و، هاوکاریی لەجیات زاڵبوونیان هەیە. بێتوو وڵاتان لەجیات هاوکاریی کێبڕکێ هەڵبژێرن، تەنانەت دنیایەکی خاوەن کێشەی مەزنتر چاوەڕوانمانە.

هەموو وڵاتێک خاوەن بڕیارە، تەنانەت وڵاتی بچووکی وەک هی من، فینلەند. شاکلیلەکە گەیاندنی دەسترۆیشتوویی بۆ ئەوپەڕیەتی و، زەخت هێنان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەکان بەو ئامرازانەیە کە لەبەر دەستدان. بۆ من، ئەوە بە مانای ئەوەیە هەرچی لە دەستم بێت دەیکەم بۆ پاراستنی پەرگالی لیبڕاڵی جیهان، هەر چەندە ئەو سیستەمە لە ئێستادا هێندە مۆد نەبێت. دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان و نۆرمەکان چوارچێوەی هاوکاریی جیهانیی دەستەبەر دەکەن. پێویستە ئەوان بەڕۆژ بکرێنەوە و چاکسازییان تێدا بکرێت تا باشتر وەڵامدەری هێزی ئابووری و سیاسیی پەرەئەستێنی جیهانی باشوور و جیهانی ڕۆژهەڵات بن. ڕیبەرانی ڕۆژاوا زۆر دەمێکە باسی تەنگەتاویی چاک کردنی دامەزراوە فرەلایەنەکان وەک نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردووە. ئێستا، دەبێ ئێمە ئەو کارە بکەین، بە هاوسەنگ کردنەوەی هێز لەناو نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکە ناودەوڵەتییەکانی دیکە وەک ڕێکخراوی بازرگانیی جیهان، فاندی دراوی ناودەوڵەتی و، بانکی جیهانی. بە بێ ئەو

## بەشی: چوارەم

ئـاڵوگۆڕانە، ئەو سیستەمە فرەلایەنەی کە هەیە، هەرەس دەهێنێت. سیستەمەکە بێخەوش نییە؛ ئەو کەمایەسی خۆڕسکی هەن و قەت ڕەنگدانەوەی دنیای دەوروبەری نییە. بەڵام جێگرەوەکەی گەلێک خراپترە: خولگەی جیا جیای دەسەڵات، ئـاژاوە و پشێوی.

### مێژوو کۆتایی نەهات

من سـاڵی ١٩٨٩ لە زانسـتگەی فرمەن لە وڵاتە یەکگرتووەکـان دەسـتم کـرد بە خوێنـدنی زانسـتی سیاسـی و پەیوەنـدییە ناونەتەوەییەکان. پـاییزی ئەو سـاڵی دیواری بەرلین ڕووخـا. ماوەیەکی کـورت دواتـر، ئـاڵمـان یەکی گـرتەوە، ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئورووپا لە ژێر کۆت و بەندی کۆمۆنیزم ڕزگاریـان بوو و، ئەو دنیـایەی سـەردەمێک دوو جەمسـەر بـوو، بە کێبڕکێی نێوان یەکێتیی سۆڤیەتی کۆمۆنیست و دیکتـاتۆڕ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکـانی سـەرمایەدار و دێموکراتیـک، بـوو بە دنیـایەکی یەک جەمسەر. ئەوسا وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بە زلهێزی بێ ڕکابەر. پەرگالی لیبراڵی نـاودەوڵەتی بردبوویەوە. ئەوکـاتی من لە خۆشییان شاگەشکە بـووم. من و زۆر کەسـی دیکەش ئەو کـاتی پێمـان وابـوو لە سـەرەتای دەسـتپێکی سـەردەمێکی گەشـاوەتر داین. زانسـتوانی سیاسـی فرانسیس فوکویاما ئەو چرکەساتەی بە "کۆتـایی مێژوو" نـاو بـرد و، من تەنیـا کەس نەبـووم کە پێـی وابـوو سـەرکەوتنی لیبراڵیـزم گومـانی تێدا نییە. زۆربەی دەوڵەت-نەتەوەکـان بەردەوام بەرەو دێموڕاسـی، سەرمایەداریی بـازاڕ و ئـازادیی وەردەسووڕان. بەجیهـانیبوون دەبـووە هـۆی وابەسـتەیی ئـابووری بە یەکترەوە. پـارچە پـارچە بـوونی پێشـوو قەرار بـوو نەمێنێت و دنیـا یەک بگرێت. تەنـانەت لە کۆتـایی دەیەدا، کـاتێـک بەڵگەنـامەی دوکتـۆرام لە هاوپەیوەستبوونی ئورووپا لە خوێندنگەی ئابووری لەندەن وەرگرت، ئەو داهاتوویە وێدەچوو فرە نێزیک بێت.

بەڵام ئەو داهـاتوویە قەت ڕووی نەدا. دەرکەوت کە سـەردەمی تـاکجەمسـەریی کورتمـاوەیە. دوای هێرشـی تێرۆریسـتیی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ڕۆژاوا پشـتی لەو بـایەخە بنەڕەتییـانە کـرد کە ئیـدیعای دەکـرد پشـتگیرییان دەکـات. ئەرکـدارییەکەی بەرانبەر بە یاسـای نـاودەوڵەتی هـاتە ژێـر پرسیار. دەستێوەردانەکان بە ڕێبەریـی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە ئەفغانسـتان و عێراق شکستیان هێنـا. دارمـانی دارایـی جیهـانی لە ٢٠٠٨ زەرەرێکی مەزنی لە ناوبـانگی مودێلی ئـابووری ڕۆژاوا، کە لەسـەر بازاڕەکانی جیهانیی دامەزرابوو، گەیاند. وڵاتە یەکگرتووەکان چیدیکە بە تەنیا بڕیاردەری سیاسەتی جیهانی نەبـوو. چین، بە بەرهەمهێنـان، هەنـادەکـردن و گەشـەی ئـابووری فـرە بەرز، وەک زلهێزێـک سـەری هەڵـدا و ڕکـابەرییەکەی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان لەو کاتییەوە بەسەر جوگرافیـای سیاسیدا زاڵە. لە دە سـاڵی دواییشدا دامەزراوە فرە لایەنەکـان لە پەلوپـۆ کەوتوون، گومانداریی و بەریەککەوتن لە پەیوەندیی لەگەڵ بازرگانیی ئازاد پەرەی ئەستاندووە و، کێبڕکی لەسەر

تەکنەلۆژی چڕتر بووەتەوە.

جەنگی هەمەلایەنەی دەستدرێژیکارانەی ڕوسیە دژی ئوکراین لە فێبریوەری ٢٠٢٢، زەربەیەکی خوێناویی دیکە لە پەرگالە کۆنەکە بوو. ئەوە یەکێک لە ئاشکراترین پێشێلکارییەکانی سیستەمی پشت ئەستوور بە ڕێساکان دوای کۆتایی جەنگی جیهانیی دووهەم و بێگومان خراپترینیان بوو کە ئورووپا دیتبووی. ئەو ڕاستییە کە تاوانبارەکە ئەندامێکی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، کە بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی دامەزرابوو، زۆرتر شایانی ئیدانە کردن بوو. ئەو دەوڵەتانەی کە قەرار بوو سیستەمەکە بپارێزن، بوونە هۆی تێکڕمانی.

## فرەلایەنی یان فرەجەمسەری

بەڵام، پەرگالی ناودەوڵەتی لەنێو نەچووە. لەنێو داروپەردووەکەیەوە، لە فرە لایەنییەوە بەرەو فرە جەمسەرییەوە دەچێت. فرە لایەنیی سیستەمێکی هاوکاریی جیهانییە کە لەسەر دامەزراوە ناودەوڵەتییەکان و ڕێسای هاوبەش دامەزراوە. پرینسیپە سەرەکییەکانی سەرجەم وڵاتان بە شێوەی یەکسان دەگرێتەوە، بێ لەبەر چاو گرتنی قەبارەیان. بە پێچەوانە، فرە جەمسەری، دەسەڵاتێکی فرە جەمسەرە. پێکهاتەی دنیایەکی فرە جەمسەر لەسەر چەند جەمسەر دامەزارە کە زۆر جار دەگەڵ یەکتر خەریکی کێبڕکێن. مامەڵە و سازانەکانی نێوان ژمارەیەکی کەم یاریکەری پێکهاتەیەکی ئەوتۆ، بەردەوام ڕێسا و دامەزراوە گشتییەکان لاواز دەکەن. فرە جەمسەری دەتوانێت ببێتە هۆی ڕەفتاری تایبەت یان هەلپەرستانە و ڕیزێک هاوپەیمانیی کاتی کە لەسەر بەرژەوەندیی وڵاتان لە چرکەساتی دروستبوونی هاوپەیمانییەکاندا. دنیایەکی فرەجەمسەر مەترسی ئەوەی هەیە کە وڵاتە بچووک و مامناوەندەکان بەجێ بمێنن و زلهێزەکان بە بێ بەشداریی ئەوان لەگەڵ یەکتر بسازێن. لە کاتێکدا فرەلایەنی دەبێتە هۆی نەزم، فرە جەمسەری دەبێتە هۆی پشێوی و ناتەبایی.

ئێستا گرژیی پەرەئەستێن لە نێوان ئەوانەی برەو بە فرەلایەنی و پەرگالێکی دامەزراو لەسەر سەرەوریی یاسا دەدەن و ئەوانەی باسی فرە جەمسەری و سەروداگەریی دەکەن لە ئارا دایە. وڵاتە بچووکەکان و هێزە مامناوەندەکان، هاوتەریب لەگەڵ ڕێکخراوی هەرێمیی وەکوو یەکێتیی ئەفریقا، ڕێکخراوی نەتەوەکانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، یەکێتیی ئورووپا و بلۆکی باشووری ئەمریکا، مەرکۆسور، لایەنگری فرەلایەنین. چین، بە نۆرەی خۆی، برەو بە فرەجەمسەریی لەگەڵ شێوازگەلی فرەلایەنی دەدات؛ ئەو بە ڕواڵەت لایەنگری تاقمی فرەلایەنە وەک بریکس، هاوپەیمانیی نارۆژاوایی کە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی بەرازیل، ڕوسیە، هیندوستان، چین و ئەفریقای باشوورن و، ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای کە لە ڕاستیدا



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی: چوارەم

دەیهەوێت یاریدەدەری سەرهەڵدانی پەرگالێکی فرەجەمسەر بێت. وڵاتە یەکگرتووەکان لە پێداگرییەکەی لەسەر فرەلایەنی بە قازانجی سەوداگەریی دوور کەوتووەتەوە بەڵام هێشتا بەرانبەر بە دامەزراوەی هەرێمیی وەک ناتۆ ئەرکدارە. زۆرێک لە وڵاتان، ێچووک و هەروەها مەزن، بەدوای شتێکەوەن کە دەکرێ ناوی بنرێ سیاسەتی دەرەوەی فرە پاڵنەر. ئامانجی ئەوان، لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە لەجیات چوونە پاڵ بلۆکێک، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ چەند لایەن پەرە پێ بدەن.

لە سیاسەتی دەرەوەی سەوداگەرانە یان فرەپاڵنەردا بەرژەوەندیی زاڵە. بۆ وێنە، وڵاتانی بچووک، زۆرجار لە نێوان زلهێزەکاندا هاوسەنگیی ڕادەگرن: ئەوان دەتوانن لە هێندێک پرسدا هاوڕای چین بن و لە هێندێکی دیکە هاوڕای وڵاتە یەکگرتووەکان بن، هەمووی ئەوانە لە کاتێکدایە کە دەیانهەوێ هیچ لایەنێک بە سەریاندا زاڵ نەبێت. بەرژەوەندییەکان پاڵنەری هەڵبژاردنە کردنییەکانی وڵاتانن و، ئەوە بەتەواوی ڕەوایە. بەڵام هەڵوێستێکی ئەوتۆ پێویست ناکات ببێتە هۆی دوور کەوتنەوە لەو بایەخانە کە گشت وڵاتێک لە هەموو کارێکدا دەبێ لەبەر چاویان بگرێت. تەنانەت سیاسەتێکی دەرەوەی سەوداگەرانە پێویستە پشت بە هێندێک بایەخی بنەڕەتی ببەستێت. لە ناویاندا سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتان، قاچاخ کردنی کەڵک وەرگرتن لە هێز و، ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان. زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بەرژەوەندیی ئاشکرایان لە پاراستنی ئەو بایەخانە و دڵنیا بوون لە سزادانی پێشێلکارەکانیدا هەیە.

زۆرێک لە وڵاتان فرەلایەنی بە قازانجی ڕێککەوتن و سازانی تایبەت ڕەت دەکەنەوە. بۆ وێنە، وڵاتە یەکگرتووەکان، جەخت لەسەر ڕێککەوتنی بازرگانی و ئاڵوویری دوولایەنە دەکات. چین کەڵک لە دەستپێشخەریی پشتێند و ڕێگا، بەرنامەی ژێرخانە زەبەلاحەکەی لە وەبەرهێنانی جیهانیدا وەردەگرێت تا ڕێخۆشکەری هەم دیپلۆماسی دوولایەنە بێت و هەم ئاڵوویری ئابووری. یەکێتیی ئورووپا ڕێککەوتنی دوو لایەنەی بازرگانیی ئازاد دادەڕێژێت کە ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی لەبەرچاو ناگرێت. ئەوە، تەقریبەن لە کاتێکد اڕوو دەدات کە جیهان لە هەموو کاتێک زۆرتر پێویستی بە فرەلایەنی هەیە تا ئالنگارییە هاوبەشەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا، کەمایەسییەکانی گەشەسەندن و، ڕێسادانان بۆ تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکان چارەسەر بکات. بە بێ سیستەمێکی بەهێزی فرەلایەن، هەموو دیپلۆماسییەک دەبێتە سەوداگەرانە. دنیایەکی فرەلایەن چاکەی گشتیی دەکاتە بەرژەوەندیی خۆت. دنیایەکی فرەجەمسەر بەکورتی لە سەر بەرژەوەندیی خۆت دامەزراوە.

٢ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

## دواین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانیی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت (٣ - ٢)



**فارین ئەفەیرز – ئالێکساندەر ستوب**

**"کەتوارگەریی بایەخ تەوەر"ی فینلەند**

سیاسەتی دەرەوە زۆرجار لەسەر سێ پایە دامەزراوە: بایەخەکان، بەرژەوەندییەکان و هێز. لە کاتێکدا کە دینامیک و هاوسەنگیی پەرگالی جیهانی خەریکی گۆڕانن، ئەو سێ توخمە یەکلاکەرەوەن. من خەڵکی وڵاتێکی تا ڕادەیەک بچووکم کە ڕێژەی دانیشتووانی دەگاتە نزیکەی شەش ملیۆن. ئەگەرچی ئێمە یەکێک لە مەزنترین هێزەکانی بەرگریی ئورووپامان هەیە، دیپلۆماسییەکەمان پشتئەستوور بە بایەخ و بەرژەوەندییەکانە. هێز، هی ڕەق و هی نەرم، تا ڕادەیەکی زۆر شتی لوکسی زلهێزانن. ئەوان دەتوانن هێزی ئابووری و سەربازیی خۆیان پیشان بدەن، و بەو شێوەیە لایەنە بچووکەکان ناچار بکەن خۆیان لەگەڵ ئامانجەکانی ئەوان ڕێک بخەن. بەڵام وڵاتە بچووکەکان دەتوانن بە هاوکاریی لەگەڵ ئەوانی دیکە

بەهێز بن. هاوپەیمانییەکان، تاقمەکان و دیپلۆماسیی ژیرانە ئەو شتانەن کە دەستڕۆیشتوویی ئەوتۆ دەبەخشنە یاریکەرە بچووکەکان کە گەلێک لە ئاستی سەربازیی و ئابووری ئەوان بەولاوەترە. زۆرجار، ئەو هاوپەیمانییانە لەسەر بایەخی هاوبەش، وەک ئەرکداریی بەرانبەر بە مافەکانی مرۆڤ و سەروەریی یاسا دامەزراون.

وەک وڵاتێکی بچووک کە هاوسنووری زلهێزێکی ئیمپراتۆرییە، فینلەند فێر بووە کە هەندێک جار وڵاتێک دەبێ بەشێک لە بایەخەکان بۆ پارێزگاریی لەوانی دیکە، یان تەنیا بۆ مانەوە، وەلانێت. دەوڵەتداریی لەسەر پرەنسیپەکانی سەربەخۆیی، خاوەن بڕیار بوون و یەکپارچەیی خاک دامەزراوە. دوای جەنگی جیهانیی دووهەم، فینلەند، بەپێچەوانەی هەڤاڵانمان لە بالتیک کە یەکیەتیی سۆڤیەت دەستی بەسەردا گرتن، سەربەخۆیی خۆی وەدەست هێنایەوە. بەڵام ئێمە ١٠٪ی ڕووبەری وڵاتمان، لە ناویاندا ئەو ناوچانەی باوباپیرانم تێیدا لەدایکبوون، کەوتە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتیی سۆڤیەت. و، بە شێوەی یەکلاکەرەوە، ئێمە ناچار بووین واز لە بەشێک لە بڕیاردانی سەربەخۆ بهێنین. فینلەند نەیتوانی ببێتە ئەندامی ئەو دامەزراوە نێودەوڵەتییانە کە ئێمە بە شێوەی سروشتی پێمان وابوو سەر بە ئەوانین، وەکوو یەکیەتیی ئورووپا و ناتۆ.

لە ماوەی جەنگی سارددا، سیاسەتی دەرەوەی فینلەند بە "کەتوارگەریی پڕاگماتیک" پێناسە دەکرا. بۆ پێشگرتن بە هێرشی دووپاتەی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ سەرمان، وەکوو چۆن لە ١٩٣٩ کردی، ئێمە لەسەر بایەخە ڕۆژاواییەکان سازشمان کرد. ئەو سەردەمە لە مێژووی فینلەنددا، کە دەستەواژەی "فینلەندیکراو"ی بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بەخشی، شتێک نیە کە ئێمە شانازیی پێوە بکەین، بەڵام توانیمان سەربەخۆیی خۆمان بپارێزین. ئەو ئەزموونە وای کردوە ئێمە خۆمان لە هەر جۆرە دووپاتەبوونەوەیەکی ببوێرین. کاتێک هەندێک کەس دەڵێن فینلەندی کردن ڕەنگبێ ڕێگەچارەیەک بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی ئۆکراین بێت، من بە هیچ شێوەیەک هاوڕای نیم. ئاشتییەکی ئەوتۆ تێچووەکەی لە ڕادەبەدەر دەخوازێت، کە بەکردەوە بە مانای وازهێنان لە سەربەخۆیی و خاکە.

دوای کۆتایی جەنگی سارد، فینلەند، وەک زۆر وڵاتی دیکە پێشوازیی لە بیرۆکەی کردنی بایەخەکانی جیهانی ڕۆژاوا بە دیاردەیەکی باو کرد، شتێک کە من ناوی دەنێم "لیبراڵیزمی بایەخ تەوەر." ئەوە ئێزنی بە فینلەنددا لە ١٩٩٥ ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا. هاوکات، فینلەند هەڵەیەکی جیددی کرد: ئەو، بە ویستی خۆی، بڕیاری دا لە دەرەوەی ناتۆدا بمێنێتەوە. (بۆ مێژوو، من ٣٠ ساڵ داکۆکیکارێکی بەئەمەگی ئەندامەتی لە ناتۆدا بووم). هەندێک فینلەندی بڕوایەکی ئایدیالیستییان هەبوو کە ڕووسیە وردە وردە دەبێتە دێموکراسییەکی لیبراڵ، کە وابوو پێویست ناکات ببینە ئەندامی ناتۆ. بەشێکی دیکە لەوە دەترسان بێتوو فینلەند ببێتە ئەندامی ئەو هاوپەیمانییە، ڕووسیە کاردانەوەی خراپی دەبێت. لەگەڵ

**بەشی: چوارەم**

ئەوەشدا بەشێکی دیکە پێیان وابوو فینلەند، بە مانەوەی لە دەرەوەی ئەو هاوپەیمانییە، پارمەتیدەری پاراستنی هاوسەنگی و، بەو هۆیەوە ئاشتی، لە ناوچەی دەریای بالتیکە. دەرکەوت کە گشت ئەو هۆدانانە هەڵە بوون و، فینلەند بەگوێرەی ئەوەوە خۆی گونجاند و؛ دوای هێرشی هەمەلایەنەی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، بوو بە ئەندامی ناتۆ.

ئەوە بڕیارێک بوو بەگوێرەی بایەخەکان و بەرژەوەندییەکانی فینلەند. فینلەند پێشوازی لە شتێک کرد کە من پێی دەڵێم "کەتوارگەریی بایەخ تەوەر": ئەرکداریی بەرانبەر بە تاقمێک بایەخی گەردوونی کە لەسەر ئازادی، مافە بنەڕەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی دامەزراون لە کاتێکدا کە هێشتا ڕێز لە ڕاستییەکانی فرەچەشنیی کولتوور و مێژووەکانی دنیا دەگرێت. جیهانی ڕۆژاوا دەبێ بە بایەخەکانی وەفادار بێت، بەڵام تێبگات کە گیروگرفتەکانی دنیا تەنیا بە هاوکاریی نێوان وڵاتانی هاوبیر چارەسەر نابێت.

کەتوارگەریی بایەخ تەوەر ڕەنگبێ وەک دەستەواژەیەکی دژواز بێتە بەر گوێ، بەڵام وا نییە. دوو تیۆریی بەهێزی پاش سەردەمی جەنگی سارد وێدەچوو بایەخە گەردوونییەکان بە قازانجی لێکدانەوەیەکی کەتوارگەرانەتری هێڵە جیاکەرەوەکانی سیاسی وەلانێن. تێزی کۆتایی مێژووی فوکویاما سەرکەوتنی سەرمایەداریی بەسەر کۆمۆنیزمی وەک موژدەبەخشی دنیایەک سەیر دەکرد کە بە شێوەی پەرەئەستێن بەرەو لیبراڵیزم و ئابووری بازاڕدا دەشکێتەوە. دیدی دووری "پێکدادانی شارستانییەکان"ی زانای سیاسی، ساموئێل هانتینگتۆن پێشبینی دەکرد کە هێڵە جیاکەرەوەکانی جوگرافیای سیاسی لە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیکییەوە بەرەو جیاوازیی کولتوورییەوە دەگۆڕدرێن. لە ڕاستیدا، وڵاتان دەتوانن لە دانوستان لەسەر پەرگالی بەرەو گۆڕانی ئەمڕۆدا کەڵک لە هەردووکیان وەرگرن. لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەدا، دەوڵەتانی سەر بە جیهانی ڕۆژاوا دەتوانن درێژە بە بڕوایان بە دێموکراسی و بازاڕ بدەن بەبێ پێداگریی لەسەر گەردوونیبوونی ئەوان؛ لە شوێنی دیکە، ڕەنگبێ مۆدێلی دیکە بتوانن بەردەوام بن. تەنانەت لەناو جیهانی ڕۆژاواش، ئامانجەکانی دابینکردنی ئەمنییەت و بەرگریی لە سەربەخۆیی هەندێک جار ئەرکداریی بێ ئەملاو و ئەولا بە بایەخە لیبراڵەکان نامومکین دەکەن.

وڵاتان دەبێ لە هەوڵی وەدیهێنانی پەرگالێکی جیهانیی هەرەوەزیی کەتوارگەریی بایەخ تەوەر دابن، کە تێیدا هەم ڕێز لە سەروەریی یاسا بگیرێت و هەروەها لە جیاوازیی سیاسی و کولتووری. بۆ فینلەند، ئەوە بە مانای پەیوەندیگرتن بە وڵاتانی ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای لاتینە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە هەڵوێستیان بەرانبەر بە جەنگی ڕووسیە دژی ئۆکراین و کێشەکانی دیکە کە هەر ئێستا لە ئارادان. ئەوە هەروەها بە مانای گفتوگۆی کردەیی لەبارەی تێگەیشتنی یەکسان لەمەڕ پرسە گرنگە جیهانییەکان، وەک پرسی هاوبەشکردنی تەکنۆلۆژیا، کەرەستەی خاو و گۆڕانی کەشوهەوایە.

## سێگۆشەی هێز

سێ ناوچەی بەرفراوان ئێستا هاوسەنگیی هێز لە دنیادا ڕادەگرن: جیهانی ڕۆژاوا، جیهانی ڕۆژهەڵات و، جیهانی باشوور. جیهانی ڕۆژاوا لە نزیکەی ٥٠ وڵات پێکهاتووە و بە شێوەی نەریتی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێبەریی دەکات. ئەندامەکانی بە شێوەی سەرەکی لە وڵاتانی دێموکراتیک و لایەنگری بازاڕی ئازاد لە ئورووپا و باکووری ئەمریکا و هاوپەیمانە دوورەدەستەکانی وەک ئۆسترالیا، ژاپۆن، نیوزیلەند و کۆرەی باشوور پێکهاتووە. ئەو وڵاتانە بەشێوەی نەریتی خوازیاری بەردەوامبوونی پەرگالێکی فرەلایەنی پشتئەستوور بە ڕێسان، ئەگەرچی لەسەر چۆنیەتیی پاراستن، چاکسازیی و داهێنانەوەی هاوڕا نەبن.

جیهانی ڕۆژهەڵات لە نزیکەی ٢٥ وڵات بە ڕێبەریی چین پێکهاتووە. ئەو ڕایەڵەیەک وڵاتی هاوڕا، بە تایبەت ئێران، کۆرەی باکوور و ڕووسیە دەگرێتەوە، کە بەتەمای پێداچوونەوە یان گۆڕینی پەرگالی ڕێسامەندی نێودەوڵەتی هەنووکەیین. بەرژەوەندیی هاوبەش، واتە خولیای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی جیهانی ڕۆژاوا، ئەو وڵاتانەی لێک گرێ داوە.

جیهانی باشوور لە وڵاتانی گەشەئەستێن و وڵاتانی خاوەن داهاتی مامناوەندی ئەفریقا، ئەمریکای لاتین، باشووری ئاسیا و، باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (و خاوەن زۆرینەی دانیشتووانی دنیا) پێکهاتووە کە نزیکەی ١٢٥ وڵات دەگرێتەوە. زۆرێک لەوان لە کۆلۆنیالیزمی ڕۆژاوایی و هەروەها کاتێک بوونە گۆڕەپانی جەنگە بە وەکالەتەکانی سەردەمی جەنگی سارد زەرەریان دیتووە. جیهانی باشوور گەلێک لە خاوەن هێزانی مامناوەند یان "وڵاتانی یەکلاکەرەوە"، بە تایبەت بەرازیل، هیندستان، کینیا، مەکزیک، نێجیریە، عەرەبستانی سعوودی و ئەفریقای باشوور، دەگرێتەوە. ئاڵوگۆڕی دێموگرافیک، گەشەی ئابووری و، دەرهێنان و هەناردەکردنی سامانە سروشتییەکان پاڵنەری چوونەسەری گرنگبوونی ئەو وڵاتانەیە.

جیهانی ڕۆژاوا و جیهانی ڕۆژهەڵات کێبرکێیانە تا دڵ و مێشکی جیهانی باشوور بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. هۆیەکان ساکارن: ئەوان دەزانن کە جیهانی باشوور بڕیاردەری ئاراستەی پەرگالی نوێی جیهانە. لە کاتێکدا کە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات بەرەو ئاراستەی جیا دەڕۆن، باشوور دەنگی یەکلاکەرەوەی هەیە.

جیهانی ڕۆژاوا ناتوانێ تەنیا بە پێداهەڵگوتن بە ئازادی و دێموکراسی، جیهانی باشوور بۆ لای خۆی ڕاکێشێت؛ پێویستە



سەرچاوە Serchawe

## بەشی: چوارەم

ئەو پشتگیریی دارایی بۆ پرۆژەی گەشەسەندن دابین بکات، لە گەشەی ئابووریدا وەبەرهێنان بکات و، لە هەموویان گرنگتر، کورسییەکی دەوری مێزەکە بدات بە باشوور و دەسەڵاتی لەگەڵ بەش بکات. جیهانی ڕۆژهەڵات بە هەمان شێوە هەڵە دەکات وا بیر بکاتەوە بە دابینکردنی تێچووی پرۆژەی زەبەلاحی ڕێگاوبان و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆ دەتوانێت دەستڕۆیشتوویی تەواو لە جیهانی باشووردا بکڕێت. خۆشەویستی ناکرێت بە ئاسانی بکڕدرێت. وەک وەزیری کاروباری دەرەوەی هیندستان جایشانکار ئاماژەی پێ کردوە، هیندستان و وڵاتانی دیکەی جیهانی باشوور تەنیا تەماشاوانی ساکار نابن، بەڵکوو بەرگریی لە ڕوانگەی خۆیان دەکەن.

بە واتایەکی دیکە، ئەوەی جیهانی ڕۆژاوا و هەروەها جیهانی ڕۆژهەڵات پێویستیانە کەتوارگەریی بایەخ تەوەرە. سیاسەتی دەرەوە قەت هەڵبژاردن لە نێوان دوو بژاردەدا نیە. داڕێژەری سیاسەت ناچارە گشت ڕۆژێک بڕیاری ئەوتۆ بدات کە هەم بایەخەکان و هەروەها بەرژەوەندییەکان بگرێتەوە. ئاخۆ چەکوچۆڵ لە وڵاتێک دەکڕی کە پێشێلکەری یاسای نێودەوڵەتییە؟ ئاخۆ پشتگیریی دارایی بۆ دیکتاتۆرییەک دابین دەکەی کە دژی تیرۆریزم دەجەنگێ؟ ئاخۆ یارمەتی دارایی بە وڵاتێک دەکەی کە پێی وایە هاوڕەگەزخوازی تاوانە؟ ئاخۆ بازرگانیی لەگەڵ وڵاتێک دەکەی کە ئیزن بە سزای سێدارە دەدا؟ هەندێک بایەخ بۆ دانوستان نابن. لەناویاندا ڕێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، پارێزگاریی لە کەمینەکان، پارێزگاریی لە دێموکراسی و، ڕێزگرتن لە سەروەریی یاسا. ئەو بایەخانە لەنگەری ئەو شتە ڕادەگرن کە جیهانی ڕۆژاوا بڕوای پێیەتی، بە تایبەت لە داواکارییەکەی لە جیهانی باشوور. لە هەمان کاتدا جیهانی ڕۆژاوا دەبێ لەوە تێبگات کە هەموو کەس بڕوای بەو بایەخانە نیە.

ئامانجی کەتوارگەریی بایەخ تەوەر ئەوەیە هاوسەنگییەک لە نێوان بایەخەکان و بەرژەوەندییەکاندا بدۆزێتەوە، بە شێوەیەک کە پێشینەیی بە پرەنسیپەکان بدات، بەڵام دان بە سنوورەکانی دەسەڵاتی وڵاتێکدا بنێت، کاتێک بەرژەوەندییەکانی ئاشتی، سەقامگیری و ئاسایش لە گرەودان. پەرگالێکی جیهانیی یاساسەروەری پشتئەستوور بە تاقمێک دامەزراوەی نێودەوڵەتی کارا، کە ڕێز لە مافە بنەڕەتییەکان بگرێت بەردەوام تەنیا ڕێگەیە بۆ پێشگرتن لە کێبڕکێیەک کە ببێتە هۆی پێکدادان. بەڵام چونکە ئەو دامەزراوانە چیدی وەک ڕابردوو گرنگ نەماون، وڵاتان دەبێ پێشوازیی لە مانای ڕەقی کەتوارگەریی بکەن. ڕێبەران دەبێ دان بە جیاوازیی نێوان وڵاتان دابنێن: ڕاستییەکانی جوگرافیا، مێژوو، کولتوور، ئایین و برگە جیاوازەکانی گەشەی ئابووری. بێتوو ئەوان بیانهەوێ ئەوانی دیکە باشتر پرسی وەک مافەکانی شارۆمەندان، ڕێگەچارەکانی ژینگە و دەوڵەتداریی باش چارەسەر بکەن، دەبێ بۆخۆیان پێشقەدەم بن و پشتگیریی پێشکەش بکەن، نەوەکوو تەنیا ئامۆژگاریی بکەن.

## بەشی: چوارەم

کەتوارگەریی بایەخ تەوەر بە ڕەفتاری شکۆمەندانە دەست پێ دەکات، بە ڕێزگرتن لە بۆچوونی ئەوانی دیکە و تێگەیشتن لە جیاوازییەکان. ئەوە بەمانای هاوکاریی پشتئەستوور بە هاوپەیمانیی هاوشان لەجیات هەندێک ڕوانگەی مێژوویی لەبارەی چۆنیەتی پەیوەندیی نێوان جیهانی ڕۆژاوا و جیهانی باشوورە. شێوازێک کە تێیدا وڵاتان لەجیات ئاوەڕدانەوە بۆ ڕابردوو، بڕواننە داهاتوو ئەوەیە کە جەخت لەسەر پڕۆژە هاوبەشە گرنگەکانی وەک ژێرخانی ئابووری، بازرگانی و، پێشگرتن بە گۆڕانی کەشوهەوا و خۆگونجاندن بکاتەوە.

گەلێک بەربەست لەپێش هەر جۆرە هەوڵێکی ئەو سێ لایەنە جیهانییە بۆ دروستکردنی پەرگالێکی جیهانی هەن کە هاوکات ڕێز لە جیاوازییەکان بگرێت و ئیزن بە وڵاتان بدات بۆخۆیان بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان بخەنە پێش چوارچێوەیەکی بەربەرینتری پەیوەندیی نێودەوڵەتی هەرەوەزیی. بەڵام، تێچووی شکستهێنان فرە بەرچاوە: نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم وەک هۆشداریی بەسە.

نادڵنیایی بەشێکە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و، قەت هێندەی ئەو کاتە نیە کە بڕیارە لە سەردەمێکەوە بگوازیتەوە بۆ یەکێکی دیکە. پرسی سەرەکی تێگەیشتن لەوەیە کە بۆچی گۆڕانەکە ڕوو دەدات و چۆن لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەیت. بێتوو جیهانی ڕۆژاوا بگەڕێتەوە بۆ شێوازە کۆنەکەی زاڵبوونی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یان بێ دەربەستیی ڕاستەقینە، شەڕەکە دەدۆڕێنێت. بێتوو لە جیهانی باشوور تێبگات بۆ پەرگالی جیهانیی داهاتوو یەکلاکەرەوەیە، ڕەنگبێ بتوانێ هاوپەیمانیی بایەخ تەوەر و هەروەها بەرژەوەندی تەوەر دروست بکات کە بتوانێت ئالنگارییە مەزنەکانی دنیا چارەسەر بکات. کەتوارگەریی بایەخ تەوەر هێندە مەودا بە ڕۆژاوا دەدات تا بتوانێ ئاراستەی خۆی لە سەردەمی نوێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بدۆزێتەوە.

٢٠ی ڕێبەندانی ٢٧٢٥

---

# دوایین دەرفەتی ڕۆژاوا؛ چۆن پەرگالێکی نوێی جیهانی دروست بکەین، بەر لەوەی زۆر درەنگ بێت (٣ - ٣)



فارین ئەفەیرز – ئالێکساندەر ستوب

جیهانی داهاتوو تاقمێک دامەزراوەی دوای جەنگ، یارمەتیدەری ئیدارەکردنی دنیا بەناو خێراترین سەردەمی گەشەسەندنەکەی و بەردەوامیی دەورەیەکی لەڕادەبەدەری ئاشتیی ڕێژەیی بوون. ئەمڕۆ، ئەوان مەترسیی هەرەسهێنانیان هەیە. بەڵام ئەوان دەبێ بمێننەوە، چونکە دنیایەکی دامەزراو لەسەر کێبڕکێ بەبێ هاوکاری، دەبێتە هۆی کێشە. بەڵام، بۆ زیندوومانەوە دەبێ ئەوان بگۆڕدرێن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان کاریگەریی پێویستیان لەسەر پەرگالی هەنووکەیی نییە و، بەبێ ئاڵوگۆڕ، خۆی لێ بێبەری دەکەن. ناکرێ ئەو وڵاتانە بۆ ئەو کارەیان لۆمە بکرێن؛ پەرگالە جیهانییە نوێیەکە ڕاناوەستێ.

لانیکەم سێ سیناریۆ دەکرێ لە دەیەی داهاتوودا سەر هەڵبدەن. لە یەکەمیاندا، پشێویی هەنووکەیی هەروا بەردەوام

دەبێت. بەشێک لە توخمەکانی پەرگالی کۆن دەمێنن، بەڵام ڕێزگرتن لە ڕێسا و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لەگۆترە دەبێت و زۆرجار بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان دەبێت، نەوەک بایەخی خۆڕسکی ئەوان. توانایی چارەسەرکردنی ئالنگارییە مەزنەکان سنووردار دەبێت، بەڵام لانیکەم دنیا ناکەوێتە ناو پشێویی مەزنترەوە. بەڵام، کۆتاییهێنان بە کێشەکان گەلێک دژوار دەبێت، چونکە زۆربەی ڕێککەوتنەکانی ئاشتی، سەوداگەرانە دەبن و ئەو دەسەڵاتەیان نابێت کە لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

**شتەکان خراپتر دەبن:** لە سیناریۆی دووهەمدا بنچینەکانی پەرگالی لیبراڵیی جیهان، ڕێسا و دامەزراوەکانی، بەردەوام دەسوێن و پەرگالی هەنووکەیی هەرەس دەهێنێت. بەبێ ناوەندێکی ئاشکرای خاوەن دەسەڵات، دنیا لە گێژاو نێزیک دەبێتەوە و وڵاتان ناتوانن قەیرانە تەنگەتاوەکانیان، وەک قاتی و قڕی، پەتاکان یان ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن. پیاوانی خاوەن دەسەڵات، سەرۆکشەڕەکان و ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان ئەو بۆشاییەی دەسەڵات پڕ دەکەنەوە کە لەگەڵ پاشەکشەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان دروست دەبێت. مەترسیی بوونی کێشە هەرێمییەکان بە چەخماخەی شەڕی بەربەرینتر پەرە دەگرێت. لە دنیایەکی بێسەرەوبەرەدا، سەقامگیری و پێشبینیکراوی ڕیزپەڕ دەبن، نەوەک دۆخی باو. نابژێوانیی نزیکەی نامومکین دەبێت.

بەڵام پێویست ناکات بەو شێوەیە بێت. لە سیناریۆی سێهەمدا، هاوسەنگییەکی نوێی دەسەڵات لە نێوان جیهانی ڕۆژاوا و جیهانی باشوور دەتوانێت پەرگالێکی جیهانیی هاوسەنگ بەرهەم بێنێت کە لەویدا وڵاتان دەتوانن هەڵسوکەوت لەگەڵ زۆربەی ئالنگارییە تەنگەتاوەکانی جیهان بە هاوکاری و گفتوگۆ لە نێوان لایەنە یەکسانەکاندا بکەن. ئەو هاوسەنگییە دەتوانێ کێبڕکێی تێدابێت و پاڵنەری دنیا بەرەو هاوکاریی زیاتر لەبارەی پرسەکانی کەشوهەوا، ئاسایش و تەکنۆلۆژی بێت؛ واتە ئەو ئالنگارییە جیددییانەی کە هیچ وڵاتێک بە تەنیا ناتوانێت چارەسەریان بکات. لەو سیناریۆیەدا، پرەنسیپەکانی جارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام دەبن، کە دەبنە هۆی ڕێککەوتنی دادپەروەرانە و بەردەوام. بەڵام بۆ ئەوەی ئەوە ڕوو بدات، دامەزراوە نێونەتەوەییەکان دەبێ چاکسازییان تێدا بکرێت.

چاکسازی لەسەرەوەڕا دەکرێت، واتە لەناو نەتەوە یەکگرتووەکاندا. چاکسازی هەمیشە پرۆسەیەکی درێژخایەن و ئاڵۆزە، بەڵام لانیکەم سێ ئاڵوگۆڕی کردەنی هەن کە دەتوانن بە شێوەی ئۆتۆماتیک نەتەوە یەکگرتووەکان بەهێز بکەن و دەسەڵات بدەنە ئەو وڵاتانەی کە هەست دەکەن دەسەڵاتی پێویستیان لە نیویۆرک، ژنێڤ، ڤییەن یان نایرۆبی نییە.

## بەشی: چوارەم

**یەکەم**، سەرجەم وڵاتە مەزنەکان دەبێ نوێنەریان لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت، بۆ هەمیشە. چیدیکە قبووڵکراو نیە کە هیچ نوێنەرێکی ئەفریقا یان ئەمریکای لاتین لە ئەنجومەنی ئاسایشدا نەبێت و تەنیا چین نوێنەرایەتیی ئاسیا بکات. ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش دەبێ لانیکەم پێنج ئەندامیان پێوە زیاد بکرێت: دوو لە ئەفریقا، دوو لە ئاسیا و یەکێکیش لە ئەمریکای لاتین.

**دووهەم**، هیچ وڵاتێک نابێ مافی ڤیتۆی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا هەبێت. ڤیتۆ لە دوای جەنگی جیهانیی دووهەم پێویست بوو، بەڵام لە دنیای ئەمڕۆدا بووەتە هۆی بێ توانایی ئەنجومەنی ئاسایش. هۆی کارابوونی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ دەقاودەق لەبەر ئەوەیە کە هیچ ئەندامێک ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت.

**سێهەم**، بێتوو ئەندامێکی هەمیشەیی یان کاتیی ئەنجومەنی ئاسایش جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل بکات، دەبێ ئەندامەتییەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەڵپەسێردرێت. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەو یەکەیە دەبوو ئەندامەتیی ڕووسیە، دوای داگیرکارییە هەمەلایەنەکەی دژی ئۆکراین، هەڵپەساردبا. بڕیارێکی هەڵپەساردنی ئەوتۆ دەتوانێت لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە پەسەند بکرێت. نابێ هیچ دەرفەتێک بۆ دووڕوویی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت.

بازرگانیی جیهانی و دامەزراوە داراییەکانیش پێویستە بەڕۆژ بکرێنەوە. ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی، کە چەند ساڵە بەهۆی ناکاریگەربوونی مێکانیزمی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان، ئیفلیج بووە، هێشتا گرنگە. سەرەڕای چوونەسەری ڕێژەی ڕێککەوتنەکانی بازرگانیی ئازاد لە دەرەوەی چاودێریی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، هێشتا زیاتر لە ٪٧٠ی بازرگانیی جیهان لەژێر پرەنسیپی "پەسەندکراوترین وڵات" بەڕێوە دەچێت. هۆی بوونی سیستەمێکی بازرگانیی فرەلایەن، دڵنیابوون لە هەڵسوکەوتی دادپەروەرانە و یەکسان لەگەڵ گشت ئەندامەکانییەتی. گومرگ و پێشێلکارییەکانی دیکەی ڕێساکانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە کۆتاییدا بە زەرەری هەموو لایەکە. پرۆسەی چاکسازیی هەنووکەیی دەبێ ببێتە هۆی شەفافبوونی زیاتر، بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ یارمەتیی دارایی دەوڵەتی (سوبسید) و خۆگونجاندنی پرۆسەی بڕیاردانی ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی. ئەو چاکسازییانە دەبێ خێرا جێبەجێ بکرێن؛ بێتوو ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانی لە چەقبەستوویی هەنووکەییدا بمێنێتەوە، سیستەمەکە متمانە لەکیس دەدات.

چاکسازی کارێکی دژوارە و، بەشێک لەو پێشنیارانە ڕەنگبێ کەتوارگەرانە نەیەنە بەر گوێ. بەڵام ئەوانەی ٨٠ ساڵ لەوەپێش لە سانفرانسیسکۆ نەتەوە یەکگرتووەکانیان دامەزراند، بەهەمان شێوە کاریان کرد. بڵێی سەرجەم ١٩٣ ئەندامی

## بەشی: چوارەم

نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لەو ئاڵوگۆڕانە بکەن یان نا؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بەوە بەستراوەتەوە کە ئاخۆ ئەوان لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیاندا جەخت لەسەر بایەخەکان و بەرژەوەندییەکان دەکەن یان لەسەر دەسەڵات. دابەشینەوەی دەسەڵات بەگوێرەی بایەخ و بەرژەوەندییەکان، بناخەی ئافراندنی پەرگالی لیبراڵیی جیهانیی دوای جەنگی جیهانیی دووهەم بوو. کاتی پێداچوونەوە بەو سیستەمەدا هاتووە کە نێزیکەی سەدەیەک خزمەتی باشی کردین.

جۆکەری جیهانی ڕۆژاوا لە هەموو ئەو هەوڵانەدا ئەوە دەبێت ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەیهەوێت پەرگالی فرەلایەنی جیهانی بپارێزێت کە بۆخۆی دەوری سەرەکی لە ئافراندنیدا هەبووە و سوودێکی یەکجار زۆریشی لێ بینیوە. بە لەبەرچاوگرتنی کشانەوەی واشینگتۆن لە دامەزراوە و ڕێککەوتنە سەرەکییەکانی وەک ڕێکخراوی ساخلەمیی جیهانی و ڕێککەوتنی پاریس بۆ کەشوهەوا و لەو دواییانەشدا ڕەچاوکردنی سیاسەتی نەتەوەپەرستانە لەمەڕ بازرگانیی دەرەکی، ڕەنگبێ ئەوە ڕێبازێکی ساکار نەبێت. سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتیدەری پاراستنی ئاشتی لە نێوان زلهێزەکاندا بووە، هەلی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەخساندووە تا لە جوگرافیای سیاسییدا ببێتە سەرتۆپی زلهێزان. لە گەلێک لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، دەوری سەرەکی گرتووەتە ئەستۆ و توانیویەتی ئامانجە سیاسییەکانی زۆر بەباشی بەرێتە پێش. بازرگانیی ئازادی جیهانی یارمەتیدەری وڵاتە یەکگرتووەکان بووە تا بتوانێت خۆی وەک سەرەکیترین دەسەڵاتی ئابووری جێگیر بکات، لە کاتێکدا بەرهەمی هەرزانی بۆ کڕیارانی ئەمریکایی دەستەبەر کردوە. هاوپەیمانیی وەک ناتۆ لە دەرەوەی سنوورەکانی سوودی سەربازی و سیاسی پێگەیاندووە. ئەوە ئەرکی باقی دنیایە تا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە بایەخی دامەزراوەکانی دوای جەنگ و هەروەها دەوری کارای وڵاتە یەکگرتووەکان لەواندا، بە قەناعەت بگەیەنێت.

جۆکەری جیهانی ڕۆژهەڵات ئەوە دەبێت کە ئاخۆ چین چۆن لە شانۆی جیهانیدا کایە دەکات. ئەو دەتوانێت هەنگاوی زۆرتر بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بوارەکانی وەک بازرگانیی ئازاد، هاوکاری لە پرسی گۆڕانی کەشوهەوا و گەشەسەندندا هەڵگرێت. ئەو دەتوانێت دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، کە ئێستا جێپێیەکی فرە قایمتری تیایاندا هەیە، شکڵ بدات. ڕەنگبێ ئەو بیهەوێ دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەی خۆیدا پەرە پێ بدات. ئەو ڕەنگبێ هەڵوێستە لەمێژینەکەی «توانایی خۆت بشارەوە و چاوەڕوانی دەرفەتی لەبار بە» وەلا بنێت و بڕیار بدات کاتی هەنگاوی دەستدرێژیکارانەتر، بۆ وێنە، لە دەریای باشووری چین و گەرووی تایوان، هاتووە.

### یاڵتا یان هێلسینکی؟

پەرگالێکی نێونەتەوەیی، وەک ئەوەی لە سەردەمی ئیمپراتۆریی ڕۆمدا دامەزرا، هێندێک جار دەتوانێت چەند سەدە بەردەوام

## بەشی: چوارەم

بێت. بەڵام، زۆرجار، تەنیا چەند دەیە خۆ دەگرێت. جەنگی دەستدرێژیکارانەی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، سەرەتای گۆڕانێکی دیکە لە پەرگالی جیهانیدایە. بۆ لاوانی ئەمڕۆ، ئێستا چرکەساتی ۱۹۱۸، ۱۹٤٥ و ۱۹۸۹ی ئەوانە. لەو چرکەساتانەدا جیهان دەتوانێت بە لایەکی هەڵەدا وەرسووڕێت، وەکوو چۆن لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا ڕوویدا، کاتێک یەکیەتیی نەتەوەکان نەیتوانی پێش بە کێبڕکێی زلهێزەکان بگرێت و لە ئاکامدا جەنگێکی خوێناویی جیهانیی دیکە ڕوویدا. وڵاتان دەشتوانن بڕیاری دروست بدەن، وەک ئەوەی دوای کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووهەم ڕووی دا، بە دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەرچۆنێک بێت، پەرگالی دوای جەنگ توانی ئاشتیی نێوان زلهێزەکانی جەنگی سارد، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکان بپارێزێت. بێگومان، ئەو سەقامگیرییە ڕێژەییە بە تێچوویەکی مەزن بۆ ئەو وڵاتانەی ناچار کران چۆک دابدەن یان لە کاتی کێشە بەوەکالەتەکاندا زەرەری زۆریان بینی، تەواو بوو. ئەگەرچی لەگەڵ کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووهەم کارە سەرەکییەکە بۆ ئەو پەرگالە کرا کە چوار دەیە درێژەی هەبوو، لە هەمان کاتدا تۆوی ناهاوسەنگیی هەنووکەیشی چاند.

لە ۱۹٤٥، براوەکانی جەنگ لە یاڵتا، لە دوورگەی کەریمە، کۆ بوونەوە. لەوێ سەرۆککۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان فرانکلین ڕوزڤێلت، سەرۆکوەزیرانی بریتانیا وینستۆن چرچیڵ و، سەرۆکی سۆڤیەت جۆزێف ستالین پەرگالێکی جیهانییان دروست کرد کە لەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵات دامەزرابوو. ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو گۆڕەپانە بوو کە لەوێ زلهێزەکان دەیانتوانی ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن، بەڵام مەودایەکی کەمی بۆ ئەوانی دیکە دەستەبەر کرد. لە یاڵتا، وڵاتە مەزنەکان مامەڵەیان لەسەر ئەوانی بچووک کرد. هەڵە مێژووییەکە دەبێ ئێستا ڕاست بکرێتەوە.

لە کۆبوونەوەی ئەمنییەت و هاوکاریی ئورووپادا لە ۱۹۷٥، ڕووداوێکی بەپێچەوانەی یاڵتا ڕوویدا. سی و دوو وڵاتی ئورووپا، لەگەڵ کەنەدا، یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکان لە هێلسینکی کۆبوونەوە تا دامەزراوەی ئاسایشی ئورووپا دروست بکەن کە لەسەر ڕێسا و نۆرمی ئەوتۆ دامەزرا کە هەمووان بگرێتەوە. ئەوان لەسەر پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی زاڵ بەسەر ڕەفتاری دەوڵەتان بەرانبەر بە شارۆمەدانیان و بە یەکتر ساغ بوونەوە. ئەوە نموونەیەکی سەرسوڕهێنەری فرەلایەنی لە کاتی گرژیی فرە مەزندا بوو و، بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگی سارد یەکلاکەرەوە بوو.

ئاکامی یاڵتا فرەجەمسەری بوو و، هی هێلسینکی فرەلایەنی. ئێستا دنیا بەرورووی دووڕێیانێک بووەتەوە و، پێموایە هێلسینکی ڕێگا دروستەکە بەرەو پێشەوەیە. ئەو هەڵبژاردنانەی گشت ئێمە لە دەیەی داهاتوودا دەیکەین، بڕیاردەری پەرگالی جیهانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێت. وڵاتانی بچووک، وەک وڵاتی من، لەو چیرۆکەدا تەماشاوان نین.

## بەشی: چوارەم

پەرگالی نوێ بە بڕیاری ڕێبەرانی سیاسی لە هەردوو وڵاتانی مەزن و بچووکدا دیاری دەکرێت، جا دێموکراتیک بن، سەرەڕۆ بن یان شتێکی نێوان ئەو دووانە. لێرەدا بەرپرسیارییەکی تایبەت دەکەوێتە سەر شانی جیهانی ڕۆژاوا، وەک تەلارسازانی پەرگالی بەرەو تەواوبوون و هێشتا، لە ڕوانگەی ئابووری و سەربازییەوە بەهێزترین هاوپەیمانیی جیهانی. ئەو دەورە چۆن دەگێڕین، گرنگە. ئەوە دوایین دەرفەتمانە.

۱۰ی ڕەشەمە ۲۷۲۵

---

**ساڵی.................................. ٢٧٢٦**

---

## کوردەکان، کۆنترین دوژمنەکانی کۆماری ئیسلامی




**فری پرێس - ڕۆیا حەکاکیان**

کوردەکان نەبەزترین ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێرانن؛ ئەوان بۆ ڕووخاندنی، یەکلاکەرەوە دەبن. دوو نیشانەی سەرەتایی داهاتووی کارەساتباری شۆڕشی ئیسلامیی ١٣٥٧، هۆنراوەیەک و وێنەیەک بوون. ئێرانییەکان هێشتا سەرخۆشی سەرهەڵدانی ئەو ساڵە بوون کاتێک، لە گەلاوێژی ١٣٥٨، ئەحمەد شاملوو، یەکێک لە گرنگترین شاعیرانی نیشتمان، هۆنراوەیەکی بڵاو کردەوە لەژێر سەردێڕی "ڕۆژگارێکی سەیرە، گوڵم". دێڕە سەرەتاییەکانی ڕەنگدانەوەی نائارامییەک بوو کە بە خشکە دەهاتە نێو ژیانی ڕۆژانەوە، کاتێک پۆلیسی شۆڕش (بەسیج)،

**خاڵی پشکنینی بۆ سەپاندنی قاچاخکردنی کحوول دانابوو:**

"بۆن بە دەمتەوە دەکەن
نەکا گوتبێتت خۆشم دەوێی
بۆن بە دڵتەوە دەکەن،
دێن و نێو دڵت دەگەڕێن
نەوەک بڵێسەی ئەوینێکی تێدا شاردرابێتەوە
ڕۆژگارێکی سەیرە، گوڵم"

دووەمین نیشانەی ناخۆش، مانگێک دواتر دەرکەوت: وێنەیەکی ڕەش و سپی لەژێر مانشێتی "پەلی تەقە لە ئێران" بێ درکاندنی ناوی وێنەگرەکە لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتدا، لە ١٠ی گەلاوێژی ١٣٥٩ بڵاو بووەوە. لەوێدا ١١ پیاوی چاوبەستراو لە دەشتێکی بەتاڵ لە کوردستان، بەرەورووی پەلێکی تەقە ببوونەوە؛ بەشێکیان پێشتر تەقەیان لێ کرابوو و خەریکی کەوتن بوون، ئەوانی دیکە هێشتا لە چاوەڕوانیدا وەستابوون. کاتێک وێنەکە خەڵاتی پۆلیتزەری لە ١٣٥٩ بۆ (وێنە-ڕووداو) پێ درا، دنیا نەیزانی ناوی وێنەگرەکە چییە؛ جەهانگیر ڕەزمی بۆ ماوەی ٢٧ ساڵ بە نەناسراوی مایەوە.

ئەوەی ڕەزمی گرتبووی، چرکەساتێک بوو کە پەلی تەقە فەرمانی حاکمی بەدناوی شۆڕش، سادق خەڵخاڵی، ترسناکترین و بێزراوترین مەلای ئەو کاتەی جێبەجێ دەکرد. ئەو دادگاییەکی لەگۆترەی بەڕێوە بردبوو، ئەو پیاوانەی بە "موحاریب" یان شەڕکەری دژی خودا، لەگەڵ تۆمەتی دیکەدا تاوانبار کردبوو و حوکمی سێدارەی بۆ بڕیبوونەوە.

وێنەکە دڕندەییەکی خوێنڕێژانەی پیشان دەدا کە بوو بە هێمای ڕێژیمی نوێ. ئەو هەروەها هیرارشییەکی ئاشکرا دەکرد کە ڕێژیم وەک دوژمن پێناسەی دەکردن. زۆر پێش دەستپێکی جەنگ لەگەڵ عێراق، یان تەنانەت بەر لەوەی "خوێندکارانی هێڵی ئیمام" دەست بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکادا بگرن، و زۆر پێش ئەوەی دەستەواژەی "جیهاد" بێتە نێو وشەدانی ڕۆژاواییەوە، خومەینی پێشتر شەڕی پیرۆزی دژی کوردان ڕاگەیاندبوو و حیزبەکەیانی وەک "حیزبی شەیتان" مەحکووم کردبوو. ماوەیەکی کورت دوای ئەو ڕووداوە، ئەو دەستەواژەی "شەیتانی مەزن"ی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و "شەیتانی بچووک"ی بۆ ئیسرائیل داهێنا.

ئەمڕۆ، نزیکەی نیو سەدە دواتر، لەناکاو ئەو مێژووە دەستبەجێ هەستی پێ دەکرێتەوە. لە حەوتووی دوای دەستپێکی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی: چوارەم

جەنگ، مشتومڕەکان لەمەڕ ئەوەی کە ئاخۆ دەبێ کوردەکان تێکەڵی شەڕ دژی تاران بن شانبەشانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، یان نا، بووەتە هۆی نیگەرانی لەنێو گەلێک لە ئێرانییەکاندا. دەیان ساڵە ڕێژیم هۆشداریی داوە کە کوردەکان بەتەمای لێکهەڵوەشاندنی ئێرانن و ئەو تاوانبارکردنانە چووەتە نێو هەناوی وشیاریی نەتەوەییەوە. بۆیە، ترس شێوازێکی بەرەوڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو هەواڵەدا؛ بەڵام مێژوو ڕوانگەیەکی جیاواز پێشکەش دەکات.

خومەینی بە کوردەکانی دەگوت جیاوازیخواز. بەڵام ئەو پیاوەی بڕیاری دابوو شوناسی ئێرانی بە قازانجی شوناسێکی پان - ئیسلامی بسڕێتەوە، کەنگێ بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران بەپەرۆش بووە؟ تاوانبارکردن بە جیاخوازی تەنیا بیانوویەک بوو بۆ شاردنەوەی ئەوەی بەڕاستی ئایەتوڵڵاکەی تووڕە کردبوو: کوردەکان ببوونە نەبەزترین ئۆپۆزیسیۆن. ئەوان کە سوننی بوون، بە هەمان شێوە گەردوونی شیعەی یەکچەشنیان کە بۆ ئێران بیری لێ دەکرایەوە، تووشی ئاڵنگاری دەکرد.

هەتا هەشتاکانی زایینی، ڕێژیم زۆربەی ڕێبەریی جووڵانەوەی سیاسیی ئێرانی دەستبەسەر، زیندانی یان ئێعدام کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەڕای ئەو شکستانەی خواردبوونی، وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، بەڵام چالاک مایەوە. ڕێبەرەکەی، عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێش: خاوەن کاریزمایەکی فرەزمانزان بە بڕوانامەی دوکتورا لە ئابووری و زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی پراگ.

ئەستێرەیەک لە گۆڕەپانی سۆسیال دێموکراسیی ئورووپا؛ لەنێو جەنگاوەرە پێشمەرگەکانیدا لە چیاکانی کوردستان بە هەمان شێوەی قاوەخانەکانی پاریس، لەپەنا هاوسەرە چێکییەکەی (هێلێن)، خەریکی گفتوگۆ لەسەر بیرۆکەی مەزن لەگەڵ سیاسەتوانان و ڕووناکبیرانی ئورووپایی، حەساوە بوو. لە نێوەڕاستەکانی هەشتاکانی زایینیدا، کاتێک پاشماوەکانی ڕووناکبیران لە نێوخۆی ئێران تووشی مەترسیی دەستبەسەرکران دەبوون، کوردستان ببوو بە پەناگەیەک بۆیان.

قاسملوو، دوایین ڕێبەری مەزنی ئۆپۆزیسیۆن تا کاتێک مابوو، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەی خۆیەوە پشتگیریی لێ دەکرا و ڕێبەری جووڵانەوەیەکی باش ڕێکخراویش بوو. بە تواناییەکانی و دەسترۆیشتوویيە نێودەوڵەتییەکەیەوە، بوونی ئەو نەک تەنیا بۆ کوردان ژیانی بوو، بەڵکوو هەموو ئێرانییەکان ئەویان وەک کەسایەتییەکی پێگەیشتوو سەیر دەکرد، کە توانایی ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی دێموکراتیکی سەرانسەریی هەبوو. ئەوە قاسملوو بوو کە ژیانی گەلێک لە کەسایەتییە سیاسی و ڕووناکبیرەکانی لەو سەردەمەدا ڕزگار کرد، لەنێو خەڵکی خۆیدا پاراستنی و پاشان بواری دەربازبوونیانی بە سنوورەکانی کوردستاندا ڕەخساند.

## بەشی: چوارەم

لە کۆتایی جەنگی ئێران - عێراق لە ١٣٧٦، پاش هەشت ساڵ جەنگ کە بووە هۆی کوژرانی یەک ملیۆن کەس و ژمارەیەکی زۆرتر بریندار و نەبووە هۆی هیچ دەستکەوتێک یان دۆڕاندنێکی خاک، تارانی لاوازکراو لە نەمانی خۆی دەترسا. ئایەتوڵڵا فەتوایەکی دا و داوای کوشتنی پیاوێکی کرد کە نەیتوانیبوو بە چۆکی دابێنێت.

ساڵێک دواتر، تیمێکی مرۆڤکوژ کە خۆی وەک وەفدێکی نێردراو لەلایەن تارانەوە دەنواند کە بۆ وتووێژی ئاشتی لەگەڵ کوردان هاتووە، قاسملوو و یاریدەدەرەکەی لە ڤییەن کوشت. ئەوە یەکەم دۆخ لە زۆر نموونەی دیکە بوون کە تێیدا مەلاکان کەڵکیان لە دەمامکی دانوستانکار بۆ بەڕێوەبردنی پیلانە کوشندەکانیان وەرگرت. بکوژەکانی قەت نەخرانە بەردەم دادگا. کاربەدەستانی ئوتریش خێرا بکوژەکانیان، کە توانیبوویان دەستبەسەریان بکەن، دیپۆرت کردەوە؛ بۆیە پەروەندەکە هێشتا کراوەیە.

هەڵمەتی تۆڵەئەستێنیی تاران لە ڤییەن کۆتایی نەهات. سێ ساڵ دواتر، تیمێکی لوبنانی و ئێرانی جێگرەوەی قاسملوویان، لەگەڵ سێ کەس لە هاوکارانی، لە ڕێستورانتێکی بەرلین تیرۆر کرد. بەڵام بەپێچەوانەی تیرۆری ڤییەن، ئەمجارەیان ئەم تاوانە بووە هۆی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان و دادگاییەک کە بوو بە یەکێک لە پڕکاردانەوەترینەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە ئورووپا.

بڕیاری دادگا لە ١٣٧٦، پلەبەرزترین ئەندامانی ڕێبەریی تارانیان (لەنێویاندا خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی) وەک پلاندانەرانی تیرۆرەکان تێوەگلاند. حوکمەکە بووە هۆی پچڕاندنی کاتیی سەرجەم پەیوەندییە سیاسییەکانی وڵاتانی ئورووپایی لەگەڵ تاران و ڕێژیمیان ناچار کرد بۆ چەند ساڵێک ئۆپەراسیۆنە تیرۆریستییەکانی لە ئورووپا ڕاگرێت. ئەمە مەزنترین شکستی مەلاکان بوو لە دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی.

بەڵام ئەوە تەنیا ڕێبەرانی کورد نەبوون کە تاران بەدوایانەوە بوو. بۆ ماوەی دەیان ساڵ، کوردی ئاسایی، کە کەمتر لە ٢٠ لەسەدی دانیشتووانی ئێران پێک دێنن، تووشی ڕێژەیەکی ناهاوسەنگ لە زینداندنیکردن و لەسێدارەدان بوون. ئەم مێژووە دووروودرێژەی سەرکوت، ڕوونترین نموونەی خۆی لە ئەیلوولی ٢٠٢٢دا دەرکەوت، کاتێک ژنە ٢٢ ساڵەی کورد، ژینا ئەمینی لەلایەن گەشتی ئیرشاد لە تاران دەستبەسەر کرا و سێ ڕۆژ دواتر لە کاتی دەستبەسەریدا مرد. مردنەکەی بووە هۆی دەستپێکی جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"، مەزنترین ناڕەزایەتییەکانی ئێران لە دوای ١٣٥٧.

## بەشی: چوارەم

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین لایەنەکانی سەرهەڵدانەکە ئەو یەکگرتووییە بوو کە بووە ئیلهامبەخش لە سەرانسەری وڵات و لەنێو گەلێک لە کۆمەڵگە ئەتنیکییەکانی ئێراندا. لە شارەکانی کوردستانەوە، دروشمی ڕێزگرتن لە یادی ژینا لەسەر دیوارەکان و دەرابەی دووکانەکان دەرکەوتن. کوشتنی کچێکی کورد دەیتوانی بە ئاسانی تەنیا ببێتە کارێکی سەرکوتکارانە لە درێژەی مێژوویەکی دوورودرێژی ئەمجۆرە تاوانانەدا؛ بەڵام لەجیاتیدا، بوو بە یەکێک لە یەکخەرترین ساتەوەختەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران.

ئێستا کوردەکان جارێکی دیکە بەرەوڕووی ئەگەری ڕێبەرایەتیکردنی شەڕ دژی ڕژێم بوونەتەوە. ڕاستییەکان ڕوون و ئاشکران: نە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل یان هیچکام لە هاوپەیمانانی واشینگتۆن ئامادە نین هێزی سەربازی بنێرنە نێو خاکی ئێرانەوە. کوردەکان کە دەیان ساڵە ئەزموونی جەنگ لەگەڵ ڕژێم و هاوکارییان لەگەڵ هێزە ئەمریکییەکان لە ناوچەکەدا هەیە، تەنیا تاقمێکی خاوەن زانیاری و توانایی چوونە نێو شەڕەکەن. ژمارەیان لە بەراورد لەگەڵ هێزە سەربازییەکانی ئێران کەمە، بەڵام ئەوان دەتوانن ببن بە بەشێک لە هێزێکی مەزنتر کە وردە وردە ڕژێم بە چۆک دادێنێت. سەرەڕای پاشگەزبوونەوەی سەرۆک کۆمار ترامپ لە بڕیارە سەرەتاییەکەی بۆ تێوەگلاندنی کوردەکان لە جەنگ دژی ئێران، گەلێک لە پێشمەرگەکان هەر ئێستا خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ ئەو ئەگەرە.

ئەوانەی هۆشداری لە شەڕی نێوخۆ دەدەن، وا باشترە بیر لە ڕاستییەکی تاڵ بکەنەوە: شەڕی نێوخۆیی لە ئێران لە گەلاوێژی ١٣٥٨دا، کاتێک پەلی تەقە ١١ کوردی کوشت دەستی پێ کرد، و لەو کاتەوە بەرۆکی هەر ژنێکی گرت کە بەرەوڕووی گەشتی ئیرشاد بووەوە، دەستبەسەر کرا یان کوژرا، و هەموو زیندانییەک کە لەسێدارە درا. ڕووداوەکانی هەفتەی ڕابردوو لە کۆتاییدا دوایین دەرفەت بۆ ئاڵوگۆڕ لە ئێران دەخەنە ڕوو و، کوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی، یەکلاکەرەوەن.

ئێرانییەکان دەتوانن لەو ساتەوەختە وەک هەلێک بۆ ئاشتیی نیشتمانی کەڵک وەربگرن؛ دەرفەتێک بۆ نەتەوەیەک کە تووشی ئەو هەموو خەسارە بووە تا یەک بگرن بۆ وەدیهێنانی خەونێکی هاوبەش. کوردەکان دەتوانن دەوری خۆیان بۆ چوون بەرەو ئێرانێکی دێموکراتیک کە ئەوان و زۆر لایەنی دیکەش ئەو هەموو ساڵانە قوربانییان بۆ داوە، بگێڕن.

٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦

## دەستپێکی هەرەسهێنانی بەرە بەرەی کۆماری ئیسلامی



**نیوزویک – موهاناد سەلووم**

**بەرزکردنەوەی پلەی موجتەبا خامنەیی هەر ئێستا وەک بەڵگەی بەردەوامبوونی پێکهاتەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لێک دەدرێتەوە، واتە ڕێژیم خۆی لەبەر شۆکێکی دیکە ڕاگرتووە و درێژەی بە ڕێگای خۆی داوە. ئەو لێکدانەوەیە هەڵەیە. ئەوەی ڕووی داوە بەردەوامبوون نییە. ئەوە ساتەوختێکە کە کۆمارێکی شۆڕشگێڕ، کە لە دژی پاشایەتی دامەزرابوو، دەسەڵاتی هەرە بەرزی کردە پرسی میراتی بەرەباب. کاریگەریی وێرانکەری ئەو دژوازییە گەلێک درێژمەوداتر لە هی بۆمبارانەکان دەبێت.**

**سیستەمی ئێران بە شێوەیەک دارێژرابوو، لانی کەم لە تیۆریدا، کە شتێکی بەولاوەتر لە میرات بێت. شۆڕشی ١٩٧٩ دەسەڵاتی پاشایەتی پشتاوپشتیی ڕووخاند. یاسا بنەڕەتییەکەی دەڵێت ڕێبەر دەبێ لە لایەن ئەنجومەنی پسپۆڕان و بە گوێرەی پێوەرەکانی لێزانیی، خوداپەرستیی، لێکدانەوەی سیاسی و لێوەشاوەیی بەڕێوەبەریی، دیاری بکرێت. بە گوێرەی ە**

## بەشی: چوارەم

ڕاپۆرت، عەلی خامنەیی بۆخۆی دژی بەربژێر بوونی کوڕەکەی بوو، چونکە ئەو نەیدەویست لە دەوڵەتێکدا کە ئاکامی ڕووخاندنی پاشایەتی بووە، بەرەو دەسەڵاتداریی میراتی بڕوات. کۆمارێکی شۆڕشگێڕ دەتوانێت خۆی لە جەنگ دەرباز بکات، بەڵام ئەو ناتوانێت بە هاسانی لەوە ڕزگار بێت کە ببێتە ئەو شتەی گوتبووی جێگرەوەیەتی.

ئەوەی ڕووی دا ئاڵوگۆڕێکی ئاسایی بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی نەبوو. بە گوێرەی چەند سەرچاوە، سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دانانی موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەر یەکلاکەرەوە بووە، کە ئەوە لەخۆیدا دەرخەری ئاستی لادان لە پرەنسیپی جێگرەوەی ئایینی بەرەو بەڕێوەبەریی ئەمنییەتییە. ئەوە خاڵی یەکلاکەرەوەیە. کاتێک پیاوانی چەکدار کاریگەرییان لەسەر دەسەڵاتی دادوەریی هەبێت، ئەنجومەنی پسپۆڕان چیدیکە نابێتە یەکەیەکی بڕیاردەری هەڵبژاردن. ئەوە زۆرتر دەبێتە مۆرێکی ڕووکەشی بەسەر بڕیارێک کە لە شوێنێکی دیکەوە دراوە.

کەسایەتی موجتەبا خامنەیی گیروگرفتەکە قووڵتر دەکاتەوە. ئەو قەت بەرپرسایەتییەکی دەوڵەتی لە ئەستۆ نەبووە. ئەو دەرگاوانی باوکی بووە، لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەدا پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ سپای پاسداران هەبووە و بەشێوەیەکی بەرفراوان وەک کەسێکی توندئاژۆی دژی پەیوەندیی ڕیفۆرمخوازەکان لەگەڵ ڕۆژاوا بووە. وەک ئالێکس وەتەنخاهی سەر بە ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئاماژەی پێ کردووە، "موجتەبا پلەکەی قەرزباری سپای پاسدارانە و لەبەر ئەو هۆیە ئەو ناتوانێ وەکوو باوکی، ڕێبەری گەورە بێت." ئەوە دەسەڵاتی پێ دەبەخشێت. ئەوە نابێتە هۆی دەستڕاگەیشتن بەو پلە ئایینییە دانپێدانراوەی کە خوازیارییەتی، دروست ئەو شتەی قەرار بوو ڕەوایی بە بەڕێوەبەرایەتییەکەی بدات. بەدەسەڵات گەیشتنەکەی ڕەوایی شۆڕشگێڕانە بە پشتگیریی ڕایەڵەی دەسەڵات و ئەمنییەتەوە دەگۆڕێتەوە. ئەو دەتوانێ داوای گوێڕایەڵیی بکات بەڵام بە شێوەی ئۆتۆماتیک ناتوانێ فەرمانی باوەڕی ئایینی بدات. ئەو دامودەزگای باوکی بە میرات دەگرێت، بەڵام ناتوانێ لە میراتی ئەفسانەی باوکیدا بەشدار بێت.

موجتەبا خامنەیی لە نەگونجاوترین کاتدا دەستبەکار دەبێت. بە گوێرەی ڕاپۆرت ئەو لەو هێرشەدا کە کرایە سەر باوکی بریندار بووە، موجتەبا خامنەیی هێشتا لە چاوپێکەوتنێکی فەرمیدا نەدیتراوە و پەیامەکەی بە بۆنەیساڵی نوێی فارسی (نەورۆز) لە سەر تێلێگرام بە نووسراوە بڵاو کرایەوە، لەجیات بەرەوڕووی خەڵک. لە کاتێکدا جەنگی دەوروبەری ناوبراو بووەتە هۆی کوژرانی گەلێک لە کەسایەتییە پلە بەرزەکانی ناو هێزە سەربازییەکان، هەواڵگریی و دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ئێران، کە لە ئاکامدا جێگرتنەوەکە لە کاتێکدا ڕوویدا کە ئێران بەرەوڕووی زەختی لە ڕادەبەدەری دامەزراوەیی بووەتەوە. ئەوەی ماوەتەوە کابینەیەکی جەنگیی بەرەو توانەوەیە کە لە ڕێبەرێکی ناحازرەوە هاڵاوە.

### ئەوە بۆ ئەولای تاران بە چ مانایەکە؟

ئاسەوارە ناوچەییەکان ئەو شوێنەیە کە تووشی زەرەری ستراتیژیک دەبێت. ڕایەڵەی میلیشیای هاوپەیمانی ئێران و هێزە بەکرێگیراوەکانی قەت تەنیا بە هاژەک و دراوەوە لەسەر پێ نەبوون. ئەوان پشتیان بە کۆمارێکی ئیسلامییەوە بەستووە کە خۆی وەک ناوەندی پرسێکی نێودەوڵەتی دەبینێت، پرسێک کە لەسەر بەرگریی، قوربانیدان و ڕەوایی ئایینی دامەزراوە. کاتێک دەسەڵاتی گەورە بە ئاشکرا بۆ میراتی بەرەباب و هاوسۆزیی زۆرەملێ دادەبەزێت، ئەو ئیدیعا ئایدیۆلۆژیکییە بنکۆڵ دەبێت.

بڕوانە گۆڕانکارییەکان لە سەرانسەری ڕایەڵەکەدا. دوای هێرشەکانی ئیسرائیل لە ٢٠٢٤، حیزبوڵڵا، لایەنێک کە لە هەمووان زیاتر گرێدراوی ڕەوایی ئایینی ویلایەتی فەقێیە (ئەو دۆکترینە کە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا لە ١٩٧٩ بە دامەزراوەیی کرا، کە لە نەبوونی ئیمامی دوازدەهەمدا دەسەڵاتی باڵای سیاسی هی مەلایەکی پلەبەرزی شیعەیە کە بە نوێنەرایەتی ناوبراو حوکمڕانی دەکات) هەر ئێستا وێران بووە. لە ژێر سەرۆکی ئێستایدا، نەعیم قاسم، جووڵانەوەکە هێشتا گوێڕایەڵبوون بۆ وەلی فەقێ وەک ئەرکێکی ئایینی سەیر دەکات، نەک ئاسانکارییەکی سیاسیی ئاسایی. جێگرتنەوەیەکی بنەماڵەیی دروست ئەو ئیدیعا ئایینییە بنکۆڵ دەکات کە دەسەڵاتی تارانی بە سەر جووڵانەوەکەدا کردووەتە شتێکی زیاتر لە پرسی مامەڵە کردن. بەپێچەوانە، حوسییەکان لە نەریتێکی زەیدی دیاریکراوەوە هەڵقوڵاون (لقێکی ئیسلامی شیعە، کە بە شێوەی نەریتی لە یەمەن و چەند بەشێکی باکووری ئێران هەن، کە دان بە ڕێبەریی بۆ نەوەکانی سەلمێنراوی عەلی و فاتیمە بەهۆی لێهاتوویی و چالاکی دادەنێن تا میراتگریی نەگۆڕ کە تایبەتمەندییەکی سەرەکی شیعەی دوازدە ئیمامییە). ئەوان کەمتر ڕاستەوخۆ بە دۆکترینی مەلایی تارانەوە بەستراونەوە، ئەگەرچی دەسەڵاتی ئێرانییەکان گەشەی ئایدیۆلۆژیکی و سەربازیی ئەوانی داڕشتووە. بۆ ئەوان ئاڵوگۆڕی جێگرەوە کاریگەریی کەمتری لە سەر کردارەکانیان دەبێت، بەڵام هۆکاری زۆرتر بۆ سەیر نەکردنی تاران، لە لایەن ئەوانەوە، وەک خاوەن دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیک دەستەبەر دەکات. میلیشیاکانی عێراق دەکەونە دۆخێکی بەینابەینی، بە هەندێک لایەنەوە کە بەرەو هەڵوێستێکی نەتەوەپەرستانەی زۆرتر یان ئەقڵانییەتی پارێزگارانە دەچن، کە ڕێبەرێکی گەورەی لاواز لەجیات ئافراندنی ئەو ڕێچکەیە، خێراتری دەکات.

ئاکامە گریمانە بۆ کراوەکە ئەوە نییە کە سەرجەم لایەنە میلیشیاییەکان لەناکاو جیا ببنەوە. ئەوە زۆرتر بەو مانایەیە کە

بەشی: چوارەم

بواری ئایدیۆلۆژیکی هاوتەریب بوون لەگەڵ تاران کاڵتر دەبێتەوە. لەگەڵ تێپەڕینی کات، ڕایەڵەکە لە جیات جووڵانەوەیەک، زۆرتر دەبێتە تاقمێک بریکار، نوێنەری بازرگانیی و بەستراوەی ئاسایشی. ئەوە دەسەڵاتێکی هەژارتره و بەخێو کردنەکەی پڕتێچووتر، بە تایبەت بۆ دەوڵەتێک کە هەر ئێستا لە ژێر ئابلۆقەی سەربازیی و ئابووریدایە.

## بنەماکانی هەرەسهێنان

کۆماری ئیسلامی قەت تەنیا بە زۆرەملێ کردن حوکمڕانی نەکردووە. سپای پاسداران، میلیشیای بەسیج، سێمینار و ڕایەڵە ناوچەییەکان هەموویان بەو بیرۆکەیە دەژیان: کە ئەوان تەنیا خزمەتی دەوڵەتێک ناکەن، بەڵکوو هی پەرگالێکی ئایینی لە ژێر چاوەدێریی مەلایەکی لێهاتوو. ئەو ئیدیعایە لە ترۆپکەکە بسڕەوە و دامەزراوەی ژێرەوەی تایبەتمەندییەکەی دەگۆڕێت. سپای پاسداران کەمتر دەبێتە پارێزەر و زۆرتر وەک دانەری ڕێبەری گەورەی لێدێت. دامەزراوەی مەلاکان لە سەرچاوەی دەسەڵاتەوە دەبێتە کۆڕێک بۆ پەسەند کردنی دەسەڵات پاش دانانی. ئەو لێکۆڵەرانەی بەدواداچوون بۆ سیاسەتی سپای پاسداران دەکەن چەند ساڵە هۆشداریی دەدەن کە دەسەڵاتی ڕەهای سپای پاسداران دەتوانێت کۆماری ئیسلامی بکاتە دەوڵەتێکی سەربازیی کە تەنیا تۆزقاڵێک ڕەوایی ئایینی دەبێت. بەرزکردنەوەی پلەی موجتەبا خامنەیی ئەو چرکەساتە بوو کە ئەو هۆشدارییە چیدیکە وەک تیۆری نەما.

ئەوە بە مانای هەرەسهێنانی دەستبەجێ نییە. حکوومەتە ملهۆڕەکان دەتوانن ماوەیەکی زۆر پاش درزکەوتن لە بناغە ئایدیۆلۆژیکییەکەیان درێژە بە مانەوە بدەن. ڕێژیم کاکڵێکی سەختی لە لایەنگران و توندئاژۆیانی وەها ڕێکخراوی هەن کە بتوانن نارەزایەتییەکان سەرکوت بکەن. بەڵام ڕێژەی لایەنگرانی گەلێک لەو ئاستە نزمترە کە کۆماری ئیسلامی سەردەمێک هەیبوو. لە هەڵبژاردنی مارچی ٢٠٢٤ بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنی پسپۆڕان، تەنیا ٢٥ میلیۆن لە کۆی ٦١ میلیۆن ئێرانیی خاوەن مافی دەنگدان دەنگیان دا، پاش ئەوەی شوڕای نیگابان پێشیان بە بەربژێر کرانی ناوەندییەکان و ڕیفۆرمخوازەکان، لە ناویاندا سەرۆککۆماری پێشوو حەسەن ڕۆحانی بۆ هەر ئەو دامەزراوەیە گرت کە ئەرکی هەڵبژاردنی ڕێبەری گەورەی لە ئەستۆیە. ڕێژیم هێشتا دەتوانێ بەرگریکارانی بورووژێنێت. بەڵام گەلێک لەو ئیدیعایە دوورە کە نوێنەرایەتی ئاپۆڕای جەماوەر دەکات.

ڕێژیمێک کە نەتوانێت ڕەواییەکەی نوێ بکاتەوە ناچارە چاوەدێریی بە قەناعەت پێهێنان، پارێزگاریی بە کاریزما و میلیتاریزەکردن بە هاوسەنگیی دامەزراوەیی بگۆڕێتەوە. ئەو بەزەبرتر، بەڵام لە هەمان کاتدا ناسکتریش دەبێت. ڕێبەرانی

زۆرتر لەمەڕ ئاسایشی نەتەوەیی دەدوێن چونکە کەمتر دەتوانن بە ناوی بایەخە شۆڕشگێڕییەکانەوە قەناعەت بە خەڵک بێنن. ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان دژوارتر دەبێت چونکە دانپێدانان بە هەڵە هەڕەشەیە بۆ سەر ئەو بنەما تەنکەی دەسەڵات کە ماویانە. جێگرەوە بە گوێرەی بەرەبب سیستەمی ئەوتۆ بە نەرم و نیانی لاواز ناکات. ئەو بە چەقبەستوویی، گومانداریی و بەسترانەوەی هەرچی زۆرتر بە دامودەزگای داپلۆسێنەرە کە لە یەکەم شوێن دەبێتە هۆی ئافراندنی گیروگرفت.

هێرشی ئاسمانی ڕەنگبێ زەرەر بە ڕێڕەوی فڕین، بەندەرەکان، ناوەندەکانی فەرماندەیی و ژێرخانی نەوتی ئێران خێراتر لە هەرجۆرە دژوازییەکی نێوخۆیی بدات. بەڵام وێرانیی فیزیکی زۆرجار دەکرێ نۆژەن بکرێنەوە. ئەفسانەی سیاسی ناتوانێت نۆژەن بکرێتەوە. کۆماری ئیسلامی بە ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتداریی بە میراتگیراو سەری هەڵدا و دەسەڵاتی مەلایانی تێکەڵی باوەڕی ئایینی کرد و بەڵێنی دا ڕەواییەکەی لە بایەخە ئیسلامییەکانەوە سەرچاوە بگرێت، نەوەک خوێن. بە بەرزکردنەوەی پلەی موجتەبا خامنەیی، پەیامێکی دیکە نێردراوە: کە لە ساتەوەختی یەکلاکەرەوەدا، شۆڕش بوو بە پرسێکی بنەماڵەیی. ڕەنگبێ موجتەبا خامنەیی ملکەچیی بۆخۆی مسۆگەر بکات. ئەو ڕەنگبێ تەنانەت تەمەنی سیستەمەکە درێژ بکاتەوە، بەڵام کۆمارێکی شۆڕشگێڕ کە ڕوو دەکاتە دەسەڵاتی بنەماڵەیی، توانایی خۆڕاگرییەکەی پێشان نادات. ئەوە دەستپێکی هەرسهێنانی وردە وردەیەتی.

١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## پاش وەرگرتنی زانیاری لەمەڕ "هێرشی کۆتایی"، بژارەکانی ترامپ لە بەرانبەر ئێراندا کامانەن؟



**ئیندێپێندێنت – جەیمز سی ڕەینۆڵدز**

لە کاتێکدا کە کێشەکە دوورە لە کۆتایی فەرمی، دەڵێن وڵاتە یەکگرتووەکان خەریکی هەڵسەنگاندنی بژاردەکانە. بە گوێرەی هەواڵەکان، دۆناڵد ترامپ لە لایەن فەرماندە پلەبەرزەکانی سەربازییەوە لە ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی مانگی ئاپریل (١٠ی بانەمەڕ) زانیاریی لەمەڕ بژارەکانی دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دژی ئێران بە ئامانجی ناچارکردنی ڕێژیم بۆ ڕێککەوتنێک بە مەبەستی کۆتایی جەنگ پێ گەیشتووە.

لەگەڵ پێداگریی بەڕێوەبەرایەتییەکە کە ئاگربڕە لەرزۆکەکە بە شێوەی کاریگەر دوژمنایەتییەکانی نێوان دوو لایەنی "کۆتایی پێهێناوە،" بە گوێرەی کەسانی خاوەن زانیاری، گفتوگۆکانی پشت دەرگا داخراوەکان گەڕاوەتەوە بۆ بۆمبارانکردنی ئێران. سەرچاوەکانی خاوەن زانیاری لەمەڕ گفتوگۆکان بە "ئاکسیۆس"یان گوت: ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان پلانێکی بۆ شەپۆلێکی "کورت و بەهێز" لە هێرش بۆ سەر ئێران، کە وێدەچێ ژێرخانەکان بە ئامانج بگرێت، پێشکەش

کردووە.

بە گوێرەی هەواڵەکان بژارەی دیکەش کە بیری لێ کراوەتەوە، ئۆپەراسیۆنی هێزە تایبەتەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی یەدەگی ئۆرانیۆمی پیتێنراو تا پلەی بەرز بووە. وڵاتە یەکگرتووەکان هێزێکی بەرچاوی دەریایی و هەزاران سەربازی لە ناوچەکەدا هەن. لە کاتێکدا ترامپ دەڵێ پێیوایە گەمارۆی هەنووکەیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر کەشتیوانیی ئێرانی کە ڕەچاوی دەکات گەلێک لە هێرش کاریگەرترە، چوونەسەری نرخی سووتەمەنی لە نێوخۆی ئەمریکا گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆ تێپەڕین لە دۆخی چەقبەستووی ئێستا و کۆتاییهێنان بە جەنگ. لەگەڵ هەڕەشەی ئێران بۆ بەرپەچدانەوەی توندی هەر جۆرە کردەوەیەکی سەربازیی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیندیپێندێنت پێداچوونەوەیەک بە بژارەکانی ترامپ بۆ گوشارخستنە سەر ئێران دەکات.

## هێرشی سەربازی

وڵاتە یەکگرتووەکان بنکەی سەربازیی ستراتیژیی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و توانایی هاویشتنی هاژەکی لە پاپۆڕە جەنگییەکانیەوە لە ناوچەکەدا هەن. ئەگەرچی پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری "یو ئێس ئێس جێراڵد ڕ. فۆرد" ئامادەی کشانەوە لە ناوچەکەیە، ژمارەیەکی زۆر توانایی سەربازیی هێزی دەریایی لە ناوچەکەدا بەو مانایەن کە پاپۆڕەکانی و ژێردەریاییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانن لە سەدان مایل ئەولاترەوە هاژەک ئاراستەی ئامانجەکانی ئێران بکەن.

وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها ئەنباری بەرچاوی هاژەکی زەمینی و سیستەمی تۆپخانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەن و بۆمبهاوێژەکان دەتوانن لە سەرانسەری ناوچەکەوە هێرشی بەرچاو ئاراستە بکەن. بە گوێرەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک و نێودەوڵەتییەکان لە واشینگتۆن، هێرشە تۆڵەئەستێنەکانی ئێران لە کاتی کێشە پێنج هەفتەییەکەدا کەلێنی بەرگریی ئاسمانیی ئاشکرا کرد و کەلوپەلی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان بایی ٢,٣ هەتا ٢,٨ میلیارد دۆلار لەناو چوون. بەڵام لێکۆڵینەوەیەک لە حەوت چەک کە مانگی ڕابردوو بڵاو کرایەوە، بەو ئاکامە گەیشت کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێندەی هاژەک هەن کە بتوانێت "لە کاتی هەر جۆرە سیناریۆیەکدا" درێژە بە جەنگ بدات. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک و نێودەوڵەتییەکان مەزەندە دەکات کە یەدەگی هاژەکی تۆماهۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە دەکرێت هەم لە دەریاوە و هەروەها لە وشکانییەوە ئاراستە بکرێن، پێش قەیرانەکە ٣٠٠٠ دانە بوون کە یەک لەسەر سێی ئەم ڕێژەیە کەڵکیان لێ وەرگیراوە. چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو ژمارەیەکی زۆرتر ڕادەستی سپای ئەمریکا بکرێن. تەنانەت ئەگەر ئەوە ڕاستیش

بێت، وڵاتە یەکگرتووەکان هەزاران جێگرەوەی هەرزانتری هەن، لەوانیاندا ١٤٠ - ١٨٠ هەزار بەستەی JDAM، کە توانایی پێکانی دروستی ئامانجەکان بە بۆمبی "گەمژە" دەدات.

کاربەدەستێکی پلەبەرزی سپای پاسدارانی ئێران گوتی هەر هێرشێکی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران، تەنانەت سنووردااریش، دەبێتە هۆی دەستپێکی "هێرشی درێژمەودا و بەژان" بۆ سەر بنکە ناوچەییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان. هەواڵدەرییەکانی ئێران لە زمان فەرماندەی هێزی ئاسمانی مەجید مووسەوی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: "ئێمە دیتوومانە بنکە ناوچەییەکانیان تووشی چ چارەنووسێک بوون، ئێمە دەبینین هەمان شت تووشی پاپۆرە جەنگییەکانیان بێت".

## هێرشی زەمینی

لەو کاتەوەی کێشەکە دەستی پێکرد، وڵاتە یەکگرتووەکان هەزاران سەربازی گواستووەتەوە و تێکەڵی نزیکەی ٤٠ هەزار ئەندامی هێزە سەربازییەکان بوون کە پێشتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێگیر کرابوون. لە کاتێکدا کە دابەزاندنی هێزی سەربازی لەسەر خاکی ئێران هێشتا لە ڕوانگەی دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ناخۆشەویستە، ترامپ ئاماژەی بەوە کردووە کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانن بۆ ئۆپەراسیۆنی سنووردار بۆ گرتنی دوورگە بچووکەکانی ئێران بە مەبەستی کۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن بە گەرووی هۆرمۆز کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

لە کاتی هێرشی پێشوودا، بە گوێرەی هەواڵەکان لە کاتی زانیاریدان بە سەرۆککۆمار، دوورگەی قێشم وەک ئامانجێک بۆ هێرشی زەمینی بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێران بەسەر گەرووی هۆرمۆزەوە و هەروەها دوورگەی خارگ وەک خاڵی سەرەکیی هەناردەکردنی نەوتی ئێران باسیان لێوە کراوە. ئەم دوورگەیە بە ڕووبەری ٥٥٨ مایلەوە لە دەرەوەی خاکی سەرەکیی ئێران هەڵکەوتووە و "شارێکی" ژێرزەمینیی هاژەکەکانی لێ دروست کراوە و بۆ هێرش بۆ سەر پاپۆڕەکان لە ڕێڕەوی دەریاییدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.

دوورگەی قێشم: پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری ئێران بۆ پاسەوانیی گەرووی هۆرمز کە ناتوانرێ نوقمی دەریا بکرێت.

بە گوتەی جان کەسەپئۆغلو، لێکۆڵەرێکی بەرگری، وێنەی مانگی دەستکرد پیشان دەدەن ئێران "ژمارەیەکی بەرچاو هاژەکی دژەپاپۆڕ کە لە ژێرزەوییەوە ئاراستە دەکرێن لە قێشم" جێگیر کردوون. لە کۆتاییەکانی مانگی مارس ، لەگەڵ

## بەشی: چوارەم

بەڕێوەچوونی جەنگ، ناوبراو لە ئەنستیتۆی هادسۆن (ناوەندێکی توێژینەوەی کۆنەپارێز لە واشینگتۆن) نووسی: "هەر هەڵمەتێکی ولاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە وێدەچێت بۆ سەر دوو دوورگەی یەکلاکەرەوە بەڕێوە بچێت: خارگ و قێشم." دوورگەی خارگ شوێنی هەناردەکردنی ٩٠٪ی نەوتی ئێرانە، ئەگەرچی گەمارۆی سەربازیی ولاتە یەکگرتووەکان تا ڕادەیەکی زۆر چالاکیی بازرگانی بەرەو ئێران و بە پێچەوانەی ڕاگرتووە.

### گەمارۆی بەردەوامی ولاتە یەکگرتووەکان

دۆناڵد ترامپ ئەم هەفتەیە بە ئاکسیۆسی گوتووە ئەو هێشتا گەمارۆکە وەک "کاریگەرتر لە بۆمبارانکردن" سەیر دەکات، ئەمە نیشانەیەکە کە ڕەنگبێ بەو مانایە بێت ناوبراو خوازیاری پاراستنی دۆخی ئێستا بێت، کە ئەو دەڵێت ڕۆژانە تێچووی ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ئێران بەدواوەیە.

بە گوێرەی "ڤۆرتێکسا" (کۆمپانیایەکی لێکۆڵینەوەی نەوت)، ژمارەی پاپۆڕە نەوتهەڵگرەکانی ئێران کە کەنداوی عوممانیان لە ١٣ تا ٢٥ی ئاپریل جێهێشتووە، لە بەراورد لەگەڵ هەمان مەودا لە مانگی مارسدا، ٨٠٪ دابەزیوە. لەگەڵ بەردەوامبوونی گەمارۆی دەریایی، ئابووریی پشتبەستوو بە نەوتی ئێران تووشی نەهامەتی بووە و دراوی ئێران (ڕیاڵ) لە بەرانبەر دۆلاری ئەمریکادا، لە ڕۆژی چوارشەممە تا ئاستێکی پێوانەیی دابەزیوە.

چوونەسەری نرخی نەوت و پێداویستییەکانی دیکە لەبەر بەستنی گەرووی هۆرمز لە لایەن ئێرانەوە، هەروەها بووەتە هۆی چوونەسەری گوشاری سیاسی و ئابووری لە ولاتە یەکگرتووەکان. بە گوتەی پاتریک دێهان، سەرۆکی کۆمپانیای لێکۆڵینەوەی نەوت بە ناوی "گاس بادی" کە ڕۆژانە نرخی بەنزین بڵاو دەکاتەوە، هەڵاوسانی نرخی بەنزین بووەتە هۆی چوونەسەری ڕۆژانەی تێچووی ٣٠٠-٤٥٠ ملیۆن دۆلار بۆ خەڵکی ئەمریکا.

دکتۆر ڤالێنتین بۆبۆک، ئابووریناسی پلەبەرزی ئەنستیتۆی توێژینەوەی کاروباری ئابووری، بە ئیندیپێندێنتی گوت کە تێچووی ولاتە یەکگرتووەکان "زۆرتر سیاسی" دەبێت، بە نرخی بەنزین لە نێوخۆ وەک "بەرپرسیارێتیی گرنگ" لە هەڵبژاردنەکانی نیوەی دەورەی بەڕێوەبەرایەتی لە مانگی نۆڤەمبەردا. ئەو گوتی لە لایەکی دیکەوە، هاوپەیمانانی کەنداو ڕەنگبێ لەبەر نەبوونی ئاسایشی دەریایی درێژخایەن بێئۆقرە بن.

## داوای یارمەتی لە هاوپەیمانە ئوروپاییەکان

ترامپ بەردەوام ڕەخنەی لە هاوپەیمانەکانی لە ناتۆدا گرتووە کە لە تێوەگلان لە جەنگدا دوودڵن. لەم دواییانەدا پێنتاگۆن باسی سزادانی ئەم هاوپەیمانانەی کردووە کە لە ڕوانگەی پێنتاگۆنەوە پشتگیرییان لە ئۆپەراسیۆنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان نەکردووە، لەوانیاندا هەڵپەساردنی ئەندامەتیی ئیسپانیا و پێداچوونەوە بە دانپێدانانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە دوورگەکانی فالکلاند وەک موڵکی بەریتانیا.

ئەمە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، بێتوو واشینگتۆن بەو ئاکامە بگات کە پێویستی بە پشتگیریی ئورووپاییەکان بۆ کردنەوەی گەرووی هۆرمۆز دەبێت، لە کاتێکدا ئێران باسی درێژەدان بە کۆنترۆڵ بەسەر گەرووی هۆرمۆزەوە دوای کۆتاییی جەنگ کردووە. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، بەریتانیا و فەڕانسە پێکەوە دەیان وڵاتیان بۆ باس لەسەر یارمەتیدان بە هاوپەیمانییەک کۆ کردووەتەوە تا یارمەتیدەری دڵنیابوون لە تێپەڕینی بێ گیروگرفت بە گەرووی هۆرمۆزدا بن، بەڵام تەنیا دوای کۆتاییی کێشەکە.

بە گوێرەی "والستریت ژۆرناڵ"، ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکان داوای پشتگیریی وڵاتانی دیکەی بۆ پەیوەستبوون بە هاوپەیمانییەکی هاوشێوە بۆ سنووردارکردنی دەسترۆیشتوویی ئێران پاش کۆتاییی جەنگ کردووە. والستریت ژۆرناڵ، بە ئاماژە بە لێدوانێکی نێوخۆیی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتی: هاوپەیمانییە پێشنیارکراوەکە، کە ناوی "دامەزراوەی ئازادیی دەریایی" لێنراوە، زانیاری هاوبەش دەکات، هەوڵە سیاسییەکان ڕێک دەخات و یارمەتیدەری جێبەجێکردنی گەمارۆکان دەبێت.

لە لێدوانەکەدا هاتووە: "دامەزراوەی ئازادیی دەریایی وەک یەکەم هەنگاوی گرنگ بۆ دامەزراندنی ئاسایشی دەریایی دوای جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێت. ئەم چوارچێوەیە بۆ دڵنیابوون لە ئاسایشی درێژخایەنی وزە، پارێزگاری لە ژێرخانی گرنگی دەریایی و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی کەشتیوانی لە ڕێڕەوە دەریاییە ژینەکییەکان فرە گرنگە.

**لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ نیشانەیەک لە ویستی هاوپەیمانانی ئەمریکا بۆ پەیوەستبوون بە هێرش بۆ سەر ئێران بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە دۆخی چەقبەستووی ئێستا لەبەر دەستدا نییە.**

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## دادپەروەری و سەرکەوتن لە جەنگدا



ئیسرائیل حەیوم – داوید و. واینبەرگ

جەنگ دژی ئێران هۆکارێکی پتەوی هەبوو و لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە سەرکەوتوو بوو. حاشاکردن لەم ڕاستییە ناپاکییە. ئۆپەراسیۆنی تووڕەیی ئەفسانەیی و شێری خرۆشاو ئامانجە ستراتیژییە سەرەکییەکانیان دەستەبەر کرد: ڕاگرتنی گەشەی ئێران بەرەو توانایی دروستکردنی چەکی ناوکی و لاوازکردنی بەرچاوی بەرنامەی هاژەکی بالیستیکییەکەی، کە هەر دووکیان هەڕەشەی گەورە بوون بۆ سەر ئیسرائیل، وڵاتانی عەرەبی و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا. حاشاکردن لەمە ناپاکییە. ئەم ئیدیعایە کە جەنگەکە بێجگە لە گێچەڵێکی بێباکانە شتێکی دیکە نەبوو و شکستێکی بە تەواو مانا بوو، تەنیا ئیرەیی سیاسییە.

بڕوانە هەڕەشەی ڕوون و ئاشکرای ئێران، پێش جەنگەکە و هەروەها لە ئێستادا. ئەو نزیکەی پێنجسەد کیلۆ (٤٤٠ کیلۆگرام) ئۆرانیۆمی زۆر پیتێنراوی هەبوو، کە تا نزیکەی ئاستی پێویست بۆ چەکی ناوکی پیتێنرابوو و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی

بەشی: چوارەم

ناوکی گوتبووی: ئێرانییەکان بە یەک حەفتە دەتوانن سووتەمەنیی پێویست بۆ ٩ بۆمبی ناوکییان هەبێت. ئەمە، پێشێلکاریی سەرجەم سنوورەکانی ڕێککەوتنە ناوکییەکە بوو کە ئێران لەگەڵ ڕۆژاوا واژۆی کردبوو. بە هەمان شێوە ئێران مانگانە ١٠٠ هاژەکی دروست دەکردن و بەرەو دۆخێک دەچوو کە لەوێدا پەدەگی هاژەک و درۆنەکانی ئێران دەیتوانی بەرگریی ئیسرائیل و سەرجەم بنکە سەربازییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا نوقم بکات. ئێران هەروەها ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی ناوکی و هاژەکییەکانی دەگواستەوە بۆ قووڵایی ژێر زەوی تا لە هێرشی کاریگەر دژی ئەوان بیانپارێزێت.

لە هەوڵێکی هاوبەشی مێژووییدا کە ١٥ هەزار هێرشی ئاسمانی لە ماوەی شەش حەفتەدا کران، هێزە ئاسمانییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بەرگریی ئاسمانیی ئێرانیان خاپوور کرد، هێزی دەریایی و ئاسمانیی ئەم ولاتەیان تەفروتوونا کرد، هاژەکهاوێژەکانیان، جبەخانە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵەیان لەنێو بردن و وێستگەی کارەبا و وزەیان تێک ڕووخاندن کە وزەی پێویستیان بۆ پیشەسازییەکانی ناوکی و هاژەکی بالیستیکی دابین دەکرد، زانا و پسپۆڕە سەرەکییەکانیان کە دەوری یەکلاکەرەوەیان لە پیشەسازییەکانی ناوکی و هاژەکیدا دەگێڕا کوشت، هەزاران فەرماندە و ڕێبەرانی هێزەکانی سەرکوتی نێوخۆیی و دەیان ڕێبەری توندڕەوی ڕێژیمی مەلایانیان کوشت، کە ڕەواییان بە گەشەکردنی هێژەمۆنیخوازانە و کۆمەڵکوژانەی ئێران دەدا.

تەنانەت بەبێ دەستبەسەرداگرتنی ئورانیۆمی زۆر پیتێنراوی ئێران (کە بەگوێرەی ڕاپۆرت لە ژێر داروپەردووی بنکەیەکی ئەسفەهاندا پاش هێرشی ئۆپەراسیۆنی چەکوشی نیوەشەو لە ساڵی ڕابردوودا چاڵ کراوە)، وێدەچێ ئێران هیچ توانایییەکی بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبێکی ناوکی لە ئێستادا نەبێت، چونکە سەرجەم زنجیرەی بەرهەمهێنانی پێویست بۆ چوونی ئێران بەرەو دروستکردنی بۆمبی ناوکی لە بۆمبارانەکاندا پێکراوە.

جەنگەکە بە هەمان شێوە ئەم چاڵە ئابوورییەی قووڵتر کرد کە ئێران تێیدا نوقم بووە. ولاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل گەلێک ژێرخانیان بۆمباران کردن کە بێجگە لە کارایی مەدەنی هەروەها کارایی سەربازییشیان هەبوو، لە نێویاندا ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی پێترۆشیمی و پۆڵا کە بەسەر یەکەوە ٪١٥ی بەرهەمی نێوخۆیی گشتیی ئێران و ٪٦٠ی بەرهەمی پیشەسازیی نانەوتی پێک دێنن.

گەمارۆی هەنووکەیی ولاتە یەکگرتووەکان لە گەرووی هورمز ئەگەری پچڕاندنی دوایین شادەماری ئابووریی ئێرانی هەیە، واتە داهاتی نەوت، کە ٪٥٠ی بودجەی دەوڵەت لەم داهاتە دابین دەبێت. بەگشتی، ئێران سامانی ستراتیژی، سەربازی،

ژێرخانی و ئابووری لەکیس چوون. پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو تێکرما، چونکە بە زیاتر لە ٦٠٠٠ هاژەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشی کردە سەریان و بووە هۆی تەریککەوتوویی ناوچەیی پێشتر نەبینراو.

جێگای ئاماژەیە، ئێران هەوڵی دا بەرپەرچێکی سەربازیی واتادار بەرانبەر بە هێزەکانی ئەمریکی و ئیسرائیلی بداتەوە، جا بە تواناییەکانی خۆی بووبێت یان بە هی بەکرێگیراوەکانی. ئاشکرا بوو کە ڕایەڵەکانی بەرگریی ئێران و دامودەزگا هەواڵگرییەکانی کە گوایە فرە لێهاتوون، بەپێچەوانە گەلێک هەنۆکەن (قۆڕن). ئێرانییەکان بە چاوی خۆیان زەلیلکرانی ڕێژیمیان دیت.

ئەمە ڕووداوێکی گرنگ بوو هۆیەکەی ئەمە بوو کە کەلێنی نێوان فڕوفیشاڵی ئیسلامی توندڕەوی ئاشکرا کرد، چونکە ئەم پڕوپاگاندایە ئێرانی وەک زلهێزێکی گەشەسەندووی وێنا کردبوو کە خەریکی دارشتنەوەی ناوچەی دەوروبەری خۆیەتی. جەنگەکە بە هەمان شێوە ڕەوایی نێوخۆیی ڕێژیمیشی لێک هەڵتەکاند. دەوڵەتێک کە دەسەڵاتەکەی پشت ئەستوور بە پشتگیریی ڕاستەقینە بێت، پێویست ناکات بۆ چۆڵکردنی شەقامەکان لە نارەزایەتی پەنا بۆ کۆمەڵکوژی ببات.

بێگومان، هەڵسوکەوتی ئێران لە کاتی جەنگەکەدا پێویستیی ڕوودانی ئەم جەنگەی پشتڕاست کردەوە. کۆماری ئیسلامی هێرشی بێبەزەییانەی هاژەک و درۆنانی ئاراستەی دراوسێ عەرەبەکانی کرد، بۆمبی هێشوویی دژی خەڵکی مەدەنیی ئیسرائیل بەکار هێنا، گەمارۆی خستە سەر گەرووی هۆرمۆز و، بە توانایی هاژەکیی کە تا ئەو کاتە شاراوە بوو، هێرشی کردە سەر چەند خاڵێک کە فرە لە ناوچەکە دوورتر بوون. کردەوەکانی ئێران بە ڕوون و ئاشکرا پیشانی دا کە بۆ متمانەپێکردن نابێت، پیشانی دا کە هەڕەشەیەکی مەزنە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەیی و جیهانی و، دەبێ پێشی پێ بگیرێت تا نەتوانێت چەکی ناوکی بەرهەم بێنێ و بیهاوێژێت. بەکورتی، جەنگە شەش حەفتەیەکە بەهۆ و ئامانجی یەکپارچە بەڕێوە چوو. ئەم جەنگە هەوڵێکی ڕەوشتی و پێویست بوو، جەنگەکە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەرکەوتوو بوو و، دۆخە ستراتیژییەکەی باشتر کرد. هەڕەشە دەستبەجێیەکانی ئێرانی بێکەڵک کرد، تواناییە ستراتیژییەکانی ئێران تووشی زەرەری بەرچاو بوون (ئەگەرچی دەکرێ پێچەوانە بکرێنەوە) و، سەقامگیریی ڕێژیم تووشی هەژانی بەرچاو بووە، ئەگەرچی بتوانێ بۆ ماوەیەک درێژە بە ژیان بدات.

ئەمریکا و ئیسرائیل ئێستا کە لە جەنگدا سەرکەوتنیان مسۆگەر کردووە، دەبێ براوەی گوتارەکە لەمەڕ جەنگەکە بن، پێداگر بن لە سەر ڕەوشتیبوونی هەڵمەتەکە و جەخت بکەنەوە کە سنوورە دژوارەکانی سەپێنراو بەسەر ئێراندا

## بەشی: چوارەم

دادپەروەرانەن. پارێزگاری کردن لە دەستکەوتەکانی جەنگ پێشگرتن بە خۆگرتنەوەی ئێران دەخوازێت، تا ئەم کاتەی ئێران واز لە بەرنامە سەربازییە هەڕەشەئامێزەکانی و هەڵوێستە شەڕەنگێزییەکەی لە ناوچەکەدا بێنێت. تەنیا ڕێگای خۆگرتنەوەی ئێران، قبووڵکردنی هێورکردنەوە بەگوێرەی مەرجەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانە.

بۆ ئەم مەبەستە، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ چنگ لە قورگی ئێران بەرنەدات (هیچ سووککردنێکی بەرچاوی گەمارۆکان لە ئارادا نەبێت)؛ تەریکخستنەوەی ئێران (پێش بە نزیکبوونەوەی وڵاتانی ئورووپی و عەرەبی کەنداو لە ئێران بگیرێت)؛ گوشاری سەربازی لە سەر ئێران بپارێزێت (هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نابێ بەمزووانە لە ناوچەکە پاشەکشە بکەن)؛ بە چڕی چاودێریی ئۆرانیۆمە پیتێنراوەکەی بکات (و دیسان هێرش بکرێتە سەر هەر بنکەیەکی گەشەکردنی ناوکیی دیسان چالاک کراو) و؛ پشتگیری لە سەرهەڵدانی جووڵانەوەیەکی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بکرێت (چەکوچۆڵیان بۆ دابین بکرێت).

تا ئەو جێیەی پەیوەندیی بە ئیسرائیلەوە هەیە، ئیسرائیل دەبێ وانەی گرنگی لەمەڕ بەردەوامی و دەستپێشخەریی دۆخی بەرگریی خۆی لە نێویاندا بالادەستیی ستراتیژی دژی مەزنترین و دوورترین دوژمنەکانی وەرگرتبێت. بە پلاندانانی سەربازی، جێبەجێکردنێکی فرە نایابەوە و، بە هاوپەیمانیی لێبڕاوانە لەگەڵ زلهێزێک، ئیسرائیل بەسەر ئێراندا سەرکەوت و دەتوانێ دیسان سەرکەوێت.

ئەگەرچی ئێران دە هێندەی ئیسرائیل گەورەیە و هەزاران کیلۆمەتر لێی دوورە و، پشتگیریی لە چوار سپای بەکرێگیراو لە سنوورەکانی ئیسرائیلدا دەکرد کە دەیان هەزار هێزی چەکدار و سەدان هەزار تۆپ، هاژەک و درۆنیان هەبوون، بەڵام ئیسرائیل بەسەریاندا سەرکەوت.

بەهەمان شێوە دانبەخۆداگرتنی ئیسرائیلییەکانیش فرە گرنگە، کە پیشانیان دا ئەوان قارەمانانە لە بەرانبەر جەنگی هەمەلایەنە لەگەڵ ئێران، کە بەکردەوە دوو جەنگ لە ماوەی ساڵێکدا بوون، خۆڕاگری دەکەن.

تەنانەت لە دژوارترین ڕۆژەکانی جەنگەکەدا، کە جەنگ بە چڕی لە ئارادابوو، ئابووریی وڵات درێژەی بە کاری خۆی دا. لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا ئەو ڕێگایانەی بەهۆی بەرکەوتنی هاژەکی دوژمن تووشی زەرەر بوون، خاوێن کرانەوە، نۆژەن کرانەوە و بۆ هاتووچۆی هاووڵاتییان ئاوەڵا کرانەوە. دیسیپلینی ڕەچاوکردنی ڕێنوێنییەکانی پەیوەندیدار بە بەرگریی

بەشی: چوارەم

نیشتمانییەوە فرە سەرنجڕاکێش بوو. بنەماڵەکان جەژنەکانی پوریم و پاکیان بە شێوەیەکی ئاسایی لە ماڵەکانیان بەڕێوە برد. ئیسرائیلییەکان خۆڕاگرن.

دژوارییەکان بایەخی ئەزموونکردنیان هەبوو. هەر چۆنێک بێت، ئەم شەڕە لەدژی سەرهەڵدانی ئێرانێکی تەیار بە چەکی ناوکی و هەزاران هاژەکی بالیستیک بوو و مانەوەی دۆخی پێشوو لەڕادەبەدەر خراپتر لەو دژوارییانە دەبوو کە ئیسرائیلییەکان ناچار بوون خۆی لە بەرانبەردا ڕابگرن و لەو شەڕەدا تێچووی بۆ بدەن.

١١ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

# ڕوانگەی دونیای عەرەب لەمەڕ جەنگ دژی ئێران




**زەینەب ڕیبوا**

ڕووماڵکردنی ڕۆژاوایی لە ئۆپەراسیۆنی تووڕەیی ئەفسانەیی، نزیکەی بە تەواوی بەگوێرەی مەرجەکانی ئێران جێبەجێ دەکرێت. چوارچێوەی زاڵ بەسەر لێدوانەکانی ئوورووپایی و ئەمریکاییدا، کۆماری ئیسلامی وەک لایەنێکی ناڕازیی خاوەن گوتاری "مقاومەت" وێنا دەکەن و گفتوگۆکان لە میدیا ئاساییەکان و لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیادا بە شێوەیەکی بەربڵاو لە دەوری بانگەشەکانی ئێران، لەمەڕ خۆڕاگریی ئێران و ئەوەی ئێران دەوێرێت هەڕەشەی لێ بکات، ڕێکخراون.

ئەم چوارچێوەیە کەلێنێکی زەبەلاح لە وێنەکەدا بەجێ دەهێڵێت و کەلێنەکە دونیای عەرەبە؛ شارستانییەتێک کە چل ساڵی ڕابردووی بە سەیرکردنی بنکۆڵکرانی بناغە دامەزراوەیی، ئایینی و کولتوورییەکانی خۆی لەلایەن ئێرانەوە تێپەڕ کردووە. بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بەڕاستی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا ڕوو دەدات، چاودێرێکی ڕۆژاوایی پێویستە هاوکات سێ تەوەر لەبەرچاو بگرێت، پێکهاتەی گفتوگۆی سیاسیی ڕۆژاواییش ئەگەر نەڵێین لە هێندێک دۆخدا ناموکین، لانی کەم ئەم کارە فرە دەژوار دەکات.

**بەشی: چوارەم**

**سێ شت کە ڕۆژاوا ناتوانێ ببینێت:**

**یەکەمیان؛** پەیوەندیی عەرەب لەگەڵ ئێرانە. لە دەلاقەی بروکسێل یان لەندەنەوە، ئێران خۆی وەک جووڵانەوەیەکی بەرگریکارانەی ناڕازی دژی هێژموونیی ئەمریکایی و داگیرکاریی ئیسرائیلی پێناسە دەکات و ئەم وێناکردنە بێ گیروگرفت لە چوارچێوەی دژە کۆلۆنیالیی ڕۆژاواییدا جێگای دەبێتەوە. ئەوەی لەگەڵیدا یەک ناگرێتەوە، ئەزموونی دانیشتووانی عەرەبی لوبنان، عێراق، یەمەن، بەحرەین، سووریە و سەرانسەری کەنداوە. لەم وڵاتانەدا، بوونی ئێران بە مانای حیزبوڵڵایەکە کە دەوڵەتی لوبنانی کردووەتە بارمتەی بڕیارەکانی تاران، سی و پێنج لقی چەکدار لە عێراقە بە مووچە و پشتگیریی دارایی ئێران کە لەلایەن خەزێنەی نەتەوەیی عێراقەوە دابین دەکرێت، و فەرماندەکانی حوسیی یەمەنن کە وەڵامدەری سپای پاسدارانی ئێرانن لە کاتێکدا کە تەقە لە عەرەبی مەدەنی لەسەر خاکی یەمەن دەکەن. چاودێرانی عەرەب بەو شتەی ئێران لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، نالێن ئازادی.

لە ڕاستیدا، مشتوومڕی عەرەبەکان لەگەڵ ئێران گەلێک لە بوونی بنکەی ئەمریکایی یان هێرشی ئیسرائیلی قووڵترە. پاڵنەری ئەم مشتوومڕە، ژێرپێنانی سیستەماتیکی سەربەخۆیی عەرەب لەلایەن دەسەڵاتێکی بیانییەوەیە کە باس لە یەکگرتوویی ئیسلامی دەکات تا پڕۆژە ئیمپریالیستییەکەی، کە لەلایەن بەکرێگیراوانییەوە جێبەجێ دەکرێت، بشارێتەوە.

**دووهەم تەوەر؛** پرسی خودی بەکرێگیراوەکانە، واتە پرسێک کە زۆربەی لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی لە دیتنیدا بە تەواوی شکستیان هێناوە. پشتگیریی ئێران گەلێک لە پشتیوانیکردنی تاقمە چەکدارەکان بەولاوەترە. پێکهاتەی دەوڵەتی هاوتەریب لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا چێ دەکرێت، سیستەمەکانی دارایی گیرۆدەی گەندەڵی دەکرێن و کەسایەتیی سیاسیی ئەوتۆ دادەنرێن کە گشت هەبوونی ئەوان قەرزباری تارانە.

ئەم ئێرانییانەی بەڕێوەبەری ئەم پڕۆژەیە بوون، ئەم کارە وەک هەناردەکردنی شۆڕش سەیر دەکەن، بەڵام ئەوەی دانیشتووانی عەرەب ئەزموونیان کردووە، زۆرتر وەک داگیرکاریی کۆلۆنیالیستیی جێبەجێکراو لەلایەن بریکارانەوەیە و لە ئێستادا، ئەوان تازیەباری کۆماری ئیسلامی نین. کاتێک ڕۆژاواییەکان لەگەڵ ئەم ڕایەڵەی بەکرێگیراوانە وەک ئامرازی بەرخۆدانی ڕەوا، نەک وەک میکانیزمی پێملکردن هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوان پشتگیری لە پڕۆژەیەکی ئیمپریالیستی دەکەن، لە کاتێکدا خۆیان بە دژبەری دیاردەیەکی ئەوتۆ دەزانن و لە ڕاستیدا خۆیان دەکەن بە هێزی ڕەواییدەری جەنگی ئێران دژی

دنیای عەرەب.

**سێهەم تەوەر؛** کە بۆ بەردەنگی ڕۆژاوایی لە هەموویان نائەقڵانیتر و گرینگترینە، چۆنیەتیی تێگەیشتنی دروست یان هەڵەیە لەم جەنگەی ئێستادا. بۆ نەتەوەپەرستانی عەرەب، لە ناویاندا نەتەوەپەرستە سێکولارەکان و تەنانەت ئەوانەی گومانی قووڵیان لەمەڕ سیاسەتەکانی ئیسرائیل هەیە، لە بەراورد لەگەڵ هەڕەشەی ئیسرائیل، ئێران بە هەڕەشەیەکی مەزنتر و فرە دەستبەجێتر دەزانن.

ئەمە هەڵوێستێکە کە میدیای ڕۆژاوایی لە بنەڕەتدا توانایی لێتێگەیشتنی نییە، چونکە گوتاری ڕۆژاوایی لەمەڕ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەیان ساڵە لە دەوری کێشەی ئیسرائیل - فەلەستین، وەک تەوەری سەرەکیی نادادپەروەریی ناوچەیی، ڕێکخراوە. ئاکامەکەی ئەمەیە کە کاتێک دەوڵەتانی ڕۆژاوایی و بیروڕای گشتیی ڕۆژاوا هەڵوێستی بەهێز دژی هێرشەکانی ئیسرائیل بەرانبەر ئێران دەگرن، پێیان وایە پشتگیری لە دونیای عەرەب دەکەن. لە ڕاستیدا، ئەوان هەڵوێستێک دەگرن کە دونیای عەرەب هاوڕای نییە و داواشی نەکردووە، لە کاتێکدا ئەو هەڕەشەیە پاشگوێ دەخەن کە دەوڵەتانی عەرەب و دانیشتووە عەرەبەکان ژیانی لەگەڵدا تێپەڕ دەکەن.

ئەو ڕەوانبێژییەی کە ئیسرائیل بیانووی بەردەوامی شەڕانگێزیی ئێرانە، یەکێک لە ئامرازە هەرە کاریگەرەکانی کۆماری ئیسلامییە و بیروڕای ڕۆژاوایی وەک بەهێزکەرەوەی بێئاگای ئەم ئامرازە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تا ئێستا بووە.

### ئەم جەنگەی دونیای عەرەب تەماشاوانیەتی

ئەمەی ئەم چرکەساتە گرینگ دەکات ئەمەیە کە ئۆپەراسیۆنی تووڕەیی ئەفسانەیی، لێکدانەوەیەکی خێراتر کرد کە پێشتر دەستی پێکردبوو. دونیای عەرەب بینەری لێکهەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵەیەکی بەکرێگیراوانەیە کە ئێران دەیان ساڵی بۆ دروستکردنی تەرخان کرد و ئێستا ڕووبەڕووی کاردانەوەکانی ئەم پرۆسەیە لەسەر داهاتووی سیاسیی خۆی بووەتەوە.

**یەکەم شت:** کە لەمەوە دەرکەوتووە، پێشاندانی توانایيەکی ئەوتۆیە کە هیچ کەس پێشبینی نەکردبوو. وڵاتانی کەنداو کە خۆیان لە بەرانبەرهەزاران هاژەک و درۆندا ڕاگرت، لە کاتێکدا ژیانی ئاسایی شارۆمەندانیان و هێمنی سیاسییان پاراست،



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: چوارەم

ئەمە دەرخەری سەقامگیرییەکی سەربازی بوو کە ڕووبەڕووی بەکەمگرتنی دەیان ساڵە لەلایەن شرۆڤەکارانی ڕۆژاوایی و عەرەبی نەتەوەپەرستەوە ببووەوە و ئەوان گوتبوویان شتێکی ئەوتۆ نامومکینە.

**دووهەمیان:** ئەمەیە کە ناوچەکە لە چرکەساتی وەرچەرخانی ڕاستەقینەدایە؛ یەکێک کە تێیدا لێکهەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی ئێران، بۆ یەکەم جار لە چەند نەوەدا دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ وڵاتانی عەرەب دەستەبەر دەکات کە بۆخۆیان بەڕێوەبەری خۆیان بن، بێ دەستێوەردانی دەرەکی.

چاودێرانی ڕۆژاوایی کە بە چاویلکەی هەژمارەکانی سۆشیال میدیای ئێرانی بەدواداچوونیان بۆ ئەم جەنگە کردووە، شانۆیەکی پلان بۆدارێژراوی تەواویان بینیوە. دنیای عەرەب تەماشاوانی شتێکی بە تەواوی جیاواز بووە؛ یەکەم ئاڵنگاریی جیددی بۆ ئایدیۆلۆژیایەک کە قەت بە شێوەیەکی دێموکراتیک پێڕەو نەکرا، قەت باوەشی بۆ نەکراوە و بە توندوتیژی و ناچارکردن لە سەرەتای دامەزرانییەوە سەپێندرا.

وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، کە ماوەیەکی دوورودرێژە وەک دوو داینامۆی سەرکوتی ناوچەیی خراونەتە ناو کولتووری سیاسیی عەرەبەوە، خەریکە لەلایەن ڕێژەیەکی بەرچاو لە بیروڕای گشتیی عەرەبییەوە وەک ڕزگاریدەر سەیر دەکرێن؛ نە بە زمانی پێزانینەوە کە شکۆی عەرەبی ئیزنی ئەم کارە نادات، بەڵام بە زمانی هەستی سووکبوونی بارێکی گران.

لەم ڕوانگەیەوە، دوو وتووێژ بەتایبەت ئەم وەرچەرخانە ئاشکرا دەکەن: یەکیان لەگەڵ نووسەرێکی میسری و ئەوی دیکەیان لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانی عێراقەوە بوون، هەردووکیان لە کەناڵێکی عەرەبیی سەر بە عەرەبستانی سعوودی بڵاو بوونەوە کە بە ڕاستوێژییەکی ئەوتۆ بوو کە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژاوایی زۆر بە دەگمەن بەرهەمی دێنن و بڵاوی دەکەنەوە. هەر کامیان، بە شێوازی تایبەتی خۆیان، هەمان شت دەڵێن: ئێران دوژمنەکەیە.

**هیوادارم خوێندنەوەی ئەم وتووێژانە، تامی گفتوگۆی ڕاستەقینەی ناو دونیای عەرەب بە چاودێرانی جیددیی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ببەخشێت، کە بە عەرەبی، بە گوێرەی مەرجەکانی عەرەب و نزیکەی بە تەواوی بێبەری لە ڕوانگەی ڕۆژاوایی بەڕێوە چوون.**

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٦

## ڕێککەوتنی ئێران دەتوانێت ڕاستەقینە بێت، بەڵام دەشتوانێت لەرزۆک بێت



**فۆربز – مایکڵ لێنچ**

پاش ئیدیعای پەیتا پەیتای ئەمریکا کە ڕێککەوتنێکی ئاشتی یان لانی کەم ئاگربڕێکی گشتگیرتر بە زوویی جێبەجێ دەبێت و ڕەتکرانەوەی لەلایەن ئێرانەوە، ڕەنگبێ سەرۆک کۆمار ترامپ بە ڕاستی گەیشتبێتە ڕێککەوتنێک کە ببێتە هۆی کرانەوەی گەرووی هۆرمۆز. نرخەکان پێشتر بە شێوەی بەرچاو (دیسان) لە چاوەڕوانیی دەستپێکردنەوەی هەناردەکرانی ئازاددا دابەزیوە و زۆر کەس هیوادارن ئەمجارە بەردەوام بێت و ببێتە هۆی دابەزینی نرخی بەنزین و سڕکرانی نرخی پێداویستییەکان و یارمەتیدەری هێورکردنەوەی ڕەوتی هەڵاوسان بێت.

لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا (کاتژمێر ٨ی پێشنیوەڕۆی هەینی)، وردەکارییەکان هێشتا ناڕوونن و پشتڕاستکرانەوەی لەلایەن ئێرانەوە بە تەواوی ڕوون نییە. گیروگرفتەکە لەوەدایە کە هەردوو لا باسی هێڵی سوور، یان دەستەواژەی ئەوتۆیان کردووە کە لە ڕوانگەی هەر کامیانەوە بۆ هەر جۆرە ڕێککەوتنێک و بێ سازشکردن لەسەریان گرنگن و دیار نییە ئاخۆ ئەو

شتانە باس کراون یان نا، بەڵام ڕەنگبێ ئەوان ئێستا ئامادە بن لەسەریان سازش بکەن.

کرانەوەی گەرووی هۆرمۆز ڕێگا بە پاپۆڕە نەوتهەڵگر و بارهەڵگرەکان دەدات ئازادانە هاتووچۆ بکەن، ئەگەرچی پرسی خێرایی ئاساییبوونەوەی بەرهەمهێنان و گەڕانەوەی داوای کڕین بۆ دۆخی پێشوو جێگای پرسیارە. من پێشتریش گوتوومە کە نیگەرانییەکان لەمەڕ خایاندنی چەند مانگ بۆ گەڕانەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی مەیدانە نەوتییەکان بۆ ئاستی پێش جەنگەکە، بە لەبەرچاوگرتنی شێوەی کاری پێشوو، وێدەچێ زێدەڕۆیانە بێ، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە کات دەبات. لە لایەکی دیکەوە، عەمبارە پڕەکانی عەرەبستانی سعوودی و شوێنی دیکە یەکلاکەرەوە دەبن، لانی کەم بۆ ماوەی چەند حەفتەیەک.

خاڵی سەرەکی بۆ بازاڕەکان ئەمەیە کە چاوەڕوانیی کڕیارەکان دەبێتە هۆی دابەزینی نرخ (چونکە چەند جاری پێشوو لە وەڵامی ئیدیعای نزیکبوونی ڕێککەوتن ئەمە ڕوویداوە)، تەنانەت ئەگەر نرخەکان نەشگەڕێنەوە ئاستی پێش شەڕەکە. بیرۆکەی نەمانی کاریگەریی نیگەرانییە تەناهییەکان بۆ سەر نرخی نەوت لە ئەگەری ڕێککەوتنێک لەمەڕ کرانەوەی گەرووی هۆرمۆز، ڕەنگبێ گەمژەیی بێ، بەڵام تا ئەوکاتەی هێرشی مەزن لە ئارادا نەبێ، ئەم کاریگەرییە لە کەمترین ئاستدا دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەمە هۆشدارییەکی جدییە. لەپێش هەموو شتێکدا، هێشتا ڕوون نییە ئاخۆ ئیسرائیل ڕێککەوتنەکەی پەسەند کردووە و هەروەها ناڕوونە لە ئەگەری درێژەکێشانی جەنگی ئیسرائیل لە لوبنان، ئێران چ کاردانەوەیەکی دەبێت. بێجگە لەوە، بێتوو ئێران بە تۆڵەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان دیسان هێرش بکاتەوە، ئەوکات ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان جەنگی کەنداو دەست پێ دەکاتەوە؟ هەروەها، ئاکاری ئیسرائیل تا ڕادەیەک بەستراوەتەوە بە کردەوەکانی حیزبوڵڵا و ڕەنگبێ ئێران نەیهەوێت پێشیان پێ بگرێت؛ تەنانەت بیهەوێ ئەمکارەش بکات، ڕەنگبێ نەتوانێت.

بە هەمان شێوە، میلیشیاکانی سەر بە ئێران دەتوانن درێژە بە هێرشەکانیان بۆ سەر وڵاتانی کەنداو بدەن، لە ناویاندا بۆ سەر بەندەرەکانی هەناردەکردنی نەوت، کە ئەگەری پاشگەزبوونەوەی خاوەن پاپۆڕەکان لە ناردنیان بۆ ناوچەکە هەیە، بە تایبەت لە باکووری کەنداو. بەڵام، ئێران ڕەنگبێ لە چاو حیزبوڵڵا یان حوسییەکان (کە لەم دواییانەدا گەلێک ناچالاک بوون)، دەسەڵاتی فرە زیاتری بەسەر ئەواندا هەبێت، کەوابوو ڕەنگبێ ئەگەری نوێبوونەوەی کێشەکە فرە بەرچاو نەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی: چوارەم**

پاش هێرشە سەرەتاییەکان بۆ سەر ئێران کە بووە هۆی لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێبەرانی ئێران، فەرماندە هەرێمییەکان دەسەڵاتی زۆرتریان بۆ دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر کەشتیوانیی و داراییە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا پێدراوە. لە تیۆریدا، ئاگربڕ وێدەچێ دڵنیایی زۆرتر بدات بە دەوڵەتی ناوەندی تا کۆنترۆڵی خۆی بەسەر هاووڵاتییانیدا بسەپێنێت، ئەگەرچی نیگەرانییەکان لەمەڕ کوشتنەکان لە لایەن ئیسرائیلەوە ڕەنگبێ ئەوان لە دروستکردنەوەی سیستەمە ئەلەکترۆنیکییەکانی ناوەندی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ دڵسارد بکاتەوە و ئەمە ببێتە هۆی دژوارتربوونی کۆنترۆڵی هاووڵاتییان. فەرماندەیەکی سەرەڕۆی سپای پاسداران لەوانەیە چەند فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەڕێ بکات کە ببێتە هۆی وەڵامی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەڵام هێرشی بچووکتر وێدەچێ پاشگوێ بخرێن.

گریمانە دەکرێت کە پێکدادانەکان جاروبار و لە ئاستێکی نزمدا ڕوو بدەن، بۆیە وێدەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێز لە ئاگربڕەکە بگرێت، ڕەنگبێ بە ڕێکەوت هێرش بکاتە سەر موشەکهاوێژێک، بەڵام بێتوو داواکاریی سەرەکی لە ئێران کۆتاییهێنان بە هێرش بۆ سەر کەشتیوانیی بێت، وڵاتە یەکگرتووەکان هۆیەکی ئەوتۆی نامێنێت کە گەمارۆ دەریاییەکەی بسەپێنێتەوە یان دەست بە جەنگ بکاتەوە، مەگەر گەرووی هۆرمۆز بە شێوەی جیددی ببەسترێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە گەلێک لایەن لەم کێشەیەدا بەشدارن، ئیسرائیل، حیزبوڵڵا و ئەوانی دیکە، ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەری زۆرە کە ڕێککەوتنەکە فرە لەرزۆک و پچڕپچڕ بێت و ڕەنگبێ تەنانەت لێک هەڵوەشێتەوە. و بێتوو هیچ پێشوەچوونێک لە ڕێککەوتنی یەکجاریدا نەکرێت، پرسی ئۆرانیۆمی زۆر پیتێندراوی ئێران و پرسی پشتگیریی لە میلیشیاکان، ڕەنگبێ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئازادکردنی داراییە سڕکراوەکانی ئێران پاشگەز بێتەوە. ئەم ڕاستییە کە ئەم پرسانە تەوەری سەرەکیی گفتوگۆکان بۆ ماوەیەکی هێندە دوورودرێژ بوون بە بێ چارەسەرکردنیان، بەو مانایەیە کە ٦٠ ڕۆژی دیکە بەشی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک ناکات.

دوای کۆتایی کاتی ئاگربڕەکە چی ڕوو دەدات؟ ترامپ لە ڕابردوودا کاتی ئاگربڕە ڕاگەیەندراوەکانی، دوای هەڕەشەی باراندنی مەرگ و وێرانی بەسەر ئێراندا، کۆتایی هاتووە، درێژی کردوونەوە و، ئەمە دەتوانێت دیسان ڕوو بدات. ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئێرانییەکان وەکوو ڕابردوو هەوڵ بدەن لە گفتوگۆکاندا خاوەخاو بکەن و کات بکوژن. لەم دۆخەدا، ڕەنگبێ ترامپ توورە بێت و دەورێکی نوێ لە هێرشەکان ڕاگەیەنێت، کە دەتوانێ ببێتە هۆی تۆڵەئەستاندنەوەی ئێران و بە ئامانجگرتنی وڵاتانی کەنداو. بەڵام هەر دوو لا ئەوکات دەتوانن بڵێن تۆڵەمان کردووەتەوە و کۆتایی بە هێرشەکانیان بێنن و ئیزن بدەن گەرووی هۆرمۆز بە ئاواڵایی بمێنێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەشی: چوارەم**

**کەوابوو، لە دۆخی ئێستادا، لە کاتێکدا هێشتا نادڵنیاییەکی مەزن لەبارەی چۆنیەتی و کاتی جێبەجێکردنی ئاگربڕە هەیە، وێدەچێ گەرووی هۆرمۆز لە ماوەیەکی کورتدا بکرێتەوە و نرخی نەوت، دوای دابەزینی سەرەتایی، وردە وردە بەرەو ئاستی پێش جەنگ بگەڕێتەوە و دوای ئاساییبوونەوەی ئاستی عەمبارە جیهانییەکان، سەقامگیر بێت. ئەمە بە مانای هەواڵی خۆش بۆ خەڵکی ئاساییە، بەڵام وەک لێکۆڵەرانی بازاڕی نەوت دەڵێن، ئەگەری هەڵبەزدابەزی زۆریش هەیە، یان ڕەنگبێ گوتە دروستترەکە ئەمە بێت کە جارێ بەر لە پاڵاوتنیان، خۆتان لە بژاردنی بەرمیلە نەوتەکان ببوێرن.**

**٢٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٦**

**سەرچاوە: "ڕۆژنامەی کوردستان" و ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"**

## چوار گریمانەی هەڵەی واشینگتۆن لە بارەی شەڕی ئێران



**نازی موعینیان- واڵستریت جورناڵ**

محەممەدباقر زولقەدر کە هەتا وازهێنانی لە حەوتووی ڕابردوودا بەرپرسی شوڕای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی بوو، ڕۆژی شەممە گوتی؛ گەرووی هۆرمز ناکرێتەوە. هەتا ئەو کاتەی ئەمریکا "ڕەفتارەکەی ڕاست نەکاتەوە". مەرجەکانی ناوبراویش لەەر ئەمریکا بریتی بوون لە کۆتاییی یەکجاریی جەنگ، کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە، هەڵگرتنی گەمارۆی دەریایی، ئازادکردنی دارایییە سڕکراوەکانی ئێران و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی جەنگ. سوپای پاسداران لەوەش بەولاوەتر چوو و گوتی گەرووی هۆرمز پەیوەندییەکی بە گفتوگۆ هاوتەریبەکانی نێوان ئێران و عومانەوە نییە و واشینگتۆن دەبێ واز لە "دەستێوەردان" لە دانوستانە هەرێمییەکان بهێنێت.

هەواڵگرییەکانی عەرەبستانی سعوودی و ئەمریکا ئاشکرای دەکەن؛ کە ڕێژیم میلیشیا عێراقی و حوسییەکان بەرەو هێرشی هاوئاهەنگ بۆ سەر عەرەبستانی سعوودی هان دەدات. کاربەدەستانی سعوودی لەو بڕوایەدان هێرشەکان وەها ڕێک دەخرێن کە هەمان دانوستان پەک بخەن کە تاران ئیدیعا دەکات بە نیازپاکییەوە بەتەمای بەئەنجامگەیاندنیانە.

ڕێژیمی ئێران بەم ئاکارانەی لاوازیی خۆی دەشارێتەوە. ئەگەرچی لە دۆخێکی لاوازەوە دانوستان دەکات، بەڵام مانەوەی خۆی وەکوو سەرکەوتن پیشان دەدات. نوخبەکانی ڕێژیم بەم شێوەیە هەوڵ دەدەن گوتاری جەنگ، خێراییی دانوستانەکان و مەرجەکانی هەر جۆرە ڕێککەوتنێک کۆنترۆڵ بکەن.

دیپلۆماتەکانی ئەمریکا پێشتر ئەمەیان دیتووە. پاش دانوستان لەگەڵ سەرۆکوەزیران محەممەد موسەددیق لە کاتی قەیرانی بەنیشتمانیکردنی نەوت لە ١٩٥١ - ١٩٥٣، ڤەرنۆن والتێرز، وەرگێڕی ویلیام ئاڤەرێل هاریمەن (بەڕێوەبەری ئاژانسی ئەمنییەتی هاوبەش لە ساڵەکانی ١٩٥١ - ١٩٥٣) بە گاڵتەوە دەیگوت موسەددیق "هونەری هەنگاوێک بەرەوپێش بە مەبەستی گەڕانەوەی دوو هەنگاو بەرەو دواوە"ی تەکمیل کردووە. تەمەنێک و شۆڕشێک دواتر، هێندێک لایەنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەم شێوەیە دەرکەوتووە. سازش وەک لاوازی لێک دەدرێتەوە و لاوازیش، بێتوو کەڵکی لێ وەرنەگیرێت، بە مانای شکست و شکانە.

تۆماس شێلینگ، ستراتێژیستی شەڕی سارد کە لەسەر تاکتیکەکانی دانوستان شتی نووسیوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە لاوازی دەتوانێ ببێتە خاڵی بەهێزی، بێتو ئەو لایەنەی بژاردەی کەمتری لەبەر دەستدان دەست بە سووتاندنی پردەکانی پشت سەری خۆی بکات و بڵێ پاشەکشە بژاردەیەک نییە. ئەمە دەبێتە هۆی سازشی ئەو لایەنەی کە بژاردەی زۆرتری لەبەر دەستدان و کەمتر بەرگەی ئازار دەگرێت. تاران دەقاودەق ئەم کارە دەکات، هەڵوێستەکەی دەگۆڕێت و لیستەی مەرجەکانی جێگای پەسەندی بەرتەسک دەکاتەوە، سەر لە ناوبژیوانان لە ژنێڤ، ئیسلامئاباد و مەسقەت دەشێوێنێت.

## واشینگتۆن چوار گریمانەی هەڵە لەبارەی ئێراندا دەکات؛

یەکەم؛ کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان گریمانەی ئەوە دەکەن کە ڕێژیم بکەرێکی ئەقڵانییە کە تێچووەکان و دەستکەوتەکان هەڵدەسەنگێنێت. تاران لە کاتی هەڕەشەی مان و نەماندا وریایی پیشان داوە، خولیاکانی دابەزاندووە و سازشی نەرمی لەمەڕ بەرنامە ناوکییەکەی قبووڵ کردووە. بەڵام ئەو لە هەمان کاتدا دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕە و، لە ١٣٥٧ بەولاوە بە بیروباوەڕی ئایدیۆلۆژیک و هەروەها هەڵسەنگاندن لەسەر پێ ماوەتەوە. تواناییی سەربازیی واشینگتۆن فرە لە هی ئێران زیاترە، بەڵام ئەو ناتوانێ ئەم وێنەیەی ڕێژیم وەک ڕێبەری "بەرەی مقاومەت" کە لەسەر ئەفسانە بنچینەییەکانی خۆی دامەزراوە و سازش وەک لادان لە ڕێگای ڕاست سەیر دەکات، نە وەکوو کارێکی باش، بە زۆری بسڕێتەوە.

## بەشی: چوارەم

**دووهەم؛** دانوســـتانکارانی ئەمریکـــایی پێیـــان وایە ئاســـتێکی دیـــاریکراوی ژان و ئـــازار هەیە کە لەوە بەولاوە ڕێـــژیم تێکدەشکێت. ڕەنگبێ ئەمە ڕاست بێ، بەڵام بە هـۆی پەلەی واشینگتۆن بێئاکـام دەمێنێـتەوە. گەمـارۆ دەریـاییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی هەناردەکردنی نەوتـی ئێـران کە لە ١٣ی مـانگی ئـاپریلەوە دەستی پێکردووە، نموونەیەکی ئەوتـۆیە: بە گـــوتەی بەڕێـــوەبەرایەتیی تـرامـــپ، زەرەری ڕۆژانەی ئێـــران بە هـــۆی ئەم گەمـــارۆیەوە بە ٥٠٠ ملیـــۆن دۆلاری ئەمریکـــی دەخەملێنـــدرێت، لەگەڵ ئەوەشـدا لە مـانگی جـوون، بەر لە هەر جـۆرە سازشێکی بەرچـاوی ئێـران، گەمـارۆکە هەڵگیـرا. گیروگرفتەکە ڕەنگبێ ئەوە نەبێ کە تـاران ناگاتە ئاستی دیاریکراوی ژان، بەڵکوو واشینگتۆن هێنـدە دان بە خۆیدا ناگرێت کە ژانەکە بگاتە ئەم ئاستە.

**سێهەم؛** دیپلۆماتەکـانی وڵاتە یەکگرتووەکـان بە هەڵە پێیـان وایە دۆڕان لە مەیـدانی جەنـگ دەبێـتە هـۆی دۆڕان لە کـاتی دانوستاندا. تەسلیمبوون پـاش شکستی سەربازیی تەواو، بیرەوەریی بنەڕەتیی کولتووری ستراتیژیی ئەمریکـایە، لە ١٩٤٥ هەتا جەنگی ١٠٠ کاتژمێریی دژی عێراق لەژێر نـاوی ئۆپەراسیۆنی "گەردەلـوولی بیابـان" لە ١٩٩١. بەڵام ئەوان سەرکەوتووی جەنگی هێزی پیادە بوون، نەک هەڵمەتی ئاسمانی بەتەنیـا. تەنـانەت لە کۆسـۆڤۆ، نموونەیەک کە زۆرجـار وەک توانـاییی هێزی ئاسمانی بۆ بەچۆکداهێنانی بەرهەڵستکارێک باسی لێوە دەکرێت، ناتۆ تەنیا کاتێـک سـەرکەوت کە داگیرکـاریی هێـزی پیادە وێدەچوو گەلێک نزیک بێت. بەکرێگیراوانی ئێران تەفروتونا کراون و دانوستانکارەکانی لە عومان هێشتا وەکوو بـراوە هەڵسوکەوت دەکەن.

**چوارەم؛** وڵاتە یەکگرتووەکان وا دەزانێ پشێویی نێوخۆیی پێگەی دەوڵەت لە دەرەوە لاواز دەکـات. یاسـای سزادانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران نـاڕەزایەتیی نێوخـۆ وەک "موحـاربە" یـان "شـەڕ دژی خـودا" پێناسە دەکـات، تـاوانێک کە سزاکەی کوشتنە. دادئەستێنی گشتیی ئێران، محەممەد موەحیدی - ئازاد، ئەم ستانداردەی لە مانگی جانیوەریدا بە شێوەیەک بەرفراوان کـرد کە زەرەرگەیانـدن بە موڵکی گشـتی بگـرێتەوە و ڕێنـوێنی دادوەرەکـانی کـرد ئەم جـۆرە تـاوانبـارانە بێبەزەییـانە سزا بـدەن. ڕێژیمێک کە ئامـادەییی کوشـتنی هەزاران کەس لە خەڵکی خـۆی پیشـان داوە، توانـاییی خـۆڕاگری لە بەرانـبەر ژانێکـی فـرە بەرچاویشدا هەیە بەر لەوەی تەسلیم بێت. ئەو دەیهەوێ گشت دانوستانکارانی ئەوبەری مێزەکە لەوە تێبگەن.

هیچکام لەوانە بەو مانایە نییە کە ڕێژیم لە ئاسایشدا بێت. ئەو ڕەنگبێ بگاتە سنووری ئاستی دانبەخۆداگرتنی واشینگتۆن. سەرۆک کۆمـار ترامپ ڕۆژی یەکشـەممە بە ئاکسیۆسـی گوتبـوو کە نـاوبراو "تەنیـا خەریکـی شێوە دانوستـانە" و "ئەم کـارە بە ئـارامی لەگەڵ ئێـران دەکـات،" کە وێـدەچێ بە مانـای گەڕانەوە بـۆ ئۆپەراسیۆنی تـووڕەیی ئـابووری و دەسـتپێکردنەوەی



سەرچاوە
Serchawe

## بەشی: چوارەم

گەمارۆی دەریاییی ئێران بێت. ئەمە بڕیارێکی دروستە. ستراتیژیی خنکاندنی بێدەنگی ڕژێم کارێکی ئاسایی نییە؛ پێشگرتن لە داهاتی ڕۆژانەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار و نەهێشتنی هەناردەکردنی بەرهەمەکانی پیترۆشیمیی ئێران کارێکی کەم نییە. بە گوتەی میعاد مالیکی لە دامەزراوەی داکۆکی لە دیمۆکراسییەکان، ئەم هەڵوێستە بووەتە هۆی شکستهێنان لە دانەوەی قەرزەکان و کەڵەکەبوونی قەرزەکانی کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێران و، لە ئاکامدا لاوازکردنی ڕژێم بە هۆی چەرەمسەریی ئابوورییەوە. بە پێچەوانەی سەرکەوتن لە ئاسمانەوە، ڕەنگبێ دەقاودەق ئەم هێرشە هێواشە بێت کە سەرۆک کۆمار باسی لێوە دەکات.

لەگەڵ زەختخستنە سەر تاران، واشینگتۆن پێویستە ڕوونی بکاتەوە خوازیاری چییە، نەک تەنیا باسی ئەوە بکات کە دژی چییە. لێرەدا گیروگرفتێک لە گەیاندنی پەیامدا هەیە کە ڕژێم بەردەوام کەڵکی خراپی لێ وەرگرتووە. واشینگتۆن پێویستە ڕێگای نوێ بۆ ئەستاندنەوەی گوتار لە ڕژێم بدۆزێتەوە و خۆ لە ڕاڕایی بپوێرێت، جیاوازی لە نێوان ڕژێم و خەڵکدا دابنێت، لاوانی ئێران تێوەبگلێنێت، لە کاتی پچڕاندنی ئینتەرنێت لە لایەن ڕژێمەوە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت مسۆگەر بکات و کەسایەتییە سەرەکییەکان کە ڕەنگبێ لە ئێرانی دوای نەمانی ڕژێمدا دەور بگێڕن بەهێز بکات. سەپاندنی گەمارۆی فیزیکی ڕەنگبێ ساکارتر لە وروژاندنی ٨٠٪ی ئەو ئێرانییانە بێت کە دژی ڕژێمن. بەڵام بەدەسەڵاتکردنی بەرهەڵستکاران ستراتیژییەکە کە ڕەنگبێ لە کاتێکدا کە ڕژێم بۆ مانەوەی خۆی خەبات دەکات، بەرهەمدار بێت.

تاران بریندارە، بەڵام شەکەت نەبووە. توانیویەتی لە دوو شەڕ، قەڵاچۆکرانی ڕێبەرییەکەی، تەفروتونا بوونی بەرگریی ئاسمانی و دەریایی، لاوازبوونی ڕایەڵەی بەکرێگیراوانی و ئابوورییەکەی بەرەو هەڵدێر دەرباز بێت؛ ئەمەش ڕێگای پێ داوە بە تاقمێک وەرەقی لاوازەوە کایەیەکی بەهێز بکات. وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بە شێوەیەکی بەرچاو تواناییەکانی ڕێژیمیان لاواز کردووە. دانوستانکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها پێویستە واز لە گریمانە کۆنەکان بە قازانجی تێگەیشتن و ستراتیژیی فرەچەشنتر بهێنن. تا ئەمە ڕوو نەدات، تاران درێژە بە کەڵکوەرگرتن لە کارتە لاوازەکانی و شێواندنی کایەکە دەدات.

١٥ی خەرمانانی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## نا، ئێران براوە نییە: لە پەردەی چوارەمی جەنگدا، کارتەکانی گوشار لە هورمز لەدەست دەدات



سی ئێن ئێن – برێت مەکگورک

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

دەنگۆیەکی بەربڵاو لەبارەی جەنگی ئێرانەوە خەریکی بڵاوبوونەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێت ئێران براوەی ئەم جەنگەیە. هۆکارەکە ئاشکرایە؛ وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک ئێرانیان بۆردومان کرد، زیانی زۆر بەرچاویان پێگەیاند و داوای سازشی بەرچاویان کرد. ئێران خۆی لە تەسلیمبوون بوارد؛ دەوڵەتەکەی لەسەر کار ماوەتەوە؛ مووشەکەکانی بەردەوام هەڕەشەن بۆ سەرانسەری ناوچەکە و، لە هەمووی گرنگتر، تاران هێشتا توانای پێشگرتن بە کەشتیوانیی لە ڕێگەی گەرووی هورمزی ماوە، کە بووەتە هۆی سەپاندنی تێچوویەکی زۆر بەسەر نرخی وزە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها زۆربەی شوێنەکانی دیکەی جیهاندا. لە ماوەی هاویندا، ترامپ هۆشداری دا کە ئەگەر گەرووی هورمز نەکرێتەوە، ئابووریی جیهان تووشی داڕمان دەبێت.

## ئەمە بانگەشەیەکی بەهێزە، بەڵام ڕەنگە نادروست و سەرپێیی بێت.

جەنگەکان ململانێی بەکارهێنانی کارتەکانی گوشار (Leverage) و پشوودرێژین؛ ئەمەش کێبڕکێیەکە کە ئێستا تەنانەت لەچاو چەند مانگ پێش ئێستاش زۆر جیاوازە.

## پەردەی چوارەم

ئەم ململانێ شەشمانگییە چوار پەردەی تێپەڕاندووە. پەردەی یەکەم بە هێرشی چڕی ئاسمانی لە ٢٨ی فێبریوەریدا دەستی پێکرد و بۆ ماوەی شەش هەفتە وەک ئۆپەراسیۆنێکی چڕی سەربازی مایەوە. پەردەی دووەم بە ئاگربەستی ٧ی ئەپریل و دەستپێکی دانوستان دەستی پێکرد، و بە یاداشتی لێکتێگەیشتنی ١٧ی جوون بە واژۆی دۆناڵد ترامپ و مەسعوود پزیشکیان، سەرۆککۆماری ئێران گەیشتە ترۆپکی خۆی. چەند هەفتە دواتر پەردەی سێیەم کاتێک دەستی پێکرد کە ئێران بڕیاری دا جارێکی دیکە کەشتییە بازرگانییەکان لە گەرووی هورمزدا بکاتە ئامانج، و ئەمەش بووە هۆی دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە هێرشی تۆڵەسەندنەوەی دوولایەنە.

ئەمە ئەو ساتەوەختە بوو کە داواکارییەکان بۆ کشانەوە و کۆڵدانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەموو شوێنێکیان تەنی و داوا کرا کۆنترۆڵی تەواوەتیی گەرووی هورمز بدرێتە دەست ئێران. لەو کاتەدا وا دەهاتە پێش چاو کە وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبێت.

## دەست ڕاگرن!

لە ناوەڕاستی مانگی جولایەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان گەمارۆی سەربازیی خستووەتە سەر بەندەرەکانی ئێران و ئابڵۆقە خراوەتە سەر هەناردەکردنی نەوتی ئەو وڵاتە. هاوتەریب، هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان شێلگیرانە کار دەکات بۆ پاککردنەوەی ڕێڕەوە دەریاییەکان و بەرگریکردن لە کەشتییە بازرگانییەکان کە بە گەرووی هورمزدا هاتووچۆ دەکەن. ئاکامەکەی، گەمارۆیەکی کاریگەر بووە بەسەر هەناردەکردنی نەوتی ئێراندا؛ لە هەمان کاتدا هاتوچۆی کەشتیوانیی جیهانی خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی پێش جەنگ و نرخی نەوتیش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بە جێگیری ماوەتەوە. بلومبێرگ لە ڕاپۆرتێکیدا لەم هەفتەیەدا ڕایگەیاند کە هەناردەکردنی نەوت بە گەرووی هورمزدا گەڕاوەتەوە بۆ دوو لەسەر سێی ئاستی پێش جەنگ.

## ستراتیژێکی باشتری وڵاتە یەکگرتووەکان

ئێران لە کاتێکدا چووە ناو جەنگەوە کە بەهۆی گەمارۆی چەندین ساڵە و خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورییەوە تەواو لاواز ببوو؛ دۆخی ئێستای ئێران یەکجار خراپترە لە کاتی پێش جەنگ.

بەگوێرەی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، چاوەڕوان دەکرێت ئابووریی ئێران ئەمساڵ زیاتر لە ٪٥ بچووک ببێتەوە بە هەڵاوسانی زیاتر لە ٪٧٠. نرخی دراوی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە. نرخی پێداویستییە سەرەکییەکان گەلێک بەرز بوونەتەوە. کاربەدەستێکی وەزارەتی کاری ئێران لەم دواییانەدا ڕێژەی لەدەستدانی هەلی کاری تەنیا لە سێ مانگی یەکەمی جەنگدا بە زیاتر لە یەک ملیۆن خەمڵاندووە.

ئەم ئامارانە گرنگن، چونکە توانای ئێران بۆ درێژەپێدان بە ململانێکە، لە کۆتاییدا بەستراوەتەوە بە شتانێکی زۆر زیاتر لە تەنیا ژمارەی ئەو مووشەکانەی کە هێشتا ماون. پێش دەستپێکردنی جەنگ، ڕژێمی ئێران بەرەورووی گوشاری بێوێنەی جەماوەری دژی بەڕێوەبەرییە سەرکوتکەرەکەی و ئابوورییە شکستخواردووەکەی ببووەوە؛ بەپێی زانیارییەکان، هەزاران ئێرانی لەسەر شەقامەکان کوژران.

ستراتیژێکی کاریگەرتری ئەمریکا لە سەرەتاوە، ڕەنگە هەڵمەتێکی ئابووری بووبێت بۆ پشتیوانیکردن لەو ئێرانییانەی کە داوای گۆڕانکاری دەکەن. لە قۆناغی یەکەمی جەنگدا، لێدانی زۆربەی ڕێبەرانی ئێران بووە هۆی قایمکردنی دەسەڵاتی سوپای پاسداران و سەرکوتی زیاتر دژ بە زۆرینەی خەڵکی ئێران کە دژی حوکمڕانیی ئەوانن.

بەڵام سوپای پاسداران پێویستی بە سەرچاوەی دارایی هەمەجۆرە تا بتوانێت درێژە بە حوکمڕانیی خۆی بدات، و ئەم پەردە نوێیە (چوارەمین پەردە)، واتە گەمارۆی سەربازی، شتێکە کە ئێران قەت لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی نەبووەتەوە. لە ڕاستیدا، ئەمە یەکەم جارە لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ەوە کە ئێران لە شادەماری ئابووریی خۆی، واتە لە گەرووی هورمزدا، تووشی گەمارۆ و قەرەنتینە دەبێت.

ڕێگای دەربازبوونی ئەوان بریتییە لە دەستهەڵگرتن لە هەڕەشەکردن لە کەشتییەکانی ناو گەرووی هورمز و وازهێنان لە

**بەشی: چوارەم**

پاشماوەی بەرنامەی پیتاندنی ئۆرانیۆم. ئەمە ڕێککەوتنێکە کە ترامپ قبووڵی دەکات؛ بەڵام جێبەجێکردنی هەرکام لەوانە، لە ڕوانگەی سوپای پاسدارانەوە، نیشانەی لاوازی و هەڕەشەیە بۆ سەر مانەوەی دەسەڵاتیان.

## کارتەکانی ئێران

ڕەنگە تاران بیەوێت بە شەڕکردن خۆی لەم داوە ڕزگار بکات. ستراتیژەکەی لە ماوەی سێ پەردەی پێشوودا ڕوون و ئاشکرا بووە: هەڕەشەکردن لە بازرگانیی جیهانی لە گەرووی هورمزدا، بەرزکردنەوەی نرخی وزە لە سەرانسەری جیهاندا و گرانکردنی نرخی بەنزین لە وڵاتە یەکگرتووەکان، بردنەسەری گوشاری ئابووریی جیهانی و لە کۆتاییدا ناچارکردنی ترامپ بە پاشەکشە؛ بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی نیوەی خولی سەرۆکایەتی.

ئێران بە هەمان شێوە ژێرخانی وزەی وڵاتانی کەنداوی کردووەتە ئامانج و دەتوانێت دیسان ئەم کارە بکاتەوە. هێزە بەوەکالەتەکانی لە یەمەن (حوسییەکان)، هەڕەشەی داخستنی هاتوچۆی بازرگانییان بە دەریای سووردا بە یارمەتیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی ئێرانی کردووە.

هەموو ئەمانە بە مانای پەنابردنەوەیە بۆ هەمان تاکتیکی سەرەتای جەنگ. لە ڕوانگەی ستراتیژییەوە، ئەمە بۆ ئێران کاریگەر نەبووە. وڵاتانی کەنداو بەم جەنگە دڵخۆش نین، بەڵام زۆربەیان ئامادە نین تەسلیمی داواکاری و هەڕەشەکانی ئێران لە گەرووی هورمزدا بن. ئێستا هەوڵەکانی ئێران بۆ بەستنی گەرووی هورمز لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مینی دەریاییەوە، بۆ یەکەم جار تووشی شکست بوون.

کەواتە، من مەترسیی قووڵترکردنەوەی قەیرانەکە لە لایەن ئێرانەوە، هاوکات لەگەڵ چوونەسەری گوشاری ئابووری پاشگوێ ناخەم؛ بەڵام لە دۆخی ئێستادا ڕەنگە ئەوە بۆ کەمکردنەوەی گوشارەکان بەس نەبێت. وا دیارە ترامپ زۆر لەوە پێداگرتر بێت کە ڕێبەرانی ئێران بە ئاشکرا پێشبینییان دەکرد.

## خاڵی تێکشکان

ڕێبەرانی ئێران و زۆرێک لە لێکۆڵەرانی ڕۆژاوایی پێیان وایە خۆڕاگری لە بەرامبەر گوشاردا بێکۆتاییە؛ وا دادەنێن کە

بەشی: چوارەم

ئێران قەت دەست لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی و هەژموونی بەسەر گەرووی هورمز، یان میلیشیاکانی لە سەرانسەری ناوچەکەدا هەڵناگرێت.

بە گوتەی تاران، ئەمە شتێکە کە دەبێت وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگری ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قبووڵی بکەین.

عەباس عێراقچی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، هەفتەی ڕابردوو گوتی گوشارەکانی گەمارۆ و ئابلۆقەکان، وەک هەموو هەڵمەتەکانی پێشوو «مەحکووم بە شکستن»، و ئاماژەی بەوە کرد هیچکامیان نەیانتوانیوە سیاسەتی ئێران بگۆڕن.

من لەبیرمە هەمان شتم لەبارەی داعشەوە لە شارەزایان دەبیست، ئەو کاتەی بەرپرسی هەڵمەتەکان بووم بۆ شکستپێهێنانی ئەو گرووپە؛ بە هەمان شێوە لەبارەی حەماسیشەوە لە کاتی دانوستانەکان بۆ ئازادکردنی بارمتەکان لە کەرتی غەززە.

لە ڕاستیدا، هەموو لایەنێک خاڵێکی تێکشکانی هەیە. ئێران پێی وابوو ئەو خاڵەی ترامپی دۆزیوەتەوە؛ ڕەنگە هێشتا مابێت کە ترامپ خاڵی تێکشکانی ئەوان بدۆزێتەوە. جارێ زووە بۆ بڕیاردانی کۆتایی لەم بارەیەوە.

## ئەمە دوا پەردە نییە

کێبڕکێکە بە جۆرێک لە شێوازەکان ڕەنگە تا کۆتایی ئیدارەی ترامپ و دواتریش درێژەی هەبێت؛ ئەمە ململانێیەکە کە نزیکەی پێنج دەیەیە بەردەوامە.

پەردە سەرەتاییەکانی ئەم جەنگە لەنێو ئامانجە هەردەم گۆڕاو و ناڕوونەکان، هەڵوێستی جۆراوجۆر و لێدوانە ناتەباکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا گیری خواردبوو.

بەڵام وێدەچێت پەردەی چوارەم جیاواز بێت. هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان ئێستا ئامانجی زۆر ڕوونتری هەیە، وەک چۆن لەم هەفتەیەدا لە لایەن ئەدمیراڵ براد کووپەر، فەرماندەی سێنتکۆمەوە ئاماژەی پێکرا: سەپاندنی گەمارۆی دەریایی بەسەر ئێراندا و یارمەتیدان بۆ مسۆگەرکردنی هاتووچۆی ئازادانەی کەشتیوانیی بازرگانی.

**بەشی: چوارەم**

**ئامانجی وڵاتە یەکگرتووەکانیش دەبێت بە هەمان شێوە بە ڕوونی دەستنیشان بکرێت؛ ئێران دەبێت دەست لە ئیدیعاکانی لەبارەی گەرووی هورمز هەڵگرێت و پاشەکشە لە بەرنامەی پیتاندنی ئەتۆمی بکات. تا ئەو کاتە، ئەمە واقیعی نوێی ئاساییە.**

**ئەم واقیعە نوێیەش، ڕەنگە بۆ یەکەم جار لە کاتی دەستپێکی جەنگەوە، بە تەواوی بە قازانجی واشینگتۆن بشکێتەوە، نەوەک تاران.**

**١٩ی خەرمانانی ٢٧٢٦**

---




**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور بۆ وەرگێڕاوەکان لە "ئینگلیزییەوە"، و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان.

دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان

**ڕەحمان نەقشی**

